KURDISTAN




# بەیادی ١٠ هەمین ساڵوەگەری
# مامۆستا شێخ عیزەدین حوسینی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

وێنە لاپەڕەی یەکەم لە لایەن هونەرمەندی نیگارکێشی گەورە نەتەوەکەمان براو دوستی دیرینم ناسر قازی زادە ئامادە کراوە. دەست خۆشی و هیوای سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ بە ئاوات دەخوازم.

# پێڕست


لە یادی ١٠ ساڵەی مامۆستا دا ................................... پێشەکی ............. ئەحمەد ئەسکەندەری .... ٦

**ڕاگەیاندراو، راپۆرت و ژیاننامە ........... لاپەڕەی ............... ٨**

١- مامۆستا شێخ عیزەدین کۆچی دوایی کرد...

٢- ڕاگەیاندنێک سەبارەت بە رێبەر و بیرمەند، تێکۆشەری لەمێژیینە و ماندوویینەناس مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی...

٣- ڕاگەیاندنێک سەبارەت بە گەڕاندنەوە بۆ سلێمانی...

٤- کورتە راپۆرتێک لە یادکردنەوەی مامۆستا لە ئینستیتۆی کورد لە پاریس...

٥- سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ناشتن و ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لە کوردستان...

٦- کورتەیەک لە سەر ژیانی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی...

**چەند پەیام و هەڵوێستی مامۆستا شێخ عێزەددینی حوسێنی ........... لاپەڕەی ..... ٢٣**

٧- هەڤپەیڤین: من کۆمۆنیست نیم، بەڵام لەبەرەی چەپم ........................................................ کاوە ئەمین

٨- هەڤپەیڤین: عەنایت فانی تەلەفیزیونی بی بی سی فارسی ........................................... و: خەلیلی غەزەڵی

٩- بە بۆنەی ساڵرۆژی دووی ڕێبەندان...

١٠- بۆ ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاورێکانی لە زیندانەکانی ئێران...

١١- بۆ هێرشکردنە سەر کاناڵی تەلەڤیزیۆنی رۆژ تیڤی...

١٢- بۆ زیندانیانی مانگرتووی رۆژهەلاتی کوردستان...




سەرچاوە
Serchawe

١٣- بۆ کۆنگرەی بیستەویەکەمی ئاکسا...
١٤- لە بەرەبەری رێفرێاندۆمی(راپرسی)...

## بەشێک لە پەیام، پرسەو سەرخۆشی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ........ لاپەڕە..... ٤٩

١- دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان...
٢- دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...
٣- کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران...
٤- کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان...
٥- کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران...
٦- مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان...
٧- کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران...
٨- کومیتەی ناوەندیی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان...
٩- سەرۆکایەتی پارتی ئازادیی کوردستان...
١٠- شەورای مەرکەزی یاریکورد...
١١- پارتی سەربەخۆیی کوردستان...
١٢- کومیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان...
١٣- یەکێتیی دیموکراتی کوردستان...
١٤- کومیتەی سەرکردایەتی سپای رزگاریی کوردستان...
١٥- رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە...
١٦- پارتی سەربەستیی کوردستان...
١٧- سەرۆکی پارتی کۆماریی کوردستان...
١٨- پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان...
١٩- حیزبی شیوعی کوردستان...
٢٠- پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان...
٢١- کومیتەی بە رێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات...
٢٢- کونگرەی نیشتمانیی کوردستان...
٢٣- کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات...

٢٤- کانوونی نووسەرانی کوردستان...
٢٥- کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی لە شاری ئوپسالا
٢٥- حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لە فینلاند...
٢٦- بەیاننامەی ٤ حیزبی کوردستانی...
٢٧- ئەنجوومەنی رووناکبیرانی کوردستان...
٢٨- کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا...
٢٩- کۆمەڵەی دۆستایەتیی کوردستان - ئیسرائیل...
٣٠- بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ...
٣١- بەرێوەبەریی ماڵپەڕی هەڵوێست...
٣٢- کومەڵەی چالاکوانان کوردستان خوارگ...

پەیامی کەسایەتە سیاسیەکانی کوردستان .......... لاپەڕەی .............. ٩٨

١- سەرۆک مام جەلال...
٢- مەسعوود بارزانی سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ...
٣- پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە...
٤- مستەفا هیجری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سکرتێری گشتیی...
٥- موراد قەرەیلان...
٦- د.بەرهەم ساڵح...
٧- سکرتێری گشتی حزبی رزگاری کوردستان...
٨- مامۆستا عەلی باپیر...
٩- ئەحمەد ئەسکەندەری...
١٠- بنەماڵەی مستەفا سوڵتانی...
١١- سید رئوف حوسینی...
١٢- رەزا کەعبی و رەئووف کەعبی...
١٣- شێخ محمد شێخ عبدلکریم کەسنەزانی...
١٤- عبدولقادر فەتحیان...
١٥- بێبەش پیرۆتی(شاعیر)...



سەرچاوە
Serchawe

١٦- شاهۆ گۆران...
١٧- قادری خەندەڕەش...
١٨- خانمی مریەمی رەجەوی...


## بیروڕای کۆمەڵێک نووسەر سەبارەت بە کۆچی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی ..... لاپەڕەی. ١٣٦

١- سپاس و پێزانین بۆ ماموستا شێخ عێزەدین حوسێنی ........................................................ شەهلا دەباغی
٢- شێخ عێزەدینی بە عێزەت! ........................................................................ رەحیم رەشیدی
٣- ڕووحانی "ڕاست وێژ"ی کورد ماڵئاوایی لە ژیان کرد ........................................................ حەسەن حاتەمی
٤- لە پەراوێزی پەیامی سکرتێری حدکا بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەددینی حسینی .......... ناسر ئێرانپوور
٥- (مامۆستا) ورەت بەرزە وەکو باڵات ........................................................................ حەکیم مەلا ساڵح
٦- کۆچی دوایی ڕابەری بەتەدبیر و کۆڵنەدەری گەلی کورد ماموستا شیخ عزەدەین ............... عومەری فەتاحی (هۆمەر)
٧- سێ کورتە بیرەوەریی پێشمەرگەیەک و مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی! ................................ رزگار ڕانگور
٨- بەڕێز بێ یادی ماموستا شیخ عزالدینی حسینی ........................................................ گوڵێ خورەمی
٩- سپاسنامەی بەڕێز، کاک بابەشێخ حسێنی ................................................
١٠- مامۆستا شێخ عزالدین و دەفتەرەکەی ........................................................................ عومەر عەسری
١١- کورتەیەک لە ژیان نامەی مامۆستا شێخ عزەدینی حوسەینی بە قەڵەمی مامۆستا سەید جەلالەدینی حوسەینی برای! ...
١٢- ساڵوەگەڕی یەک ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەددینی حسەینی ................................ یەدوڵڵا بیگلەری
١٣- لە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا، چەند قسەیەک لەگەڵ دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان .......... خەلیل غەزەڵی
١٤- لە سالرۆژی کۆچی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی ........................................................ ئامانج عەزیزکەندی
١٥- بە یادی سێهەمین ساڵیادی کۆچی مامۆستای پایەبەرز ........................................................ مەنسوور بلووری
١٦- مامۆستا شێخ عیزەدین بەتەنیا مامۆستایەکی ئایینی نەبوو ................................................ عەزیز ڕەزایی
١٧- لە پێنجەمین ساڵی کۆچی دوایی ڕێبەری مەزنی کوردستان ................................................ ئەحمەد قەسیمی
١٨- مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی، ئەو مرۆڤەی ئێمە درەنگ ناسیمان ................................ هیوا گوڵ محەمەدی
١٩- هاوخەمی مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ........................................
٢٠- ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- ک ن ک ........................................................................
٢١- یادێک لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی ........................................................ ئەحمەد بەهرامی

٢٢- جێگەی هەڵوێستە بوێرانە و پێشکەوتنخوازانەکانی مامۆستا خاڵیە ................................ ماڵپەڕی هەڵوێست
٢٣- ئیسلامی راستەقینە! ........................................................................ ڕێبوار کەریمی
٢٤- بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عزەدین حوسێنی .................... دیمانە ......... ئیبراهیم عەلیزادە
٢٥- شێخ عێزەدینی حوسەینی، ڕیفۆرمخوازێکی ئایینیو شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە ................................ کۆژین سدیق
٢٦- ئەو مەلایەی لە مزگەوتدا خودا و لە دەرەوە کوردی دەپەرست .......................................... پەیسەر پرێس
٢٧- ١٠ ساڵ بەسەر فەوتی مامۆستا شێخ عزالدین ڕێبەری جولانەوەی رزگاریخوازی کورد تێپەری ........... جەماڵ حوسێنی
٢٨- شێخ عێزەدین حوسێنی؛ مەلایەک کە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی جووتیاران کرد ............................. هاوری یوسفی
٢٩- گفتوگۆکانی کورد و شەرخوازیی کۆماری ئیسلامی ئێران .......................................... ئەحمەد ئەسکەندەری
٨- عێزەدین حوسەینی ............................................................................ ویکیپیدیاوە
٣- ڕاگەیەندراوی سازمانی خەبات بۆ ٩ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی ................ خەبات میدیا

## پێشەکی

### لە یادی ١٠ ساڵەی مامۆستا دا



**ئەحمەد ئەسکەندەری**

زارم وەکوو هیلال و نەحیفم وەکوو خەیاڵ

ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوتوور

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور!

"نالی"

ده ساڵ پاش کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی ئاڵوگۆڕێکی ئێجگار زۆر بەسەر کوردستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا هاتووه! لە زۆر بۆنەدا بیرم کردووەتەوە کە چەندە جێگای مامۆستا خاڵییە و چۆن بیروبۆچوونەکانی ئەو دەیانتوانی ڕوونکەرەوە و لە زۆر شوێنیشدا ڕێنیشاندەر بن.

لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی مامۆستادا، ئەو کاتەی لەسەر تەختی نەخۆشخانە ڕاکشابوو، دەنگوباسی بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانەکانی چەندین وڵات یەکەم سەردێڕی هەواڵەکانی جیهان بوو. مخابن ئەو نەیتوانی ئەو ڕەوتە و ئەو ئاڵوگۆڕانە ببینێت هەر چەند بەداخەوە ئاکامەکانی ئەو سەرهەڵدانانە ئەوە نەبوو کە خەڵکی ئەو وڵاتانە بە ئاواتییەوە بوون.

دواتر دەرکەوتنی داعش و هێزی توندڕەوی ئیسلامی لە هەموو ناوچەکە و بە تایبەت لە کوردستان زیاتر سەلماندی کە تا چ ڕادەیەک پەرەپێدان بە بیروباوەڕی ئازادیخوازانە و مرۆڤانەی کەسایەتییەکی وەکوو مامۆستا شێخ عیزەدین پێویستە.

ئەو باوەڕێکی قووڵی بە دیموکراسی و ئازادی هەبوو، لایەنگری شێلگیری پێکەوە هەڵکردن بوو نەک هەر لەگەڵ ئەوانەی لەباری سیاسییەوە لێیەوە دوور بوون، بەڵکوو تەنانەت لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە خاوەنی ئایین و بیروباوەڕی بەتەواوەتی جیاواز بوون.

سێ ڕۆژ پاش کۆچی دوایی مامۆستا، کۆڕێکی ڕێزگرتنمان لە زانکۆی ئوپسالای سوئێد بۆ گێڕا کە بوو بە یەکێک لە سەرکەوتووترین کۆبوونەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە سوید. لە زستانێکی پڕ بەفر و سەرمایەکی زۆردا، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زیاتر لە دووهەزار کەس لە شار و وڵاتی جۆراوجۆرەوە خۆیان گەیاندە شوێنی ڕێوڕەسمەکە و ماڵاوییان لە مرۆڤێک کرد کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی سەرکەوتنی گەلی کورد، بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردستان و یەکسانی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی هەموو مرۆڤەکان تەرخان کرد.

مامۆستا مانگی دووی ساڵی ٢٠١١ کۆچی دوایی کرد. بە درێژایی دە ساڵی ڕابردوو هەر جارێک و لە هەر شوێنێک کە باسێکی مامۆستا شێخ عێزەدین هاتووەتە پێش، لەگەڵ شەپۆلێک لە ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی بەرەوڕوو بووەتەوە. لە ڕاستییدا مامۆستا لەم دە ساڵەدا تەنها بە جەستە لە ناوماندا نەبووە، دەنا بیر و هزر و بۆچوونە پڕماناکانی بەردەوام ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە. بۆیە پێموایە گەورەترین ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عێزەدین، برەودان و بڵاوکردنەوەی بیروڕا و بۆچوونەکانییەتی.

لە یادی دەساڵەی کۆچی دوایی مامۆستادا، کاک ڕەحمان نەقشی ئەرکێکی زۆری کێشاوە، وتار و نووسراوەی زۆری مامۆستا و یان سەبارەت بە مامۆستای کۆکردووەتەوە و بە شێوەیەکی جوان ڕازاندوویەتەوە. ئەم کارەی کاک ڕەحمان شیاوی پێزانین و دەستخۆشیی لێکردنە.

یاد و ناوی مامۆستا شێخ عێزەدین هەمیشە بەرز و بەڕێز بێت.

ئەحمەد ئەسکەندەری

١٠ - ٢ - ٢٠٢١

---

## ڕاگەیاندراو، راپۆرت و ژیاننامە

---

### مامۆستا شێخ عیزەدین کۆچی دوایی کرد

بەداخێکی گرانەوە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسینی ڕێبەر و تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان کۆچی دوایی کرد. لەدوای چەندین رۆژ دەستە و یەخەبوون لەگەڵ نەخۆشی سەخت و خستنە ژێر چاودێری توندوتۆڵی پزیشکانەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ...

شاری ئۆپسالای سوئید بەداخێکی زۆرەوە سەعات ١١ و ٤٥ دەقیقە بە کاتی ئوروپا رێکەوتی ١٠ - ٢ - ٢٠١١ شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی جەنابی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی ماڵئاوایی یەکجاری لێکردین.

لەناخی دڵمانەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بە خانەوادەی بەرێزی مامۆستا و بە تایبەتی جەنابی کاک بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران رادەگەیێنین.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیاندنێک سەبارەت بە ڕێبەر و بیرمەند، تێکۆشەری لەمێژینە و ماندوویینەناس مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕایدەگەیەنین کە کاتژمێر ٢٣,٥٠ی پێنجشەممە بیستویەکی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ ڕێکەوتی ١٠ مانگی دووی ساڵی ٢٠١١ لە نەخۆشخانەی ئاکادێمیسکا لە شاری ئووپسالای وڵاتی سوید دڵی گەورەی مامۆستای زانا، ڕێبەر و بیرمەند، تێکۆشەری لەمێژینە و ماندوویینەناس مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لە تەمەنی هەشتاونۆ ساڵیدا لە لێدان کەوت. لەم ڕۆژەدا دڵێک وەستا کە پڕ بوو لە هیواو ئومێد بە دواڕۆژێکی گەش بۆ گەلی کورد بەتایبەتی و بۆ هەموو مرۆڤایەتی ...

بە گشتی. ئەو دڵەی کە لێوانلێوبوو لە خۆشەویستی بۆ کوردستان و خۆشەویستی مرۆڤ.

مامۆستا هەر لە سەرەتای لاوییەوە کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ کاف لەساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣) هەتا دواتر لە پێکهاتنی کۆماری کوردستان و پاشان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و ڕەوای گەلی کورد لە ساڵەکانی دواتردا چالاکانە بەشداری کرد. لە نزیکەوە دۆست و هاوڕێی زۆربەی هەرە زۆری تێکۆشەران و ڕێبەران و خەباتکارانی بزووتنەوەی کوردستان بووە و پرس و ڕاوێژی لەگەڵدا کراوە. بەشداری هەڵسووڕاوانە و زۆر بەرچاوی مامۆستا لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە دژی ڕژیمی شا و بەتایبەت ڕۆڵی بەرجەستەی مامۆستا شێخ عێزەدین وەکوو ڕێبەرێک و کەسایەتییەکی سیاسی - ئایینی لە کوردستان کە زۆر لێبڕاوانە لایەنگری ئازادی، یەکسانی نێوان ژن وپیاو، دیموکراسی و جودایی دین لە دەوڵەت بوو، چ لە کوردستان و چ لە ئێران و لە هەموو جیهان دەنگدانەوەیکی زۆری هەبووە.

مامۆستا شێخ عێزەدین لەسەر ئەو باوەڕەبوو کە هەموو کائینات و هەموو پێشکەوتن و دەسکەوتەکانی بەشەری ئەم سەردەمە دیارگەی ئیرادەی پەروەردگارێکە ئەم دونیایەی بۆ ریفاە و ژیانی خۆش و ئارامی و ئاسایشی هەموو ئینسانەکان خولقاندووە. ئینسان گەیشتووەتە ئەو ئاستە لە تێگەیشتن و پێگەیشتن کە دەتوانێت چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێت. مەیدانی هەڵسووڕانی کەسایەتییە ئایینییەکان بریتییە لەو شتانەی دەگەڕێتەوە سەر ئایین و مەعنەوییاتی خەڵک. دین بریتییە لە پەیوەندی ئینسان لە گەڵ خودای خۆی و دەوڵەت دەبێت لە دین جودابێت.

بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینییەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران و هەموو لایەنگرانی ئازادی، مافی مرۆڤ و یەکسانی دەکەین لە هەموو جیهان.



سەرچاوە
Serchawe

کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی

٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩

١١ - ٢ - ٢٠١١

----------------------------------------

## ڕاگەیاندنێک سەبارەت بە گەڕاندنەوە بۆ سلێمانی.

### ڕێوڕەسمی ناشتن و ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی

خەڵکی تێکۆشەر و بە وەفای کوردستان، هاووڵاتیانی بەڕێز!

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕێبەندان واتە ١٦ی مانگی دووی ٢٠١١ ئێمە بەدڵێکی پڕ لە خەم و پەژارەوە بە فرۆکەیەک لە ستۆکهۆلمەوە کە هەڵگری تەرمی پیرۆزی بیرمەند و ڕێبەری گەورەمان مامۆستا شێخ عێزەدین بوو، گەیشتینەوە کوردستان و فرۆکەخانەی سلێمانی. لە فرۆکەخانە ژمارەیەک لە ڕێبەران و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە لەبەردەم فرۆکەکەدا پێشوازییان کرد لە تەرمی مامۆستای خۆشەویستمان. دواتر تەرمەکە گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەک لە ناوشاری سلێمانی. لێرەدا بە پێویستی دەزانین سپاسێکی زۆر ئاراستەی ئەو چەند هەزار کەسە بکەین کە ڕۆژی گەیشتنی فرۆکەی هەڵگری تەرمی مامۆستا لە بەردەم فرۆکەخانەی شاری سلێمانیدا هاتبوون بۆ پێشوازی و زۆر بەداخەوە نە بنەماڵەی مامۆستا توانییان لە نزیکەوە بیانبینن و نە دەرفەت هەبوو بۆ ئەوان کە لەنزیکەوە چاویان بکەوێت بە تابووتی هەڵگری تەرمی پیرۆزی مامۆستای خۆشەویستمان.

هەر ئەو ئێوارەیەی کە گەیشتینەوە شاری سلێمانی لەگەڵ بەرپرسان و کاربەدەستانی پەیوەندیدار، وردەکاریی و گەڵاڵەی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ناشتن و دواتر مەراسمی ڕێز لێنان لە هۆڵێکی گەورەی ئەو شارە کەوتە بەر باس و هەموو چەشنە ئامادەکارییەکی بۆ کرا. تەنانەت شوێنی بەڕێوەچوونی مەراسمەکە بە وێنە و دروشمی تایبەت بە بیروبۆچوونەکانی مامۆستا شێخ عێزەدین ڕازێندرابووەوە.

ڕۆژی دواتر واتە پێنجشەممە ٢٨ی ڕێبەندان کە دەبێتە ١٧ی مانگی دوو، سەرەتا تەرمی پیرۆزی مامۆستا گوێزرایەوە بۆ مزگەوتی قازی محەممەد و پاش بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئایینی و نوێژی مەییت و دوایین ماڵئاوایی لەلایەن بنەماڵەوە، لەکاتێکدا کە کاروانێکی زۆر گەورەی خەڵک و ئوتومبیل بەڕێیان دەکرد، گەیشتە گۆڕستانی گردی سەیوان لە شاری سلێمانی. پاش خوێندنی تەڵقین و وتاری پارێزەری سلێمانی بە ئامادەبوونی جەماوەری خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەران و بەرپرسانی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕێوڕەسمی ناشتنەکە بەڕێوەچوو.

دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ پرسە و سەرەخۆشی ژنان و پیاوان لە مزگەوتی قازی محەممەد بەڕێوەچوو.

بەڵام ڕووداوە دەڵتەزێنەکانی ئێوارەی پێنجشەممە ١٧ی مانگی دووی شاری سلێمانی و ئەو بارودۆخە نائاساییەی کە باڵی بەسەر ئەو شارەدا ڕاکێشا، بووە هۆی ئەوەی کە هیچ چەشنە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری نەتوانێت بەڕێوەببرێت. ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە چەند هەزار کەس بەشداری ئەو مەراسیمە بن و هەڵبەت بەشداریکردنیش بە ڕاگەیاندنێکی گشتی دەبوو و پێمان وابوو هەموو مرۆڤێکی تێکۆشەر و وەفادار - لە هەر پارچەیەکی کوردستانەوە هاتبێت - دەبوو بتوانێت ئازادانە لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە مامۆستای خۆشەویست و بەڕێزی گەلەکەماندا بەشداری بکات. ئەمەش دیاربوو کە لەو بارودۆخە هەستیارەدا زۆر بەداخەوە نەگونجاو بوو.

ئێمە خۆمان زۆر بە بەختەوەر دەزانین کە لە مەراسمە شکۆدار و گەورەکەی زانکۆی شاری ئووپسالای سوێد لە ڕۆژی بیستوچواری ڕێبەندان واتە سێزدەی مانگی دوودا کە بە پێی هەڵسەنگاندنی پۆلیس زیاتر لە دووهەزار کەس بەشداری کۆڕەکە ببوون، ڕێوڕەسمێکی شیاو و بێ وێنە بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستای خوشەویست و بەڕێزمان بەڕێوە چوو. کاردانەوەی ئەو ڕێوڕەسمە و دەنگدانەوەکەی و ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر بەرچاو لە دۆستان و ئاشنایان و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان ڕاستەوخۆ یان بە تەلەیفوون و ئیمەیل پەیوەندیان لەگەڵدا گرتین دریخست کە ئەو مەراسمە لە ئاستی گەورەیی و ڕێز و حورمەتی مامۆستا شێخ عێزەدیندا بووە.

لە کوردستان و لە شاری خۆشەویستی سلێمانی ئێمە خۆمان ئامادەکردبوو و چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی مەراسمێک بووین کە بە ڕەنگ و بۆنی کوردستانەوە - کە ئەو هەمووە لە لای مامۆستا ئازیز و خۆشەویست بوو - مەراسمێکی زۆر گەورەتر و بێوێنەتر بێت. بەڵام مخابن ڕەوتی ڕووداوەکان بە چەشنێک چووە پێش کە ئەو هەلەمان بۆ نەرەخسا.



سەرچاوە Serchawe

هەر لە رۆژی یەکەمی چوونە نەخۆشخانەی مامۆستاوە هەتا رۆژەکانی پاش ناشتنەکەی لە کوردستان، دەنگدانەوەی هەواڵەکە و پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی بەرێزی مامۆستا شێخ عێزەدین و یان لەگەڵ ئەم کۆمیتەیە و دۆستان و کەسانی نزیک لە مامۆستا ئێجگار زۆر بووە. لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە، لە ئێران و عێراق و تورکیاوە، لە ئورووپا و ئەمریکا و ئوسترالیاوە بەشێوەی جۆراوجۆر پەیوەندیمان لەگەڵدا گیراوە و دەریایەک لە رێز و خۆشەویستی و وەفاداری ئاراستەی مامۆستای ئازیزمان کراوە. دەنگدانەوەی لە هەموو میدیاکاندا، لە وڵات و لە دەرەوەی وڵات، بە ئاراستەیەکدا چوو کە پێشتر کەمتر وێنەی هەبووە.

ئێمە نازانین چۆن سپاسی ئەو هەموو وەفاداری و هاوخەمی و هاودەردییە بکەین؛ بەڵام ئەوەندە دەڵێین کە ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەیە کە بیرو بۆچوون و هەڵوێست و ئاوات و ئارەزووەکانی مامۆستا شێخ عێزەدین ئاوێنەی باڵانوێنی خواست و ئامانجەکانی گەلی کورد و خوازیارانی ئازادی، دیموکراسی و مافی مرۆڤە.

سپاس بۆ مامۆستای گەورەمان و سپاس بۆ گەلی سەربەرزی کورد و بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجە پیروزەکانی.

کۆمیتەکەمان بەم چەشنە کۆتایی بەکارەکانی دێنێت. پێویستە رایبگەیەنین کە ناوی ئەو کەسایەتی، رێکخراو و حیزب و لایەنانەی کە بەم بۆنەوە پەیامیان ناردووە و هەر وەها هەموو راگەیاندنەکان لەسەر سایتی مامۆستا www.mamosta.info بڵاو دەکرێنەوە.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی

هەشتی ڕەشەمەی ١٣٨٩

٢٧ - ٢ - ٢٠١١

----------------------------------------

## کورتە راپۆرتێک لە یادکردنەوەی مامۆستا لە ئینستیتۆی کورد لە پاریس

### ماڵپەڕی هەڵوێست

لەسەر بانگەوازی ئینیستیۆی کورد لە پاریس و بە بەشداریی بەڕێوەبەرانی ئەو ناوەندە و، بە ئامادە بوونی بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا شێخ عیزەدین، کۆڕێکی بیرەوەری و ڕێزگرتن لە ڕێبەری خەباتی جەماوەری- نیشتمانیی ڕۆژهەڵاتی کودستان، مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسینی بەڕێوە چوو.

ئەم کۆڕە کەلە سالۆنی ئینستیتۆدا بەڕێوە چوو، کات ژمێر ٢ی پاش نیوەری شەمە ١٢ی مارس دەستییپێکرد و چەند کات ژمێری خایاند. لەم مەراسمەدا کە بۆ بیروەریی و ڕێزگرتن لە مامۆستا پێکهاتبوو، نوێنەرانی ژمارێکی زۆر لە ڕێکخراوە کوردیەکان و هەروەها ڕێکخراوە چەپ و دێموکراتەکانی ئێران بەشدار بوون. نوێنەری هەرێمی کوردستان لە فەرانسە و هەروەها نوێنەری یەکێتی نیشمانی لەم مەراسمەدا حوزوریان هەبوو. جیا لە هەموو ئەو ڕێکخراو و ناوەندانە، ژمارێکی زۆر لە کەسایەتیە سیاسیەکانی کورد و فارس، بەمەبەستی ڕێزگرتن لە مامۆستا، لەم مەراسمەدا بەشداریان کرد.

جێگەی ئاماژەیە بەهۆی چکۆلە بوونی سالونی ئێنستیتۆ، و نەبوونی زەرفیەتی گونجاو بۆ حوزوری هەموو میوانان، بەشێکی زۆر لە بەشدارانی کۆڕەکە پاش ڕێزگرتن لە مامۆستا و سەرخۆشی کردن لە بەرێز کاک جەماڵی حوسێنی (کوڕی مامۆستا، بە نوێنەرایەتیی لە لایەن بنەماڵەی بەڕێزی ماموستا) جێگەیان بۆ کەسانی دیکە چۆل دەکرد، هەر ئەوەش بەراوەرد کردنی ژماری بەشدارانی کۆڕکەی دژوار کرد.

جێگەی سەرنج ئەوە بوو کە لە نێو ئامادەبواندا تەیفێکی بەرینی فیکری و نەژادی بەدی دەکرا کە نیشانەی پانتایی بەرین و گشتگری ڕێز و حورمەتی مامۆستا بوو. هەر لە هێزی چەپ و دێموکراتی ئێرانیەوە تا کوردان و ڕێکخراوەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان.

لە پرۆسەی مەراسمەکەدا ژیان و چالاکی و هەڵسوکەوتەکانی مامۆستا بە فیلم و ئیسلاید نیشان دەدرا. ئەم ڕێورەسمە لە کەش و هەوایەکی بەرپرسانە و دۆستانەدا و بە ڕێکوپێکیی شیاو بەڕیوە چوو و بەشداران هەستی هاودەردی و خەم و پەژارەی خۆیان بەنیسبەت مەرگی گەورە ڕێبەری نەتەوەکەمان، بە شیوەی جۆر بەجۆر و بە سەرخۆشی کردن لە نوێنەری بنەماڵەی بەرێزی مامۆستا(کاک جەمال) دەر دەبڕی.



سەرچاوە Serchawe

## سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ناشتن و ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی لە کوردستان

## ڕاگەیاندنی ژمارە چوار

هەروەکوو پێشتر ڕامانگەیاندبوو، لە سەر خواستی کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر و وەفاداری کوردستان و بەپێی بڕیاری بنەماڵەی مامۆستا شێخ عیزەدین، ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی پیرۆزی بەڕێزیان لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان بەڕێوە دەچێت.

بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن کاربەدەستانی بەڕێزی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دۆستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کارئاسانییەکی زۆر کراوە و زۆر دڵسوزانە هاوکارییان لەگەڵدا کردووین. فڕۆکەی هەڵگری تەرمی پیرۆزی مامۆستا و بنەماڵەی بەڕێزیان و هاوڕێیانیان پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕێبەندان واتە ١٦ی مانگی دووی ٢٠١١ لە ستۆکهۆلمەوە بەرەو کوردستان وەڕێدەکەوێت و پێش بینی دەکرێت دەوروبەری کاتژمێر چواری و نیوی دوای نیوەڕۆ بگاتە فڕۆکەخانەی سلێمانی. بۆ ئەوەی دەرفەتێکی شیاو بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەدا بە جەماوەری خەڵکی وەفادار و تێکۆشەری کوردستان بدرێت، ئەم ڕێوڕەسمە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر واتە پێنجشەممە ٢٨ی ڕێبەندان کە دەبێتە ١٧ی مانگی دوو لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت.

دوای نیوەڕۆی ئەورۆژە و پێش نیوەڕۆی هەینی، لە مزگەوت پرسە و سەرەخۆشی دادەنرێت.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٩ی ڕیبەندان و ١٨ی مانگی دووی ٢٠١١، ڕێوڕەسمێکی شیاو و شکۆدار بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستای خوشەویست و بەڕێزمان لە هۆڵێکی گەورە لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەچێت.

ئێمە هەمووان بانگهێشت دەکەین، بۆ یادکردنەوە و ڕێزلێنان لە کەسایەتییەک کە هەموو ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و هەروەها بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و بەتایبەت کۆمەڵگای کوردستان، لەم ڕێوڕەسمانەدا بەشداری بکەن.

بێگومان لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لە کوردستان، زانیاری ورد لەسەر کات و شوێنی پرسە و هەروەها مەراسمی ڕێزلێنانەکە بڵاو دەکرێتەوە. بۆ هەرچەشنە زانیارییەک دەتوانن لە ڕێگای ئەم ئیمەیلەی خوارەوە پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن.

## كورتەیەک لە سەر ژیانی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی



**١٣٨٩ - ١٣٠٠ی هەتاوی، ١٩٢١ - ٢٠١١ی زایینی**

**مامۆستا بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی واتە ١٩٢١ی زایینی لە شاری بانە لە لە بنەماڵەیەكی ئایینیدا لەدایكبووە.**

**كوڕی شێخ صالحە كە لە سەیدەكانی بەرزنجەبوو؛ شێخ صالح كە لە سەردەمی خۆیدا زانایەكی ئایینی ناودار بوو، دژایەتی حكوومەتی ڕەزاشای دەكرد، بەنهێنی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید ڕێبەری بزووتنەوەی كورد لە سلێمانی پەیوەندی هەبوو، ساڵی ١٣١٩ فەوتی كرد.**

**مامۆستا زۆری پێخۆشبوو بچێتە خوێندن بەڵام لە شاری بانە هەتا ساڵی ١٣١٥ (١٩٣٦) مەدرەسە نەبوو؛ سەرف و نەحو، قورعان، "گولستان و بوستان" و هیدیكەی لەلای بابی خوێند.**

**ساڵی ١٣١٧ (١٩٣٨) لە گوندی سیسێر لە لای مەلا سەیدحوسەین چووە فەقێیەتی؛ سێ ساڵ لەوێ مایەوە؛ دەچێتەوە بانە و دواتر لە نمەشیر، دیسانەوە سیسێر و ماوەیەكیش لای مامۆستا مەلا باقری بەناوبانگ لە ئاوایی بالیک لە ناوچەی مەریوان خوێندوویەتی.**

**ساڵی ١٣٢١ (١٩٤٢) بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە ناوچەی موكریان كە لەوێ هەڵسووڕانی سیاسی و هەستی نەتەوایەتی بەرزبوو. ساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣) لە ناوچەی بۆكان، بە نێوی نهێنی "هەوێن" ئەندامەتی كۆمەڵەی ژێ - كاف ی پێبەخشرا و بووە چالاكی سیاسی.**

ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) چالاکانە لە ڕێورەسمی هێنان و هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە شاری بۆکان بەشداریکرد.

بەهاری ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦) دەچێتە مەهاباد کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا بوو و ماوەیەک لای کەسایەتی بەناوبانگ مامۆستا مەلاحوسەین مەجدی درێژە بە خوێندن دەدات.

١٣٢٧ (١٩٤٨) لە لای مامۆستا مەلاعەلی وەڵزی لە گوندی حەمامیان ئیجازەی ئیفتا و تەدریس وەردەگرێت و بە ڕەسمی دەبێتە مەلا و مودەڕیس لە گوندی کانییە ڕەش لە ناوچەی موکریان.

لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٠ هەتا ١٣٣٧ (١٩٥٨ - ١٩٥١) لە گوندەکانی کانییە ڕەش، گۆلێ و قارەوای موکریان مەلا و مودەڕیس بووە.

لەم ساڵانەدا چەندین ڕووداوی گرینگ ڕوویانداوە کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ژیانی مامۆستا؛ لە نێوان ساڵانی ١٣٢٩ هەتا ١٣٣٢ بزووتنەوەی جووتیاران لەو ناوچەیە زۆر بەهێز بووە و مامۆستا کە هەمیشە لایەنگری چینەچەوساوەکانی کۆمەڵگا بووە، کەوتووەتە بەر هێرشی ئاغا و مالیکی ناوچەکە و بەوبۆنەشەوە ناچارکراوە گوندەکەی بەجێبهێڵێت. مامۆستا بە هۆی هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەی کە بوێرانە دەریدەبڕین، لە بواری جۆراوجۆردا بەناوبانگ بوو ؛ بۆ وێنە دژ بە خورافاتی ئایینی بوو؛ لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا دژایەتی دەکرد لەگەڵ دیاردەی کچ بە پچووکی بەشوودان، گەورە بە پچووک، ژن بە ژنە و سێتەڵاقە.

ئەمە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمێک لە ئێران کە کێشەی میللیکردنی نەوت لەلایەن دەوڵەتی دوکتور محمد مصدقەوە لەئارادابوو؛ لە ئاکامدا کوودیتای ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣) کە بە پشتیوانی بەریتانیا و ئەمریکا کرا دەوڵەتی مصدق ڕووخا و شای ئێران کە هەڵاتبوو بۆ دەرەوە دیسانەوە گەڕایەوە سەر حوکم.

ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) لە مەهاباد دەبێتە مودەریس لە مەدرەسەی علوومی دینی؛ لەو سەردەمەدا مامۆستا لایەنگری بیروبۆچوونی شێخ محمد عبده بوو؛ بۆ وێنە کتێبی "رسالة التوحید"ی ئەوی دەگوتەوە.

ئەو کەسانەی کە لەلای مامۆستا شێخ عیزەدین خوێندوویانە، چ لە مەهاباد و چ ساڵەکانی پێشووتر، لە پەنای خوێندنی ئاسایی فەقێیەتی و ئایینی، لەگەڵ مێژووی تێکۆشان و خەباتی گەلی کورد دژ بە ستەمی میللی ئاشنا دەبوون؛ تێکۆشەری



سەرچاوە
Serchawe

بەناوبانگ مەلا ئەحمەد شەڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لای مامۆستا خوێندبووی.

ساڵی ١٣٤٧ (١٩٦٨) بوو بە ئیمام جومعە لە مەهاباد.

هەر ئەو ساڵە شەپۆلێکی بەکۆمەڵ گرتنی تێکۆشەرانی کورد کەوتەڕێ و بەتایبەت پادەگانی جەڵدیان بوو بە زیندانێکی گەورە. مامۆستا بۆ ماوەیەکی کورت گیرا؛ لەو ماوە کورتەیشدا کەسایەتی ئایینی شاری مەهاباد و خەڵکی شار کەوتنە گەر و ئەگەری خۆپیشاندانی نارەزایەتی هەبوو.

لەو ساڵانەدا کە لە مەهاباد بوو بەردەوام لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ، ئەندامان و خەباتکارانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ (١٩٦٨ - ١٩٦٧) دا پەیوەندی گەرم و گوڕی هەبوو لەگەڵ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کوردستان.

١٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٧ واتە ٧ی مانگی شەشی ١٩٧٨ لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تێکۆشەری لە مێژینە عەزیز یوسفی کە تازە بە نەخۆشی لەزیندان ئازاد کرابوو وتارێکی گرینگی پێشکەش کرد. ئەم ووتارە لەسەر گۆڕی ئەو تێکۆشەرە لە شاری مەهاباد کە بە بەشداری هەزاران کەس لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە بەڕێوەچوو، دەنگدانەوەیەکی ئێجگار زۆری هەبوو. ئەمە بە دەستپێکی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دژی حکوومەتی شا دەژمێردرێت.

بەدرێژایی ئەو ساڵە پڕ لە ڕووداوە مامۆستا کە لە مانگی خەزەڵوەردا ببووە سەرۆکی شورای شاری مەهاباد، بەردەوام لەو شارە و لەشارەکانی دیکەی کوردستان لە بۆنەی جیاوازدا قسەی بۆ خەڵک دەکرد و هانیدەدان بۆ خەبات.

بە ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران، ڕۆڵی مامۆستا شێخ عێزەدین زۆر بەرجەستە بووەوە. هەموو نوێنەرانی حکوومەت و کاربەدەستانی ناوچەکە کاتێک دەهاتنە کوردستان دەچوونە لای مامۆستا.

رۆژی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٨ی مانگی دووی ١٩٧٩) یەکەم دەستەی نوێنەرایەتی حکوومەت کە داریوش فروهر یەکێک لە ئەندامانی بوو، هاتە مەهاباد و یەکڕاست چوونە لای مامۆستا. دواتر لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا بڕیارنامەیەک لەلایەن نوێنەرانی شارەکانی کوردستانەوە (لەوانە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە) پێشکەشی نوێنەرانی دەوڵەت کرا کە یەکێک لە خاڵەکانی ئەوەبوو کە مامۆستا شێخ عێزەدین دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سەرۆکایەتی هەر هەیئەتێک بکات



سەرچاوە
Serchawe

کە لەلایەن گەلی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا دەکەوێتە وتوویژ.

نەورۆزی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دوای کارەساتی خوێنین لە شاری سنە، مامۆستا لایەنێکی سەرەکی بوو لە وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت کە بریتی بوون لە رفسنجانی، بنیصدر، بهشتی، طالقانی و... کەسانی دیکەیش. لەو کۆبوونەوەدا بوو کە مامۆستا لە کاتی فڕینی فرۆکە شەڕکەرەکان بەسەر شاری سنەدا و لەگەرمەی وتوویژەکاندا گوتی "فەرقی تاج و عمامە چییە؟ حکوومەت نەگۆڕدراوە، تاجی پاشایەتی لاچووە و عمامە هاتووەتە جێگای."

رۆژی شەشی خاکەلێوەی ١٣٥٨ (٢٦ی مانگی سێی ١٩٧٩) مامۆستا رایگەیاند لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی نادیارە لە ریفراندۆمدا بۆ دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەشداری ناکات.

مانگێک دواتر واتە لە مانگی گوڵاندا لەسەر بانگهێشتنی وەزیری ناوخۆ سەفەرێکی کرد بۆ تاران و قوم؛ لەم سەفەرەدا لەگەڵ
خومەینی، بازرگان سەرەکوەزیر، وەزیری ناوخۆ و چەندین کەس لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دیدار و گفتوگۆی کرد.

لە دیدار لەگەڵ خومەینیدا کاتی خوداحافیزی خومەینی دەڵێت هێمنایەتی کوردستانم لە تۆ دەوێت، مامۆستایش دەڵێت منیش خودموختاری کوردستانم لە ئێوە دەوێت.

لەو سەفەرەدا لە "زانکۆی صنعتی شریف"ی تاران لەناو هەستی زۆر گەرمی دەیان هەزار خوێندکاری زانکۆ لە وتارێکدا وتی: "ئەو ئایینەی خەڵک بەگژیەکدا دەکات، ئایینی ئیلاهی نییە... سانسۆر نموونەیەکە لە گەڕانەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی. کۆنەپەرستی لە هەر جلوبەرگێکدا و بەهەر ڕەنگێک بێت مەحکوومە... ئێمە لایەنگری هەڵسووڕانی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانین... شۆڕش هێشتا بە ئاکام نەگەیشتووە چونکوو ئامانج لە شۆڕش گۆڕانی بنەڕەتییە."

سەرەتای مانگی جۆزەردانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) مامۆستا شێخ عێزەدین لەناو بەخێرهێنانی ئاپۆرەی خەڵکدا کە بە دەیان هەزار لە سەر جادە و لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ریزیان بەستبوو گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە شاری سنەوە، بە دیواندەرە، سەقز، بانە و بۆکاندا گەڕایەوە بۆ مەهاباد.

پێنجی پووشپەڕی ١٣٥٨ (٦ی مانگی شەش ١٩٧٩) هۆشداریدا: "ئەگەر وریا نەبین تووشی شەڕی چەکداریمان دەکەن...



سەرچاوە
Serchawe

پارێزگاری لە شارەکان دەبێت لەژێر چاوەدێری شۆرای شارەکاندا بێت... بڵاوکردنەوەی چەک لە کوردستان (لە لایەن حکوومەتەوە) وایکردووە کە ئەگەر کارێکی بۆ نەکرێت، کوردستان لەسەردەری شەڕی ناوخۆدا دەبێت."

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩ی مانگی هەشت ١٩٧٩) فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان دەرچوو؛ مامۆستا لە گەڵ تێکۆشەرانی گەلی کورد چووە شاخ و لە ڕێگای ڕاگەیاندن و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانییەوە دەنگی گەلی کوردی بە هەموو جیهان دەگەیاند.

چەند هەفتە دواتر "دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی" بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی مامۆستا پێکهات کە ئەندامەکانی ژمارەیەک لە کەسانی نزیک لە مامۆستا و تێکۆشەرانی خەڵکی چەند شارێکی کوردستان بوون.

ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨(یەکی مانگی یازدەی ١٩٧٩) لەسەر داوای مامۆستا بەبۆنەی جێژنی قوربانەوە بە سەدان هەزار خەڵکی کوردستان لە شارو شارۆچکەو لادێکاندا خۆپیشاندانی پڕشکۆی جەماوەری و سەرتاسەرییان ڕێکخست بە پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردستان، بۆ ڕیزگرتن لە شەهیدان و دژ بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی.

لە پاییزی ئەوساڵەدا چەندین کۆبوونەوە کرا لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت کە لە تارانەوە هاتبوون بۆ دێهاتی ناوچەی سەرسنووری سەردەشت کە مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەو کۆبوونەوانەدا.

لەم ماوەیەدا "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" بە سەرۆکایەتی مامۆستا بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت پێکهات کە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و ڕێکخراوی چریک فیدایی ئەندامەکانی بوون.

٢١ی سەرماوەز واتە ١٢ دیسامبر یەکەمین و تەنها کۆبوونەوەی ڕەسمی نوێنەرانی حکوومەت لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد پێکهات. هەتا کۆتایی ساڵ بەردەوام کۆبوونەوە دەکرا لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت و نوێنەری تایبەتی خومەینی بۆ قسەوباس لەسەر چۆنییەتی درێژەدان بە وتوویژ بەڵام سەرەڕای هەوڵدان و خۆش مەبەستی مامۆستا هیچ ئاکامێکی نەبوو.

خاکەلێوەی ١٣٥٩ (مانگی چواری ١٩٨٠) مامۆستا سەفەرێکی دەستپێکرد لە مەهابادەوە بۆ بۆکان، سەقز، دیواندەرە، سنە، مەریوان و بانە و لەهەموو لایەک لە کۆڕ و خۆپیشاندانی دەیان هەزارکەسیدا رایدەگەیاند گەلی کورد خوازیاری مافی

ئاسایی خۆی و ئاشتی و پێکەوە هەڵکردنە و دژ بە دەستپێکردنەوەی شەڕە. وێنە و فیلمی ئەم سەفەرە سیمای ڕێبەرێکی زۆر خۆشەویست و لەناو دڵی خەڵکدا نیشاندەدات کە خەون و ئارەزووەکانی خۆیان لە هەڵوێست و دەربڕینەکانی مامۆستادا دەدیتەوە. بەداخەوە هەر لەو مانگەدا خولی دووهەمی هێرشی بەرینی کۆماری ئیسلامی بۆسەر شارەکانی کوردستان دەستی پێکردەوە.

سەرەتای ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) مامۆستا نوێنەری خۆی ناردە دەرەوە بۆ ئورووپا بۆ ئاگارکردنەوەی بیروڕای جیهانی لەسەر بارودۆخی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی و تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی. مامۆستا بەو نوێنەرەیدا چەندین نامەی نارد بۆ پاپ لە ڤاتیکان، سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و چەندین سەرۆکی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و یاسر عەرەفات. هەروەها پەیامێکی تایبەت بۆ ڕای گشتی جیهان و ئێرانییەکان و کوردەکان لەدەروەی وڵات کە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و فەرانسە بڵاو کرایەوە. دواتر ڕاپۆرتی ئەم سەفەرە کە فەرانسە و بەریتانیا و ئەڵمان و دەربارى ڤاتیکان و ئیتالیا، سووریا و لوبنانی گرتەوە بەوردی بۆ بیروڕای خەڵکی کوردستان و ئێران بڵاوکرایەوە.

لە پاییزی ساڵی ١٣٦١دا (١٩٨٢) مامۆستا سەفەرێکی نۆ هەفتەیی کرد بۆ پاریس و دواتر بۆ عەرەبستان بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنج بۆ بارودۆخی گەلی کورد. لە سەفەری پاریسدا جگە لە چاوپێکەوتن و قسەوباس لەگەڵ رادیۆ، تەلەڤیزیۆن و رۆژنامە گەورەکانی فەرانسە، لەگەڵ رادیۆ بی‌بی‌سی بەشی فارسی گفتوگۆیەکی گرینگی کرد. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و شاعیران و رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەدارانی فەرانسە، ئینگلستان، ئیرلەند، ئاڵمان و ئیتالیا و ئێرانی و کورد دیدەنیان کرد. مامۆستا لەهەموو ئەو دیدارانەدا بە وردی لەسەر بارودۆخی کوردستان و خەباتی ڕەوای میللەتی کورد و ئاشتیخوازانەبوونی بزووتنەوەی کوردستان و ڕەوابوونی داواکانی دوا. هاوکات تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەکرد. لە عەرەبستان مامۆستا هاوکات حەجی عەمرەی بەجێهێنا.

لە ساڵەکانی ١٣٦٤ هەتا ١٣٦٧(١٩٨٨ - ١٩٨٥) دا مامۆستا لە هەلومەرجێکی دژواردا لە ناوچەکانی سەرسنووری کوردستان لە نێوان عێراق و ئێراندا دەژیا و بەردەوام بوو لە چالاکی سیاسی و دەرکردنی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕاو بۆچوونەکانی. هەر لەم ساڵانەدا بوو کە مەقەڕی نیشتەجێبوونی خۆی و بنەماڵەکەی لە ناوچەی سەرسنووری پارێزگای سلێمانی کەوتە بەر پەلاماری فڕۆکە جەنگییەکانی حکوومەتی بەعسی عێراق کە لە ئاکامدا زۆر بەداخەوە دایکێک و منداڵەکەی شەهیدبوون، مامۆستا و سەیدزادە خانمی هاوسەری و نۆ پێشمەرگەیش برینداربوون.

ساڵی ١٣٦٧(١٩٨٨) سەفەرێکی کرد بۆ وڵاتی توونس بۆ دیدار لەگەڵ یاسر عەرەفات و دواتر سەردانی سوێد و فەرانسەی

کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ کوردستان.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٦٩(١٩٩٠)دا لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بوو.

مامۆستا یەکێک بوو لە بەشدارانی کونفرانسی ستۆکهۆلم کە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ لە شاری ستۆکهۆلم گیرا سەبارەت بە بار و دۆخ و دواڕۆژی کوردستان کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان، سیاسەتمەداران، نووسەران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد و بیانی تێیدا بەشداربوون.

لە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە بروکسێلدا چەند ساڵێک چالاکانە بەشداربوو؛ هەروەها لە چەندین کونفرانس و کۆنگرەی دیکە لە فەرانسە و ئەڵمان بەشداری هەڵسووڕاوانەی کردووە. مامۆستا بە درێژایی ژیانی دۆستایەتی نزیکی هەبووە لەگەڵ زۆربەتی تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەردەوام پشتیوانێکی شێلگیری خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بووە لە سەرانسەری کوردستان.

جۆزەردانی ١٣٨٣ (٢٠٠٤) ڕێز لێنانێکی تایبەت لە مامۆستا لەلایەن "انجمن پژوهشگران ایران" لە کونفرانسێکدا لە ستۆکهۆلم بەڕێوەچوو کە بریتی بوو لە قسەوباس لەسەر کەسایەتی مامۆستا و ڕێزلێنان بۆ ئەو هەموو ساڵە خەبات و تێکۆشانەی.

لەو ماوەی کە لە سوێد بوو، بێ ووچان و چالاکانە بە چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەداران، نووسەران، شاعیران و کەسایەتی دیاری ناو بزووتنەوەی کوردستان و ئێران بەردەوام تێدەکۆشا لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵوێست و بیروبۆچوونی خۆی، گوێبیستی بیروڕای ئەوانی دیکەیش بێت.

مامۆستا بە درێژایی ژیانی خەریکی خوێندنەوەی کتێب بووە و لەم بوارەش دا گرینگی بەوەداوە تا چ ڕادەیەک لە باری مێژوویی، زانستی و ئایینییەوە ناوەرۆکی کتێبەکە بەپێز بووە؛ هەربۆیە تا دوایین ڕۆژەکانی ژیانی بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا کتێبی خوێندووەتەوە.

لە ڕێگای تەلەڤیزیۆنی سەتالایتەوە و هەروەها ڕادیۆ کوردییەکان، بەردەوام گفتوگۆی کردووە و سەرەڕای دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی و لێکدانەوەی هەلومەرجی کوردستان، سەبارەت بە بیرو بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ئایین، حکوومەتی

ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی بەوردی لێدوانی داوە.

دوایین دەرکەوتنی مامۆستا لە میدیاکاندا رۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٨٩ (٧ی سیپتامبر ٢٠١٠) لە تەلەڤیزیۆنی فارسی بی‌بی‌سی لە پرۆگرامی "بەعبارت دیگر"دا بوو؛ لەوێدا وتووێژێک بە زمانی فارسی لەگەڵ مامۆستا بڵاوکرایەوە کە لە ئاستی کوردستان و ئێران و دەرەوە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. ئەم گفتوگۆیە زۆرێک لە بیروبۆچوونەکانی مامۆستای تێدایە لەسەر کوردستان، ئێران، ئازادی و دیموکراسی، دین و بیروباوەڕ، پرسی ژن، ڕۆڵی حکوومەتی دینی و هەروەها بزووتنەوەی سەوز.

مامۆستا شێخ عێزەدین و سەیدزادە خانمی هاوسەریان حەوت منداڵیان هەیە: ئایشێ، فاطمە، جمال‌الدین، شیرین، پەروین، سەیران و جەمیلە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژ پرێس - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠١١

--------------------------------------------------------- ---

## چەند دیدو روانگەی ماموستا شیخ عیزەدین حوسێنی



### مامۆستا شێخ عیزەدین: من کۆمۆنیست نیم، بەڵام لەبەرەی چەپم.

**دەقی وتوووێژێکی مامۆستا شێخ عیزەدەین لەگەڵ رۆژنامەوان "کاوە ئەمین"، جێگەی ئاماژەیە ئەم وتوویژە سەرەتا لە رۆژنامەی "رووداو" بڵاوبوەتەوە.**



### پێشەکیەکی کورت:

وەک خوێنەرانی هەڵوێست ئاگادارن، وەشانی حەفتەی ڕابوردوی ماڵپەری هەڵوێست تەرخانی پێنجەمین ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدین کرابوو. لەو پێوەندیەدا چەند رۆژێک پێش لە رێگەی هەڵوێست و لاپەڕەی فەیس بووکی هەڵوێست و هەروەها فەیس بووکی خۆم، داواکرابوو کە لەو پێوەندیەدا هەرکەس وتار یا نووسین یا هەر بەرهەمێکی دیکەی هەبێت، گەر بۆ هەڵوێستی بنێرێ،

بڵاو دەکریتەوە. تا کاتی وەشانی هەڵوێست ژمارێک نووسین بەدەستمان گەیشت کە حەفتەی رابردوو بڵاوکرانەوە. رۆژی وەشانی هەڵوێست، رۆژنامەوان "کاوە ئەمین" لە رێگەی فەیس بووکەوە دەقی وتوووێژێکی لەگەڵ مامۆستای بۆم ناردم کە خۆی چەند مانگ پێش کۆچی دوایی لە گەڵ مامۆستای سازدابوو و لە رۆژنامەی رووداودا بڵاوکرابووەوە. گەرچی بەداخەوە لەکاتی وەشانی حەفتەی پێش دەقەکە بەدەستمان نەگەیشت، بەڵام بەهۆی ئەوەی مامۆستا لەو وتوووێژەدا وەڵامی چەند پرسیاری گرنگی رۆژنامەان کاوە ئەمینی داوەتەوە، بڵاوکردنەوەیمان بە پێویست زانی.

جێگەی خۆیەتی هەرلێرەدا سپاسی کاوە ئەمین بکەم بۆ ناردنی دەقی وتووێژەکە.

خەلیل غەزەلی

**شێخ عیزەدینی حوسەینی: خومەینی عەباکەی گرتم و پێیگوتم: من ئەمنیەتی کوردستانم لە تۆ دەوێت!**

شێخ عیزەدین حوسەینی، خاوەن مێژوویەکی سیاسی ئاڵۆزە، ئەو هەم مەلایە و هەمیش کەسایەتییەکی سیاسی ناسراوەو لایەنگری بزووتنەوەی چەپ و مارکسیی بووە لە کوردستان. بۆیە ئێستاش باسکردنی ئەو مێژووەی جێگەی سەرنجە بۆ خوێنەران. چەندان ساڵە نیشتەجێی سویدە. ئەو لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی رۆژگاری (ژێ - کاف) و دواتر شۆڕشی گەلانی ئێران دەکات لە ساڵی ١٩٧٩ و دیداری لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی و چەند بابەتێکی دیکە:

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**

**کاوە ئەمین:** یەکەمین جار بوویە ئەندامی کام پارتی کوردی؟

**شێخ عیزەدین:** لەبەرئەوەی ئێمە بۆخۆمان بەرزنجین و شێخ ساڵحی بابم لە یاریدەدەرانی شێخ مەحموود بوو، هەر لەوکاتەوە رۆحی کوردایەتی لە بنەماڵەی ئێمەدا بووە. دوای ئەوەی کە رەزا شا رووخا و رۆحی کوردایەتی زیندووبووەوە لە بانە و ناوچەکانی دیکە، منیش هەر وەک خەڵکی دیکە ئەو رۆحەم تێدا گەشەیسەند و بەهێز بوو. پاشان بۆ تەواو کردنی خوێندن چوومە موکریان. موکریان لە چاو ناوچەکانی دیکە هەست و روحی کوردایەتی و ئازادیخوازی زیاتر تێیدا گەشەی کردبوو، عولەمای زۆر و شاعیری بەرجەستەی میللی لێبوو. کۆمەڵەی ژ - ک دەستیکردبوو بە گەشەکردن و پەرەی سەندبوو لەنێو خەڵکدا. دیارە ئەو رەفیق و فەقێ و مەلایانە کە لەوێبوون، هەموو رووحی کوردایەتیان تێدابوو و ئەندامی کۆمەڵەی (ژێ - کاف) بوون، منیش پێم خۆشبوو ببمە ئەندام.دوای ئەوەی بەینێک، کە من گۆڤاری (نیشتمان)م دەخوێندەوە و

ڕەفیقەکانم باسیان بۆ دەکردم، زەمینەی بوونم بە ئەندامی (ژێ کاف) پەیدابوو. تا ڕۆژێک لەگەڵ مەرحومی مەلا محەممەدی وەڵزی، چووینە کۆمەڵە، بۆ لای قازی کاکە حەمەی قزڵجی و لەوێ داخڵی (ژێ کاف) بووم.

**کاوە نەمین**: ئەوکاتە ئەندامەکان ناوی نهێنیان هەبوو، ناوی نهێنی تۆ چ بوو؟

**شێخ عیزەدین**: ناوی نهێنی من (هەوێن) بوو.

**کاوە نەمین**: بەبڕوای تۆ (ژێ - کاف) بۆ هەڵوەشایەوە و پاشان دیموکرات دروستبوو، پێتوایە کورد لەوە زەرەری کرد یان قازانج؟

**شێخ عیزەدین**: ئەو پرسیارە زۆر گفتوگۆ و دەماقەڵە هەڵدەگرێت. پێش هەموو شتێک کۆمەڵەی (ژێ. کاف) کۆمەڵەیەکی بەتەواوی کوردانە بوو، ئەندامەکانی زۆر پاک و نیشتیمانپەروەر بوون. مامۆستا هێمن لە پێشەکی تاریک و ڕووندا چاک باسی لێوە کردووە. (ژێ کاف) تایبەت بوو، کوردایەتی هەموو شتێک بوو بۆیان، هەروەها ڕزگارکردنی هەموو کوردستانی گەورە ئامانجی سەرەکی بوو، لەگەڵ هەموو بەشەکانی کوردستان پەیوەندیان هەبوو، بۆ نموونە لەگەڵ حیزبی هیوا پەیوەندیان هەبوو، بۆیە ئامانجی (ژێ - کاف) زۆر گەورەتربوو لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکرات.

**کاوە نەمین**: حیزبی نوخبەیەک بوو یان جەماوەری بوو؟

**شێخ عیزدەین**: حیزبی نوخبە (هەڵبژاردە) بوو، بەڵام کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خەڵکەکە هەبوو، خەڵک دەیزانی کە

کۆمەڵە هەیە. ئامانجەکانی (ژێ کاف) زۆر گەورەتربوون لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکرات

**کاوە نەمین**: پێشەوا قازی محەممەد ئەوکاتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژێ کاف) بوو. ئێوە دەتانناسی؟

**شێخ عیزەدین**: من لە دواییدا ناسیم، بەڵام بیستبووم کە چەند پیاوێکی گەورەیە. قازی محەممەد کەسایەتیەکی میللی گەورەبوو، هەر لە ئەساسدا خانەوادەکەیان وابوون، خانەوادەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی نیشتیمانپەروەر بوون، ڕووحێکی بەرزی کوردایەتی و خزمەت بە خەڵکیان هەبووە، ئەوە جگە لەوەی پێشەوا خۆی هەستێکی نەتەوەیی کوردانەی بەرزی



سەرچاوە
Serchawe

هەبوو. مەلایەکی ئاسایی نەبوو. قازی محەممەد دەبێت وەکو کەسایەتییەکی ڕۆحانی بەرز و کەسایەتییەکی سیاسی گەورە تەماشا بکرێت.

**کاوە نەمین**: باشە کەوابێت بۆ کۆمەڵەی (ژێ کاف) هەڵوەشایەوە؟

**شێخ عیزەدین**: لەبەر ئەو شتانەی باسمکرد.

**کاوە نەمین**: لەبەرئەوەی داوای ڕزگارکردنی هەموو کوردستانی دەکرد؟

**شێخ عیزەدین**: بەڵێ، ئایا ئەو داوایە بۆ ئەوکات و هەلومەرجی کوردستان، مومکین بوو؟ کۆمەڵەی (ژێ کاف) لەبەر چاکبوونەکەی بەکەڵک نەدەهات، نەک لەبەر خراپبوونەکەی. ئەوکاتە لە لایەک حیزبی تودە هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە فیرقەی دیموکرات لە ئازەربایجان، هەروەها ڕووسەکان لەناوچەکەدا دەستەڵاتداربوون و کاریگەریشیان لەسەر کورد هەبوو، ڕەنگە ئەوان پێیان خۆشبووبێت کە کوردیش شتێکی لە بابەتی تودە و فیرقەی دیموکراتی هەبێت، نەک (ژێ کاف). ئەوەبوو قازی محەممەد و هاوڕێکانیشی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە (ژێ کاف) لەو هەلومەرجەدا سەرکەوتوو نابێت، هەروەها ئینگلیزەکان و تورکەکان بە سەرۆکایەتی ئەتاتورک، بەو ئامانجانەی (ژێ کاف) خەباتی بۆ دەکرد ڕازی نەبوون. ئێمە دەمانویست هەموو کوردستان ئازاد ببێت، ئەوەش نەدەگونجا بۆ ئەو سەردەمە.

**کاوە نەمین**: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری کوردستان دامەزرا؟

**شێخ عیزەدین**: ئاخر کۆماری کوردستان تەنها لە ئێران دامەزرا، مەبەستی من ئەوەیە کە ئامانجی کۆمەڵەی (ژێ کاف) کوردستانی گەورە بوو.

**کاوە نەمین**: ئەی کەس ناڕەزایی نیشان نەدا لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی (ژێ کاف)؟

**شێخ عیزەدین**: بەڵێ هەبوو، هەندێکیان هەر نەبوونە ئەندامی حیزبی دیموکرات، یەکێک لەوانە مامۆستا هەژارە کە نەبووە ئەندامی حیزبی دیموکرات و دەیگوت دوای کۆمەڵەی (ژێ کاف) دڵم بڕوایی نادات بچمە نێو هیچ حیزبێکەوە.

**کاوە نەمین**: باشە بە بڕوای تۆ هۆکارە دەرەکییەکان یانیش ناوخۆییەکان بوونە هۆی رووخانی کۆماری کوردستان؟

**شێخ عیزەدین**: هەردووکیان. دەزانی چۆنە، کۆماری کوردستان، سیمبوڵێکی گەورەیە کە ماوەتەوە بۆ گەلی کورد، هەروەها قازی محەممەدیش کە پێشەوایەک بووە، هەموو ساڵێک خەڵکی کوردستان لەو یادەدا رێزی لێدەگرن. لە شتە گرنگەکانی کۆماری کوردستان ئەوەیە کە زمانی کوردی بووە زمانی رەسمی، سووپای پێشمەرگە دروستبوو و زۆرشتی پۆزەتیڤی دیکە.

**کاوە نەمین**: کاتێک ئاڵای کورستان لە مەهاباد هەڵکرا ئێوە لە کوێ بوون؟

**شێخ عیزەدین**: ئەو کاتە من لە بۆکان بووم، لە ماهاباد نەبووم، بەڵام لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بۆکان بەشداریم کرد.

**کاوە نەمین**: رۆڵی بارزانییەکان و حەمەڕەشید خانی بانە چۆن بوو؟

**شێخ عیزەدین**: هەردوولایان دەوری چاک و کاریگەریان هەبوو، حەمەڕەشید خان لە لای سەقزەوە لەگەڵ فەیزوڵڵا بەگییەکان شەڕیان لەگەڵ دەوڵەت دەکرد. دیارە هەموشمان دەزانین کە مەلا مستەفا ئەوکاتە ژەنراڵ بوو و ئەو هەموو پێشمەرگەیەی لەگەڵ بوو، دەورێکی گەورەی گێڕا لە دروستکردنی کۆماردا، دوایش کە کۆمار رووخا لەگەڵ دەوڵەتدا کەوتنە شەڕەوە و چوو بۆ شوورەوی.

**کاوە نەمین**: تۆ لە دوای رووخانی کۆمار، پشتیوانیت لە راپەڕینی جوتیاران کرد، ئەوە چۆن بوو؟

**شێخ عیزەدین**: با یەک شت بە تۆ بڵێم، ئاغاکان بۆ من خراپ نەبوون. دیارە نامەوێت تەبلیغ بۆخۆم بکەم، بەڵام من ئەو رۆحییەتەم هەر لەسەرەتاوە هەبووە کە لایەنگری هەژاران بووم و دژی زۆرداری بووم. هەرزوو لەوە تێگەیشتبووم کە رەعیەتی جۆرە کۆیلایەتییەک بوو. دژی شێخایەتی بووم، مەبەستم عیرفانی نییە، دژی ئاغا و رەعیەتی بووم. بەڵام ئەم دیاردانە جێگیر ببوون و ببوونە باو. من هەمیشە لەگەڵ مافی ژناندا بووم، ئەوکاتەی کە لە سابڵاخ بووم یان لە هەرشوێنێکی دیکە بووبم دیفاعم لە ژنان کردووە بۆ نموونە ئەگەر کچێک لە منداڵیدا "گەورە بە بچوکی" پێکرایە یا بەر خوێندرابا، کە گەورە دەبوو رازی نەدەبوو، من بۆم دەنووسین کە ئەو نیکاحە سەحیح نەبووە، ئازادی بە هەر کەس مێرد دەکەی. ئەساسەن ئێمە مەسەلەی وەلی موجبیرمان رەتدەکردەوە (کە بابەکە بێ ئەوەی پرس بە کچەکەی بکات بە مێردی

بدات). من لە هەموو ژیانمدا دژ بە ئیرتجاع و کۆنەپەرستی بووم و یەکێک لەوانە بووم کە زۆر تەبلیغم بۆ ئەوە کردووە کە خەڵک بچن بخوێنن. جارێکیان پیاوێک هاتە لام، پێیان وتبوو ئەگەر کوڕەکەت بەردەوام بێت لە خوێندن کافر دەبێت، منیش پێم وت بە پێچەوانەوە ئەگەر نەهێڵیت بخوێنێ کافر دەبیت، چونکە سبەینێ هاوڕێکانی دەگەنە پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و زانستی، ئەوکاتە کوڕەکەی تۆش بەجێ دەمێنێت و پێیوادەبێ کە ئەوە دین بووە مانیعی پێشکەوتنی بووە. لە پای ئەوەی کە پشتیوانیم لە جووتیارەکان دەکرد، ئاغاکان دەریانکردم، نەک هەر من زۆر مەلای دیکەشیان دەرکرد.

**کاوە نەمین:** ئەی لەلایەن ساواکەوە ئازار نەدەدرای؟

**شێخ عیزەدین:** راستییەکەی جێگەومەکانی من لەوە گەورەتر بوو، نەیاندەوێرا بمگرن، بەڵام بانگیان دەکردم و خەڵکیان رادەسپارد، خەڵکێکی زۆر لە مەهاباد لایەنگری من بوون و تەنانەت چەند مەلایەک کە پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتدا هەبوو، زۆرجار پێیان دەگوتم کە ئاگام لە خۆم بێت. یەکێک لەو مەلایانە کە حەزناکەم ناوی بێنم، چووبووە ورمێ، لەوێ سەیادیان پێی گوتبوو شێخ عیزەدین کۆمۆنیستە و لەبەر خەڵک نەبا خەلعی لیباسمان دەکرد، مەلاکەیش پێی گوتبوو نەخێر وانییە! کە هاتەوە بۆ مەهاباد بۆی گێڕامەوەو وتی دەتگرن. منیش وتم من کۆمۆنیست نیم! ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە من ئینسانێکی رۆشنفکر و ئازادیخواز بووم، وەک خەلکم بیرنەدەکردەوە، لەبەرئەوە دەیانگوت شێخ عیزەدین کۆمۆنیستە. دیارە من ئێستایش کۆمۆنیست نیم، بەڵام ئەگەر بڵێی لەبەرەی چەپم، بەڵێ ئەوە راستە.

**کاوە نەمین:** چۆن هەم زانایەکی ئیسلامیت و هەمیش لایەنگری چەپ و مارکسیزم دەکەی؟

**شێخ عیزەدین:** ئەوە دوو لایەنی هەیە، ماتریالیست بوون و سۆسیالیست بوون دوو شتە، دەکرێت تۆ سۆسیالیست بیت لایەنگری عەدالەتی کۆمەڵایەتی بیت، لایەنگری یەکسانی و مافی ژن بیت. من ماتریالیست نیم، بەڵام دیارە لە زۆرشتی مەزهەبی من فەلسەفەی خۆم هەیە. من بڕوای تەواوم بەوەیە کە دەبێت دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، ئەمڕۆ سەردەم سەردەمی زانستە، دین لایەنێکی مەعنەوی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ بتوانێت دەوڵەت بەڕێوە بەرێت، عیلمانییە. مرۆڤەکان نابێت دژایەتی بیروڕاو و ئاینی یەکتری بکەن، هەموو کەس ئازادە چ دینێک هەڵدەبژێرێت و چۆن بیردەکاتەوە.

**کاوە نەمین:** کە رژێمی شا رووخا، داواکاری کوردانی رۆژهەڵات لە کۆماری ئیسیلامی چ بوو، ئایا ئەو داواکاریانە بۆ ئەوکاتە مەعقول بوون؟ ئەگەر وابێت ئەی ئێران بۆ رازی نەبوو؟



سەرچاوە
Serchawe

**شێخ عیزەدین**: داواکاری ئێمە خودموختاری بوو لە چوارچێوەی ئێران دا. کە ئەوە حەدی ئەقەلی مافەکانە. بەڵام لەبەرئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ئەساسدا حازر نەبوو هیچ هەقێک بدات، تەنها ئامانجی ئەوەبوو دەیویست کۆماری ئیسلامی وەلایەتی فەقێ دابمەزرێنێ و ئازادی و دیموکراسی خەڵک زەوت بکات. هەتا لەگەڵ شیعەکانیش کە هاوبیری ئەو نەبوون، هاوکاری نەکردووە و ئەوانیشی قبول نەبوو. مەسەلەکە ئەوە نییە ئەو هەقێکی داوە بە ئێمە و ئێمە وەرمان نەگرتبێت، ئەو ئامادە نەبوو هیچ هەقێک بدات، یان مافی گەلی کورد بە رەسمی بناسێ. وەک مەعلوومە ئێمە نەبووین چوبێتین شەڕ لەگەڵ دەوڵەتدا بکەین، ئەوە دەوڵەت بوو هاتە سەر ئێمە و لەگەڵمان بە شەڕهات. بەڵام لە شەڕەکەدا، شکستیان خوارد، ئەوەبوو خومەینی تەقەزایکرد کە حازرە بۆ ئاشتی. ئێمەش وڵامان دایەوە : هەیئەتی نمایندەگی خەلکی کوردمان دروستکرد، کە پێکهاتبوو لە من، دیموکرات، کۆمەڵە، سازمانی چریکی فیدایی کوردستان. ئەوەشی بە بڕیارنامەیەک - کە هەموو ئیمزامان کردبوو، کە ئێمە حازرین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گفتوگۆ بکەین - لە سەرتاسەری کوردستان بلاوبووەوەو لە هەموو رۆژنامەکانیشدا ئیعلانکرا. لە هەموو شوێنێکیش ئەو دروشمە هەبوو: مامۆستا، دیموکرات، کۆمەڵە، فیدایی - یەکبگرن!

دواییش ئەسڵەن مەعلووم بوو کە کۆماری ئیسلامی لە ماهیەتیدا نەبوو، هیچ ئازادیەک یا هیچ هەقێک بدات. تەنانەت ئازادی فەردیشی لە ئینسانەکان زەوتکردووە.

**کاوە نەمین**: تۆ بۆخۆت لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینیدا دانیشتووی تاوەکو باسی کێشەی کوردی لەگەڵ بکەی. هەڵوێستی ئەو چ بوو؟

**شێخ عیزەدین**: بەڵێ بینیم و هەر زوو زانیم کە هیچ مافێک بە کورد نادات، هەموو قسەکانی تەنها لەسەر کۆماری ئیسلامی بوو، کە گفتوگۆمان لەگەڵ کرد تەنها دەیگوت :هەموو شتێک باش دەبێت. ئێمەیش پێمان وت کە لە کوردستان زوڵم کراوە، ئەویش دەیگوت : جا خۆ زوڵم لە ئێمەش کراوە. کەسێکی وریا بوو، قسەی خۆی بە دەستەوە نەدا. ئێمە کۆمەڵێک مەلا بووین، مەلاکان دەیانگوت مادام هەر حوکومەتێکی ئیسلامی دەبێت، با شیعە و سوننە نەبێت و یەک ئیسلامی هەبێت. منیش بە خومەینیم وت کە ئێمە هەقی خودموختاریمان دەوێت بۆ کوردستان. کاتێکیش هەستاین بڕۆین، خومەینی یەخەی عەباکەی گرتم و پێی گوتم: من ئەمنیەتی کوردستانم لە تۆ دەوێت! منیش لە وەڵامدا پێم گوت: منیش خودموختاری کوردستانم لە تۆ دەوێت!. ئێستاش پێموانییە ئەو کۆمارە ئیسلامییەی ویلایەتی فەقیهە، هیچ هەقێک بە کورد و غەیرە کورد، بدات. تەنها رێگا، رووخاندنی ئەو حکومەتەیە و دروستبوونی حکومەتێکی دیموکراتییە.



سەرچاوە
Serchawe

**کاوە نەمین:** زۆرجار لێرە و لەوێ باسی ئەو هەشت مادەیە دەکرێت کە کورد پێشکەشی ئێرانی کرد، یەکێک لەو مادانە دەرکردنی کوردە ئاوارەکانی باشوور بەتایبەتیش بارزانییەکان بوو، ئەوە پێشنیازی کێ بوو؟

**شێخ عیزەدین:** ئەو پرسیارە لە ئەسڵدا لە جێی خۆیدا نییە، پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێم، کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت، پەنابەر نییە. خەڵکی کوردیش لە ڕۆژهەڵات هەمیشە باوەشی بۆ کوردی بەشەکانی دیکە ئاواڵا بووە، کەوابوو ئەو مادەیە بە هیچ جۆرێک لە دژی خەڵکی ئاوارەی باشووری کوردستان نەبوو. ئەو مەسەلەیە پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە، بەڵام خولاسەکەی ئاوایە. دەبێ مووفەسەل قسەی لێ بکرێ. بەڵام خولاسەکەی ئەوەیە.دەوڵەت هەیەتێکی ناردبوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێمە. هەیەتەکە، لە کەسانی وەک فروهەر، ئایەتوڵا نووری، و.. هتد. پێکهاتبوو. سەرەتا کە هاتن پێشوازییەکی باشیان لێکرا، پاشان لە وێڕا یەکسەر هاتن بۆ ماڵی ئێمە، پێشیان وتبووم کە بۆ نەهارێ لە ماڵی میرزا ڕەحیمی خەڕازی داوەتین. دوایی کە دانیشتین، هەیەتەکەی دەوڵەت پێیان گوتین، ئێوە داخوازیەکانی خۆتان، چیتان دەوێ، بینووسن. ئێمەیش چەندین سەعات دانیشتنمان کرد، هەیەتەکەی ئێمە ئەوانە بوون: من، شێخ جەلال، کاک فوئاد، دوکتۆر قاسملو، کاک سەلاحی موهتەدی، مامە غەنی، سەناری مامەندی و جەماعەتێکی زۆری دیکە لەو ژوورەدا بوون. هەروەها ٦٠ - ٧٠ نەفەر لە دەرەوە چاوەڕوان بوون، تا بزانن بڕیاری چی دەدەین. ئەو جەماعەتە لە شارەکانی کوردستانەوە هاتبوون، وەک سەقز، بانە، سەردەشت، بۆکان، مەریوان و... هتد. ماددەکان پاش گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل، تەسویبکران. مادەی ٨ لە کۆتاییدا مەترەح بوو، بەڵام بەڕاستی من نازانم چۆن ماددەکە مەترەحکرا و کێ پێشنیازی کردبوو. بەڵام کە مەترەح بوو، کەس موخالیفی نەبوو. تەنیا سەناری مامەندی نەبێت، مولاحەزەیەکی لە سەر هەبوو، کە وتی ئەو بەندە موبهەمە، دەبێ بەشێوەیەک بێت کە مەعلوم بێ مەبەست لەوە چییە. ئەوەبوو قسەکانی لەبەرچاوگیرا، و ئیسلاحکرا و لە کۆتاییدا لەسەری ڕێککەوتین. پێشنوویسی ماددەکان، مەرحومی دوکتۆر قاسملوو و کاک سالاح پاکنووس ڕێکیانخست. لە کۆتاییدا تەسلیمی هەیئەتی ئێرانمان کرد.

**کاوە نەمین:** پێتوایە، دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەکو خۆکوژییەک بوو بۆ کۆمەڵە؟

**شێخ عیزەدین:** من پێم خۆشە هەموو ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان سەربەخۆ بن و لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن، ئەگەر دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ شۆڕشگێڕان یان هێزی سیاسی ئێرانیشدا دەکەن، دەبێت پێ لەسەر سیاسەتی سەربەخۆیانەی خۆیان دابگرن. لەبەر ئەوە، بوونی کۆمەڵەم بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێ باش نەبوو، هەر ئەودەم قسەشم لەگەڵ کردن و بۆشم نووسین.

**کاوە نەمین**: ئێران لە جاران درِتر پەلاماری کورد دەدات، لەم ماوەیەدا چەندین چالاکڤانی کورد لەسێدارەدران، هاوکات پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک)، چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی چرِتر کردووەتەوە، رای ئێوە چییە؟

**شێخ عیزەدین**: من لە بارەی کار و فەعالیەتی ئەو حیزبە سیاسیانە هیچ تەوسیەیەک یا پێراگەیاندنێکم نییە. هەرحیزبێک چۆنی پێ مەسڵەحەتبێت وادەکات. بەڵام بە بروای من، خەباتی سیاسی بۆ شەرایتی ئەورۆ زۆر موناسیبە. شەرِی چەکداری سەحیح نییە، مەگەر دوژمن هێرشت بکاتە سەر و لەگەڵت بەشەرِ بێت، ئەوا تۆ پێویستە دیفاع لە خۆت بکەی و پێویستە دەستبکەیەوە. ئەو خەباتەی ئەورۆ لە کوردستان دەکرێ، هەمووی بە خاتری ئەوەیە چەوساندنەوە لە سەر میللەتی کورد نەمێنێ و میللەتی کورد بە مافی رەوای خۆی بگات.

سەرچاوە: ماڵپەرِی رِوداو نێت - رێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠١٠

---------------------------------------------------

## لە وتووێژێک لەگەڵ بەرنامەی "بە عبارت دیگر"ی بەشیی فارسیی تەلەفزیونی بی‌بی‌سی



**رِوانگەی بەرێز مامۆستا شێخ عیزەدین لە سەر مافەکانی نەتەوەی کورد، دەوری دین لە کۆمەڵگەی ئەمرۆدا و، بزووتنەوەی"سەوز"**

**پێشەکیی وەرگێرِ**

کاتێک دەقی ئەو وتووێژەی بەرێز مامۆستا شێخ عیزەدین لە تەلەفزیونی بی‌بی‌سی بڵاوکرایەوە و پاشان لەسەر ماڵپەری ئەو ناوەندە رِاگەیەنەرییە دانرا، لە ماوەیەکی کورتدا بێجگە لەوەی کە خەڵکێکی زۆر لە رێگەی ئەو رِاگەیەنەرەوە دیتان و



سەرچاوە
Serchawe

گوێبیسی بوون، بە چەندین شێوەی دیکەی وەک ئی مەیل و فەیس بووک و تەلەفون و ئێس.ئێم.ئێس و... خەڵکانێکی زۆر دۆست و هاوبیر و ناسراوی خۆیان خەبەر دەکرد. تا ئەو جێگە کە من بۆ خۆم چەند پەیامم لە پێوەندیەدا پێ گەیشت.

پێموایە هۆی ئەو پێشوازییە بێ وێنەیە لەو وتووێژە، روون ئاشکرایە، ئەویش هەڵوێستە بوێرانەکانی مامۆستا و سەلماندنەوەی چەندجارەی ئەمەگناسیی تا سەری ئەو رێبەرە بە ئامانجەکانی نەتەوەکەی بوو. کە نیشانیدا تێپەڕبوونی زەمان و تەنانەت پیری، نەک هەر روانگەی لەمەر مافی نەتەوەیی و چۆنیەتی روانین بە پرسە کۆمەلایەتیەکان نەگۆڕێوە، بەڵکە قایم تر و پتەوتر و بەتەدبیرتر لە ڕابردوو لەسەر روانگەکانی خۆی ماوە و بوێرانە بەئاگاداریی خەڵکی کورد و ئێرانیەکان و هەموو جیهانی ڕاگەیاند.

بۆ من مامۆستا شێخ عیزەدین ئەو رێبەرەیە کە لەسەردەمێکدا بزووتنەوەی جەماوەریی رۆژهەلاتی کوردستانی بە وشیاری و لێزانی و سەداقەتەوە رێبەریی کرد و لە دژوارترین کاتەکانی ئەو بزووتنەوەدا و لە کاتێکدا زۆر کەس و لایەنی دیکە ئیدیعای رێبەریی خەڵکیان دەکرد و بە ئاشکرا و نهێنی لە هەوڵی سازان لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندی و وەرگرتنی "بەش" بۆ خۆیان بوون، مامۆستا ئەوەی بیری لێ نەکردەوە خۆویستی و موعاملە لەسەر مافی نەتەوەکەی بوو. هەر ئەوەش بوو کە مامۆستای تا ئاستی خۆشەویسترین رێبەریی نەتەوەیی بەرز کردەوە.

پاش هێرشی درندانەی حکوومەت بۆ سەر کوردستان و سەرکوتی بزووتنەوەی جەماوەری و سەپاندنی شەڕ بەسەر نەتەوەکەماندا، مامۆستا بە کردەوە نیشانی دا کە ئەو رێبەرێکی بزووتنەوەی جەماوەری بوە و سەرەڕای ئەوەی لە توانای دا هەبوو کە رێکخراو و دەستەی چەکدار رێکبخات، ئەو کارەی نەکرد.

ئێستا پاش سێ دەیە، بێگومان مامۆستا، بە بێ ئەوەی هیچ ئیدیعایەکی رێبەریی کردنی خەڵکی هەبێ، وەک هاوولاتیەکی تاک قسە دەکات، و قسەکانی ئاوێنەی بالا نوێنی ویست و خوازستی بەرۆژ کراوە(Update)ی نەتەوەکەیە. ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی مامۆستا نیشاندەری ئەو ڕاستیەن کە بەرێزیان تێڕاوانینێکی واقعبینانەی لە هەلومەرجی خۆی(تەمەن) و کۆمەڵگە هەیە. کە ئەمە ئەوپەڕی ئەمەگناسی ،خۆ نەویستی و تێگەشتنی ئەو رێبەرە مێژوییە دەسەلمێنێ. داخۆ هێندێک لە رێبەرانی حێزبە سیاسیە ئوردووگانشینەکان نابێ لە مامۆستا و بەتایبەت لە هەڵوێستەکانی فێر ببن؟ بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن و تێپەڕ بوونی کاتی خانە نشینیان!!

لە کۆتاییدا وێڕای هیوای تەمەندرێژیی بۆ مامۆستا شێخ عیزەدین بەرێزیان لەگەڵ رێبەریی مێژوویی ئافریکا، نیلسۆن

ماندێلای هەڵدەسەنگێنم و شانازی بە ڕێبەریی ئەوکاتی و هەڵوێستی ئێستای دەکەم.



## خەلیلی غەزەڵی

### پێشەکیی رۆژنامەوان عینایەتی فانی (بەڕیوەبەری بی‌بی‌سی فارسی و وتووێژکار)

شێخ عیزەدینی حوسێنی میوانی ئەمجارەی بەرنامەی "بە عبارت دیگر"("بە واتایەکی دیکە" - وەرگێڕ)، دژی حکوومەتی شا بوو، بەڵام لەگەڵ حکوومەتی جێنشینەکانی شا(حکوومەتی ئیسلامی- و)ش نەسازا و لە جێگەی سازان لەگەڵ ئەم حکوومەتە، ڕێبەریی خەباتێکی گرتە ئەستۆ کە کوردەکانی ئێران، هەر لە بەیانیی سەرکەوتنی شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری بەرپایان کرد. ئەو کە ئێستا لە سەروبەندی تەمەنی ٩٠ ساڵی دایە و ڕێگایەکی دوور و درێژی تا تاراوگە، واتا ئوپسالای وڵاتی سوئێد پێواوە، ئاخۆ لەسەر هەڵوێستەکانی ڕابردووی خۆی چ دەڵێ، ئاخۆ بیرو باوەڕیشی ئەم ڕێگە دوورەیان پێواوە؟

### دەقی وتووێژەکە:

**عینایەتی فانی**: جەنابی شێخ، ئێوە لە تەمەنی ٩٠ ساڵی نزیک دەبنەوە و ناچار بوی کە ساڵانیکی زۆر لە تاراوگە ژیان بەسەر بەری و هەموو ئەمانەش بەهۆی چالاکیی سیاسی‌تانەوە بوە. لێرە لەم دووری لە زێد و نیشتمانە، بوە کە لە خەڵوەتی خۆتاندا بیر لەوە بکەنەوە کە سەدبریا کارێکتان بە سیاسەتەوە نەدەبوو و ئێستە لە مەهاباد ئیمام جومعەی شار بوایەن؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: نە، من شانازی دەکەم کە لە سیاسەتدا بەشدار بوم. نەتەوەی کورد ستەمی لێدەکرێت. هەموو ئێمە دەبێ خەبات بکەین تا لە دەستی زوڵم و ستەم رزگار بین و بە مافی رەوای خۆمان بگەین، من ئەگەر بەشێکی چکۆلەم لەم قۆناخەدا هەبێ پڕبەدڵ شانازیی پێدەکەم.

**عینایەتی فانی:** کوردستان پاش شۆرش قۆناخ گەلێکی دژواری پر لە شەڕ و خوێنڕشتنی پێوا. ئێستە کە ئاوڕ لەو ڕابردووە دەدەنەوە، لە رۆژەکانی سەرەتای شۆڕش دا هێنانە ئارای خودموختاری پێویست بوو؟ نەدەکرا پێش بەو هەموو خوێن ڕشتنە بگیرڕێت؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** ئێمە خوێنێکمان نەڕشت. ئێمە هێندێک داخوازیی مان هەبوو و پێشکەشی حکوومەتمان کرد. من خۆم چووم بۆ تاران. حیزبی دێموکراتیش نوێنەری ناردە تاران و هەوڵماندا بە هەر شێوەیەک بوە، مافێکمان پێ بدەن، تا لەگەڵیان بین و پێکەوە هاوکاری بکەین.ئێمەش موسوڵمان بوین. بەڵام ئەوان ئامادەنەبوون هیچ شتێک قەبووڵ بکەن. بەجێگەی ئەوەی ئاوڕ لە مافەکانی ئێمە بدەنەوە، کاریان ئەوە بوو کەسانی وەک خەڵخاڵی بۆ قەلاچۆکردنی خەڵک رەوانەی کوردستان بکەن. ئێمە مودافع بووین. ئێمە هیچکات حەزمان لەو شەڕە نەبوو. لەبەر ئەوە لێمان دەکوژرا. ئێمە داوای مافی خۆمان دەکرد. ئەوە ئەوان بوون کە هێرشیان هێنا. کەمینەیەک گەر داوای مافێک بکات، هیچکات تالبی شەڕ نییە. لەبەر ئەوە لایەنی بەرابەری بەهێزترە. ئەوان لەگەڵ ئێمە بەشەر هاتن.

**عینایەتی فانی:** بەڵام جەنابی شێخ، پرسیاری من ئەوەیە کە لە سەرەتای شۆڕشدا، ئایا زوو نەبوو کە ئێوە باسی خودموختاری بهێننە گۆڕ،چەندە پێویست بو کە حەتمەن لەو سەردەمەدا بە خودموختاری بگەن؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** خودموختاری لانی کەمی داخوازەکانی ئێمە بوو کە داوامان دەکرد.

**عینایەتی فانی:** نەتان دەتوانی دەسڕاگرن کە هێندێک هەلومەرجەکە باشتر بێت و (ئەوسا) لەگەڵ حکوومەت بکەونە وتووێژی فرەترەوە؟

ئێمە زۆر سەبر و تەحەمولمان لەخۆ نیشاندا. ئەوان پەلاماری ئێمەیان دا. ئێمە چوینە تاران، لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەوڵی زۆرمان دا کە بەشێوەیەک لەگەڵیان رێککەوین، بەڵام ئەوان نەیانویست. ئەوان دەیانویست کوردستان داگیر بکەن.

**عینایەتی فانی:** بەڵام کاتێک کە وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی دەهاتە ئاراوە ،کە ئێوەش لە زۆربەی کاتەکاندا سەرۆکی کۆر نوێنەراتەتی(کورد) بوون، وا دەردەکەوت کە ئەوان(لایەنی دەوڵەت م) بەشێک لە داخوازەکانی ئێوەیان قەبووڵ کردبوو.

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: نەخێر، بە هیچ شێوەیەک وا نەبوو. ئەوان تێکشکان. هێرشیان کردە سەر ئیمە و شکستیان هێنا. بەمەبەستی خۆ سازدانەوە و هێرشی دووبارە وتووێژیان دەستپێکرد. کاتێک من بۆ دیتنی خومەینی چووم و چاوم پێکەوت، دەرکی ئەوەم کرد کە هیچ مافێک بۆ کورد رەوا نابینێ.

**عینایەتی فانی**: چاوپێکەوتنی ئێوە لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی چۆن بوو؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: خومەینی لە ڕێگەی وەزیری ناوخۆوە بانگهێشتی منی کرد. ئێمە چوین، گەرچی لە تاران گیروگرفتیان پێکهێنا، بەڵام سەرەنجام چاومان پێکەوت. ئەوەی کە من لەگەڵی باسم کرد، داخواز و مەسەلەی گەلی کورد بوو. ئەڵبەت لەبەر ئەوەی ژمارەیەک مەلا و پیاوی ئایینی لەگەڵ من بوون باسی ئەوەش کرا، ئەگەر حکوومەت ئیسلامی‌یە، دەبێ حکومەتی هەموو موسوڵمانان بێت و سونی‌یەکانیش بگرێتەوە.

بەڵام خومەینی بە هیچکام لە باسەکان وەڵامی نەدەدایەوە و دەی‌گنخاند. دەیگوت هەموو دەگرێتەوە و هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێن. ئەڵبەت هەموو دەبێ ئەوە بزانن کە خومەینی جگە لە دامەرزانی حکوومەتی ئیسلامی و ویلایەتی فەقی، بەهیچی دیکە رازی نەبوو.

**عینایەتی فانی**: بەڵام جەنابی شیخ، ئێوە ئیستە کە چاو لە ڕابردوو دەکەن دەستکەوتی ئەو هەموو ساڵەی خەبات بۆ خەڵکی کوردستان چ بوە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: ئەوەی کە خەلکی کوردستان لە بەرابەر(هێرشی) رژیمدا خۆڕاگریان کردو ٣٠ خەباتیان کرد و ئێستە خەلکی کوردستان لە خەڵکانی دیکەی ئێران لە پێشترن.

**عینایەتی فانی**: لە چ بارێکەوە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: لەوبارەوە، کە ئێستا خەڵکی ئیران ئەوە دەڵین کە گەلی کورد ئەوسا دەیگوت.

**عینایەتی فانی**: یانێ خوازیاری ئازادیی و دێموکراسین؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** بەڵێ، ئەوان دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیدا، ئێستا پەشیمانن و دەڵێن ئەم حکوومەتە خراپە. ئێمە ٣٠ ساڵ خەباتمان کرد، ئەوەی کە ئێستە ئێمە زیندووین و دەبینین خەڵک رۆژ لە رۆژ زیاتر پێ لەسەر مافەکانی خۆیان دادەگرن، ئەوە بەرهەمی خەباتێکە کە ئێمە کردومانە و خەڵکانی دیکە نەیانکرد.

**عینایەتی فانی:** بەڵام هەر ئێستا زۆرێک لە رێبەرانی رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کورد بەو ئەنجامە گەیشتون کە خەباتی چەکداریی وەک ڕابردوو کارامە نی‌یە و دەستیان لێ‌هەڵگرتوە. ڕای جەنابتان چی‌یە؟ ئێوە لەو باوەڕەدان کە کوردەکان دەبێ وەک ڕابردووبە بە خەباتی چەکداریی بەربەرەکانێی دەسەڵات بکەن؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** نە. بەباوەڕی من ئیمرۆکە نابێ خەباتی چەکداریی بکرێت، مەگەر ئەوەی ئێوە لە خۆتان دیفاع بکەن، بێن و لەگەڵتان بەشەڕ بین و ئێوەش ناچار بە دیفاع لە خۆتان بن. غەیری ئەوە من خەباتی چەکداری پەسند ناکەم. من دەمهەوێت لە رێگەی سیاسی‌یەوە نەک لەگەڵ جەمهووری ئیسلامی، بەڵکوو لەگەڵ خەلکی ئێران هەموو دەستمان بخەینە نێو دەستی یەکتر بۆ رووخانی ئەم حکوومەتە و دامەرزانی دەسەڵاتێکی دێموکرات و خەڵکسالار، بەلکوو ئێمەش لە حکوومەتێکی وادا بە مافەکانمان بگەین.

**عینایەتی فانی:** باسێک کە زۆر دێتە ئاراوە بۆ کوردان، بەتایبەت بەهۆی ئەوەی کە لەباری مێژوویی‌یەوە رابردووی خەبات بۆ خودموختاریی هەیە، ئەوەیە کە دەڵێین ئێوە جودایی خوازن و سەرەنجام دەتانەوێت کوردستان لە ئێران جودا بکەنەوە.ئەم تاوانە ئیمرۆکەش لە ئاست هندێک رێکخراوی کوردیدا دێتە ئاراوە، وەڵامی جەنابتان بەم ئیتهامە چی‌یە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** لە بنەڕەت دا بۆ دەبێ جودایی‌خوازیی تاوان و کوناح بێت؟ نە لە قورعاندا و نە لە عورفی خەڵکدا، نە لەم جیهانە پان و بەرینەدا نەتەوەیەک گەر بیەوێت سەربەخۆ بێت، هیچ بەرگرێکی نی‌یە. بەڵام لەم هەلومەرجەدا ئێمە بە دروستی نازانین.

من ساڵانی زوو لەگەڵ هێندێک لە رێبەرانی کورد وەک ئاغای قاسملوو و ئاغای شەرەفکەندی کە ڕابروویەکی دوور و درێژیان(لە بزووتنەوەی کورددا - و) هەیە، وتووێژم کردوە، ئەوان دەیانگوت جودا بوونەوە لە ئێران هیچکات باسی ئەوان نەبوە و دروشمیان دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوە، دەشیان گوت لە داهاتووشدا هەر ئەوە دروشمیان دەبێت.

**عینایەتی فانی:** ئەوەڕاستە. بەڵام ئێمە ئێستە دەڵێین فدراتیو. ئەڵبەت ئەوەی کورد داوای دەکات لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەوەی ئێستە دێتە گۆڕێ زۆر جیاوازە. واتا ئێوە لە ڕاستیدا ئەو مافە بۆ نەتەوەیەک بە رەوا دەبینن کە وڵاتی سەربەخۆی خۆی پێک بێنێ؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** بەڵێ. بەڵام ئێمە واقع بینین، ئەوەی کە ئێستە دەست نادات، نایهێنینە گۆڕێ. باسی ناکەین و هیچکاتیش نەماگوتوە جودایی خوازین. لە سەرەتاش و لەسەردەمی قازی موحەمەدیش هەروا بوە، ئەمانە ئەو بوختانانە باسدەکەن بۆ ئەوە دژی ئێمە بەشەر بێن و دان بە مافەکانماندا نەنێن. تەنانەت دوکتور قاسملوو لەباتی خودموختاری بە "خودگەردانی"یش ڕازی بوو، بەڵام پێیان نەدا.

**عینایەتی فانی:** بە قسەی جەنابتان، تەنانەت لەو سەردەمەش کە قازی موحەمەد کۆماری مەهابادی پێکهێنا، ئەو و حیزبی دێموکرات خوازیاری جودابوون لە ئێران نەبوون؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** نە. ئەوەی کە دروشمی هەموو کوردستان بوو، ئەوە بوو: کۆماری خودموختاری کوردستان.

**عینایەتی فانی:** جەنابی شێخ، با هێندێک بگرێنەوە بۆ بیرو راکانی جەنابتان. ئێوە کەسێکی ئایینین بەڵام لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئێراندا زۆرێک لە ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران و لە سەروویانەوە ڕێکخراوە چەپەکانی کوردستان کە زۆرێکیان مەزهەبی نەبوون و رەنگە لە بنەڕەتدا باوەڕیشیان بە بوونی خودا نەبوو، ڕێزێکی تایبەتیان بۆ جەنابتان هەبوو و ئێوەش پشتیوانیتان لێدەکردن. چ نزیکایەتیەک لە نیوان مارکسیزم و ئەو ئیسلامەی کە ئێوە باوەڕتان پێیە دەبینن، وا ئەوەندە لێک نزیک بون؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمە دەمانویست و خەباتمان بۆی دەکرد، مافەکانی گەلی کورد بوو. هەرکەس لەم ڕێگەدا هەنگاوی هەڵدەگرت و هاو را و هاوڕێی ئێمە بوو، چ چەپ بوایە، چ مەسیحی بوایە، هەرکەس بوایە بۆ ئێمە ڕێزی هەبوو. کۆمەڵە و دێموکرات خۆیان چەپ بوون. ئێمە دەمانویست خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەی کورد ببەینە پێشەوە. کێشەکە ئەوە نەبوو کە ئەم موسوڵمانە و ئەو کافرە. ڕۆژێکیان، لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندا، جەماعەتێک ئاڵایەکی سەوزیان هەڵگرتبوو کە نیشان بدەن موسوڵمانن. چوومە پێشی و پێم گوتن براینە ئێمە لە مزگەوت موسوڵمانین. بەڵام لێرە بۆ مافی نەتەوەی کورد خەبات دەکەین، داواتان لێدەکەم ئەو ئاڵایە زوو بەرنەوە بۆ مزگەوت. پرسی ئێمە خەباتە بۆ پێشبردنی مافی گەلی کورد و ئەوەی ئەم نەتەوە بە مافەکانی خۆی بگات.



سەرچاوە
Serchawe

**عینایەتی فانی:** بەڵام وا دێتە پێش چاو کە نەزەر و بیر و بۆچوونی ئێوە قووڵتر لە پرسی کورد بوە. واتا ئێوە بەگشتی روانگە و تێگەیشتنتان لە ئیسلام بە شێوەیەکی دیکەیە.چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو ئیسلامەی ئێوە باوەڕتان پێیە و ئیسلامی خەڵکانی دیکە. بەتایبەت ئیسلامی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبینن؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** جیاوازیمان یەکجار زۆرە.

**عینایەتی فانی:** جگە ئەوەی ئێوە رێڕەوی مەزهەبی سونیین ئەوان شیعە، جیاوازیەکان چین؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** ئیسلام بەمانای وشە ڕاستەقینەکەی، یانێ باوەڕ بە خودا، دوارۆژ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ڕاگرتنی دڵی کۆمەڵانی خەڵک. ئیسلام ئایینێکی باشە. بەڵام ئەوەی ئێستا؛ ئێوە کۆماری ئیسلامیی دوازدە ئیمامیی ویلایەتی فەقی بێننە پێشچاوی خۆتان. کاتێک ئێوە دەڵێن کۆماری ئیسلامی، ئەوەی ناموسوڵمان بێت نای گرێتەوە. کاتێک دەڵێی ئەسنا عەشەری(دوازدە ئیمامی و)، هەموو رێرەوانی مەزهەبی سونەت دەرهاویشتوە. کاتێک باسی ویلایەتی فەقی دەکەی، ئەو دەسەڵاتە تەنیا هێ ئەو شیعانەیە کە ویلایەتی فەقییان قەبووڵە و، ئەوانی دیکە هیچ. واتا دەبێ باوەڕت ئەوە بێت کە ویلایەتی فەقی نوێنەری ئیمامی زەمانە (کە ئەویش نوێنەری خودایە). زۆرێک لە شیعەکان، تەنانەت ئایەتوڵا شەریعەتمەداری، و ئایەتوڵا خوویی و.. باوەڕیان بە ویلایەتی فەقی نەبوو.

**عینایەتی فانی:** کەواتە ئێوە بەگشتی باوەڕتان بە کۆماری ئیسلامی نییە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** نە. من باوەڕم بە جودایی دین لە دەسەڵات و دەوڵەتە. لە بنەڕەتدا لەو باوەڕەدام کە لەم سەردەمەدا مەزهەب ناتوانی حکوومەت بکات.

**عینایەتی فانی:** ئەی دەوری دین و ئایین لە کۆمەڵ دا چی لێ دێت. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی دینی دا؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** دەروی دین لە کۆمەڵگە زۆرە. بانگەشەی مەزهەبی، باسی خودا شناسی، باسی داوروژ، باسی ئەخلاق، لایەنی مەعنەوی. لایەنی مەعنەوی لە دیندا گرینگە. نموونەیەکت بۆ باسدەکەم: ئێمە لایەنگری پەرەسەندن(تەکامول)ین. وەک ئینسانێک قۆناخی گەشەکردنی هەیە و تا بە ئەنجام دەگات. مەسەلەن سەرەتا دەچێتە خوێندنگەی سەرەتایی، پاشان ناوەندی و پاشتر زانکۆ و سەرەنجام سەربەخۆ دەبێت. خەڵک و نەوعی ئینسان بەشێوەی سروشتی بەو شێوە ژیاوە. تەنانەت لە سەردەمێکدا کە هیچ پێغەمبەرێک نەبووە، پاشتر کە (مرۆڤ) گەشەی کرد و توانای



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی پەیداکرد کە ئامۆژگاریی گوێ بدات، پێغەمبەرەکان هاتن. هەر وەک قورعان دەفەرمێ هیچ ئۆمەتێک نەبوە کە رێ نیشاندەرێکی نە بووبێ.

خەڵک لە قۆناخێکدا بەرە بەرە گەشەیان کردوە و پاشان (کە ئەو گەشەیە) بۆیان کۆن بوە، پێغەمبەرێکی دیکە هاتوە تا ئەو گەشە سەندنە ببووژێنێتەوە. ئەمە هاتووە تا گەیشتوە بە حەزرەتی موحەمەد. حەزرەتی موحەمەد کاتێک کە هاتوە، ئەوەی راگەیاندووە کە من دووایین پێغەمبەرم.

**عینایەتی فانی**: ئێوە پێتان وایە فلسەفەی ئەوەی کە موحەمەد ڕادەگەەنێت کە ئاخرین پێغەمبەرە چیە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: فەلسفەی ئەوەیە کە ئیتر نەبوەت وەک جاران نەماوە و ئیمە پێمان ناوەتە قۆناخێکی دیکەوە. وەک ئەوەی کەسێک قۆناخەکانی گەشەی تێپەڕاندبێ و گەیشتبێ قۆناخی زانکۆ.

**عینایەتی فانی**: واتا ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ گەیشتوەتە ڕادەیەک کە ئیتر پێویستی بە پێغەمبەرێکی دیکە نییە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: بەڵێ، پێویستی نییە و کەسیش نییە. واتا (ئیتر) دەورانی عیلم و زانستە. ئەگینا ناتوانرێ باوەڕ بکرێ کە لە ماوەی هەزار ساڵدا دوو سێ پێغەمبەر بێن، بەڵام لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵدا، خوداش دەزانێ تاکەی، تەنیا یەک کتێب لە هەلومەرجێکی تایبەتدا حکوومەت بکات.

بەڵام دەبینین کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە رادەیەک گەشەی کردوە و گەیشتوەتە ئاستێک کە خۆی بەڕێوە دەبات و پێویستی بەوە نییە کە ڕێڕەوی ئەو شتانە بکات. ئەوە باوەڕی منە.

**عینایەتی فانی**: لە ڕاستیدا ئێوە عەقڵ گەران و قسەتان ئەوەیە کە عەقڵی مرۆڤ گەیشتوەتە ئاستێک کە ئیتر پێویستی بە پیاوچاکێک نییە کە ڕێگە و شوێنی بۆ دیاری بکات؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: وایە. مەزهەب دەتوانی یارمەتیدەری لایەنی مەعنەویی مرۆڤ بێت. ئینسان دوولایەنی هەیە. لایەنێکی ماددی، لایەنێکی مەعنەوی. یەکێکی دنیا و ئەوی دیکەی دوازۆژ یا ئاخرەت. دین دەتوانی ئەرکی دوەمی خۆی(مەعنەوی) بەهەر شێوەیەک کە دەیەوێت بە خەڵک ڕابگەیەنێت، بەڵام ناتوانێ لە دەوڵەت و یاسای بنەڕەتیدا خۆ



سەرچاوە
Serchawe

هەڵقوتێنێ. یاسای بنەڕەتی، دەبێ یاسایەک بێت کە کە هەموو کۆمەڵانی خەڵک لەخۆی بگرێت. دێموکراسی و ئازادیی و سێکۆلاریسمی تێدا بەدی بکرێت. هەرکەس چاو لەو یاسایە بکات، بە هین خۆی بزانێ. مافی ژنی تێدا رەچاو کرابێت.

من لایەنگری بەرابەری، یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووریی باشم. ئەوە قەبووڵ دەکەم کە خەڵکی جیهان پەسندی دەکەن. لەو باوەڕەشدام کە ئەوە ئیرادەی خودایە. خودایە کە وای ویستوە. ئەمە قۆناخی تەکامولە. رۆژێک لە شوێنێک وتم کە دین بوارێکە بۆ دەرکەوتنی گەورەیی خودا، ئەگەر شتێکی دیکە جێگەی ئەم گەورەییە بگرێتەوە، ئەرکی ئێمە چی دەبێت؟

**عینایەتی فانی**: ئێوە لەسەر مافی ژنان قسەتان کرد.لە حاڵی حازردا ئەمە باسێکی زۆر بەرچاوە، بەتایبەت پاش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کێشەی ژن هەمیشە گرفتێک بوە و ژنانیش لەم ماوەدا نارازی بوون و بۆ گەیشتن بە مافی یەکسان لەگەڵ پیاو خەباتیان کردوە.

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: وایە.

**عینایەتی فانی**: ڕاتان بە وردی لەسەر مافی ژنان چیە، مەبەستم لە روانگەی فقهیەوەیە.

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: من لەو باوەڕەدام کە ژن یش وەک پیاو مافی دەبێ هەبێت و مافی خۆیەتی بەو مافانە بگات.بەڵام ئەوەی کە ژنیش دەتوانێ هەرچی پیاو ئەنجامی دا ئەویش ئەنجامی بدات، قسەیەکی دیکەیە. ژنێک دەبێ ئەو مافەی هەبێت کە وەک پیاوێک قۆناخەکانی گەشە سەندەن بپێوێت. هیچکەس مافی ئەوەی نیە ژن بچەوسێنێتەوە، یا قەیومی ژن بێت. ژن و پیاو هیچ جیاوازیەکیان پێکەوە نیە. بەڵام ئەوەی بەهرەی ژنان و پیاوان جیاواز بێت و هەریەکە خاوەن بەهرەی خۆی بێت و بچێتە پێشەوە، قسەیەکی دیکەیە.

**عینایەتی فانی**: ئەمە روانگەی فێقهی ئێوەیە یا باوەڕی خۆتانە کە لەکۆمەڵگەشدا برەوی هەیە و هەموان قەبووڵیانە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین**: مەبەستت چیە؟

**عینایەتی فانی**: مەبەستم ئەوەیە ئەم یەکسانیی ژنە کە ئێوە باسی دەکەن، باوەڕێکە کەلە دینی ئیسلام هەڵێنجراوە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** ئاخر هەرکەس بە شێوەیەک ئیسلام لێکدەداتەوە. ئایەتێک هەیە ماناکەی ئەمەیە کە خودا پاداشی هەموو ئێوە و ژنان دەداتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە ژنان و پیاوان یەکسانن.

**عینایەتی فانی:** بەڵام هەر لە قورعاندا ئایەی دیکەش هەیە کە چالاکانی بواری ژنان بە دژی ژنانی دەزانن.

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** ئیجازە بدە. هێندێک لە حوکمەکانی قورعان بە هەلومەرجی کات و جێگاوە دەبەسترێنەوە.بۆ نموونە دەڵێن کە ژن ناتوانێ ببێتە قازی. ئەمە لە هیچ شوێنێکی قورعاندا نییە. یا شایەتیدانی دوو ژن بەرابەر بە شایەتیی پیاوێکە. ئەمە لە کاتێکدا بوە کە ژنان لە کۆمەڵگە دوور خرابوونەوە. لەبەر ئەوە دەفەرمێ ئەگەر یەکیان لەبیری چوو، ئەوی دیکە وەبیری بێنێتەوە.

**عینایەتی فانی:** یانێ بە باوەڕێ ئێوە لێکدانەوە و تێگەیشتن لە قورعان دەبێ بەپێی هەلومەرجی ئیمرۆ بکرێت. و ئەگەر پێویستی کرد جیاواز لەوەی کە پێشتر لێکدراوەتەوە، تەفسیر بکرێت؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** ڕاست وایە، ئێمە ئەگەر باوەڕمان بەوەبێت کە دین و دەسەڵات دەبێ لێک جودا بن، و ڕۆژ ڕۆژی عیلم و زانستە، ئیتر بۆ دین لایەنی مەعنەویەکەی دەمێنێتەوە.

**عینایەتی فانی:** پاش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز، بیری نوێ بە سەرچاوەی مەزهەبییەوە زۆرتر بوە. هەرچەند ئەمە پێشریش لە ئێراندا هەبوو. بەباوەڕی جەنابتان ئەم ڕەوەندە بە کوێ دەگات؟ مەبەستم ئەوەیە کە گۆڕانێکی جیدی لە ئیسلامدا دەبینرێ کە لە شکلێ ڕێفورم یا رینسانسێک کەلە ئایینی مەسیحیدا روویدا، لە ئیسلامیشدا روودەدا؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** بە باوەڕی من مووسەوی و کەڕووبی و بزووتنەوەی سەوز، ناتوانن ڕێبەریی کۆمەڵگەیەک بەدەستەوە بگرن کە سێکۆلارە و دەیەوێت سێکۆلار بێت. دەیەوێت ئازادی و دێموکراسیی هەبێت. ئەم حکوومەتە، وەک پێشتریش باسم کرد، حکوومەتی خەڵک نییە، بۆیە هەرچی بەتەمای ئیسلاح کردنی بن، دیسان هەر بەکاری خەڵک نایەت.

**عینایەتی فانی:** یانێ ئێوە لەو باوەڕەدان کە هەر بزاڤێکی ئیسلاح خوازانە کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بێتە مەیدان، بەهیچ ئەنجامێک ناگات؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** بەڵێ، هیچ ئەنجامێکی نابێت.

**عینایەتی فانی:** ڕەنگە ئەو بزاڤە ئیسلاح خوازانەیە سەرەنجام بە کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار بگات. چ خراپییەکی هەیە ئەگەر ناوی ئیسلامی هەبێت.

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** کۆماری ئیسلامی ناتوانێ سێکۆلار بێت. ئیسلامی ١٢ ئیمامیی ویلایەتی فەقی، چۆن دەتوانێ سێکۆلار بێت و ئازادی بدات؟

**عینایەتی فانی:** کەوایە جەنابی شێخ ئێوە باوەڕتان بە شۆڕشە؟

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** من لەو باوەڕەدام کە خەڵک دەبێ هوشیار و ئاگاە بنەوە. شۆڕش ئەگەر لە سەرەوە بێت، دیسان یەکێک دیت دیکتاتۆریی دادەمەزرێنێتەوە. دەبێ خەڵک هوشیار بکرێنەوە کە بێنە شەقامەکان، وەک ئەوەی کاتێک ئەو پێنج کەسەیان ئیعدام کرد، لە کوردستان کرا. خەڵک مانیان گرت و هاتنە مەیدان و بەبێ هیچ توندوتیژییەک خۆیان نیشاندا.

**عینایەتی فانی:** بەڵام تایبەتمەندییەکی بزووتنەوەی سەوز کە هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوە پەسنی دەدەن، ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوە بەپێچەوانەی رابردوو، دوورە لە توندوتیژی. واتا بۆ گۆڕانی حکوومەت شوێن زەبر و زەنگ و توند و تیژیی ناکەوێت.

**مامۆستا شێخ عیزەدین:** قسە ئەوە نییە کە توند و تیژیی و ڕەبر و زەنگی ناوێت، بەڵکە قسە ئەوەیە کە چیی دەوێت. ئایا دەیەوێت کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و سێکۆلاریسم دامەزرێنێ؟ ئەمانە هیشتا بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت، لەگەڵ کۆماری ئیسلامین، ئەوەی خەڵک دەیهەوێت لەئەمان بەر نایەت. تەنیا کارێک کە کردوویانە، دەرکەیان کردەوەتەوە کە خەڵک بێنە سەر شەقامەکان.

ئەم دیمانەیە لە ڕێکەوتی: ٧ - ٩ - ٢٠١٠ لە تەلەفزیونی بی‌بی‌سی بڵاوکرایەوە

دواترلە ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٠ = ٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٩ لەسەر ماڵپەری ئەو ناوەندە بە نوسراوە بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری هەڵوێست



سەرچاوە
Serchawe

## بە بۆنەی ساڵرۆژی دووی ڕێبەندان

دووی ڕێبەندان وەبیر هێنەرەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان. یەکەم حکوومەتی کورد کە ٦٢ ساڵ لەوە پێش لە لایەن پیشەوا قازی محەمەد لە شاری مهاباد لە ناو خۆشی و شادی خەڵکی کوردستان دا ڕاگەیندرا. بەداخەوە تەمەنی سەربەخۆیی کورد زۆر کورت بوو بەڵام پێشەوا قازی موحەمەد بە وەفاداری بە ئامانج و ڕێبازی جمهووری کوردستان کە ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد بوو گیانی خۆی فیدا کرد. کە وابوو جێی خۆیەتی کە هەر لیرەوە جاریکی دیکەش هەزاران درود و سلاو بنێورێن بۆ گیانی پاکی پیشەوا قازی محەمەد و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان.

هەرچەند ڕێگەی خەبات بۆ رزگاری سەخت و دژوارە، بەڵام بێگومان میللەتی کوورد دەتوانێ پشت بەستن بە خەباتی یەک گرتووو وڕێکخراو و نەپساوەی خۆی و بە کەڵک وەرگرتن لە عیلم و زانست و وشیاری ئەو ڕێگایە سەرکەوتوانە ببڕێ و حقوقی سیاسی و ئینسانی خۆی وەدەست بێنی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ٢١ - ١ - ٢٠٠٨

--------------------------------------------

## بەبۆنەی ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاورێکانی لە زیندانەکانی ئێران

### نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

سەرەتا سلاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی ئەو تێکۆشەرانەی کە ئەورۆ ئێعدام کراون و سەرەخۆشی و ڕێزی خۆم پێشکەش دەکەم بە گەلی کورد بەگشتی و دایکو باب و بنەماڵە و هاورێیانی هەموو ئەو شەهیدە خۆشەویستانە بەتایبەتی.

مامۆستا و موعەلیمی دڵسۆز و فیداکار کاکە فەرزادی کەمانگەر تاوانی ئەوەبوو کە دەیهەویست منداڵانی کوردستان فێری خوێندن و نیشتمانپەروەری بکات. تاوانی هاورێکانیشی واتە عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی و شیرین عەلەم هوولی، بریتی بوو لە خەبات لەسەر رێبازی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان.

ئێعدام بەگشتی و ئێعدامی ئەم چوار تێکۆشەرە کوردەو مهدی اسلامیان بەتایبەت، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە هیچ چەشنە مەشرووعییەتێکیان نییە. ئەوانەی کە تاوانبارن و دەبێت بدرێنە دادگا، نەک تێکۆشەران بەڵکوو سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن کە ماوەی سی‌ویەک ساڵە خەریکی کوشتوبڕ و سەرکوت کردنی گەلی کورد و تێکۆشەرانی ئێرانن.

ئەم ئێعدامانە جارێکی دیکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جمهووری ئیسلامی ئێران لە هیچ شوێنێک جێگای متمانە نییە و ناکرێت باوەڕ بە هیچ وادە و بەڵێنییەکی بکرێت. هەموومان ئەبێت وریابین و ڕێگا نەدەین بە بیانووی جۆراوجۆر دووبەرەکایەتی بخرێتە ناو ریزەکانی خەباتگێرانی کوردستانەوە.

ئێمە هەموومان، هەروەکوو فەرزاد کەمانگەر و هاورێکانی خوازیاری مافی رەوای میللی خۆمانین ولایەنگری ئەوەین کە ئازادی و دیموکراسی و سەربەستی زاڵبێت لە کوردستان. خەبات بۆ ئەم ئامانجانەیش سەرەڕای قوربانیدان و زیندان و ئێعدام هەر بەردەوامە.

بەرز و بەرێز بێت یادی ئەم رۆڵە خۆشەویستانە و هەموو ئەو تێکۆشەرانەی گیانی پاکی خۆیان لەپێناوی دیموکراسی، ئازادی و سەربەرزی میللەتی کورد دا بەخت کردووە.

نۆزدەی گوڵانی ساڵی ١٣٨٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٠

--------------------------------------

## بە بۆنەی هێرشکردنە سەر کاناڵی تەلەڤیزیۆنی رۆژ تی‌ڤی

هێرشی پۆلیسی وڵاتی بەلژیک بۆ سەر ستودیۆکان و کارمەندانی کاناڵی تەلەڤیزیۆنی رۆژ بە توندی مەحکووم دەکەم. ئەم کارە ناشیرینە لەکاتێکدا کە باجدانێکە بە حکوومەتی تورکیا و بۆ پێخۆشبوونی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەیە کە مافەکانی رەوای گەلی کورد بە رەسمی ناناسن، لەهەمانکاتدا دژایەتیکردنە لەگەڵ ئازادی رادەربڕین و دیموکراسی و سەربەستبوونی دەزگاکانی راگەیاندن.

لەو کردەوە دزێوەی پۆلیسی بەلژێکدا کەسانێک دەستگیرکراون کە رەنگە ئەگەر تاوانێکیشیان هەبێت، تاوانەکەیان بریتی بێت لە خەبات و پشتگیری لە مافی رەوای گەلەکەیان بە شێوەیەکی زۆر شێلگیرانە و لەو پێناوەشدا تووشی گیروگرفتی زۆر، زیندان و دەربەدەریش بوونەتەوە.

گومان لەوەدا نییە کە ئەم کاناڵە ساڵەهای ساڵە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە خەباتی کردووە بۆ پشتگیری کردن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و هەروەها بووتە هۆی پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی. هەربۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بەگشتی و هەموو ئینسانێکی لایەنگری مافی مرۆڤ بەتایبەتی کە بەرامبەر بەم هێرشەی پۆلیسی بەلژیک بووەستێت و پشتیوانی لە بەرێوەبەران و کارمەندانی کاناڵی رۆژ تی‌ڤی رابگەیەنێت.

هیوادارم بەیارمەتی هەموو لایەک بتوانین پیلانە جۆراوجۆرەکانی داگیرکەران و نەیارانی گەلی کورد پووچەڵ بکەینەوە.

١٥ی رەشەمەی ساڵی ١٣٨٨ = ٦ی مارسی ٢٠١٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست

---------------------------

پەیامی مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی بۆ زیندانیانی مانگرتووی رۆژهەڵاتی کوردستان

وەک کۆمەڵگەی ناوخۆ و دەرەو ئاگادارە، ئێوە لەرۆژی چواری خەرمانانەوە لەزینداندا بەمەبەستی گەیشتن بەداخوازەکانتان، دەستان داوەتەمانگرتن لەخواردن. داخوازەکانی ئێوەکەلەشەش خاڵدا دەرتان بریوە، لەجیهانی ئەمڕۆدا بەسەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن و کەسی لەسەر زیندانی ناکرێت. بەڵام بەداخەوە ئێوەوەک نەتەوەکەتان لەگەڵ دەسەلاتێک رووبەروون کەهیچ تێگەیشتنێکی نەلەجیهانی ئەمرۆ، بەڵکەلەو باوەڕەش کە ئیدیعای دەکات، نیە. بۆیە بەپەرۆشەوە بۆ تەندروستی ئێوە، رووتان لێدەکەم و داواتان لێدەکەم بەم هۆیانەی خوارەوە کۆتایی بەمانگرتنەکەتان بێنن.

ئێوە لە دەسەلاتێکی رەشی تۆتالیتردا پەیامی مەدەنیەت و خەباتی مەدەنی خۆتان و گەلەکەتان بەگوێی جیهان گەیاند و هەڵوێستی ناوەندە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤ لەسەر مانگرتنەکەتان و مەحکووم کردنی حکوومەتی ئێران، دەبێ بەدەستکەوتی ئەو کۆششە لە خۆبوردوانەی ئێوە بزانین.

ئێوەلەدیلی دا، یەکگردوانەو نەترسانە بەگژ دەسەڵاتێکی دڕندەو یاخی لەهەموو بنەمایەکی ئینسانی دا چوونەوە. ئەم یەکگردوی و یەکدەنگی و بەرگریەتان ئەوپەڕی شەهامەت و لەخۆبوردوویی ئێوەی هەم بەدەسەڵات و هەم بەبیروڕای گشتی ناساند.

مانگرتنەکەی ئێوە سیمای درۆزنانەی زۆر لایەنی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتی خستەروو کە بە ڕوواڵەت ئیدیعای ئێران بۆ هەموو ئێرانیان دەکەن و لەکردەوەدا ئامادەنین سەرەتاییترین داخوازەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکە بسەلمێنن. بەشێوەیەک لەم ماوەدا بەبێدەنگی لەئاست مانگرتنەکەتاندا دونیایەک شەرم و شوورەییان نەسیبی خۆیان کرد.

بێگومان حکوومەتی ئێران وەک تا ئێستا نیشانی داوە بۆ گیانی ئینسان هیچ بایەخێک دانانێت.

بۆیە من دیسان لەلایەک داواتان لێدەکەم کەدڵنیا بن پەیامی ئێوە هەم لەلایەن نەتەوەکەتان و هەم لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە وەرگیراوە لە لایەکی دیکەوە بەپەرۆشم کە درێژەکێشانی مانگرتنەکەتان زیان بەتەندروستیتان بگەیەنێت یا خودا نەکە ردە ببێتە هۆی رووداونی کارەستاتی قەرەبوو نەکراو.

بەلەبەر چاو گرتنی ئەوانەی باسم کرد جارێکیدی داواتان لێدەکەم کۆتایی بەمانگرتنەکەتان بێنن. زیندووبوونی ئێوەی نەترس و کۆڵنەدەر بۆ درێژەدان بەخەبات بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان پێویستێەکی حاشاهەڵنەگرە. هیوادارم ئەم داخوازەی من کە وادەزانم داخوازی هەزاران دڵسۆزی کوردەکە پەرۆشی تەندروستیتانە قەبول کەن. لەخودای گەورە سەلامەتی و سەربەرزی و سەرکەوتنتان بۆ داوادەکەم.

٢٩ - ٩ - ٢٠٠٨

لە ماڵپەڕی ڕێنیسانسەوە وەرگیراوە.

---------------------------------------------------

## کۆنگرەی بیستەویەکەمی ئاکسا و حەولی بەعسییەکان بۆ تەقاندنەوەی ساڵۆنی کۆنگرە

پەیامی تەلەفۆنی مامۆستا سەید عێزەدینی حوسێنی بۆ کۆنگرەی ٢١ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئاکسا)خوێندکارانی خۆشەویست لە دەرەوەی وڵات!

زۆر بە گەرمییەوە دەسپێکردنی کۆنگرەی بیست و یەکومی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە هەموو لایەکتان پیرۆزبایی دەکەین. لە کاتێکدا کە ئێوە کۆنگرە دەبەستن، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کەوتۆتە بەر هێرشێکی دڕندانەی خوێناوی. شارەکانی کوردستان بە فڕۆکە و بە چەکی قورس بە بێ ڕوحمی بە سەر خەڵکی کورد دا دەڕووخێندرێ و ژن و منداڵی کورد دەکووژرێن. حکوومەتی کۆنەپەرست و پەلاماردەر لەگەڵ گەلی کورد شەڕی مان و نەمان دەکا.

بەڵام پێویستە کە ئێوە خوێندکارانی خۆشەویستی کورد ئاگادار بن کە گەلی کورد قارەمانانە لە مافی عادلانەی خۆی دیفاع دەکا. ئاشکرایە کە لە زرووفێکی ئاوا دا ئێوە خوێندکارانی خۆشەویستی دانیشتووی دەرەوەی وڵات بۆ دیفاع لە خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد و شەرمەزار کردن و لەقاو دانی کۆنەپەرستان و پەلاماردەران ئەرکێکی قورستان لە سەر شانە. گەلی کورد چاوەڕوانە کە ناکۆکی پچووک و جوزئی و دیتنی جورەجوری سیاسی نەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای خەباتی موشتەرەک و لەق بوونی یەکێتی ی ڕێزەکانی کۆمەڵەی ئێوە.

ئێوە پێویستە کۆمەڵە و یەکێتی خەباتتان بە وریایی بپارێزن. لە کۆتایی دا هیوادارم کۆنگرەی بیستویەکەمینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات سەرکەوتوو بێ و سەربڵێندی و لەش ساغی بۆ هەموو بەشدارانی خۆشەویستی کۆنگرە ئاواتە خوازم.

١٦ - ٣ - ٢٠٢٠

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە

-----------------------------------------------------

**لە بەرەبەری ریفڕاندۆمی(راپرسی)**

بۆ ئاگاداری بە ئێوە دەگوترێ: وێڕای پەسندی ئامانجەکانی شۆڕشی ڕاستەقینەی میللەتی شەریفی ئێران و بیروڕای ڕاشکاوانە بەنێوەرۆک و ئوسوولی بنەڕەتی ئیسلام، چونکە هێشتا نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ناڕوون و نامەعلوومە و بەتایبەتی لایەنی مافی دیاری کردنی چارەنووس و مەسەلەی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانی ئازاد و مافی بۆ ئەملاوئەولای گەلانی دیکەی دیاری نەکراوە، هەروەها تا کاتێکی بەفەرمی (ڕەسمی) وڵامی ڕاشکاوانە نەدرێتەوە، تا کاتێکی بە فەرمی وڵامی تەواو، لەم بارەیەوە لە لایەن دەوڵەت و شووڕای شۆڕشی ئیسلامی ئێران رانەگەیەندرێ، وەک تاک بەشداری لە ڕێفراندۆمدا، ناکەم. خەڵکیش بە پێی بەرپرسایەتی نەتەوەیی و مەزهەبی خۆیان ئازاد و موختارن.

٧ - ١ - ١٣٥٨

سەرچاوە: کتێبی رەوتی ئیسلامی سیاسی و رێکخراوە گرینگەکانی لە ئێراندا بەشی بیست و دوویەم - حەسەن حاتەمی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشێک لە پەیام، پرسەو سەرخۆشی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان:

### دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەرو تێکۆشەری دێرینی سەنگەری خەبات لە پێناو رزگاریی گەلی کورد، کۆچی دوایی کرد.

ژیانی خەباتگێڕانەی مامۆستا شێخ عێزەدین، هەر لە سەردەمی لاوەتی داو بە تێکۆشان لە ریزەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا، دەستی پێ کرد. مامۆستا هەر لە سەردەمی لاوەتییەوە تا دوا ساتەکانی ژیانی، لە خەبات و تێکۆشان دژی جەهل و خورافەو ستەمی نەتەوەیی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی غافڵ نەبوو.

ناوبراو لەو زانا ئایینییانە بوو کە خاوەنی روانگەو...

بیرو بۆچوونێکی پێشکەوتووانە بوو. بە پێچەوانەی هێندێک مەلاو پیاوی ئایینیی دیکە، نەک هەر دین و ئایینی نەکردبووە هۆیەک بۆ پشتگوێخستن و دوورکەوتنەوە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی، بەڵکوو نێوەرۆک و پەیامی ئایین بە گشتی و دینی ئیسلام بە تایبەتیی کردبوو بە رێنوێن و هاندەری خەبات دژی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆر.

شێخ عێزەدین لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی دا، شانبەشانی خزمەتی ئایینی و بەڕێوەبردنی ئەرکی مامۆستایەتی، لە ئەرکی نەتەوەیی و پشتگیریی تێکۆشەرانی کوردو داکۆکی لە ویستی رزگاریخوازانەی رۆڵەکانی گەلی کورد غافڵ نەبوو.



سەرچاوە
Serchawe

لە رەوتی راپەڕینی سەراسەریی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی شایەتییش دا بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو رۆڵی پێشڕەوانەی خۆی توانی نەخشێکی گرینگی لە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی کوردستان بە دژی حکوومەتی پەهلەوی دا هەبێ. لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و روونبوونەوەی نیازەکانی دەسەڵاتی تازە بەرامبەر بە خەڵکی حەقخوازی کوردستان، مامۆستا، وەک کەسایەتییەکی بە نفووزو بە هەڵوێست، شانبەشانی حیزب و رێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستان لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان دا بە دژی کۆماری ئیسلامی وەستا، کە دیارە شوێنەواری رۆڵ و هەڵوێستی ئەو بە رووداوە سیاسیەکانی ئەم قۆناغەوە دیارە.

مامۆستا شێخ عێزەدین، ئەگەرچی بە هۆی هەڵکشانی تەمەن، لە نێوەراستی دەیەی هەشتای زایینیەوە ناچاربوو بچێتە سۆئێد، بەڵام لە دوورەوڵاتییش دا، لە پشتگیریی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێران غافڵ نەبوو و لە رێگەی پەیام و وتووێژو پێوەندیی جۆراوجۆر، خەڵکی خوراگری کوردستان و هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی بۆ یەکیەتی و هاوخەباتی و بەردەوام بوون لە سەر رێگەی خۆیان، رزگاریی گەلی کورد لە بندەستی، هان دەدا.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی، لە بنەماڵەی سەربەرزو کەسوکاری بەڕێزی مامۆستا بە تایبەتی و لە سەرجەم ئۆگرانی ئەو کەسایەتییە خەباتگێڕو ماندوویی نەناسە سەرەخۆشی دەکا.

نەمری بۆ شێخ عێزەدین حوسێنی و هەموو تێکۆشەرانی وەک مامۆستا کە ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان تەرخان دەکەن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

٢٢ی رێبەندانی ١٣٨٩

١١ی فێوریەی ٢٠١١

-------------------------------------------------------------

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بە داخەوە ئاگادار کراین کە شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندان بەرانبەر بە ١٠ی فیوریە مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی کەسایەتیی ئایینیو سیاسیی ناسراوی کورد پاش ماوەیەک نەخۆشی لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە وڵاتی سوئید کۆچی دوایی کردو خەمی لە دەست چوونی بۆ خزمو دۆستانو نزیکانی بە جێ هێشت.

مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی لەو کەسایەتییە ناسراوو تێکۆشەرانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بوو کە تەمەنی خۆی بۆ کاروباری ئایینیو لە هەمان کاتدا خزمەتکردن بە ئامانجەکانی گەلی کوردو گەیشتنی بە ئازادی ئەو نەتەوەیە تەرخان کردو سەرئەنجام هەر بەو ئاواتەشەوە دوور لە نیشتمانو خەڵکی کوردستان سەری نایەوە.

مامۆستا شێخ عیزەدین کوڕی شێخ ساڵح لە بنەماڵەی بەرزەنجی بوو کە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە شاری بانە لە دایک بووە، تەمەنی مێرمنداڵیو لاوەتی بە خوێندنی وانەی ئایینی تێپەڕ کردو ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی لە ناوچەی موکریان لە شاری بۆکان نیشتەجێ بوو هەر لەوێش لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی ئاشناتر بوو، ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی بە پێوەندیگرتن بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوە شانازی ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەیەی پێ بڕا.

مامۆستا شێخ عیزەدین لەو مامۆستا ئایینییە نیشتمانپەروەرانە بوو کە لە جووڵانەوەی دوکتور موسەدیقو جووڵانەوەی جوتیارانی ناوچەی موکریان دژی چەوسانەوەی زەحمەتکێشانی ناوچە هەڵوێستی گرتو پشتیوانیی خۆی ڕاشکاوانە لەوان دەربڕی. لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاویەوە لە مەدرەسەی علوومی دینیی مەهاباد ئەرکی وانەگوتنەوەی وەئەستۆ گرتو لەم ڕێگایەوە درێژەی بە خزمەتەکانی دا. لە ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاویدا پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە گرتو کۆڕی وانەگوتنەوەی کرد بە مەکۆی ژمارەیەک لە کوردپەروەران.



سەرچاوە
Serchawe

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە راپەڕینی گەلانی ئێرانو خەڵکی کوردستاندا دەورێکی چالاکی لە کوردستاندا گێڕا، پاش سەرکەوتنی شۆڕش وەک یەکەم سەرۆکی شورای شاری مەهاباد دیاری کرا، دواتر وەک سەرۆکی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ هەیئەتی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی دەوری گێڕا. پاش هێرشی نیزامی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان مامۆستا شاری بەجێ هێشتو بۆ چەند ساڵ لە شاخو گوندەکانی کوردستان ئەرکی خەباتگێڕانەی خۆی بەجێ هێنا. سەر ئەنجام وەک پەنابەر لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێ بوو. لە هەموو ئەو ماوەیەشدا لە تێکۆشان نەوەستاو پێوەندیی پتەوی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەردەوام بووو لە هەر بۆنەیەکدا راو بۆچوونی کوردپەروەرانەی خۆی دەردەبڕی.

کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی بێگومان خەسارێک بوو بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردو لەدەستچوونی بۆ هەموو لایەک جێگای پەژارەیە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای دەربڕینی داخو کەسەری خۆی بۆ لە دەستچوونی ئەو تێکۆشەرەو دۆستی نێزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی و هەموو خزم و دۆست و ئاشنایان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکاو خۆی لەم خەمەدا بە شەریکو بەشدار دەزانێ.

رۆحی بە وەدیهاتنی ئاواتەکانی شاد بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی

١١ی فیوریەی ٢٠١١ی زایینی

---------------------------------------

## کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئاگادار کراین کە بەرێز مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی، مامۆستای گەورە و بیرمەندی ئازادیخواز و ناوداری کورد شەوی رابردوو لە تەمەنی هەشتاو نۆ ساڵیدا لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سۆئێد و لە تەبعیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

مامۆستا هەر لە سەرەتای لاوییەوە بە بیری نویگەرایی و ئازادیخوازانە دژ بە ئیستبدادی سیاسی حاکم و خورافات و کۆنەپرستی وەستایەوە و تا کۆتایی ژیانی بەرگریکارێکی شێلگیری بەها ئینسلانییەکان و ئازادی مرۆڤەکان مایەوە.

مامۆستا هەروەها تا کۆتایی ژیانی...

لێبڕاوانە پێداگری لە سەر بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی گەلی کورد کرد.

ئەو مامۆستای مەعنەوی و ئەخلاقی چەندین جیل لە باشترین خەباتکارانی سیاسی و رۆشنبیرانی کوردستان بوو کە مەرگ هەرگیز ناتوانی کاریگەرییە مەعنوی و ئەخلاقییەکانی لە مێژووی کوردستان بسرێتەوە.

جگە لەوەش، شێخ عیزەدین حسێنی تەنیا ئیلهامبەخشی مەعنەوی و ئەخلاقی نەبوو، بەڵکوو خۆی یەکێک لە خەباتکارانی سیاسی کۆڵنەدەر و ماندوو نەناس بوو و بە هەموو سەختییەکانەوە رۆڵێکی کاریگەری بوو لە ئاراستەکردنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردستان.

خومەینی مامۆستا شێخ عیزەدینی بە "فاسد" ناوبرد و فەرمانی کوشتنیشی دەرکرد، بەڵام ئەو سەرەڕای جێگە و پێگەی



سەرچاوە
Serchawe

ئایینیی و تەمەنی هیچ بایەخێکی بۆ قسەکەی خومەینی دانەنا و لەگەڵ پێشمەرگەکان ژیانی سادە و خەباتی خۆی بە هەموو ئاوارەیی و سەختیەکانیەوە درێژە پێدا و هەرگیزیش ناڕازی نەبوو.

دواتریش کە رژیمی کۆماری ئیسلامی کە روبەڕوی مقاومەت و بەرگری بێ وێنەی خەڵک و پێشمەرگە بوویەوە، ناچار بوو مل بدا بە وتوێژ بۆ ئەم مەبەستەش نێردراوەکانی خۆی پێش هەموو کەس ناردە لای مامۆستا.

رژێم بەو هیوایەی کە مامۆستا لە بواری سیاسیەوە کەسایەتییەکی سەربەخۆیە، دەتوانێ دوور لە ئەحزابی سیاسی سازشێکی جیای لەگەڵ بکا، بەڵام مامۆستا سەرەڕای تەئکید لەسەر چارەسەری هێمنانەی مەسەلەکە هەرگیز بەبێ بەشداری حیزبە سیاسیەکان ئامادەی گفتگو نەبوو.

هەر ئەمەش بوو هەئیەتی نوێنەرانی گەلی کورد بە بەشداری حیزبە سیاسیەکان بە سەرۆکایەتی مامۆستا لە پائیزی ساڵی ١٣٥٨پێکهات.

بەڕێز مامۆستا شێخ عیزەدین هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئێستا بەڕاشکاوانە باسی لە جیایی دین و دەوڵەت، بەرابەری ژن و پیاو، دیمۆکراسی و ئازادی سیاسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و مافی چەوساوەکانی کۆمەڵگا کردوە.

ئەو هەروەها داکۆکیکارێکی شێلگیری مافی نەتەوەیی گەلی کورد بوو و هەرگیز ئەم ئارمانەی فیدای مەسلەحەتی سیاسی نەکرد.

بیری ئازادیخوازی مامۆستا جێگەو پێگەیەکی بەرینی لە ناو جەماوەری خەڵکی کوردستان دروستکرد، لەلایەکی دیکەوە زۆر جار کەوتە بەر هێرشی کۆنەپەرستانەی هەندێک کەسەوە بەڵام ئەمە نەبوو بە هۆی ئەوەی کە لە بیرو باوەرەکانی خۆی پاشگەز بێتەوە.

ئەزموونی سی ساڵی رابردوو سەڵماندی هەق بەو بوو و ئەو خۆشناوتر و سەرفرازتر لە هەمیشە چووە ناو مێژووەوە.
شێخ عیزەدین حوسێنی بەپێی بیرو باوەڕ و هەڵوێستەکانی و بەپێی خۆشەویێستی و پشتیوانییەکی سادقانە کە کۆمەڵە بۆی بوو، دۆست و رێنما و پشتیوانی ئێمە بووە و لە هەموو تەمەنیدا راستەوخۆ لە بزوەتنەوی کوردستان، پرس پێکردن و هاوکاری نزیک و چڕوپڕی لەگەڵ کۆمەڵە بوو و لەگەڵ رێبەری کۆمەڵە، لە ژیانی سادەی پێشمەگانەشدا بەشدار یکردووە.



سەرچاوە
Serchawe

بە تایبەت کادر و پێشمەرگە دێرینەکانی بیرەوەری زۆریان لە کەسایەتی و بیری بەرزی و مێهرەبانییەکانی هەیە.

ئێمە بە بۆنەی مەرگی ئەم کەسایەتییە فکری و مەعنەوی و سیاسیە گەورەی کورد لە کانگای دڵمانەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان لە هاوسەرەکەی و باقی بنەماڵەکەی و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەردەبڕین.

ئێمە خوازیاری ئەوەین ڕێوەڕەسمی ڕێزلێنان کە شایستەی ئەو بێت لە سەراسەری کوردستان بەڕێوە بچێ. بە تایبەت ڕیزەکانی کۆمەڵە کە هەست دەکەن دۆست و برا گەورە و مامۆستای خۆیان لە دەست داوە و خۆیان بە خاوەنی پرسە دەزانن. بەداخەوە ئەگەر چی مامۆستا شێخ عیزەدین دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە رووخانی دیکتاتۆریەت و هەلاتی خۆری ئازادی لە ئێران ببینێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە بیر و باوەڕ و خزمەتەکانی ئەو لە هەرگیز لەبیر ناکرێن.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٢ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ هەتاوی

بەرابەر لەگەڵ یازدەی ژانویەی ٢٠١١

---------------------------------------------------

## کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



بەرەبەیانی ئەورۆ سەعاتی پێنج دەقیقە بۆ دوو بە کاتی کوردستان لە نەخۆشخانەی ئۆپسالای سوێد، دڵێکی نەسرەوتووی شەیدای ئازادی بۆ مروڤایەتی و بۆ کوردستان، لە لێدان کەوت. کورد رابەرێکی گەورەی سیاسیی لە دەست دا. بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و رەوتی دێمۆکراسیخواز و یەکسانیخوازی ئێران و ناوچەکە مامۆستا و تێکۆشەرێکی مەزن و

بیرمەندێکی پڕ هیوا و هاندەری تێدا نەما. مەرگی مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ گەلی کورد و بۆ مروڤایەتی خەسارێکی زۆر بوو.

شێخ عیزەدین لە ئێران و کوردستان و دنیای دەرەوەش، ناسراو و کەسایەتیەکی خۆشناو و خۆشەویست بوو. بە درێژایی تەمەنی، خزمەتی بە خەڵکی...

و ئازادیخوازیی کرد. چ ئەو کاتەی ٦٨ ساڵ لەوە پێش بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک و، چ لە دەورەی کۆماری کوردستان و، دواتریش لە بزوتنەوەی گەلانی ئێراندا دژ بە رژێمی پاشایەتی تێکۆشا و بە تایبەتی لە شۆڕشی نوێی کوردستانی ئێراندا دەوری گرینگ و رۆڵی رابەریی هەبوو. بڕگەگەلێک لەو مێژووەدا هەن کە شێخ عیزەدین تێیدا دەوری چارەنوسسازی بینیوە و، هەڵوێستی ئەو تین و تەوژمی نوێی وەگەڕ خستووە و بزووتنەوەکەی لە بەلاڕێداچوون پاراستووە. دەرس و بیری ئەو لە حوجرەکانی کوردستان جیلێکی نوێی لە مامۆستایانی ئایینی پەروەردە کرد کە پەرەپێدەری چەشنێک لە رینیسانسی مەزهەبی بوو. لە حالێکدا شەپۆلی کۆنەپارێزی نارەوایانە بەرەورووی دەبووەوە و هێرشی ناجوامێرانەی دەکرایە سەر و لە لایەن دەسەڵاتیشەوە گوشاری لە سەر بوو، بەڵام شلوێ نەدەبوو، بە نەرم و نیانی و ئیستیدلال و، بە بێ غەرەزی شەخسی بەرەورووبان دەبووەوە و قەت بزە ئارامبەخشەکەی سەرلێو و سیمای میهرەبان و رووی گەشی نەدەشێوا.

مامۆستا شێخ عیزەدین دوای شەڕی بەرگریی سێ مانگەی یەکەم، بەرپرسی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد بوو بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی و، بەرپرسی هەیئەتی مامۆستایانی ئایینی کوردستان بوو لە دیدار لەگەڵ خومەینی. دۆستی هەموو بەرێوەبەرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و پاڵپشتمان بوو. لەگەڵ هەموو تێکۆشەرێکی کوردستان دۆست بوو و تا ئاخر ساتەکانی ژیانی، هەموومان راوێژمان پێدەکرد. چ دڵسۆز و خەمخۆرانە بە راشکاویی را و نەزەر و رێنوێنیەکانی خۆی دەردەبڕی و گوێی بۆ هەموان دەگرت.

لە سەرەتای راپەرینی گەلانی ئێران و ئەو کاتانەی ئیسلامی سیاسی توندڕەو لە کوردستان، بە لایەنگریی لە خومەینی و پاڵپشتیی حکومەتی ئیسلامی تازە پێگەیشتوو، دەیهەویست ئاژاوە و دووبەرەکایەتی بخاتە ناو بزوتنەوەی کوردستان، کێ هەیە نەزانێ شێخ عیزەدین بە هەموو کوردستاندا جەولەی کرد، رۆژانە ماڵی پڕ بوو و دەیان دیداری هەبوو تا بەر بەو دوو بەرەکایەتیە بگرێ. پەیامی زۆر رۆشنی ئەوە بوو کە: رزگاریی نەتەوەیی لە سەرۆ هەموو بیر و باوەرێکەوە دەبێ ببێ و یەکگرتوویی تەنیا چارەی دەردە. لە بیرمان نەچوەتەوە کاتێک لە خۆپیشاندانێکی خەڵکی سابلاغ، سەفی مەزهەبی و چەپەکان کەوتنە دروشمدان و ئالا راوەشاندن بەرانبەر بە یەک، مامۆستا چ ئازایانە و خۆ نەویستانە چووە نێوانیان و

ئاڵای سوور و سەوزی لێوەرگرتن و ماچی کردن و لە ملی ئالاندن و قسەی بۆ کردن کە هەرتک لا مافتان هەیە ببن و دروشم بدەن و، یەکیخستنەوە. ئەوە نمونەیەکە کە نوێنەرەوەی دەوری شێخ عیزەدینە لە شۆڕشی کوردستاندا و بوو بە مایەی یەکگرتوویی و هەر بۆیەش بوو کە لە سەفەری ئەو سەردەمەیدا بۆ شاری سنە پێشوازییەکی وەها بەرینی لێکرا. بە راستیش ئەم دەورە هەر لە خۆی دەوەشاوە و بۆیەش بوو بە رابەری جێگای متمانە و کەسایەتی هەرە دیاری ئەو سەردەمە و بوو بە چقڵی چاوی دوژمنانی ئازادی و دێمۆکراسی. ئەو کۆتری ئاشتی و تەبایی بوو لە بزوتنەوەی کوردستاندا

مامۆستا تا ناوچەی رزگارکراوی کوردستان مابوو، لە شاخ و لەگەڵ پێشمەرگە ژیا. هاندەری رۆڵەکانی خۆی بوو ببنە پێشمەرگە و سەروماڵیی هەمویان تێکەڵاوی شۆڕش بوون. کاتێکیش ئەو دەرفەتەی نەما، چووە هەندەران و تا ئاخر رۆژەکانی عومری بۆ خزمەت بە ئازادیخوازیی، دێمۆکراسی، مرۆڤایەتی و خەڵکی کوردستان تێکۆشا و، لەم دەورەشدا سەرەرای تەمەنی زۆری، یەکێک لە چالاکترین رابەرانی بزوتنەوەی کوردستان بوو کە بە هەڵوێستە دیار و شەفافەکانی دەناسرێتەوە. ئەو قەت لە کوردستان و تێکۆشەرانی رزگاریی و یەکسانی ئینسان دانەبڕا و، بە دایم پێوەندیی هەبوو. هیچ گوشارێکی ژیانی خۆی یان گوشاری دەرەکی نەیتوانی، ناهومێدی بکات و بەر بە چالاکیی بگرێ. بۆخۆی وەک ئینسان، ئازا و گەورە بوو، لە رەفتاریشدا سادە و بێ ئالایش، لەگەل هاوبیر و موخالیف، لەگەل پیر و لاو، لەگەڵ رووناکبیر، هونەرمەند و توێژی تری کۆمەڵگاش، دەیتوانی دیالۆگ بکا و شتی هاوبەش ببینێتەوە و پێوەندی پتەوتر بکات.

مامۆستا خەباتکاری شێلگیری مافی مروڤ، خوازیاری جیایی دین لە دەوڵەت، بانگەوازدەر و بڕوامەند بوو بۆ مافی یەکسانی ژن و پیاو و لایەنگری عەدالەتی کۆمەلایەتی و پاڵپشتی هێز و بزاوتی دیمۆکراسیخواز بوو. لایەنگری چەوساوەکان بوو و ئاسایش و ژیانی باشتر بۆ ئینسانەکانی کردبووە ئامانجێکی گرینگی خۆی. ئەو نەک هەر لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو یارمەتیدەری بزوتنەوەی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بوو و، لە لایەن هەموانەوە رێزی لێدەگیرا. هەموو پێشکەوتووخواز و دێمۆکراسیخوازانی ئێرانی رێزێکی تایبەتییان بۆی هەبوو و بە بایەخەوە سەیری بۆچوونەکانیان دەکرد.

مامۆستا سەرەرای جیاوازیی بیر و باوەڕ، دۆستایەتی تایبەتی لەگەڵ کۆمەڵە و تێکۆشەرانی هەبوو، لە هەموو رۆژە سەختەکاندا پاڵپشت و هاندەر و دڵسۆزمان بوو. حەقی تایبەتی بە سەر کۆمەڵە و بزاوتی یەکسانیخواز و پێشکەوتنخوازی کوردستانەوە هەیە و تا ژیا لە رێنوێنی و دۆستایەتیمان درێغی نەکرد. ئەو بۆ ئێمە نەک هەر رابەرێکی لێهاتوی کورد بوو، بەڵکوو قسە و نەزەری لە ریزەکانماندا بە خۆشەویستی وەردەگیرا و لێی ورد دەبووینەوە و تەئسیری هەبوو.

بە پێویستی دەزانین لە لایەن خۆمان و هەموو ریزەکانی کۆمەڵەوە، سەرەخۆشی خۆمان بە هەموو گەلی کورد، بە



سەرچاوە
Serchawe

ئازادیخوازانی هەموو ئێران، هۆگرانی دێمۆکراسی، تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و هەموو بنەماڵەی سەربەرز و تێکۆشەری مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی پێشکەش بکەین. مامۆستا و بیر و بڕوای ئەو، سەرمایەیەکی گەورە بوو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان. یادی هەمیشە بەرز و بەرێزە و ڕێبازی ونەبوو و مایەی سەربەرزییە. مامۆستا لەو ئینسانانەیە کە مەرگیشیان جیاواز و خوڵقێنەری ژیانە.

بەرز و بەرێز بێ یادی مامۆستا شێخ عیزەدینی هەمیشە زیندوو

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٢٢ ڕێبەندانی ١٣٨٩ هەتاوی

یان ١١ فوریەی ٢٠١١

-----------------------------------------

## کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئاگادار بوین کە لە نیوەشەوی ٢١ لە سەر ٢٢ ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ هەتاوی، ماموستا شیخ عزالدینی حوسینی کەسایەتی ناودار و خۆشەویستی ریزەکانی خەباتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بۆ رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی، تێکۆشەرێکی شێلگیری خەباتی ئازادیخوازانە لە دژی کۆماری ئیسلامی، لە تەمەنی ٨٩ سالیدا لە شاری ئوپسالای وڵاتی سوئد گیانی لە دەست دا.

کۆچی دوایی مامۆستا شیخ عزالدین لە سالهاتی رووخانی دیکتاتوری پاشایەتی لە ئیران کە ماموستا خۆی یەکێک لە



سەرچاوە
Serchawe

هەلسوراوانی گەیشتن بەو ئامانجە بوو،لە هەمانکاتدا ٣٢ ساڵ حزوری...

ئەومان لە خەباتی لێبراوانەی ئەو بەرانبەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامی بیردەخاتەوە کە مامۆستا وەکوو تێکۆشەرێکی پێشکەوتن خواز، بێ رارایی، بە بەردەوامی، لەم سەنگەرەدا مایەوە و جێگا و شوێنێکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار کرد.

لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە خەباتی ئازادیخوازانە دژ بە کۆماری ئیسلامی و لە رەوتی هەوراز و نشێوەکانی ئەو خەباتە دا، هەر لەو کاتەوە کە سەرۆکایەتی هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کوردی دەکرد تا دوائین رۆژەکان ژیانی، مامۆستا شیخ عزالدین ئەو کەسایەتیە سیاسیە بوو کە لە هیچ قۆناغێک دا چ لە ناوخۆی کوردستان و چ ئاستی هەموو ئیراندا بەرانبەر بە وەسوەسەی سازان لە گەڵ هیچ کام لە باڵەکانی کۆماری ئیسلامی، رێبازی واقیع بینانە و لێبراوی خۆی وون نەکرد.

ماموستا شیح عزالدین خاوەنی بیرو بۆچونی فەلسفی و ئائینی جیاواز لە کۆمەڵە بوو، بەڵام بە هۆی باوەری قوولی ئەو بە پیویستی خەبات بۆ جیایی دین لە دەوڵەت و هاوسۆزی ئەو لە گەڵ رەنج و ئازارەکانی کۆمەلانی چەوساوە و ستەم لێکراو، وەکوو دۆستێکی نزیک و دلسوزی کۆمەلە مایەوە و تا دووایین رۆژەکانی ژیانی ئەو پەیوەندیەی پاراست.

کومیتەی ناوەندی کۆمەلە بە بۆنەی کۆچی دوایی ماموستا شیخ عیزالدین پڕ بە دڵ سەرەخۆشی دەکات لە هاوسەر و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی مامۆستا و لە هەموو خەڵکی کورودستان و ئیران و لە هەموو ئەو کەسانەی کە شەریکی ئاوات و ئارەزۆەکانی ماموستا، وەکوو تێکۆشەرێک و وەکوو مروڤدۆستێک بوون.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران

٢٢ی رێبەندانی ١٣٨٩ هەتاوی

١١ی فیوریەی ٢٠١١ زاینی

-----------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

شەوی رابردوو، لە وڵاتی سوێد و لە ئاوارەییدا، تێکۆشەرو کەسایەتی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوداری کوردستانی ئێران، مامۆستا شێخ عزالدینی حوسەینی کۆچی دوایی کرد و بۆ یەکجاری کوردستانەکەی و هاورێ و دۆست و کەسوکارەکانی خۆی بەجێهێشت.

مامۆستا شێخ عزالدین، کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردن بەگەلەکەی تەرخانکردبوو، یەکێکبوو لە تێکۆشەرە ناودارو دیارەکانی کورد، کە بەهەموو هەست و نەستییەوە پەرۆشی...

نەتەوەکەی بوو، یەکێکیش بوو لەو سەرکردانەی کوردستانی ئێران، کە بەردەوام لایەنگری چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان و لایەنگری دۆستایەتی و برایەتی نێوان هەموو نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکان بوو، وەک چۆن لایەنگری تەواوی نەتەوەکەی خۆی و بە تایبەت چین و توێژە هەژارەکانی نەتەوەکەی بوو، لەو رەوتەشدا لەگەڵ بیروبۆچوون و دنیا بینییەکانی خۆیدا لە خۆبووردوو و راستگۆ و سەرڕاست بوو.

بە لەدەستدانی مامۆستای خوالێخۆشبوو، گەلەکەمان سەرکردەو کەسایەتییەکی دیارو کاریگەری لەدەستچوو و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش دۆستێکی دێرین و بەوەفا و دڵسۆزی لەدەستچوو.

هەر بەو بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاودەردیی و هاوخەمیی خۆی بە هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران و بە بنەماڵەو کەسوکار و هاورێیانی مامۆستای خوالێخۆشبوو رادەگەیەنێت و لەو کۆستەدا، هاوشانی ئەوان و تەواوی خەڵکی کوردستان، خۆی بە تازییەبار دائەنێ.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە دڵنیاین، کە ناوی مامۆستا و ئاکار و تێکۆشانەکەی بەبەرزی و درەوشاوەیی لەئاسمانی کوردەواریی و لەناو لاپەڕەکانی مێژوودا ئەمێنێتەوەو نەوەکانی ئایندەی گەلەکەشمان شانازی پێوە ئەکەن.

مەکتەبی سیاسی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١١ - ٢ - ٢٠١١

-----------------------------------------

## کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

بە داخێکی گرانەوە مامۆستا شێخ عیزەدین ڕێبەر و سیاسەت مەداری کۆڵنەدەر و شۆرشگێر و تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی، ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ بەرانبەر بە ١٠ی فێوریەی ٢٠١١ لە نەخۆشخانەی شاری ئۆپسالا لە وەلاتی سوئێد ،ماڵئاوایی یەکجاری لێکردین و دڵە پڕ لە سۆز و میهرەبانەکەی لە لێدان کەوت..

مامۆستا شێخ عیزەدین کوڕی قازی شێخ ساڵح لە ٢٩ ی ڕەمەزانی ١٣٤٠ ی کۆچی مانگی بەرانبەر بە ١٣٠٠ی کۆچی خۆری، لە شاری بانە لە دایک بووە و خوێندنی لەخزمەت جەنابی باوکی و لە لای چەندین مامۆستای پلەبەرزی کوردستان خوێندووە و لە بەهاری ١٣٢٧ کۆچی خۆری ئیجازەی مامۆستایی لە خزمەت مامۆستا مەلا عەلی حەمامیان، وەرگرتووە و لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان وەک مامۆستایێکی ئایینی و بە ڕوانگەیێکی نەتەوەیی و نیشتمانی خزمەتی خەڵکی

کوردستانی کردووە. مامۆستا بە هۆی ئەوەی مرۆڤێکی زانا و رۆشەنبیر و خاوەن بەرزترین هەستی شۆڕشگێری و نیشتمان خۆشەویستی بوو، بە خێرایی بوو بە جێگەی متمانە و رێز و خۆشەویستی خەڵک و ناوبانگی بە سەداقەت و راستگۆیی و شۆرشگیری لەسەرانسەری کوردستان بلاو بۆوە. بیری رزگاریخوازی و دادپەروەری وای لەمامۆستا کرد، لە پێناو ئازادی و رزگاری کورد تێبکۆشێ و بەغەم خەڵکەوە بێت و لەوچوارچێوەییەدا لە پێگەی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستیی لای جەماوەر و هەروەها بە کەڵک ورگرتن لە زانست و مەعریفەتی، خزمەت بە دۆزی رەوای کورد بکات و وەک سوارچاکێکی مەیدانی خەباتی مافخوازی و بەربەرەکانێی ستەم و چەوسانەوە دەرکەوێ. مامۆستا لەسەرەتای راپەرینی پڕ شکۆی گەلانی ئێران گەورترین دەوری گێڕاو توانی رێبەرایەتی نارەزایەتیەکانی خەڵک لە دژی سەرەرۆییەکانی رژیمی پاشایەتی بکا.

لەدوای سەرکەوتنی راپەرینی گەلانی ئێران چالاکتر و هەڵسوورتر بۆ وەدەستهێنانی مافەرەواکانی گەلی کورد تێبکۆشێ و لە پێگەی رێبەرایەتی خەڵکی کورد لەبەرانبەر رژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتووی ئاخوندی دەوری کاریگەری گێڕا.

مامۆستای تێکۆشەر و رێبەری نەتەوەیی گەلەکەمان لەدوای ئەو قۆناغەش لەسەر دڵسۆزییەکانی بۆ گەلی کورد و هەڵسووران بۆ گەیشتن بە مافەکانی کۆڵی نەدا و لە لێدوان و ئاخاوتنەکانی دا داوای یەکیەتی و برایەتی و سەرلەهەندایەکی لە رۆڵە دڵسۆزەکانی کورد و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی دەکرد. دەورو کاریگەری مامۆستای ئازیز هەرگیز لەلای خەڵکی کورد لەبیر ناکرێن و هەر تاکێکی بەشەرفی ئەو ئاو و خاکە بە چاوی رێز و پێزانینەوە لێی دەروانێ و ستایش دەکری..

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان

لایەنگران و دۆستانی سازمانی خەبات

هەرچەند کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ هەر تاکێکی نیشتمانپەروەری کوردستان هەژێنەر و جەرگبرە، بەلام بۆ خاوەن باوەران و رێبوارانی سازمانی خەباتی پڕ لەسەروەری، واتاییێکی تایبەتی هەیە و گەلێک پڕ ئازارتر و بە ئیش ترە. مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی بە هۆی ئەوەی برا و هاورێ و هاوسەنگەر و هاوکاری مامۆستا و رێبەری لێوەشاوە و نەمرمان مامۆستا سەیید جەلالەدین حوسێنی بوو و مێژوویەکی دورودرێژیان لەکار و هەڵسووران لەگەل یەکدی هەبوو و سەرجەم پێکهێنەرانی سازمانی خەبات ی کوردستان لەئەندامانی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین بوون، بە بەردەوامی وەک کەسایەتیەکی یەکجار بەرز و خاوەن رێزی تایبەت لە لای خەباتیەکان بینراوە و وەک سەرکردەیەکی مەزن و فیداکار و شۆرشگێر و بە ئیمان و نەتەوەیی و خاوەن رساڵەت چاوی لێکراوە. مامۆستا شێخ عیزەدین بە بەردەوامی لە پێوەندی گەرمی

برایانه دا بووه لەگەڵ مامۆستا سەیید جەلالەدین و ڕێبەرایەتی سازمان و بە ڕێگەی جوراوجۆر دڵسۆزی نواندووه. مامۆستا شێخ عیزەدین گەلێک دڵخۆش و سەرفراز بوو لەحاند هەڵسوورانی لێبڕاوانە و پیش کەوتن و ئاڵ و گۆرە ئەرێنیەکانی سازمانی خەبات لەدوای هەڵبژاردنی بەرێز کاک بابەشێخی حوسێنی وەک سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و هەردەم لەپێوەندی و راوێژ و دڵسۆزییەکانی، ئاسۆی گەشی بەردەم سازمانی خەبات و ڕێبەرەکەی بیردەهێنایەوە. بەرێزیان بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا سەیید جەلال گەلێک دلگران بوو و کۆچی داویی مامۆستا سەید جەلال کاریگەری خەراپی لەسەر بەرێزیان دانا.

مرۆڤە مەزن و خۆشەویست ودڵسۆزەکانی میللەت، لە بیر و دڵی تاکەکان دان و بۆهەتاهەتایە بە نەمری دەمێنەوە.

ئەگەرچی مامۆستا شێخ عیزەدین بەجەستە مالئاوایی لێکردین، بەلام لەدڵ و مێشکمان دا هەردەم وەک هێما و سنبولێکی نەتەوەیی بە زیندوویی دەمێنیتەوە و نەوەکانی ئێستا و داهاتوو لێی فیری شۆڕشگێری و کۆڵنەدان و فیداکاری و لێبراویی و تایبەتمەندی ئەخلاقی و نەتەوەیی دەبن و هەرگیز لەبیری ناکەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران داخ و کەسەری لەرادەبەدەری خۆی بە بۆنەی کۆچی دوایی ڕێبەر و خەباتکاری گەلی کورد، مامۆستای زانا و بلیمەت، مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی رادەگەیێنی و پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەرێزی و کاک بابەشێخ حوسێنی و سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکا و خۆی بەشەریکی خەم و خاون پرسە دەزانێ.

لەخوای گەورە داواکارین روحی پاکی مامۆستا شێخ عیزەدین بە بەهەشتی بەرین شاد بێ و دوایین غەمی میللەتەکەمان بێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

٢٢ی ڕێبەدندانی ١٣٨٩ی کۆچی خۆری

-----------------------------------------------

## کومیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**انا لله و انا اليه راجعون**

**بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا شێخ عێززەددین حوسێنیی!**

**ئەمڕۆ، ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩، هەواڵمان پێگەیشت کە بەداخەوە مامۆستا شێخ عێززەددین حوسێنیی، یەکێک لە ڕێبەرانی ئایینیی و سیاسیی کوردستان، لە تەمەنی ٨٩ ساڵییدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ... وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کردووە.**

**ئێمە لە ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بە بۆنەی فەوتی ئەو زاتە زانا و شۆڕشگێڕەوە سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی بەڕێزی و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان دەکەین.**

**خودای مێهرەبان لێی خۆش بێ و سێبووریی کەسوکار و دۆستان و بنەماڵەکەی بدا.**

**ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان**

**کومیتەی ناوەندیی**

**٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی کۆچیی - هەتاویی**

**١١ - ٢ - ٢٠١١ی زایینیی**

## سەرۆکایەتی پارتی ئازادیی کوردستان




بە داخ و کەسەری گرانەوە، شەوی پێنجەشەمە ٢١ ڕێبەندان، کەسایەتی ناسراوی کورد، مامۆستا شێخ عێزەدین حسەینی پاش چەند حەوتوو بەربەرکانێ لە گەڵ نەخۆشی، لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی ئاکادێمیسکای شاری ئووپسالای وڵاتی سۆئێد دڵی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا شێخ عێزەدین وەک کەسایەتییەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ماوەی ژیانیدا، لە سەردەمی کۆمەڵەی ...

ژێکافەوە تا ئەو کاتەی پیریی برستی لێبڕی، لە دژی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادی و ئەستاندنی مافەکانی نەتەوەی کورد بە پێی باردۆخ و توانا و دەرفەت لە خەبات و تێکۆشان دا بوو. لە ڕۆژگاری ڕاپەرینی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی پەهلەوی لە مەهاباد دەورێکی گرینگی لە ڕێکخستنی ریزەکانی خەڵک و ڕێبەرایەتی کردنیان دا گێرا. دواتر وەک ڕێبەرێکی سیاسی خۆشەویست و جێی ڕێزی خەڵک و هێزە سیاسییەکان دەرکەوت و ئەرکی سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کوردی کەوتە ئەستۆ. لە دەمی ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی دژی کورد و هێرشی سەرانسەری هێزە داگیرکەرەکانی ئێران بۆ سەر کوردستان، مامۆستا شێخ عێزەدین هەڵوێست و ڕێگای بەرگری لە کورد و کوردستانی گرتەبەر. لە ساڵەکانی شەڕی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوری ئاشتیخوازانەی هەبوو و لە هیچ کار و هەوڵێک بۆ داکوژانی ئەو شەڕە درێخی نەکرد. پاش داگیرکرانەوەی هەموو دەڤەرەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستان لە لایان کۆماری ئیسلامی و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە و ڕێبەرایەتی حیزب و ڕێکخراوەکان بۆ باشوری کوردستان، مامۆستا شێخ عێزەدین وەک پێشمەرگەیەک لە گوند و بن خێوەت و ئەشکەوت دا ژیا. پاشان ڕووی لە وڵاتی سۆئێد کرد. بەڵام دڵی هەر لە نیشتمان و خەم و خەونەکانی بۆ ئازادیی نەتەوەکەی بوو. خوالێخۆشبوو، تا ئەو ڕۆژەی لە توانای دا هەبوو لە هەر بۆنە و دەرفەتێک و لە هەر ڕوودا و پێشهاتێک دا سوور بوونی خۆی لە سەر ڕەوایی خەبات و ماف و ئازادیی نەتەوەکەی دەردەبڕییەوە و پشتیوانی لەو کیانە سیاسیە کرد کە لە باشوری کوردستان دامەزرا. ئەو هەروەها لە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە هێزە سیاسیەکانی کوردی بۆ دوور کەوتنەوە لە ناکۆکیی و ڕوو کردنە یەکێتی و تەبایی هان دەدا.



سەرچاوە
Serchawe

کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە ئایینی و سیاسییەی کورد، کە دەیتوانی لە داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوری گرینگ بگێڕێ، خەسارێکە لە بزووتنەوەی کوردایەتی و عەواڵانی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان.

سەرکردایەتی و تێکۆشەرانی سەرجەم ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان بە ئەمەگەوەیادی ئەم پیاوە کۆڵنەدەرەی ڕێبازی کوردایەتی دەکەنەوە ولە حاست هەڵوێست و خەباتی نەتەوایەتی و زەحمەت و پەڕەوازە بوونی سەری ڕێز دادەنەوێنن و تاجەگوڵینەی وەفای پێشکەش دەکەن. هاوکات ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و یارمەتێذانێکن بە " کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی".

پارتی ئازادیی کوردستان لەم خەمەدا لە گەڵ بنەماڵە و کەسوکار و هەموو ئەوانەی ئەو کەسایەتییەیان خۆش دەویست، خۆ بە هاوبەش دەزانێ و سەرەخۆشی لە هەموو لایەک دەکا... یادی بەخێر و ڕێگا و ماڵ و ماڵباتی ئاوەدان.

پارتی ئازادیی کوردستان

سەرۆکایەتی

٢٢ ڕێبەندانی ٢٧١٠ - ١١ فێورییەی ٢٠١١

------------------------------------------------

## شەورای مەرکەزی یاریکورد

بەداخەوە لە ڕێگای ماڵپەڕەکانەوە ئاگادار بووین کە مامۆستای خۆشەویست و زانای گەلەکەمان دووای ماوەیەک بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی لە یەکێک لە بیمارستانەکانی وڵاتی سوید کۆچی دووای کرد.



سەرچاوە
Serchawe

مامۆستا شێخ عیزەدین کەسایەتییەکی سیاسی، ئایینی و نیشتمانپەروەر بوو. ئەم زاتە بە مانای تەواو دژی خورافە و دواکەوتوویی بوو و هەوڵیدەدا لە ڕێگای خوێندنەوەی نوێخوازییەوە...

بۆ ئایینی ئیسلام خەڵک لە توندوتیژی و چەوسانەوەی ئاینی ئاگادار بکاتەوە. مامۆستا ئینساندۆست بوو، کوردپەروەر بوو، بە مانای تەواو باوەڕی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی ژن و پیاو هەبوو. مامۆستا ڕێزی بۆ هەموو ئاینە جیاوازەکان هەبوو و بڕوای وابوو کە بێ یەکسانی و ئازادی ئاینی کۆمەڵگا ناتووانێت لە پێشکەوتندا بێت.

لە ئاخرین دیداری هەیئەتێکی یاریکورد لە مامۆستا خۆشەویت، جەختیان لەوە دەکردەوە کە یارسانییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەن و کۆڵەکەیەکی کلتوری گرینگی کۆمەڵگا کوردین.

یاریکورد لە دەستچوونی مامۆستای زانا بە خەسارێکی گەورە بۆ جوڵانەوەی ئازادیخوازی لە هەموو پارچەکانی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت. گەلی کورد کەسایەتیەکی گەورەو و یاریکورد دۆستێکی بەوەفا لە کیسچوو.

شەورای مەرکەزی یاریکورد بە بۆنەی کۆچی دووای ئەم زاتەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە، هاوخەباتکارانی و سەرجەم گەلی کورد دەکات.

لە دەرگای پەروەردگار دووعا دەکەین کە ڕۆحی ماموستا بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

شەورای مەرکەزی یاریکورد

١١ - ٢ - ٢٠١١

---------------------------------------------------------

## پارتی سەربەخۆیی کوردستان

هاونیشتمانانی بەڕێز!

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

وەک دەزانین شەوی هەینی ١١ - ٢ - ٢٠١١، بەداخ و کەسەرەیەکی گرانەوە جەنابی مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی، ماڵئاوایی لە ژیان کردو بەجێی هێشتین.

مامۆستای کۆچکردوو، کەسایەتێکی نیشتمانپەروەر و کورد خۆشەویست بوو. بەڕێزیان تێکۆشەرێکی لەمێژینەی سیاسی و یەک لە ڕێبەرانی حەقخوازی مافی نەتەوایەتی کورد و کوردستان، هاوکات شەخسیەتێکی ئاینی کۆمەڵگای کوردەواری ... بەناوو خاوەن فەلسەفەیەکی روناکبیری لە ئاست کێشە ئاینیەکان لە ئیسلامدا.

کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدین، بەتایبەتی لە رۆژگاری سەخت و دژواری ئێستادا کە بە سەر خەڵک و وڵاتی ئێمەداتێپەر دەکا، خەسارەتێکی گشتی و نەتەوەییە کە خاوەن بۆشایی و کەلێنی گەورەیە لە بزاوی رزگاریخوازی کورد و کوردستاندا.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان لەو خەسارەتەدا خۆی بە بەشدار دەزانێ و بەو هۆیەوە لە کۆمەڵگای کوردەواری و لە بنەماڵەی بەڕێزیان بە گشتی سەرەخۆشی و پرسە دەکا.

سەرکردایەتی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

١١ - ٢ - ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## کومیتەی ناوەندی یەکیّتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیّزەدینی حسێنی یمان پێی گەیشت،

مامۆستا یەکێک بوو لە رێبەرانی شۆڕشی گەلانی ئێران و کەسایەتی شۆڕشگێڕ و ئایینی رۆژهەلاتی کوردستان، مامۆستا شێخ عێزەدین لە رۆژانی شۆڕش و مەیدانەکانی بەربەرەکانی لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا، نموونەیەک بوو لە ئازایەتی و بوێری، هەردەم هەوڵی دەدا بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی نەتەوەیی..

و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد، ئەم کەسایەتیە ناسراوەی کوردستان و ئەم رێبەرە خۆشەویستەی جەماوەر، خاوەن جێگە و پێگەیەکی تایبەت بوو، تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە تاراوەگە بەردەوام هەڵگری خەمی دوا رۆژی نەتەوەی کورد بوو، هەوڵەکانی خۆی بە بێ پچڕانەوە بەردەوام دەکرد.

کومیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وێڕای ئاراستەکردنی پرسە و سەرەخۆشی تایبەت بۆ بنەماڵەی بەڕێزیان و دەربڕینی هاوخەمی بۆ سەرجەم کوردستانیان لە رۆژهەلاتی ولاتی داگیرکراو ، بەشداری خەم و پەژارەی لەدەستدانی یەکێکی دیکە لە رێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دەکات و هاوسۆزی خۆی رادەگەیێنێت.

کومیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

٢٢ی رێبەندانی ٢٧١١ی کوردی

١١ی فێورییەی٢٠١١ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

**بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ عێزەدین حسەینی**

**تێکۆشەران و ئازادیخوازان**

**گەلی نیشتمانپەروەری کورد**

مخابن هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناودار و دیاری کورد مامۆستا شێخ عێزەدین حسەینیمان پێگەیشت و ئەمەش جێی پەژارە و کوڵ و کۆڤانێکی مەزنە بۆ ئێمە هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز بۆ خاک و نیشتمانەکەی.

خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ عێزەدین حسەینی، کەسایتیی ئایینی - سیاسیی و سەربەخۆی دیاری بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بووە و، تەمەنی...

بەنرخی خۆی لە خەبات لە پێناوی ڕزگاریی و ئازادیی بۆ گەڵ تەرخان کرد و کۆمەڵێک تەجرەبەی ڕەنگین و هەگبەیەک لە تایبەمەندیی شۆڕشگێڕانە و جوامێرانەی بۆ ئێمە بەجێ هێشت, تا وەک چرایەک ڕۆشنایی ڕێگەی داهاتوومان بێت.

بێگومان کۆچی دوایی ئەو خوالێخۆشبووە خەمێکی مەزنە بۆ بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد بە گشتی و بەتایبەت خۆرهەڵاتی کوردستان، هەر بۆیە وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و، بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و سەرجەم گەلی کورد دەکەین و لە خوای مەزن داواکارین تا ڕۆحی بەڕێزیان بە بەهەشتی بەرین و جاویدانیی خۆی شاد بکات.

**یەکێتیی دیموکراتی کوردستان**

**١١ - ٢ - ٢٠١١ زایینی   ٢٢ - ١١ - ٢٧٠٩ کوردی**



سەرچاوە
Serchawe

## کومیتەی سەرکردایەتی سپای رزگاریی کوردستان

بەداخ و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی سیاسی و دینی ونیشتمانپەروەری گەلەکەمان مامۆستا شێخ عیزەدین حسەینی مان بیست و دازداری کردین.

مامۆستا شێخ عێزەدین حسەینی کە سایەتێکی سیاسی و ئەدیب و ئاینی و هەلکەوتوو و دیاری گەلەکەمان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوو لە رۆژهەلاتی کوردستان؛ ناوبراومـاوەیەکی زۆر بوو بەدەست نەخۆشینەوە دەینالان و لە ژێر چاودیری...

پزیسکانی تایبەتدا بوو، بە هۆی تەشەنەکردنی نەخۆشینەکەیەوە و بێ هومێدی دکتۆرەکان لە جێگیر بوونەوەی تەندروستی ، بنەماڵەو هەوالانیان لە چاکنەبوونەوەو فەوتکردنی ئاگادارکردبوو.

بەداخەوە شەوی ١٠ لەسەر١١ی ٢ - ٢٠١١ مامۆستا شێخ عێزەدین حسەینی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بە یەکجاری ماڵئاوایی لێکردین. بەم بۆنەوە بە ناوی سکرتێروسەرکردایەتی و پێشمەرگە و دۆستان و ئەندامانی سپای رزگاریی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و کەس و کاری مامۆستا شێخ عێزەدین حسەینی و گەلی کوردستان بە گشتی ئەکەین و هاودەردی خۆمانیان دەگەڵ دەردەبڕین؛ ئومیدەوارین خوای گەورە رەحمەتی بە بەهەشتی بەرین شاد بکاو سەبووری بۆ ناو دڵی کەس و کارو دۆستانی بگێڕێتەوە.

کومیتەی سەرکردایەتی

سپای رزگاریی کوردستان

١١ - ٢ - ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە




**ماموستاو رابەری سیاسی گەلی کورد، کەسایەتی گەورەی ڕێگای ئازادی و دادپەروەری، مایەی سەربەرزی میللەتی کورد:**
**ماموستا شێخ عزالدین حسینی مالاویی لێمان کرد**

**خەڵکی تێکۆشەری کورد !**
**ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕانی ئێران !**
**ئەمڕۆ باری قورسی خەمی لەدەس چوونی کەسێک هەڵدەگرین کە ئەزموونی ژیانی سەراسەر پڕ لە تێکۆشانی، هێزی هەڵگرتنی...**

**خەمەشی پێمان داوە.**
**"ماموستا خۆشەویستی بۆ گەلی کورد پێویستی!"**
**ئەمە دروشمێک بوە کە هەموو منداڵێکی کوردستانی ئازادیخواز و سەربەرز لە دەیەکانی ڕابوردوودا لە گەورەکان فێر بوە، زمانی پێ کراوەتەوە، لەگەڵی گەورە بوە و شانازی پێوە کردوە.**

**ئێستا ئیتر ئەو ماموستا ئازادیخواز و کۆڵنەدەرە، لە نێوماندا نەماوە. خەمێکی گەورەیە کە بە تەنهائی بۆ کەس هەڵناگیرێت. ئەم خەمە لە گەڵ ئەو ملیۆنها ئینسانە تێکۆشەرەدا هەڵدەگرین کە خۆشەویستی ماموستاکەمان بوون و ماموستاش خۆشەویستی ئەوان بوو.**
**گەلی کوردی ئازادیخواز و کۆڵنەدەر، لەم عەسرە تازەیەدا ڕابەرێکی سیاسی بە خۆوە دیت کە ئاڵاهەڵگر و نوێنەری ئاسۆیەکی نوێ لە خەباتی سیاسی و هەقخوازانەی گەلی کورد و هەموو خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا بوو.**

**لە کاتێکدا کە ئاخوندەکانی رژیمی کۆنەپەرست و فاشیستی ئێران، مەزهەبیان کرد بە وەسیلەی سەرکوت و جینایەت و**



سەرچاوە
Serchawe

ڕووتاندنەوەی سروەت و سامانی خەڵک، مامۆستای ئێمە بوو بە پەیامدەری جیایی دەوڵەت لە دین و ئاڵا هەڵگری ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئینسانی لە نێوان هەموو مەزهەب و بیرو باوەڕەکاندا.

لە کاتێکدا کە جینایەتکارانی رژێمی ئیسلامی، خۆیان و جینایەتەکانیان بە ئایینەوە گرێ دەداو ببوون بە نوێنەری کۆنەپەرستانەترین و دژی بەشەریترین و عەوامفریبانەترین بیرو بۆچوون، مامۆستای ئێمە بوو بە ئاڵاهەڵگری پێشکەوتوانەترین و ئازادیخوازانەترین بیرو بۆ چوونی بیرمەندان و فیلسوفەکانی جیهان.

لە کاتێکدا کە ئایین و تەزاهور بە ئایین لە لایەن رژێمی ئیسلامی ئێرانەوە ببوو بە مایەی بە دەس هێنانی قەسرو بارەگاو سروەتی ئەفسانەیی بۆ ئاخونده جەللادەکان و نۆکەرانی رژێمی ئێران، مامۆستای ئازادیخواز و کۆڵنەدەری ئێمە بوو بە نوێنەری بەرگری لە گەل و ئازادی میللەت و لەپێناوی ئەم ئامانجەدا ژیانی پڕ لە ڕەنج و سەختی لە گەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان و لەشاخە بەرزەکانی کوردستانی هەڵبژارد و بوو بە پاڵپشت و هاندەری خەبات لە پێناو وەدەس هێنانی مافی ڕەوای گەلی کورد و ئازادی چەوساوەکاندا.

لە کاتێکدا کە ڕژێمی فاشیستی ئیسلامی ئێران باڵی ڕەشی کۆیلەتی بەسەر ژنانی ئێراندا دەکێشا، مامۆستای ئێمە دژ بەم دیاردەیە بۆ ئازادی ژنان و یەکسانی مافی ژن و پیاوخەباتی کرد.

بەڵێ، مامۆستای گەلی کورد لە بەرامبەر هەموو ڕێڕەوێکی نیوەڕێ و لەرزۆک و سست و ناپتەو و هەر موعاملەگەرێکدا بوو بە نموونەی شەرافەتی سیاسی و پێداگری لەسەر ئامانجی شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانە. هەموو ژیانی، هەموو هەناسەیەکی نایە ڕێگای ئامانجی بەرز و ئینسانی خۆی و گەل و هەموو ئینسانێکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز.

ئێمە بە بۆنەی لەدەس چوونی ئەم ئینسانە مەزنە و ئەم کەسایەتیە مێژووییە و ئەم شۆڕشوانە پاک و کۆڵنەدەرە، لە گەلی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، لە زەحمەتکێشان و چەوساوەکانی ئێران و کوردستان،لە هەموو ئازادیخوازان و تێکۆشەران و پێشکەوتنخوازان، هەروەها لە بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا سەرەخۆشی ئەکەین.

بە یادکردنەوەی هەمیشەیی لە ناوی بەرزی، لەسەرسەختی و پەیگیری و پایەداری ئەو، لە شەرافەتمەندی و لە ژیریە سیاسیەکەی، لە دڵپاکی و ئامانجە بەرز و ئینسانیەکەی، لە ورەی پتەوی لە بەرانبەر دوژمنانی ئازادیدا، خەمی لە دەسچوونی تەسکین ئەدەین و هەموومان، هەموو شۆڕشوانان، هەموو بندەستان لە گەلی کوردی کۆڵنەدەرەوە هەتا هەموو

ئاوارەکانی غەریبی و هەموو فرمێسک ڕێژەکانی یادی ئەم ئازیزە، لە هەموو ئازادیخوازان بە هەموو بیروباوەڕێکەوە، پێکەو دەڵێین:

بژی یادی ماموستا

بژی ڕێگای ماموستا

ماموستا تۆ نامری

مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی فاشیستی ئیسلامی ئێران

رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە

٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩

-------------------------------------------

## پارتی سەربەستیی کوردستان

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینیمان پێگەشت، کە کاتژمێر ٢٣.٥٠ ی پێنج شەممە بیست و یەکی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ٢٧١٠ ڕێکەوتی ١٠ مانگی دووی ساڵی ٢٠١١ لە نەخۆشخانەی ئاکادێمیسکا لە شاری ئووپسالای وڵاتی سوید دڵی گەورەی مامۆستای زانا، ڕێبەر و بیرمەند، تێکۆشەری لەمێژیینە و ماندوویینەناس مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لە تەمەنی هەشتاونۆ ساڵیدا لە لێدان کەوت.

لەم ڕۆژەدا دڵێک وەستا کە پڕ بوو لە هیواو ئومێد بە دواڕۆژێکی گەش بۆ گەلی کورد بەتایبەتی و بۆ هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی. ئەو دڵەی کە پڕبوو لە خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان و خۆشەویستی مرۆڤ.



سەرچاوە
Serchawe

مامۆستا هەر لە سەرەتای لاوییەوە کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف لەساڵی ٢٦٤٣ (١٩٤٣) هەتا دواتر لە پێکهاتنی کۆماری کوردستان و پاشان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و ڕەوای گەلی کورد لە ساڵەکانی دواتردا چالاکانە بەشداری کرد. لە نزیکەوە دۆست و هاوڕێی زۆربەی هەرە زۆری تێکۆشەران و ڕێبەران و خەباتکارانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە و پرس و ڕاوێژی لەگەڵدا کراوە. بەشداری هەڵسووڕاوانە و زۆر بەرچاوی مامۆستا لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە دژی ڕژیمی شا و بەتایبەت ڕۆڵی بەرجەستەی مامۆستا شێخ عێزەدین وەکوو ڕێبەرێک و کەسایەتییەکی سیاسی - ئایینی لە کوردستان کە زۆر بوێرانە لایەنگری ئازادی، یەکسانی نێوان ژن وپیاو، دیموکراسی و جودایی ئایین لە دەوڵەت بوو، چ لە کوردستان و چ لە ئێران و لە هەموو جیهان دەنگدانەوەیکی زۆری هەبووە.

بەهۆی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەیننییەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هەموو بنەماڵەو کەس و کاری شێخ عێزەدین حوسەینی و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و هەموو لایەنگرانی ئازادی، مافی مرۆڤ و یەکسانی دەکەین لە هەموو جیهان.

سەرۆکایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

٢٢ی ڕێبەندان ٢٧١٠

بەرامبەر ١١ی فێبراوەری ٢٠١١

---------------------------------------------------------------

## سەرۆکی پارتی کۆماریی کوردستان




بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی لەناکاوی مامی بەڕێزتان (شێخ عزالدینی حوسێنی) شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و خەباتگێری ئایینی و نەتەوەیی گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین ، بەناوی خۆم و هاوڕێیانم لەپارتی کۆماریی

کوردستان، پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی بەڕێزتان بەتایبەتی و هەڤاڵانی دەفتەری سیاسی و خێزان و بنەماڵەو کەس و کاری خوالێخۆشبوو و گەلی کوردمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەین، انشاالله ئەوە دوا ناخۆشیتان بێت، لەخودای مەزن دەپارێینەوە ڕەحەتی بەبەهەشتی خۆی شاد بکات و سەبرو ئارامیش بخاتە نێو دڵ و دەروونی بەڕێزتان و بنەماڵەو کەس و کاری و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی.

انا لله وانا الیه راجعون

براتان علی حاجی

سەرۆکی پارتی کۆماریی کوردستان

١٢ - ٢ - ٢٠١١ زایینی بەرامبەر ٢٣ ی ڕێبەندانی ٢٧١٠ی کوردی

ڕێکەوت: ١٧ - ٢ - ٢٠١١

---

## پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان

پەیامی سەرەخۆشیی "پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان" بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی ئایینیی و باوکی تەبایی و لێبوردەیی لە ناو کەسایەتییە ئایینی - سیاسییەکانی کوردستان

مامۆستا شێخ عێزەدین حسەینی"ەوە، بە ناوی ئەندامانی پارتەکەمانەوە، سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی جەماوەری کوردستان و ماتەمبارانی کۆچکردوو، بە تایبەت جەنابتان وەک گەورەی بنەماڵەی بەرێزی حسەینی دەکەین.

پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان

ڕێکەوت: ١٧ - ٢ - ٢٠١١

---------------------------------------------------

## حیزبی شیوعی کوردستان

نەمری بۆ مەرحومی شێخ عزالدینی حسینی ڕێبەری ناوداری ئایینی و نێشتمانی کوردستان

بۆ بەرێزان گشت ئەندامانی بنەماڵەی ڕێبەری ناوداری ئایینی و سەرکردەییەکی خەباتی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان مەرحومی شێخ عزالدینی حسینی سوید ئوپسالا.

هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا و ڕێبەری ناوداری ...

ئایینی و سەرکردەیەکی بزوتنەوە و خەباتی سیاسی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، مەرحومی شێخ عزالدینی حسینی مان پێگەیشت و لەگشت کوردستان و ناوچەدا دەنگی دایەوە، وەک خەسارەتێکی دیاری بەرەی گەل کاریگەری خۆی هێنایە کایەوە.

لاپەڕەکانی خەباتی ئەو گەورە پیاوە ئایینی و سیاسی و نیشتمانپەروەرە ڕاستگۆیەی گەل و کوردستانمان دێتەوە یاد کە پانتاییەکەی لە هاوسەنگەر و خەباتی فیکری . سیاسی کردنیدا لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد و هاورێکانیدا بۆ دامەزاندنی کۆمەڵی (ژ. ک) تا بە پێکهێنانی کۆماری دیموکراتی کوردستان و دواتریش دەروانی دکتور مصدق و حکومەتی میللی ئێران و



سەرچاوە
Serchawe

هاوفیکر و سیاسەت و سەنگەری دانیشتوانی گوندوشارەکانی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی سەرتاسەریشدا، لە سەنگەری هەق و ڕەوای خواستەکانی میللەت و نیشتماندا دژ بە رژێمی پاشایەتی و حکومەتە نادیموکراتەکاندا جێگەی دیار و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوە.

ئێمە لێرەدا، بەناوی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان و هاوڕییان و هاوسەنگەری خەباتی هاوبەشمان پێکەوە لە دەورانی رابوردوە، لە کاتێکدا سەرەخۆشی لە خۆمان و هاورێیانمان و کەسوکاری شەهیدانمان و لە گشت ئێوەی هێژای خێزان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خوازیاری سەبووری و شانازی کردنتانین بە رۆڵ و خەباتی ئەو سەرکردە ماندوو نەناسەوەین کە سەنگەری لەگەڵ شۆرش و خەباتی حیزبە تێکۆشەرەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا و لە دوای شۆرِشی گەلانی ئێرانیشەوە (١٩٧٩) هاوسەنگەری بەرپرسانەی گیرا بۆ سەلماندنی مافەکانی کوردستان لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوەو بەشداریکردنی لەگەڵ شاندی دیالۆگی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تاران و لەگەڵ شاندەکانیان لە مهاباد و کوردستاندا بۆ دابینکردنی رەوای مافەکانی گەل بە ئاشتی و ئازادی و دیموکراتیانە لە کوردستاندا و ڕێگا نەدان بەلشکرکێشی و شەڕ و کوشتار و وێرانکاری بەرامبەری گەلی کوردستان. مامۆستا شێخ عزالدینی نەمر دریغی لە پشتیوانیکردنی خەباتی بەشەکانی تری گەلی کوردستان لە باشوور و لە باکوور و بەگشتی نەکرد و رۆڵی رابەرێکی رەوای ئایینی بەجێ هێنا و جێگەو ئومید و بڕوای گەلەکەی بووە.

کاتێکیش ناچارانە لە سوید جێگیر بوو بە ماڵەوە، هەردەم لە سەنگەری خواستە رەواکانی گەلەکەیدا وەک ئەرکێکی هەقانەی ئاین پەروەری راستگۆ و بە هەڵویست، هەردەم بە دەم و دەست و نووسین و دوعا و بانگەوازەکانیەوە لە ویژدانی نەتەوەکەیدا ژیاو و خۆشەویستی خۆی پاراست تا دوا هەناسەی بەرێزی.

نەمری بۆ یاد و خەبات و ماندوویی نەناسی مەرحووم شێخ عزالدینی حسینی رابەری گەورەی ئایینی و سەرکردەیەکی بزوتنەوە و خەباتی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی رۆژهەلاتی کوردستان و بەگشتی.

مەکتبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان

١١ - ٢ - ٢٠١١ هەولێر

-------------------------------------------------

# پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

بۆ بەڕێز: سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کۆچی دوایی کەسایەتی ئاینی و نەتەوەیی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا شێخ عزەدین حوسێنی کۆستێکی گەورە بوو لە گەلەکەمان کەوت، بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و گەلەکەمان لە هەر چواربەشی کوردستان دەکەین. ئێمە وەک پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان هەوڵدان و خەبات و تێکۆشانی مامۆستا لە بواری ...

نەتەوەیی و دیموکراتی دا و کاریگەرییەکانی لە سەر گەلەکەمان بەرز دەنرخێنین. پەیمان بە ئێوەی بەڕێز و بە خانەوادەکەی و تەواوی گەلەکەمان دەدەین کە درێژە پێدەری خەباتەکەی مامۆستا بین لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی مامۆستا و هەموو هیواو و داخوازیەکانی گەلەکەمان بەردەوام لە تێکۆشاندا بین.

سلاو و ڕێزی شۆرشگێڕانە

دەستەی کارگێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

١٧ - ٢ - ٢٠١١

--------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# کومیتەی بە ڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا شێخ عیزەددین حوسەینی

کومیتەی بەڕێوەبەریی ڕێزگرتن لە مامۆستای کوردپەروەر مامۆستا شێخ عیزەددین حوسەینی

بەداخێکی زۆرەوە خەبەری وەفاتی ئەو زاتە ئینسان دۆست و نەتەوەییەمان پێگەیشت. بێ‌شک مامۆستا شێخ عیزەددین یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییە، ئایینی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بە درێژایی تەمەنی لە پێناوی وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی دا تێکۆشا.

مامۆستا شێخ عیزەددین چ لە باری ئایینی و چ لە باری سیاسی و نەتەوەییەوە لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابوو و تا دوا هەناسە ئەو سەنگەرەی بەر نەداو بە هەر شێوەیەکی کە بۆی کرا و لە توانای دابوو بەشداری لە خەبات دا کرد.

گومان لەوە دا نییە کە لە دەستدانی ئەو کەسایەتییە تێکۆشەرەی گەلەکەمان خەسارەتێکی گەورەیە بۆ جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد بە گشتی و جوڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی. جێگای داخە کە مامۆستا فریا نەکەوت کە بەرهەمی خەباتی خۆی و هەزاران تیکۆشەری دیکە بە چاو ببینێ و لە ژێر سایەی ئازادی دا و لە زێدی باب و باپیرانی دا بحەسێتەوە.

بەو بۆنە خەمناکەوە، لە بنەماڵەی بەڕێزی، لە خۆمان و هەموو تێکۆشەرانی ریگای رزگای کورد بە گشتی سەرەخۆشی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین. هیواداریین بە هاتنە دی ئاواتەکانی، ڕوحی مامۆستا شاد بێ و ڕێبازە پیرۆزەکەی هەمیشە پڕ بێ لە ڕێبوار.

کومیتەی بە ڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

١١ - ٢ - ٢٠١١

---------------------------------------------------------

## کونگرەی نیشتمانیی کوردستان




**ڕێبەری دڵسۆز و نیشتمانپەروەری لەمێژینە، مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی، بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە گەلەکەی کرد!**

ڕێبەری زانا و نیشتمانپەروەری لەمێژینە مامۆستا شێخ عێزدین ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٠ - ٢ - ٢٠١١ دوور لە نیشتمانی خۆشەویستی لە وەڵاتی سوئد کۆچی دوایی کرد. مامۆستا شێخ عێزدین، هەر لەسەردەمی لاوێتییەوە کەبوو بە ئەندامێکی چالاکی " کۆمەڵەی ژێکاف" لە ١٩٤٣ - ١٩٤٤ی زاینی، تا دوارۆژەکانی تەمەنی دووردرێژی پڕ لەشانازی خۆیی، بۆ ئازادی و ڕزگاری نیشتمانەکەی تێکۆشی. بەدەوام بیری یەکیەتی کورد و یەکریزی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کورد بە گوێی سیاسیەتکاران ...

و، خەباتکارانی کوردا دەدا.

مامۆستا شێخ عێزدەدین، لە ڕۆژی هەستیاری دەستپێکردنی ناکۆکی لە نێوان ڕژێمی کۆماری داگیرکەر ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ کورد، بەزانای و لێوەشاوەیی تەواوەوە سەرۆکایەتیی دەستەی نوێنەرایەتیی کوردی گرتە ئەستۆ و سەرەرای هەموو پیلانگێری و فرتوفێڵی کاربەدەستانی ئێران بۆ بەلاڕێدا بردنی ئامانج و داخوازییەکانی گەلی کورد، ئامادە نەبوو واز لە بچووکترین داخوازیی ڕەوای نەتەوەکەی بهێنێت.

لەدەستدانی مامۆستا شێخ عێزەدین خەسارەتێکی گەورەیە کە لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد کەوتووە.

لەبەر ئەوە جێگەی خۆیەتی، پرسە و سەرخۆشیمان ئاراستەی نەتەوەی کورد و هەموو نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان و، بنەماڵەی سەربەرزی مامۆستا شێخ عێزەدین بکەین.

کونگرەی نیشتمانیی کوردستان

١١ - ٢ - ٢٠١١

---------------------------------------------------

## کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات

مامۆستا شێخ عێزەدین ئەو کەسایەتیە شۆڕشگێڕە بوو کە ساڵیانی ساڵ بە تەواو مانا، ژیانی تایبەتی خۆی کردە فیدای بە دەست هێنانی ئازادی و بەختەوەری خەڵکی کوردستان. کەسایەتیەکی ئایینی بەڵام سیکۆلار، لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی بە درێژایی زیاتر لە سێ دەیە خۆڕاگرانە دیفاعی لە جودایی دین لە دەوڵەت کرد، ئەویش لە پلەی مامۆستایەکی ئایینیدا. شێخ عێزەدین حوسەینی لە تێروانینە ئازادیخوازانەکەیدا، و لە یەکەم رۆژی سەرەتای ئاڵۆگۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کاتی ئێران و کوردستان بە شێوەیەکی شێلگیرانە خوازیاری ئازادی مرۆڤ و یەکسانی ماڤ بۆ ژنان و پیاوان بوو. لەم بارەوە یاسا کۆن و سوننەتیەکانی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای ئێرانی رەت دەکردەوە.

مامۆستا: وەکو رۆشنبیرێکی ئایینی لە رۆژە رەش و سەختەکانی دەسەڵاتی زاڵی کۆماری ئیسلامی بە سەر کوردستاندا ئازایانە هاتە مەیدان و دژی دەسەڵاتی سەرەرۆی کۆماری ئیسلامی دەستی دایە خەبات و تێکۆشان و زۆر زوو بوو بە یەکیک



سەرچاوە
Serchawe

لە رێبەرانی خۆشناوی خەڵکی کوردستان و ئاڵا هەڵگری بیری سێکۆلاریزم. مامۆستا لە زۆر بواری ژیانی مرۆڤایەتی، سوننەتی تێکەڵ بە مۆدێڕنیتە کرد و، روخسارێکی نوێی تا ئەو سەردەم بێ وێنە، لە پێوەندی دین ودەسکەوتەکانی سەردەمی، بە خەڵکی کوردستان پیشان دا. ئەویش لە سەردەمێکدا کە حوکمی ئایەتوڵلاکانی شێعە لە بارەی پیگەو، ماف و، هێزی کۆمەڵایەتی ژنان یەک لە دوای یەک بە یاسای حکومەتی دەر دەهاتن. لە کوردستان مامۆستا شێخ عێزەدین هەمو یاساکانی کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستەکانی ئەو رژیمەی رەت کردەوە و بە دژی مافەکانی مرۆڤی دەزانی و بەم بۆنەوە بوونی هەڵاواردن و زوڵم و چەوسانەوەی دژی ژنان لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بە تایبەتی پێ قەبول نەدەکرا. مامۆستا،باوەری قوڵی بوو بە رۆڵی جەماوەر لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا و بۆ بە دەست هێنانی دونیایەکی باشتر و دور لە چەوسانەوە ،و ئازادی تاک و ئاسودەیی مرۆڤ، هەموو ژیانی تەرخان کرد.مامۆستای ئازادیخواز و رۆشنبیر پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی هیچ کات وەکو رۆحانییەک خۆی لە گەڵ بارودۆخی ئەو سەردەم رێکنەخست و بەرژەوەندی خۆی نەخستە پێش مەسڵەحەتی گەلی کوردستان و بزۆتنەوە کوردستان. مامۆستا لە بەرامبەر رووداو و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بێ بێ هەڵوێست نەبوو و چارەنوسی خۆی گرێدایە بزوتنەوە رەواکەی خەڵکی کوردستان. مامۆستا مرۆڤێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز بوو کە روانگە و هەڵوێستە مرۆڤدۆستانەکانی بووبوونە هۆی دۆستایەتییەکی بتەو و بەهێزی سیاسی لەگەڵ ئازادیخوازانی سێکۆلار، حزب و رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان،چ لە کوردستان و چ لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا. ئێمە تێکۆشەرانی "کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات" وێڕای ژنانی ئازادیخواز، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی جەماوەری سەربەرزی کوردستان بە تایبەت ژنانی کورد دەکەین. هەرچەند لە بەرەبەیانی ئازادیدا جێگای مامۆستا خاڵیە، بەڵام بێگومان شێوازی بێرکردنەوە و کەسایەتی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی هەردەم لە نیودڵی ئیمەو نەوەی نوێی خەباتکاری گەلەکەماندا هەر زیندووەو دەمێنێتەوە و بۆچونەکانی چرای داهاتومانە.

کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات

رێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی

---------------------------------------

# کانوونی نووسەرانی کوردستان


بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی تێکۆشەری ناسراوی کوردستان، لە رۆژی پێنج شەممە ١٠ی فیڤریەی ٢٠١١ لە نەخۆشخانەی ئوپسالای وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد. مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی کەسایەتیەکی ناسراوی ئایینی - سیاسی و ئازادیخواز لە کوردستان و بیرمەند و رووناکبیرێکی نوێخوازی ئایینی بوو کە باوەڕی قووڵی بە ڕوەندی سکولاریزم و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی نەتەوەی کورد بوو. کەسایەتییەک کە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا نەخشی بەرچاوی بووە و لە مێژووی ئازادیخوازی گەلەکەماندا ئەستێرەیەکی درەوشاوە و رێبەرێکی کەم وێنە بووە. هەر بۆیە کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی خەسارێکی گەورە و قەرەبوو نەکراویە بۆ خەڵکی کوردستان. کانوونی نووسەرانی کوردستان بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران دەکات.

کانوونی نووسەرانی کوردستان

١٠ - ٢ - ٢٠١١

--------------------------------------

## کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی لە شاری ئوپسالا



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ ـ ٠٢ ـ ٢٠١١ کۆڕێکی ڕێزلێنـان لـە کەسایەتی سیاسی و ئـایینی و نیشتمانپەروەری گەلی کورد بەڕێز مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی لە شاری ئوپسالا بە بەشداری ئەندامانی بنەماڵەکەیان و نوێنـەری حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسی و مەدەنیـیەکان و دەیـان کەسـایەتی سیاسی کـورد و ئێرانـی و خـەڵکێکی زۆر لـە دڵسـۆزانی کـورد بـە شێوەیەکی ڕێکو پێک بەڕێوە چوو.

شـایانی باسـە کـە وێـڕای سـاردی و سـەرما و سـەهۆڵ بەنـدانی ئـەو ناوچەیـە ئەمەگدارانی ڕێگـای ئـازادی لـە شـارە دوور و نزیکەکانی وڵاتی سوئێد و هەروەها چەندین وڵاتـی دیکەوە خۆیـان گەیانـدە شوێنی ڕێوڕەسمەکە و و وێـڕای ئەمەگـداری و خۆشەویستی، چەپکە گوڵی ڕێزلێنانیان لەبەردەم سەکۆ و وێنە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی دادەنا.

دوای ئەوە کە بەشداران لـە سـاڵۆنی دیـاری کـراوی زانکـۆی ئوپسـالا ئـامادەبوون، لـە لایـەن بەڕێوەبـەری بەرنامەوە بـەخێر هاتنی گشت لایەک کرا و بەرنامەی ئەم کۆڕیادە پێشکەش کرا.

سـەرەتا چەنـد ئایـەت لـە قورئـانی پیـرۆز بڵاو کرایـەوە و پاشـان خولـەکێک بێدەنگی بـۆ گـەورەی مامۆستا شێخ عێـزەدین حوسێنی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری ڕاگەیاندرا.

کورتەیـەک لـە ژیـان و بەسـەرهاتی مامۆستا شێخ عێـزەدین حوسـێنی لـە لایـەن کچـی مامۆسـتا خـاتوو شیرین حوسـێنی خوێندرایەوە، خـاتوو شیرین ئـاوڕێکی خێـرای لـە ژیـانی مامۆسـتا لـە هـەموو بوارەکـانی ئـایینی و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و فەرهەنگی دایەوە و هەموو لایەنەکانی ژیانی مامۆستای بە وردی باس کردن و هاوکات کۆمەڵێک ئاکاری بەرزی مامۆستای بـۆ بەشداران باس کرد و ڕەوشتە بەرزو ئینسانییەکانی مامۆستای بە شێوەیەکی جوان بۆ گشت لایەک وەسف کردن.

لە درێژەی ئەم ڕێوڕەسمەدا دەیان کەس لە کەسایەتی و نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کوردستانی و ئێرانی وتار و پەیامیان پێشکەش کرد و هەرکام لەم وتار و پەیامانە هەڵگری کۆمەڵێک خاڵی بەهێزی وەک جیایی دین لە دەوڵەت، یەکسانی و مافی وەک یەکێکی نێوان و ژنو پیاو و خەبات بە دژی ستەمی نەتەوایەتی و خەبات و بەرخودان بە دژی زوڵمو زۆری و هتد... بوو و هاوکاتیش بۆ لەدەستدانی مامۆستا هاوخەمی خۆیان ڕادەگەیاند، لە نێو ئەم وتار و پەیامانە دا چەندین بیرەوەری لە ژیانی مامۆستا شێخ عێزەدین لەلایەن وتارخوێنانەوە دەگێردرانەوە و ئەوەش لایەنە شارەوەکانی مامۆستای بۆ بەشدارن زیاتر ئاشکرا دەکردن. هەموو لایەک لەوە بەداخ بوون کە مامۆستا ئازادی گەلەکەی بە چاوی خۆی نەدیتوە و یەکێک لە ئاواتەبەرزەکانی مامۆستا کە ڕزگاری گەل و نیشتمانەکەی بووە لە کاتی ژیانی مامۆستا دا نەهاتۆتە دی، هەر بۆیە هەموویان هیوایان دەخواست کە بتوانن لە داهاتوو دا درێژەدەری ئامانجەکانی مامۆستا بن و ئەم ئەرکە پیرۆزە بەجێ بگەیێن. هەروەها لە درێژەی ئەم ڕێوڕەسمەدا جێگای هونەرمەندانیش خاڵی نەبوو و بە شێعر و خوێندنەوەی مەقام ڕێز لە مامۆستای خوالێخۆشبوو دەگیرا.

**لەم ڕێوڕەسمەدا ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتی‌یانە وتارو پەیامی خۆیان بە زمانەکانی کوردی و فارسی پێشکەش کرد.**

١- کەسایەتی سیاسی کورد کاک عومەر شێخمووس دۆستی نزیک و هاورێی مامۆستا
٢- ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە
٣- خاتوو مەلەک خان فواد مستەفا سوڵتانی
٤- کاک ناسر ڕەزازی بە خوێندنەوەی قیبلەکەم شاری سنەی سەربەرز هەستی خۆی دەربری.
٥- پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لایەن کاک ڕزا کەعبی
٦- وتاری کاک سارمەدین سادق وەزیری لە لایەن کاک عەزیز ماملێ بە فارسی.
٧- کۆمەڵە ڕێکخراوی حیزبی کومونیستی ئێران
٨- وتاری ئەحمەد ئەسکەندەری کادری دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین.
٩- کەسایەتی ئێرانی کاک دوکتور حوسێن لاجەوەردی بەرپرسی کۆمەڵەی توێژەرانی ئێرانی لە فەرانسە بە زمانی فارسی.
١٠- کاک ناسر حیسامی شاعیری هەست ناسک بە خوێندنەوەی دوو پارچە شێعر هەستی خۆی دەربری.
١١- پەیامی کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی کورد بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە لایەن کاک سەعید بیگزادەوە پێشکەش کرا.
١٢- پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵی
١٣- پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە لایەن کاک ڕیبوار حوسێنی
١٤- پەیامی پارتی ئازادی کوردستان (پژاک) لە لایەن ڕێزان جاوید



سەرچاوە Serchawe

١٥- پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان

١٦- پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک ڕەحیم محەممەدزادە

١٧- وتاری کۆتایی بنەماڵە لە لایەن کاک جەماڵ حوسێنی کوری مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی کە دەربڕی سوپاس و قەدر و پێزانین بوو بۆ بەشداری و هاوخەمی خەڵکی کوردستان لە دەرەوە و نیوخۆی کوردستان و هەروەها سوپاسی حکوومەتی هەرێمی

کوردستانی کرد بۆ هاوکاری و بردنەوەی تەرمی مامۆستا بۆ ناوچەی شاربژێری سولێمانی.

بەشی کۆتایی فیلمێکی دیکۆمێنتی و چەند وتەیەکی بەنەرخی مامۆستا بوون کە بە گشتی ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەری کوردیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نیشان دەدا.

شایانی باسە کە وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی کاک ڕەحیم محەممەدزادە و کاک سەعید بیگزادە و خاتوو گوڵاڵە شەرفکەندی ئەندامانی ڕێبەری حیزب و ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری سوئێد لەم کۆڕیادەدا بەشداربوون و وەفاداری خۆیان و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە خەمخۆرانی مامۆستا ڕاگەیاند و هەروەها لە میانەی ئەم کۆڕیادەدا چاویان بە چەندین کەسایەتی و نوێنەری زۆربەی حیزبەکان کەوت.

---------------------------------------------------

## پەیامی هاوبەشی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لە فینلاند




زۆر بە داخەوە ئەوەی کە چاوەڕێیمان دەکرد رووی دا و مامۆستای زانا و بەلیمەتی و تێکۆشەری لە مێژینەی گەلی کورد مامۆستا شێخ عیززەددینی حوسەینی کۆچی دوایی کرد.

هەر چەند مامۆستا بە جەستە لە ناومان دا نەماوە بەڵام بیرو ئەندیشەکانی، ئامۆژگاریەکانی چرای روونکەرەوەی

خەباتمان...

مامۆستا لەو زانا ئایینییانە بوو کە خاوەنی روانگە و بیرو بۆچوونێکی پێشکەوتوانە بوو.

نەخش و رۆڵی مامۆستا لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی دا وێرای خزمەتی پیرۆزی ئایینی، لە وشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکیش دریخی نەکردووە،هاوکاریو پشتیوانی لە تێکۆشەرانی کورد کردووە.

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتنی نیازی ئاخوندەکان بەرانبەر بە گەلی کورد، مامۆستا وەک پێشرەوەیک هاتە مەیدان و شان بە شانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە دژی رێژیم هەڵوێستی گرت و سیاسەتەکانی ئەوانی لە قاو دا.

نەمری بۆ مامۆستای زانا
ئێمە وەک هێزە سیاسیەکانی کوردستان
سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەر بەرزی مامۆستا و تەواوی ئۆگرانی ئەم زانا بەلیمەتە دەکەین
روحی شاد

**حیزب و ڕیکخراوەکانی کوردستان:**

١- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
٢- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
٣- کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٥- پارتی دێموکراتی کوردستان
٦- بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان
٧- حیزبی دێموکراتی کوردستان

١٢ - ٢ - ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی ٤ حیزبی کوردستانی




**بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان**

**برای بەڕێزم / کاک بابە شێخ حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات - ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشەر**
**برایانی بەڕێز لەدەفتەری سیاسی سازمانی خەبات - ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - دۆست**
**خێزان و کەس و کاری خوالێخۆشبوو (شیخ عزالدین حوسێنی) کەسایەتی شۆڕشگێڕی ئایینی و نەتەوەیی**

**بابەت؛ پرسەنامە...**

**بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە گوێبیستی هەواڵی کۆچی دووایی (شێخ عزالدینی حوسێنی) شۆڕشگێر و تێکۆشەری نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان بووین، ئێمە بەناوی ئەو لایەنە سیاسییانەی لەخوارەوە ئاماژە بەناوەکانمان کراوە، سەرەخۆشی خۆمانتان پێ رادەگەینین و لەخودای گەورە تکاکارین رەحمەتی بەبەهەشتی پان و بەرینی خۆی شاد بکات و سەبر و ئارامیش بخاتە نێو دڵو دەروونی بەرێزتان و خانەوادەکەی بەتایبەتی و گەلی کوردمان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەگشتی.**

**انا لله وانا اليه راجعون**

**ناوی پارت و لایەنە سیاسییەکان:**

**١- مەکتەبی سیاسی پارتی کۆماریی کوردستان**
**٢- مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاری دیموکراتی کوردستان**

٣- دەستەی سەرۆکایەتی حزبی ڕزگاریی کوردستان

٤- مەکتەبی سیاسی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

١٢ - شوبات - ٢٠١١ زایینی بەرامبەر (٢٣ ڕێبەندان - ٢٧١٠ ی کوردی - هەولێر

---------------------------------------------------

## ئەنجوومەنی ڕووناکبیرانی کوردستان




شێخ عیزەدین سیمبولێکی گەورەی ڕێبازی ئازادیی گەلانی ئێران بوو

وەک بەشێکی زۆر لە ئازادیخوازانی ئێران، سەرکردە و شۆڕشگێڕی ناوداری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەهەشتی شێخ عیزەدین حوسەینی ساڵانێکی زۆر بوو ژیانی بە ئاوارەیی و لە دوور وڵاتدا بەسەر دەبرد. ئەو وەک ڕێبەرێکی ڕزگاریخوازی، توێشووی خەباتێکی پڕ لە سەروەریی بۆ کورد و تەواوی ئێرانییەکان لە پاش خۆی جێ هێشت. ئێمە دڵنیاین...

ئەگەر حکوومەتی ئێران گوێی بە هەڵوێست و ڕەخنەی کەسایەتی و پارت و هێزە نیشتیمانییەکانی وڵات بگرتایە، بە دڵنیاییەوە ئێستا ڕەوشی ئێران و ئێرانییەکان زۆر لە ئێستا باشتر دەبوو. هەروەها ئەو وڵاتە نەدەکەوتە نێو ئەم قەیرانەی ئێستایەوە.

شێخ عیزەدین حوسەینی و هەموو ئەو ڕۆڵانەی ئێران کە بە ناچاری و لەبەر هەڵوێستی سیاسی و نیشتیمان پەروەریی خۆیان، پەراگەندەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بوون، نموونەی کەسانی نیشتیمان پەروەر و مرۆڤ دۆست بوون. ئەو پەیامەی ئەوان دەیان ساڵ خەباتیان لە پێناودا کرد و ژیانی خۆیان لە سەر دانا، ئەمڕۆ بووەتە پەیامی هەموو ئێرانییەکان.

ئێمە لە کاتێکدا پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان لە ماڵباتی شێخی تێکۆشەر و هەڤاڵان و دۆست و هۆگران و گەلی کورد و هەموو ئێرانییەکان دەکەین، پێمان وایە رۆژی ئازادیی گەلانی ئێران نزیکە و شەوی تاریکی سەرکوت و چەوسانەوەش کورت بووەتەوە.

ئەنجوومەنی رووناکبیرانی کوردستان

١٦ شوبات ٢٠١١

--------------------------------------------

## کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بەریتانیا




بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی کەسایەتیی بەناوبانگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاایینیی کوردو تێکۆشەری شێلگیری رێگای خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان "مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی حوسەینی"مان بیست.

ناوبراو لەو زانا ئاایینییانە بوو کە خاوەنی روانگەو بیرو بۆچوونێکی پێشکەوتووانە بوو. بە پێچەوانەی هێندێک مەلاو پیاوی ئاایینیی دیکە، نەک هەر دین و ئاایینی نەکردبووە هۆیەک بۆ پشتگوێخستن...

و دوورکەوتنەوە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی، بەڵکوو نێوەرۆک و پەیامی کردبوو بە رێنوێن و هاندەری خەبات دژی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆر.

لەدەست چوونی ئەو کەسایەتییە نیشتمانی و خەباتگێرو ئازادیخوازە بۆ تێکرای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردو تەنانەت

هەموو بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلانی ئێران بە خەسارێکی گەورە دادەنرێ و ناوو یادی بۆ هەمیشە لە دڵی ئازادیخوازانی کورددا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان لە بەریتانیا،بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی، لە بنەماڵەی سەربەرزو کەسوکاری بەڕێزی مامۆستا بە تایبەتی و لە سەرجەم ئۆگرانی ئەو کەسایەتییە خەباتگێڕ و ماندوویی نەناسە و سەرجەم خەلکی کوردستان سەرەخۆشی دەکا.

١- پارتی دێموکراتی کوردستان
٢- یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان
٣- حیزبی دێموکراتی کوردستان
٤- پارتی یەکیەتی کوردی سوریە
٥- پارتی سۆسیالیستی کوردستان
٦- پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردی سوریە
٧- کۆمەلەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٨- پارتی ئازادیی کوردستان PAK
٩- پارتی یەکیەتی کوردستانی
١٠- کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان
١١- پارتی سەربەستی کوردستان
١٢- بزوتنەوەی دێموکراتیکی یارسان
١٣- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
١٤- پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردی سوریە
١٥- ڕێکخراوی خەبات ی شۆرشگێری کوردستان
١٦ کۆمەلە- پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان
١٧ پارتی دێموکراتی کوردستانی باکور

١٤ی فێوریەی ٢٠١١

## کۆمەڵەی دۆستایەتیی کوردستان - ئیسرائیل




**مامۆستا شێخ عیزەدین نموونەی بڕوا بە دۆستایەتیی و ئاشتیی نێوان گەلان بوو**

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی ماڵئاوایی مامۆستا و ڕێبەری گەورە و بیرمەندی مەزنی کوردستان، مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی خەم و پەژارەی خستە ناو دڵی هەموومان. مامۆستا بیرمەندێکی مەزن و ئازادیخوازێکی گەورەی کوردستان بوو کە تا دوا ساتەکانی ژیانی بڕوای بە ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی، چرای ڕێنوێنی هەمووخەڵکی کوردستان بوو. ڕێزی مامۆستا بۆ مرۆڤ و بەها مرۆییەکان بە بێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگەز و ئایین و جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان، نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو ناوچەکە، کەسایەتیەکی جێی ڕێز و ڕێبەرێکی خۆشەویستی لەو سیما ناسراوە خوڵقاندبوو.ئێمە وەک کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردستان - ئیسرائیل پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا و کەس و کار و لایەنگرانی و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین و وەک هەموو جەماوەری کوردستان خۆمان بە خاوەن پرسە و خەمی لە دەست چوونی ڕێبەری مەزنی کوردستان دەزانین.بێگومان بیر و باوەڕ و ڕێگا و ڕێبازی مامۆستا چرایەکی گەشاوەیە کە ڕێگەی ڕێبوارانی ئاشتی و ئازادی و دۆستایەتیی گەلان ڕوون دەکاتەوە و ڕێنوێنی ئێمەش دەبێت لە پتەوتر کردنی دۆستایەتیی نێوان کوردستان و ئیسرائیل. جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە خۆمان و لە هەموو خەڵکی کوردستان بەگشتی دەکەین.

کۆمەڵەی دۆستایەتیی کوردستان - ئیسرائیل

٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی

١١ی فێبریواری ٢٠١١ی زایینی

---------------------------------------------------

## بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ



**هاوخەمی بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ بۆ کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی**

هەواڵی ماڵئاوایی و کۆچی تێکۆشەری ڕاستەقینەی گەلەکەمان بەرێز مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی بوو بە هۆی پەژارەو خەمی ئێمە و هەموو ئەو کەسانەی ئەو بلیمەتەیان دەناسی.

بێشک کەسایەتی سیاسی و ئایینی و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان، مامۆستای ماندوونەناس، یەکێک لەو دەگمەنە مرۆڤانەی کوردستان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناڤین بوو کە بە هیممەت و ئیرادەی پتەوی خۆی هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان و ئێرانی فێری وانەی کوردایەتی و خۆراگری و کاری سیاسی و نیشتمانپەروەری کردووە.

مامۆستا هەر لە هەرەتی لاوەتی‌یەوە بۆ ئازادی نیشتمان و گەلەکەی قۆڵی هیممەتی هەڵماڵیوە و بۆ ئازادی نیشتمانەکەی لە تەمەنی گەنجی‌یەتی دا ڕووی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ - کاف) کردووە و خەرمانەیەک لە ئەزموون و زانیاری لە لای خۆی کەڵەکە کردبوون و لەو خەرمانەیەش بەشی هەموو لایەکی بە دڵفراوانی‌یەوە داوە و جێگەی لە نیو دڵی خەڵک دایە.

مامۆستا لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد را هەنگاوەکانی بۆ ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵەیە و رزگاری گەلەکەی تەرخان کردوو و لەو پێناوە دا سەدان و بگرە هەزاران کەسی لە قوتابخانەی خۆیدا بۆ بەرنگاربوونەوە بە دژی چەوسانەوە و زوڵم و زۆر فێری وانەی بەرگری و ئیمان بەخۆ بوون کردن و ژیان و سەروەت و سامانی خۆی بۆ ڕزگاری گەلەکەی تەرخان کرد. مامۆستای شۆرشگێر و بە هەڵوێستی کورد، هەزاران کەسی لە ئێران و کوردستان بۆ خەبات بە دژی دوو رژێمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئێران هان دا و بوو بە یەکێک لە ئەستێرە گەشاوەکانی ڕێگای خەبات و تێکۆشان و ئامانجە بەرزەکانی

بوونە ئامانجی نەتەوەی کورد.

ئێمە وێرای بەداخ بوون و دەربڕینی خەم و پەژارە و هاوخەمی بۆ لە دەستدانی ئەو مرۆڤە مەزنە، ئاواتەخوازین کە وەک ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕێگای مامۆستا کە ڕێگەی ئازادی و بەختەوەری و یەکسانی بوو درێژە پێبدەین و تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی مامۆستا کە ئامانجی گەلی کورد بوون دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵنەگرین.

یادی مامۆستا هەردەم بەخێر بێ و بە ئاواتی ئەوەی کە بەهەشتی بەرین جێگەی بێ و ئەندامانی بنەماڵەکەیان تەمەن درێژ و سێبوور بن.

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی گیارەنگ

حەمەرەسووڵ کەریمی

٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٠

-----------------------------------------

## بەڕێوەبەریی ماڵپەڕی هەڵوێست

بۆ بەڕێز بنەماڵەی مامۆستا شێخ عیزەدین

خەبەری کۆچی دوایی مامۆستا بەڕاستی تاساندوومانی. بەشێوەیەک توانای جێبەجێ کردنی کارە ڕووتینەکانمان نەماوە و تەنانەت نەمانتوانیوە تا ئێستا خەبەرەکە بڵاو بکەینەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئازیزان، ئێمە دڵنیاین ئیوەی هێژا لە مەکتەبی ئینسانێکی گەورەی وەک مامۆستا بە ژیان راهاتون. هەر ئەو مەکتەبەش مەگەر بتوانی ئەوەندە بەهێزتان بکات کە ئەو کۆستە گەورەیە تەحەمول بکەن. سەرخۆشیتان لێدەکین و شەریکی خەمتانین. ئێمە هێشتاش کاس و گێژین و نازانین چۆن مەرگی مامۆستا تەحەمول بکەین؟

ئێمە دەزانین نەتەوەی کورد چ رێبەر و چ خەمخۆر و چ ئینسانێکی لەدەسداوە، و تووشی چ کەلێنێک هاتوە. ئێمە دەزانین کە پرکردنەوەی ئەو کەلینە چەندە دژوارە و، نەبوونی لەم سات و کاتانەدا کە هەبوونی تێگەیشتوویی، لێبراوی، خۆنەویستی، بەتەدبیری مامۆستا بۆ نەتەوەکەمان و خەباتە رزگاریخوازانەکەی لە هەموو کاتیک پێویسترە، چ خەسارێکە.

بەڵام دڵسارد نین و دڵنیاین رەوتی ژیانی پڕ لە سەروەری و راهێنانی مامۆستا،ئەوەندە شوێنی لە کۆمەڵگەدا داناوە کە نەتەوەکەمان تا گەیشتن بە ئاواتەکانی مامۆستا و هەر دڵسۆزێکی خاوەن بڕوا(مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی) کۆڵ نادات و لەخەبات و تێکۆشان بەردەوام بێت.

یادی رێبەری گەورەوە بە تەدبیری خەباتی جەماوەریی-نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان، مامۆستا شیخ عیزەدین بەر و بەرێز بێت

بەرێوەبەریی ماڵپەڕی هەڵوێست

٢٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٠

----------------------------------------

# کومەڵەی چالاکوانان کوردستان خوارگ




**"سەرەخوەشی لە کوردستانییەیل کەێد**

**وەداخ و پەژارەی فرەیگ لەشوون خزمەتیگ فرە لە بوار سیاسی و ئایینی، خەوەر ماڵئاوایی یەکجاری کەسایەتی ناودار مللەتەگەمان "شێخ عزەدین حوسەینی" ڕەسیە پیمان، وەی بوونە سەرەخوەشی خوەمان ئاراستەی مللەتەگەمان لە چوارپارچەی کوردستان و بنەماڵەو کەس و کاری کەیمن.**

**ئاشکراس ک کەسایەتی ئایینی و سیاسی...**

**ناودار مللەتەگەمان لە رووژهەڵات کوردستان "شێخ عزالدین حوسەینی"، ساڵەیل فرەیگ ژیانی خستە خزمەت مللەتەگەی، ئیسەیش وە ئەرک بان شان گشت کوردیگ نیشتمانپەروەر زانیمن ک لە ڕێ ئازادی مللەت و نیشتمان لە بان ڕێباز کەسایەتییەیلیگ جوور"شێخ عزالدین حوسێنی" وەردەوام بوون و دریژە بیەنە ئەو ڕێە ک ئەوان گردنەێ وەر.**

**جاریگتریش سەرەخوەشی خوەمان ئاراستەی کوردستانییەیل کەیم.**

**کومەڵەی چالاکوانان کوردستان خوارگ**

**١١ - ٢ - ٢٠١١**

------------------------------------------------------------

# پەیامی کەسایەتە سیاسییەکانی کوردستان

## سەرۆک مام جەلال



بۆ بنەماڵەو کەسوکاری کەسایەتی ناوداری کوردستان خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ئایینی و سیاسی ناوداری کوردستان مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی-مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناک و ناخۆشەوە پرسەو سەرەخۆشی گەرمی خۆمانتان ئاراستە دەکەین و لە ناخی دڵیشەوە هاوخەمی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین، خۆتان خۆش بن و هیواداریین ئەمە دوایین ناخۆشی و خەم بێت کە بێتە رێی خانەوادە ناودارو تێکۆشەرەکەتان.

بێگومان کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی خەسارەتێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان، چونکە مامۆستای نەمر هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئایینی پیرۆزی ئیسلام و چەسپاندنی ئاشتی و حەق و دادپەروەری تەرخان کردبوو.

هەزار رەحمەت لە گیانی پاکی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی و داواکارین خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبووریی و ئارامیش بە هەموومان بدات و ئێوەش لە هەموو کۆست و ناخۆشییەکی تر بە دوور بگرێ.
دووبارە خۆتان خۆش بن و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

انا لله و انا اليه راجعون

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

١١ - ٢ - ٢٠١١

١٢ - ٢ - ٢٠١١

---

## مەسعوود بارزانی سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ



سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ سەرساخییێن خوە پێشکێشی مالباتا خوەدێ ژێ رازی (شێخ عزەدین حوسەینی) کر

سلاڤێن خوەدێ ل وە بن. مخابن نووچەیا کۆچباربوونا خوەدێ ژێرازی شێخ عزەدین حوسەینی گهشتە من، ب ڤێ هەلکەتنا خەمگین بەهیداری و سەرساخی پێن خوە پێشکێشی وە دکم و هەڤخەمێن وەینە و هێڤی دارم ژ یەزدانێ مەزن جانێ خوەدێ ژێرازی ب بەهشتا خوە یا فەرەه شابکە و سەبر و هەدارێ ژی بدە هەر ئالی و ئەڤ نەخوەشی یا داوی یا مالباتا وە یا برێز بە.

إن لله وإن اليه الراجعون.

مەسعوود بارزانی سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ

١٢ - ٢ - ٢٠١١

## مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە ئەدیب کەسایەتی دیار رۆژهەڵات



بەڕێز کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عیززەددینی حوسەینی!

بنەماڵەی بەڕێزی جەنابی مامۆستا شێخ عیززەددینی نەمر!

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەو ڕووداوەی ماوەیەک بوو دڵمان لێی دەترسا ڕووی داو کەسایەتیی بەناوبانگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیی کوردو تێکۆشەری شێلگیری ڕێگای خەبات بۆ ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان مامۆستا مەلا شێخ عیززەددینی حوسەینی ماڵئاوایی لە گەل و وڵات کرد.

مامۆستا شێخ عیززەددینی حوسەینی ئەو ڕووحانی یە ڕووناکبیرو ڕووناکبینە بوو کە هەر لە هەرەتی لاوەتی یەوە تێکەڵ بە ڕیزی خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد بوو و بە چوونەڕیزی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێ کاف ڕێڕەوی تێکۆشانی سیاسیی خۆی هەڵبژارد. ئەو کە شانازیی بەشداریی لە ڕووداوە مێژوویی یە زێڕینەکەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا هەبوو، بە ئاوابوونی ئەستێرەی کۆمار ڕێگای کۆماری بەرنەداو لە دژوارترین هەلومەرجەکانی خەبات دا پێوەندیی نیزیکی خۆی دەگەڵ ڕێبوارانی ڕێگای کۆمار درێژە پێ داو بە هەر شێوەیەک بۆی کرا لە تەنیشتیان ڕاوەستاو یارمەتیی پێ گەیاندن.

بە بەرپابوونی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆریی پاشایەتی خەباتی ڕگاریخوازانەی مامۆستا کەوتە قۆناخێکی تازەوەو لە ڕێنوێنی و هاندانی خەڵک بۆ بەشداریی چالاکانە لەو ڕاپەڕینە بەشکۆیەدا نەخشێکی کاریگەری یاری کردو هەر لەوکاتەدا پێوەندی یەکی بەرینی دۆستانەی دەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردی یەکان و تەنانەت سازمان و کەسایەتی یە غەیرە کوردی یەکانیش دامەزراندو چەندی لەدەستی هات بۆ هاودەنگی پێک هێنان لەنێوان لایەنە جۆراوجۆرەکان دا هەوڵی دا.

هاتنەسەرکاری حکوومەتێک بە ناوی دین هەرگیز نەیتوانی نێوەرۆکی دژی ئازادی و دژی کوردیی ڕێبەرانی دەسەڵاتی تازەی ئێران لەپێش چاوی وردبینی مامۆستا شێخ عیززەددین بشارێتەوە. هەر بۆیە خەباتێکی شێلگیری سیاسیی تێکەڵ بە ڕوونکردنەوەی نێوەرۆکی ڕیاکارانەی دروشمەکانی ڕێژیمی تازە، بە دژی کۆماری ئیسلامی دەست پێکرد کە تا بڕستی لەبەردا بوو لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی پێ دا.

بۆیە لەدەست چوونی ئەو کەسایەتی یە نیشتمانی و خەباتگێڕە بۆ تێکڕای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردو تەنانەت هەموو بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلانی ئێران بە خەسارێکی گەورە دادەنرێ و ناوو یادی بۆ هەمیشە لە دڵی ئازادیخوازانی کورد دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بەوبۆنە خەمناکەوە وەک یەکێک لە قوتابی یانی مامۆستا شێخ عیززەددینی حوسەینی کە وێڕای دەرسی زانستی دەرسی نیشمانپەروەرییشی لەلا فێر بووە، پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس وکاری نیزیکی مامۆستاو لە تێکڕای دڵسۆزانی کوردو لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم و خۆم لە خەمی ئەو کۆستە گەورەیەدا بە شەریک دەزانم. سێبووری بۆ ئێوە، شادی بۆ ڕووحی پاکی مامۆستاو بەردەوامی بۆ ڕێبازەکەی،ڕێبازی خزمەت بە کوردو کوردستان و ئاشتی و ئازادی و مرۆڤایەتی.

برای هاوخەمتان

عەبدوڵڵای حەسەن زادە

٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩

١١ی فیوریەی ٢٠١١ی زایینی

-------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا هیجری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سکرتێری گشتیی



ئاگادار کراین کە مامۆستای تێکۆشەر شێخ عیزەدین حوسەینی تێکۆشەری دێرینی ڕێگای کوردایەتیو ئایینی بەداخەوە لە ئاخر ساتەکانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندان کۆچی دوایی کردو دڵی پڕ لە ئەوینی ئازادیو ڕزگاریی نەتەوەکەی لە لێدان کەوت.

فەوتی ئەم بەڕێزە بێگومان خەسارێکی بەرچاو بوو بە تایبەت لە ریزی ئەو ژمارەیە لە مامۆستایانی ئایینی نیشتمانپەروەر کە لە ڕەهەندی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ڕزگاریی کوردو گەیشتنی ئەو نەتەوە مافخوازەی بە ئازادیو ڕزگاری بۆ کۆمەڵانی خەڵک روون کردەوە.

بەو موناسبەتەوە سەرەخۆشیی خۆم لە کۆمەڵگای مەلایانی ئایینیی تێکۆشەری کوردپەروەر کە بە خۆشییەوە ژمارەیان لە کوردستانی ئێراندا زۆرە، ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێز مامۆستاو هەموو دۆستانو لایەنگرانی بیروبۆچوونی ئەو بەڕێزە دەکەم.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتیی

مستەفا هیجری

٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی

---

## موراد قەرەیلان



بۆ بەرێز: سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

دڵگرانین بە کۆچی دوایی مامۆستا و تێکۆشەری گەلەکەمان مامۆستا شێخ عزەدین حوسینی، ئێمە وەک کۆنسەی بەرێوەبەرایەتی کۆما جڤاکی کوردستان سەرە خۆشی لە ئێوەی بەرێز و گەلەکەمان لە هەر چوار بەشی کوردستان بەتایبەت خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان دەکەین.

مامۆستا کەسایەتیەکی ئایینی و سەرکەوتووی نەتەوەیی بوو، بێ ووچان لە خزمەتکردن و تێکۆشاندا بوو بۆ نەتەوەکەی. بەتایبەتی بەشداربوونی...

لە خەباتی نەتەوەیی دا و کارکردنی بۆ لە یەکتری نزیکبوونەوەی هەموو هێز و پارتی و لایەنە سیاسیەکان لە سەر ئاستی هەر چوار بەشی کوردستان و هەڵوێستە بەنرخەکانی لە سەر مەسەلە هەستیارەکان، ئەرکێکی مێژوویی بوو. ئەم ئەرکە و هەموو تێکۆشانەکانی بەرێزی شایستەی شایستەی رێز لێنانێکی بێ پایانن.

وەک نرخێکی پیرۆزی مەعنەوی هەمیشە هێزی لێوەردەگرین و شانازی بە خۆمان و نەتەوەکەمانەوە دەکەین کە خاوەن کەسایەتی بەم شێوەین. شان بە شانی ئەمانە مامۆستا بەردەوام ئەرکی ئایینی پیرۆزیشی پێک هێناوە و ئاینی پیرۆزی بە شێوەیێکی راست خستویەتی خزمەتی دۆزی رەوای گەلەکەمان. ئێمە وەکوو رێکخستنێکی بەرفراوان لە هەر چوار بەشی کوردستاندا وەفاداریمان بۆ مامۆستا و تەواوی شەهیدانی رێگەی ئازادی کوردستان و بەدیهێنانی ئاواتەکانی مامۆستا و بەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی و دیموکراتیانەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە بەردەوامی لە تێکۆشاندا دەبین. لەو باوەڕەداین ئێوەی بەرێزیش خاوەنداریتی لە هیواو داخوازیەکانی مامۆستا بکەن.

لەگەڵ سلاو و ڕێز و وەفاداریمان بۆ ئێوەی بەڕێز

براتان

موراد قەرەیلان

سەرۆکی کۆنسەی بەڕاێوەبەرایەتی کۆما جڤاکی کوردستان

---------------------------------------------

## د.بەرهەم ساڵح



کەسوکارو بنەماڵەی تێکۆشەرو کەسایەتی نیشتمانیی و ئاینی ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا شێخ عزەدین حوسێنی

دۆستان و یارانی مامۆستای کۆچکردوو

بەداخ و پەژارەوە هەواڵی ماڵئاوایی یەکجارەکی مامۆستا شێخ عزەدین حوسێنی-مان بیست، کۆچی مامۆستا کەسەرێکی گەورەی خستە دڵی هەموو کوردەوە لە تەواوی وڵاتی کوردستاندا، چونکە...

مامۆستا سونبلێکی دیاربوو بۆ پێکەوە گرێدانی خەباتی میللیی و خەباتی ئاینی و رۆحی کە ژیانی خۆی بۆ ئەو پەیام و ئامانجە بەرزە تەرخانکرد.

بەوبۆنەیەوە دڵنەوایی و سەرەخۆشیم قبوڵ بفەرموون، خوای گەورە سەبووری ئێوەو ئێمەو گەلی کورد بدات و چیتر

خەموپەژارە نەبینن.

جێی مامۆستا شێخ عزەدینیش بەهەشتی بەرین بێت.

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح

١٣ - ٢ - ٢٠١١

--------------------------------------------------------

## سکرتێری گشتی حزبی رزگاری کوردستان



بەڕێز کاک بابەشێخ حوسێنی

بەڕێزان ئەندامانی بنەماڵەی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی

دوای رێزو سڵاومان!

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای گەورە، ڕێبەری ئایینی و سیاسی ناسراوی گەلەکەمان جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینمان بیست، لەو پێوەندەدا بەناوی خۆم و لە جیاتی هەڤاڵانم لە مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستاندا ...

پرسەو سەرخۆشی لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، خۆمان بە هاوخەمتان دەزانین، هیواخوازین لەسایەی دلۆڤانی یەزدانی مەزندا گیانی ئاسودە بێت، ئێوەش دڵفراوان بە ئارام بن.

بێگومان لە دەست چوونی کەسایەتییێکی گەورەی وەک مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی زیانێکی گەورەیە بۆ بنەماڵەکەی و بزاڤی حەقخوازانەی گەلەکەمان، هەرچەندە ئەو بە درێژایی تەمەنی خۆی سەربەرزانە تێکۆشابوو، بەڵام هێشتا گەلەکەمان و بزاڤەکەی پێویستیان بە لێهاتوویی و ناسراویی بەرێزیان هەبوو، بەوهۆیەشەوە کۆچی دوایی ئەو پیاوە مەزنە، هەموومانی داخبارو تازیەبار کرد.

گیانی ئارام بێت و ئێوەش دڵ سێبور بن.

رێکار ئەحمەد

سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان

١٤ - ٢ - ٢٠١١

--------------------------------------------------

## مامۆستا عەلی باپیر



ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەناوی خۆی و سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامییەوە پرسەنامەیەک ئاراستەی کەسوکاری زانای ناوداری کوردو رۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی دەکات، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەرێز بنەماڵە و خزمانی شێخ عیزەدینی حوسێنی الاسلام علیکم ورحمت لله...

بەبۆنەی کۆچی دوای مامۆستا شێخ عیزەدین بەناوی خۆم و سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامییەوە بەگەرمی سەرەخۆشیتان

لێدەکەم و لەخوای بەخشندە دەپارێمەوە جێگای بەهەشت بێت و سەبووری بەسەردڵ و دەروونی هەموولایەکتاندا برێژێت.

دیارە مامۆستا شێخ عیزەدین یەکێک بووە لەکەسایەتیە دیارو بەرجەستەکانی میلەتەکەمان و ئازارو نارەحەتی زۆری لەپێناو گەلەکەیدا چەشت و ماوەیەکی زۆربوو دووچاری دەربەدەری و ئاوارەیی و ژیانی غەریبایەتی بوو.

هیواداریـن خوای بەبەزەیی بۆی کردبێتە مایەی کەفارەت و ئەجرو پاداشتی دوارۆژ، خوا سەرەنجامی هەمووڵایەکمان خێربکات، دووبارە سڵاو و سەرخۆشیتان لێبێت.

براتان عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

١٦ - ٢ - ٢٠١١

---------------------------------------------

## ئەحمەد ئەسکەندەری



زارم وەکوو هیلال و نەحیفم وەکوو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوتوور
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور!

"نالی"

**مامۆستا خۆشەویستی**

**بۆگەلی کورد پێویستی**

**تێکۆشەری مامۆستا**

**کۆڵنەدەری مامۆستا**

ئەمە دروشمەکانی خەڵکی کوردستان بوون! من کە ئەو شانازیەم هەبووە چەندین ساڵ لە نزیکەوە لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدیندا بم، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد و ناوشاری بۆکان، لە مەیدانی هەڵۆی سەقز، لەسەر باڵکۆنەبەرزەکەی مەیدانی ئازادی شاری سنە، لە ناوشاری بانە و مەریوان و دیواندەرەو لە زۆر گوند و لادێی موکریان ئەم دروشمانەم بیستووە و بیستوومەتەوە...

کە نێلسۆن ماندێلا کەوتە نەخۆشخانە یەکێک لە هەزاران پەیام نووسیبووی: "تکایە جارێ بەجێمان مەهێڵە، ماوەیەکی دیکەیش پێویستی!" ئەم پەیامە چەندە بۆ مامۆستایش لەجێگای خۆیدا بوو.

پاش بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕاگەیاندنی بنەماڵەی مامۆستا لەسەر نەخۆشییەکەی بە کوردی کرمانجی، تێکۆشەرێکی خەڵکی دیاربەکر لە ئیمەیلکدا ئەمەی بۆ نووسیبووین: "ئەو کەسێ دەلال و شێرین، گولا کوردستانێ یە. ئەو مۆراڵ و سەربلندیا کوردستانێ یە."

نێلسۆن ماندێلا ئەڵێت: "سەرێکی چاک و دڵێکی پاک هەمیشە تێکەڵاوێکی ئێجگار زۆر باشن!" ئەو دوو تایبەتمەندییە هەردووکیان لە مامۆستا شێخ عێزەدیندا کۆببوونەوە. مامۆستا بە مێشکێکی پڕ لە زانیاری و بیروهزری پڕبایەخەوە، هاوکات خاوەنی دڵێکی گەورە و پڕ لە خۆشەویستی بوو نەک هەر بۆ میللەتی کورد بەڵکوو بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی. ئەو هەم سیاسەتی بەباشی دەکرد و خاوەنی تیژبینی و هەڵوێستی ژیرانە بوو، هەم لە باری ئایینییەوە لایەنگری تولێرانس، پێکەوە هەڵکردن و ڕێزدانان بوو تەنانەت بۆ کەسانی خاوەن ئایین و بیروباوەڕی جیاواز.

یەکەم دانیشتنی من لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین ٣٢ ساڵ پێش ئێستا لە مەهاباد بوو ماوەیەکی کورت پاش رووخانی ڕژیمی شای ئێران. لەگەڵ هاوڕێیەکی سەقزی سەردانمان کردو کاتێک گەڕاینەوە و هەتا ئەمڕۆیش ئەم وتەیەی مامۆستا لە گوێمدایە کە گوتی: دەبێ گرینگی بدەن بە مەسئەلەی کوردستان و خەبات لە دژی ستەمی میللی و ئەوەی کە ئاسۆی سیاسی زۆر بەرینترە لە ئاسۆی ئایین. یان هەر وەکوو خۆی فەرمووی؛ "افقی سیاسی زۆر وەسیعترە لە افقی مذهبی!"

مامۆستا وەکوو فەیلەسووفێک باسی ئینسان، ژیان، خودا و بەهەشت و کائینات و خەبات و مافخوازی دەکرد؛ کە قسەی دەکرد و بەڵگەی دەهێنایەوە بیری لەوە نەدەکردەوە ئایا ئەم دەربڕینە لەباری سیاسییەوە قازانجی لێدەکات یان نا، بیری لەوە دەکردەوە ئەوەی کە دەیڵێت چەندە لە حەقیقەتەوە نزیکە، چەندە خزمەت بە خەڵک و بە ئامانجەکەی دەکات... مامۆستا رووناکبیرێکی بەتەواوی مەعنا بەدەربەست بوو. ئەم بەدەربەست بوون و شێلگیربوونەی لای هێندێک کەسی کورتبین بەواتای توندڕەوی دەهاتەوە!

کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی ئەو کەسە ژیر و دووربینە بوو زۆر زوو هەستی کرد کە مامۆستا خۆشەویستە و بۆ گەلی کورد پێویستە! پاش فەرمانی جیهاد و هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان، بیرۆکەی پارێزگاری و ئاگالێبوون لە مامۆستا و دواتر دوروستبوونی دەفتەری مامۆستا، لەلای کاک فوئادەوە هات. منیش یەکێک لەو کەسانەبووم کە شانازی ئەوەم پێبەخشرا لەو دەفتەرەدا و زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ مامۆستادا کاربکەم.

هەر لەو ساڵانەدا هەوڵێکی زۆر درا کە حیزبێک دابمەزرێت و مامۆستا ببێتە سەرۆک، بەڵام سەرەڕای هەوڵدانی کەسانێکی زۆر مامۆستا تەسلیم نەبوو؛ ئەو پیوابوو حیزب لە کوردستان هەیە و پێگەی ئەویش بۆیە نابێت ڕێکخراوی سیاسی پێکبهێنێت و هەڵبەت بەو زیرەکی و تیژبینییە تایبەتییەی خۆیشییەوە دەیزانی ئەو حیزب یان ڕێکخراوەیە زۆری پێناچێت کە بە نێوی مامۆستاوە کاردەکات بەڵام بەبێ بیرو بۆچوون و هەڵوێستەکانی ئەو! زۆر بە ڕاشکاوی دەیگوت ئەمن حیزبم بۆ بەڕێ ناچێت!

بەرامبەر بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان مامۆستا بێلایەن بوو بەڵام بەرامبەر بە ژیانی سیاسی و ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران بێ هەڵوێست نەبوو! ئەمە بوو خاڵی سەرەکی کێشەی هێندێک لایەنی سیاسی و ئایینی لە کوردستان لەگەڵ مامۆستا! لایەنی وا هەبوون کە پێداگرییان دەکرد مادام مامۆستا فلانە هەڵوێستی ئەوانی قبووڵ نییە، ئەوە بێلایەنییەکەی تێکدەچێت! بەڵام ڕاستییەکە ئەوە بوو کە ئەو نەیدەتوانی لەبەرامبەر سیاسەتی ناڕەوا و هەڵوێستی چەوتدا بێدەنگ دابنیشێت.

مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێز و حورمەتی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانیشی دەگرت، لایەنگری بیروبۆچوونەکانی خۆی بوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مامۆستا بەقووڵی باوەڕی بە ئایین هەبوو. سەربەرزی و سەربەستی کوردستان ئاواتی بوو، لە کۆمەڵگادا لایەنگری چینەچەوساوەکان بوو، خوازیاری دیموکراسی و مافی بەرابەری ژن و پیاوبوو، دژ بە هەرچەشنە دیکتاتۆرییەک بوو لەوانە دیکتاتۆری ئایینی. نزیکی و دووری هێزە سیاسییەکان بەم باوەڕانە بوو دیاریدەکرد

مامۆستا چەندە لەوانەوە دوور یان نزیکە.

فرانسوا میتران سەرۆکی پێشووی فەرانسە لە باسێکدا وتوویەتی جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ڕێبەرایەتی کردن وەکوو ئەرک و ئەوەی کە ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بنوێنێت. مامۆستا قەت بەدوای ئەرکی ڕێبەرایەتییەوە نەبوو. هەموو کۆششی ئەوە بوو کە ڕێ نیشاندەر و ڕێنوێن بێت. زۆرجار لە گێڕانەوەی دیدار یان گفتوگۆی بە تەلەیفون لەگەڵ بەرپرسان و ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا لەگەڵ گوێگرتن و ڕێزدانان بۆ بیرو بۆچوونیان، دەیفەرموو ئەوە و ئەوەشم پێگوتن و بەم چەشنە ئەو ڕۆڵە تایبەتییەی دەبینی کە دوای مامۆستا شێخ عێزەدین بە داخەوە جێگاکەی لە کاتی ئێستادا خاڵی دەبینم! هەر بۆیە منیش وەکوو ئەو منداڵەی پەیامەکەی بۆ ماندێلا نووسیبوو لە کاتی نەخۆشییەکەی مامۆستادا لەم شارە لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "تکایە جارێ بەجێمان مەهێڵە، ماوەیەکی دیکەیش پێویستی!"

مخابن ماسمێدیای ئورووپا لەم ساڵانەی دواییدا کە لە سوید دەژیا، مامۆستایان نەناسی و نەیان ناساند. من بەشبەحاڵی خۆم هەوڵی زۆرم دا؛ بەڵام ئەگەر مامۆستا توندڕەوێک بووایە کە قسەکانی بوایەتە هۆی بارگرژی و بانگەوازی توندوتیژی لەوانەبوو زۆر لە نزیکەوە باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابایە. کریس کوچێرا نووسەر و ڕۆژنامەنووس و دۆستی کورد و دۆستی مامۆستا، جارێکیان لەپاریس پێی گوتم بۆچی بۆخۆت دانانیشیت، لەسەر ژیان و خەباتی پرسیاری لێبکەیت و تۆماری بکەیت! منیش هەڵبەت ئەوەندی بۆم گونجا ئەوکارەم کرد.

مامۆستا دڵێکی زۆر گەورەو فراوانی هەبوو؛ هێندێک پرەنسیپی هەبوو کە ئەگەر لەگەڵ ئەوانەدا بهاتایەوە و زانیبایەی کە هەنگاوێک بۆ پێشکەوتنی خەباتی گەلی کورد و بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەگریت، ئیتر زۆر بەلایەوە گرینگ نەبوو سەربە کامە بیروباوەڕ و دین و ئایینیت...

هێندێک تایبەتمەندی کەسیەتی هەن کە دەتوانن بێ وێنە و تاقانە بن. مامۆستا قەت هەوڵی نەدا جێگا بە کەسی دیکەدا لێژبکات؛ هەڕەشەیەک نەبوو بۆ هیچ سەرۆکێکی سیاسی لە کوردستان، تەنانەت بۆ هیچکام لە پیاوە ئایینییەکانیش... تەنانەت لەگەڵ نەیاران و کەسانێکیش کە بیروبۆچوونەکانی ئەویان قبووڵ نەبوو، چاک هەڵیدەکرد و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن.

دیدارەکەی مامۆستا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی بی بی سی فارسی نیشانیدا کە چەندە ژمارەی ئەو کەسانە زۆرن کە لەگەڵ بیرو بۆچوون، ئاوات و ئارەزووە تازەو کۆنەکانی ئەودا هاودەنگن. ئەم دیدارە کە پاییزی رابردوو بەڕێوەچوو دەنگدانەوەی لە

کوردستان بەجێگای خۆی، هەر لە خوزستان و بلوچستان و تارانەوە بگرە هەتا ئورووپا و کانادا و ئەمریکا، بە شێوەی جۆراوجۆر کاردانەوەکەیمان بیستەوە...

ئاوات و ئارەزووەکانی مامۆستا ئاوێنەی باڵانوێنی هەمان خواست و ویستی گەلی کوردە. لە رۆژهەڵات ببووە خاڵی باڵانس راگرتن و لێک نزیکبوونەوەی هێزەسیاسییەکان و مەکۆی راوێژکاری و پێکەوە هەڵکردن. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش - کە زۆر بەپەرۆشەوە، بە وردی و لەنزیکەوە ئاگاداری رەوتی رووداوەکان بوو - لەو پەڕی ڕێز و حورمەتدا بوو و ڕێبەران و تێکۆشەران و رووناکبیران بەردەوام دیدار و ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرد. مامۆستا ئەو گۆرانییەی رەزازی پێخۆش بوو - لە شێعری ڕێبوار - کە دەڵێت...

لەسەر ئارێزەوە با بڕوانم
بۆنەکەی خۆشە دەگاتە گیانم...
گردی سەیوانی سنە کوچکە ڕەشە

-----

تێکۆشەرێکی هەژاری کوردم...
هیچ پەشیمان نیم لەوەی کە کردم...

ئەو ئارەزووی بوو ئەگەر لەسەر ئارێزەوە ناتوانێت بڕوانێتە وڵاتەکەی، بەتایبەت پاش رووخانی رژێمی سەددام زۆری پێخۆش بوو بۆی بگونجێت لەسەر ئەزمەڕ و پیرەمەگروون و قەندیلەوە بڕوانێتە وڵات، بەڵام مخابن سەرەڕای هەوڵدانی زۆر و چەند لایەنەمان، کارئاسانی بۆ ئەو سەفەرە نەکرا و دیداری باشووری کوردستان وەکوو ئاواتێک لە دڵە گەورەکەیدا مایەوە. سەرەڕای ئەوەش لە بۆنە جیاوازەکاندا هیچ سڵی لەوە نەدەکردەوە پیرۆزبایی خۆی پێشکەشی سەرۆکایەتی سیاسی کوردستان و حکوومەتی هەرێم بکات یان بەشداری خەم و کارەساتەکان بێت و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بخوازێت.

مامۆستا هەم لێزان و زیرەک بوو، هەم هێمن و مەند و لەسەرەخۆ و بەڕێز. ئەو لە کەسایەتی خۆیدا مێژوو، دەسکەوت، ئیلهام و شانازی میللی تێک ئاڵاندبوو.

من زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ڕێگای ژیانم لە ساتەوەختێکی مێژووییدا کەوتە سەر بەشێک لە ڕێگای ژیانی مامۆستا

شێخ عێزەدین و ئەو شانازییەم پێبڕا کە زۆر لە نزیکەوە بیناسم و لەگەڵی ئاشنابم. من هەتا ماوم بیرەوەرییە خۆشەکانی مامۆستام لەلا ئازیز و خۆشەویست دەبن و بەردەوام یەکێک لە هۆگرانی شێلگیری کەسێک دەبم کە لە زۆر بواردا نزیکەی وەکوو باوک ڕەفتاری لەگەڵدا کردووم.

لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانیدا لە نەخۆشخانەیش سیمای بیرمەند و تێکۆشەرێکی کوردت دەبینی کە بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ڕاکشاوە و هیچ پەشیمان نییە لەوەی کردوویەتی.

کەوابوو لێرەدا و لەبەردەم بنەماڵەی سەربەرزیدا، لەبەردەم خزمان و دۆستان و هۆگران و شتایشگەرانیدا ئەڵێم ماڵئاوا ئەی ڕێبەر و ڕێنوێنی بەرجەستە ئەی مرۆڤی هەتا سەر ئێسقان مرۆڤدۆست.

ئەو ڕێبەرێک و کەسایەتییەک بوو کە هەموو میللەتەکەی هیواو ئومێد و باوەڕ بە دوارۆژی روونی لێوەردەگرت.

مامۆستا خۆشەویستی، بۆ گەلی کورد پێویستی!

ئووپسالا - سوێد ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ واتە ١٣ - ٢ - ٢٠١١

ئەحمەد ئەسکەندەری

-----------------------------------------------

## بنەماڵەی مستەفا سوڵتانی



وەک خوێنەرانی هەڵوێست ئاگادارن رۆژی یەکشەمەی ڕابردوو بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدینەوە و بۆ یاد و رێزگرتن لەم رێبەرە ئەمەگناس و کۆڵنەدەری بزووتنەوەی جەماوەری - نەتەوەیی رۆژهەلاتی کوردستان، لە شاری ئوپسالای ولاتی سوئێد رێورەسمێکی پرشکۆ بە بەشداریی سەدان کەس بەرێوە چوو، کە کە ڕاپۆرت و وێنەی ئەو مەراسمە هەر ئەو رۆژە لە هەڵوێست بڵاوکرایەوە.

لەو رێورەسمەدا ژمارێکی زۆر حیزبی سیاسی و ناوەندی مەدەنی و کەسایەتی پەیامی سەرخۆشیان پێشکەش کرد. یەکێک لەو پەیامانەی کە لە کۆڕەکەدا خوێندرایەوە و لە لایەن بەشدارانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، پەیامی بنەماڵەی سەربەرز و نیشتمانپەروەری مستەفا سوڵتانی بوو کە لەلایەن خاتوو مەلەکە مستەفا سوڵتانیەوە خوێندرایەوە. مالپەری هەڵوێست دەقێکی ئەو پەیامەی بەدەست گەیشتوە کە خوێنەران دەتوانن لێرەدا بیخوێننەوە:

بەشداربوانی بەرێز سڵاوێکی گەرم!

خۆم زۆر بە بەختەوەر ئەزانم کە لەلایەن بنەماڵەی مستەفا سوڵتانییەوە ئەو ئەرکەم پێ سپێردراوە و شانازی ئەوەم پێبڕاوە کە لەم ڕێوڕەسمە شکۆدارەدا و بۆ ڕێزگرتن لە یادی مامۆستا شێخ عزالدینی ئازیز و پایەبەرزدا قسەبکەم.

مامۆستا شیخ عزالدین حسینی رابەری سیاسی گەلی کورد، مایەی شانازی و سەربەرزی هەموو میللەتی کورد، ڕاستە بۆ هەمیشە بە جەستە بە جێ هێشتین، بەڵام بیرو بۆچوونەکانی، ئامۆژگارییە حەکیمانەکانی و ڕێبازی خەباتگێڕانەی بەردەوام لەگەڵماندا دەمێننەوە.

مەرگی ئەو رابەرە تێکۆشەر و کۆڵنەدەرە، دیسان خەم و پەژارەیەکی یەکجار زۆری خستوەتە دڵی هەموومانەوە.

ئیمرۆ لە دەور یەک کۆبووینتەوە تا رێز لە خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی مامۆستای زانا و بیرمەند، قەڵای ڕاوستان، تیکۆشەریرزگاری بی بەشان بگرین.

مامۆستا کەسایەتێکی لیبڕاو و خاوەن هەڵویستی شۆرشگێڕانە، لە ناخی دڵیەوە ڕێز و ئیحترامی بۆ هەموو ئینسانەکان بە بیر و بووچون جیاوازەوە هەبوو. تەفسیری مامۆستا وەک رەهبەرێکی ئاییینیش لە دین و مەزهەب خزمەت بە بشریت و ئینسان دۆستی بوو.

مامۆستا قەت قەت دوودڵی و ڕاڕای بە خۆ رێنەدا و تا دواین کاتەکانی ژیانی زۆر بە ڕاشکاوی لە ئازادی و عەداڵەت بەرگری کرد و لە بەرانبەر سیاستە جنایتکارانەکانی جەمهوری ئیسلامی دا وەک پۆڵا ڕاوستا.

مامۆستا لایەنگری بێ ئەم لاو ئەو لای ئازادی و بەرابەری ژنان بوو. بەمەبەستی دەربەڕینی بێروڕای پێشکەوتووانەی خۆی لە هەموو فرسەتێک کەڵکی وەر ئەگرت. لە شاکارە جوانەکانی مامۆستا لەم عەرسە دا وتووویژەکانی لەگەڵ رادیو زاێڵە و بی بی سی فارسییە. لەو وتووویژانە دا زۆر بە ڕۆشنی بیر و بۆچوونەکانی خۆی بۆ جارێکیتر دووپات کردوەتەوە.

مامۆستا لایەنگری مافی میللەتان، لایەنگری جیایی دین لە دەوڵەت و لایەنگری رزگاری ئینسان لە هەر چەشنە زۆڵم و چەوسانەوەێک بوو.

جێی خۆیەتی ئاماژەی پێبەکەم کە بە درێژای ٣٢ ساڵی رابردوو مامۆستا شێخ عزالدین حسینی یەکێک لەو کەسانە بوو کە دەرحەق بە بنەماڵەی هەموو گیانبەختکردوان بە گەشتی و بنەماڵی ئێمە بە تایبەتی زۆر لوتف و بزرگواری هەبوو. لە دیدارەکاندا بەو پەڕی خۆشەویستەوە هیز و توانا و سەبووری پێ دەبخشین. مامۆستا زۆر رێز و حورمەتی تایبەتی بۆ باوک و دایکی چەند جار جەرگ سۆتاومان هەبوو.

لەم ڕۆژەدا و بۆ مێژوو ئەڵێم کە مامۆستا شێخ عزالدین تەنیا رێبەرێکی بزوتنەوی رزگاریخوازی کوردستان بوو کە لەکاتی سەفەرکەیان بۆ ناوچەی مەریوان، تەشریفیان هێنایە ئاوایی ئەڵمانە و چووە سەر گڵکۆی کاک فوئاد و براکانم و ئازیزەکانی دیکە و ڕێزی لیان گرت. ئەو هاودەردی و بزرگواریە قەت لە بیر ناچیتەوە.

تیاماوم و نازانم پرسە و سەرخۆشی خۆم لە پێشدا ئاراستەی کامە چین و توێژی کۆمەڵگای کوردەواری بکەم. لە ژنان یا لە خەڵکی مەحروم و زۆڵم لێ کراوی کوردەواری، لە بنەماڵە جەرگ بڕاو و ڕۆڵە کوژراوەکان، یا لە بنەماڵەی سەر بەرزی مامۆستا.

بژی بیر و بۆچوونەکانی مامۆستا

یادی ئازیزی مامۆستا لە دڵی بنەماڵەی دڵبریندار مستەفا سۆڵتانی دا هەتا هەتایە بەرز و بەرێزە

لە لایەن بنەماڵەی مستەفا سۆلتانیەوە مەلەکە

بیست و چواری ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ١٣ - ٢ - ٢٠١١

**ماڵپەڕی هەڵویست**

---

## سید ڕئوف حوسینی




**پەیامی هاوخەمی**

خوا فەرموویەتی: فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوت كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ

بە بۆنەی کۆچی دوایی گەورە و ڕەهبەری خۆمان و گەلە قارەمانەکەمان (گەلی کورد)، غەمخۆری ئازادی تەواوی گە لانی جیهان، تێکۆشەرو خەباتگێڕی دێرینی بزاوی ئازادیخوازیی گەلەکەمان و تەواوی گەلان. قارەمانی یەکەمی مەیدانی

تەزاهوراتی شارانی کوردنشین، دژ بە ڕێژیمی ستەم پیشەی بۆگەنی شاهەنشاهی پەهلەوی، زانا و داناو بلیمەت و شارەزا و مامۆستای عیلمو عیرفان و مافی ئازادیی مرۆڤ، لایەنگرانی ئازادیو مرۆڤایەتی سەردەمی عەسری عەولەمە و مرۆڤایە تی... بە دوو ڕەگەزەکەیەوە. کەسایەتی ناودارو خۆشە ویستی ناو هەموو چین و کۆمەڵی کوردەواری، سیاسی، حیزب و سازمانەکانەوە، جەنابی مەرحوم عەلامە فەیلەسوفی سەردەم، مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی.

لە لایەن خۆم و بنەماڵەمانەوە لە ناخی دڵمانەوە بە پەرۆشێکی زۆرەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمانتان بە سیدزادە خانمی موحتەرەمیی و هەموو ئەفرادی ئەوخانەوادە بەرێزە، وابەستەگان و تەواوی گەلی کورد و ئازادیخوازانی جیهان ڕادەگەیەنین و پیشکەش دەکەین، لە غەمی ئەو بزورگەوارە گەورە دا شەریکتانین. کە قورساییەکی گەورەیە لە سەر دڵی هەمووومان بەڵام چونکە تەقدیرکراوێکی ئەزەلییە و شێلگیرە دەبێ پێی ڕازیبین، بەو بۆنەوە داوای شادبونی ڕۆحی ئەو شادرەوانە لە خوا بۆ بەهەشتی بەرین ئەکەین و سەبرو خۆڕاگری لە سەری بۆ خۆشمان، هەروەها هەموو لە خوا داواکارین کە خەبات و ماندوو بونی بە درێژایی هەوڵدانەکەی بۆ میلەتوو گەلە بەشخوراوەکەی بکاتە زەخیرە بۆ جەزای کۆتایی و دواڕۆژی، سەبروو خۆڕاگریش بۆ هەمووان بە ئاوات دەخوازین.

ئەو گەوهەرە پڕنورە لە دەستچووە، ئەو پێشەوا دڵسۆزە بە ئەمەکە بۆ گەل و میلەت و گەلانی جیهان بەگشتی، ڕێبەرو ڕێپیشاندەرێکی بیرمەندوو تازە فیکرە تازە کە ڕەوەی جیهانی ئیسلامی، ڕەوشەنکەرەوەی میلەتی کوردی موسوڵمان بوو، کە بەو بیرە تازەوە بووە چرای ڕەوشەنکەرەوە بۆ گەلە بەش مەینەتەکەی، کە ساڵهای ساڵبوو بە زۆر شێوازی بیروو ڕای جیاواز دەچەوسانەوە بە دەست هەموو دەرەبەگ و مفتە خۆرو فوئدالو شێخایە تیو جۆرەها خورافات و پۆخڵەواتێک کە هەر هەموو ئەمانە لە ژێر پەردەی ڕوکەشی نابەجێ کە بە سەر ڕاستی ئیسلام و دینەکە دا کێشرابوون و بەو ناوەوە خەڵکیان پێدەچەوساندنەوە، کردبویاننە بەندە و بەردەی خۆیان، کە مامۆستای خەمخۆریان لێی لە چەپڵە دانو بانگەوازی بە تاڵی هەموو ئەو خورافاتانەی بەیانکرد و ڕاگەیاند. کە ئەو تاقمانە هەر هەموویان وەک چەقڵی چاوی خۆیان حیسابیان بۆ دەکرد، مامۆستا بە تەواوی ماعنا لە ناوچەی موکریاندا ڕاستی دینی پیرۆزی ئیسلامی ڕاگەیاندوو لەو خورافاتانە پاکی کردەوە، بیرو باوەڕێکی خوادا پەرستی یەکتا، دوور لە هەموو شەریک بۆ خودا قەراردانێک و بیرکردنەوەی پڕوپوچ ڕاگەیاندو خەڵکانی زۆری لە سەر ئەو ڕێڕە وە ڕاهێناو گۆشکرد کە تاهەتایە ئەو ڕێبازە لە دوای کۆچی مامۆستا بە زیندویی دەمێنێ، ڕۆحت شاد و پڕ نوربێت.

مامۆستا لەڕاستیدا کە سایەتیەک بوو لە ناوگە لە کەیدا وەک شێخ محمد عبده و جەمال الدین ئەفغانی و ئەو کەسایەتیە تازەکە رەوانەی دین کە زۆر کەمیابن لە دونیادا، کەپێیان دەوترێت موجەدیدی دین ( تازەکەرەوەی دین )، ئەو کەسایەتیە



سەرچاوە
Serchawe

ناوداره بەریزه کە لە سەدەی بیستەمدا لە کوردستان هاتە مەیدانی موبارەزەوە، دەبێ بڵێین کە لە هەموو بوارەکاندا بێ وێنە و بێنە زیر بووه بە تایبەت لە ناوچەی موکریاندا کە مەشیخەت و دەرەبەگایەتی ببووە مۆتەکەی ترسناک و باڵی بەسەردا کیشابوون.

دوباره سەری ڕیزو نەوازش بۆ ڕۆحی پاکی ئەو بلیمەتە و تەواوی هاوبیرانی رابووردویی دادەنەوینین و هیوادارین شاگردانی و ڕێڕەوانی ئەو مەکتەبە و بیروباوەڕە پاکەئیدامەی پێبدرێت و بیکەنە پەیڕە و پرۆگرامی خۆیان. سڵاو لە ڕۆحی پاکی و شەهیدانی کورد و کوردستان.

انا لله و انا اليه راجعون

سید ڕئوف حوسینی

١٣ - ٢ - ٢٠١١

-----------------------------------------------------

## ڕەزا کەعبی - ڕەئووف کەعبی




بەجێی هێشتین بەڵام لە دڵماندا هەر زیندووە

ماڵئاوایی ڕێبەری زانای سیاسی، کەسایەتیی بیرمەند و سیمبولی ورەی پۆڵاینی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان، بەڕێز جەنابی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی، ئێمەشی وەک هەموو عاشقانی ئازادی و عەداڵەت و مرۆڤدۆستی، خستە ناو خەمێکی قووڵەوە.

ژیانی لێوانلێو لە خەبات دژی هەر چەشنە ناعەداڵەتی، پشتیوانی لە ماف و ویستی عادیلانەی خەڵک و پێداگری لەسەر باوەڕەکانی، پێگەیەکی تایبەتی پێ بەخشی و بە راستی وەک سیمبولی ئازادیخوازی و کەرامەتی مرۆڤ و رێز لە فرە چەشنیی لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێراندا ناسراوە.

مامۆستا کە زانایەکی بیر کراوەی ئایینی بوو، هەر لە سەردەمی لاوێتیەوە و هەتا ئێستاش، هەر لە بەشداری و هاوڕێیەتی و پشتیوانی لە بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی کوردستان هەتا رێبەرایەتیی فیکری و مەعنەویی ئەم خەباتە، رێگەیەکی بڕی کە تێیدا گەلێک جاران و زۆربەی جار بە گرفت و لەمپەر و گوشار و ئازار و نەهامەتی تەنرابوو. خۆڕاگریی و بەرخۆدانی مامۆستا لە پێناو وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەری لە ستەم، شیاوی ستایش و بێگومان بۆ هەمووان ئولگوویەکی بەرزە. بە بنەما کردنی روحی یەکتر قەبووڵ کردن و دیالۆگ و پابەند بوون بەو بنەمایانە، هەوڵ بۆ نزیک بوونەوە و هاوکاریی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێداگریی لەسەر جیایی دین لە دەوڵەت، پشتیوانی لە نەهێشتیی هەڵاواردن لە نێوان ژن و پیاو و بەتایبەت سوور بوون لەسەر بە رەسمی نەناسینی رژیمی ئیسلامی و خەباتی بێوچان لە دژی ئەو رژیمە تا دوا ساتەکانی تەمەن، لە تایبەتمەندیە بەرچاو و گەورەکانی مامۆستایە کە لە بیرەوەریەکاندا بۆ هەمیشە تۆمار بووە و دەمێنێتەوە.

نەمانی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، خەسارێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و هەموو ئێران لە رێگەی گەیشتن بە ویستی پڕ بەهای ئازادی. ئێمە وێڕای هاوخەمی و هاودەردیمان لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی، رێز لە پێگە و رۆڵی مامۆستا و خەباتی بێوچان و بەردەوامی دەگرین و لە بەرامبەر ئەم کەسایەتیە گەورەیەی سەردەم، سەری رێز و نەوازش دادەنەوێنین.

یادی بەرز و بەڕێز بێت

رەزا کەعبی

رەئووف کەعبی

۲۳ی رێبەندانی ۱۳۸۹ = ۱۲ی فێبریواریی ۲۰۱۱

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## شێخ محمد شێخ عبدلکریم کەسنەزانی




**سەرۆکی تەریقەتی قادری کەسنەزانی**

**بۆ خانەوادەی پایەبەرزی کورد مامۆستا شێخ عزالدین حسینی**

**بەداخ و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبومان پێ گەیشت، هاوخەمی خۆمان دەردەبرین بۆ ئێوەی بەرێز و خۆشەویست و هاوبەشی خەمتانین. ئەو پایەبەرزە لە هەمومان رۆیشت داواکارین لە خوای...**

**بەخشندە و میهرەبان بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکا. لەگەڵ خۆشەویستانی خۆیدا سەبر و ئارامیش بخاتە دڵی ئێوە و هەموو خۆشەویستانی خوالێخۆشبووەوە.**

**((بسم الله الرحمان الرحيم. اناالله و انا اليه راجعون))**

**براتان**

**شێخ محمد شێخ عبدلکریم کەسنەزانی**

**سەرۆکی تەریقەتی قادری کەسنەزانی**

**١٨ - ٢ - ٢٠١١**



سەرچاوە
Serchawe

## عبدولقادر فەتحیان ناسراو بە مامە قالە شۆڕش بانەیی



بەڕێزان ئەندامانی بنەماڵەی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی السلام وعلیکم!

بە داخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای گەورە و زانا، ڕێبەری سیاسی و ئایینی ناسراوی گەلەکەمان جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینمان پێ گەیشت. بێ گومان لە دەست چوونی ئەو مرۆڤە خۆنەویستە شۆڕشگێڕە خەسارێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلەکەمان و کەلێنێکی مەزنە لە ڕیزەکانی جوڵانەوەی گەلی کورد دا.
لە لایەن خۆم و بنەماڵەکەمانەوە، خاتوو فاتمەی هاوسەرم، جەمال و مستەفای کوڕم و شەهلا خاتوونی بوکمەوە، پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوەی ئازیز و خۆشەویست و هەموو گەلی کوردستان دەکەین، ئاواتە خوازین خوای گەورە سەبوریتان بدات و مامۆستاش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله و انا الیەراجعون

لەگەڵ ڕێزی بێ کۆتاییم

عبدولقادر فەتحیان ناسراو بە مامە قالە شۆڕش بانەیی

٢٣ی ڕێبەندانی ساڵی ٢٧١٠ کوردی

بەرامبەر بە ١٢فورییەی ٢٠١١ی زایینی

-----------------------------------------------

## بێبەش پیرۆتی (شاعیر)



**میرات بۆ مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی**

یەعقوبی زەمان بوو دوور لە کەنعان. وتە و کەلامی هەمیشە مژدەی نەمانی جەور و، تەوری ببری داری هیوا براوی و دۆش داماوی بوو.

پیر پیر ببوو وەک خەزایی و هەروەک خەزاییش تا دوا نیگای روانییە چوارچرا تا بەڵکوو جارێکی دی کورد و کۆمار و پێشەوا لە نێو کوردستانی کەیلی نوور و خاکی پر لە گوڵاڵەی سوور بەدی بکا.

شێخ بوو، شێخی مەست مەست لە بادەی حەقیقەت، دوور بوو دوور لە دەروێشانی سەر و ریش پەرێشانی بەرماو خۆری بەر دەرگای بیر ژەنگاوییەکان.

کورد بوو، بە هەوای هەستی بەرزیی دەکەوتە فرین و دری بە لەشکری داڵەکانی نێو سک پر لە زبڵی گەنیو دەدا.

گەشتیاری بێبەش لە یاریی بەخت بوو، تا دوا گەڵای دەرختی عومری وەری هەر رێی بری وپەری ئاوات خۆی لێنەدا.

لە دوای خۆی دەریایەک نوری باوەر و کوێستانێک کۆڵنەدان و کوردستانێک حەز و ئاوات و ناوی شێخ عیزەدینی حوسینی بە جێهێشت.

٢٢ی رێبەندانی ١٣٨٩

بێبەش

## شاهۆ گۆران




**نووسەر و کوڕی مامۆستا گۆرانی شاعیر**

دڵتەزێنەش، سەبر و ئارامی ببەخشێت بە بنەماڵە و خزم و کەس و کاری و هەموو کورد و ئێرانییەک کە مامۆستایان خۆشیان ئەویست.

انا لله و انا الیه راجعون

لە تایبەتمەندییە واڵا و هەرە بەرجەستەکانی مامۆستا شێخ عێزەدین ئەوە بوو بە دیدێکی روون لایەنی حەق و عەداڵەت و ئوسولی ئەگرت و حکومەتە دیکتاتۆرەکانی بە هیچ وەردەگرت. مامۆستا سەربەست و سەرفەراز ژیا و سەربەست و سەربەرزیش گەلەکەی جێهێشت. بێگومان ئەو رۆژە دێت کە خواستەکانی گەل، ئازادی و ئیرادە و دیموکراسی بێتە دی.

شاهۆ گۆران

نووسەر و رۆژنامەنووس

١٢ی فیبرایری ٢٠١١

-----------------------------------

## قادری خەندەڕەش



لەمێژینەی کە خۆی لە ڕزگاری کوردستان دا دەبینیەوە بگات، سەرئەنجام لە دوورە وڵاتی و دوور لە زێد و نیشتمانەکەی سەری نایەوە و ماڵاوایی یەکجاری لە گەلە بەشخوراوەکەی کرد.

وەفاتی ئەو کەسایەتییە خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەرە خەسارێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی.

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکار و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم. خوای پەروەردگار سێبووریتان بدات و کۆچکردوش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

قادری خەندەڕەش

ئۆسلۆ

٢٦ی ڕێبەندانی ٢٧١٠

--------------------

## خانمی مریەمی رەجەوی



بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئاگادار کراینەوە کە مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی، لە بەرجەستەترین رێبەرانی بزوتنەوەی کوردستانی ئێران، دوای تەمەنێک خەبات دژ بە دیکتاتۆری و ستەم و بەرگریکردن لە ئازادی و مافەکانی هاووڵاتییانی کوردمان، لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەک لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سوئێد کەوتە بەر رەحمەتی خوداوەند و کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی کە لە شۆڕشی دژەپاشایەتی گەلی ئێران دژ بە دیکتاتۆریی پاشایەتی وەک کەسایەتییەکی سیاسی ... و ئایینی لە کوردستان چالاکانە بەشداری کرد دوای ئەوەی خومەینی دەجاڵ دەستی بەسەر شۆڕشی گەلدا گرت، یەکێک بوو لە بەرجەستەترین رێبەرانی سەرسەخت و کۆڵنەدەری بزوتنەوەی کوردستان لە بەرانبەر ستەمی رژێمی ویلایەتی فەقیهدا.

شێخ عێزەدینی حوسەینی دەورێکی شایستەی هەبوو لە ئاشکراکردنی دەجاڵگەرییەکانی دیکتاتۆریی دینی و هاندانی خەڵک بۆ وەستان لە بەرانبەر ستەمی ئاخوندی هەموو هەوڵدانەکانی رژێم ئاخوندی و دەست و پێوەندەکانی لە کوردستان، لە هەڵوەستەکردن دژ بە دیکتاتۆریی نارەوای ئاخوندەکان توند و بڕەڕ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز دەستی هەڵنەگرت لە خەبات و دژایەتیکردنی ئەم رژێمە چەپەڵە دژەمرۆییە.

مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی لە گرێدانی بزوتنەوەی کوردستان لەگەڵ بزوتنەوەی سەرتاسەری و خەباتی ئازادیخوازانە و دژەکۆنەپەرستانەی خەڵکی ئێران کە بە کاندیدکردنی مەسعودی رەجەوی لە یەکەم خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران گەیشتە لووتکە و بوو بە وەرچەرخانێکی گرینگ، پشتگیریکردنی خۆی لە کاندیداتۆریی مەسعودی رەجەوی راگەیاند.



سەرچاوە
Serchawe

شێخ عێزەدینی حوسەینی لە هەڵوێستەکردنەکەی خۆیدا کە هاوکات لە گەڵ پشتگیریکردنی یەکپارچەی کوردستان لە کاندیداتۆری مەسعودی رەجەوی، زەبرێکی کارای وەشاند لە نەخشەی شوومی خومەینی بۆ گۆشەگیرکردن و سەرکوتکردنی هاووڵاتییانی کوردمان، جەختی کردە سەر بەرنامەی دیموکراتییانەی مەسعودی رەجەوی بۆ بەرگریکردن لە ئازادییە گشتییەکان و خواستەکانی خەڵکی کوردستان و داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە پشتگیری بکەن لەم بەرنامەیە.

مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی لە یەکێک لە دیمانەکانی خۆیدا لە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ (١٣٨٩) دەربارەی رژێمی خوێنرێژی ویلایەتی فەقیهدا گوتی: "ئێمە داوای لانیکەمی مافەکانی خۆمان کرد.

لە رژێمی ئاخوندی، واتا خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران»دا، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون هیچ مافێک بدەن... رژێمی ویلایەتی فەقیە نەک تەنیا هیچ ئازادی و مافێکی قبووڵی نەدەکرد بەڵکو ئازادییەکانی تاکیشی سنووردار کرد". مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی هەروەها تەئکیدی کردە سەر پێویستیی رووخاندنی دیکتاتۆری ئاخوندی و دامەزرانی حکومەتێکی دیموکراتی لە ئێران.

زیندەیاد شێخ عێزەدینی حوسەینی لە دیدارێکدا لەگەڵ شاندێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی موقاوەمەتی ئێران لە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ ، دوای پێ و شوێنگرتنی رەوشی ئەشرەف و پێشهاتەکانی گوتی: "رژێمی ئێران پارەیەکی زۆری خەرج کرد و هەوڵی دا ئەشرەف لە ناو بەرێت بەڵام سەرنەکەوت. چون کارەکانی موجاهیدین لە رێرە وێکی راست و درووستدا بەرەوپێش دەچێت.

سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی موقاومەت، خانمی مریەمی رەجەوی، کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینیی سەرەخۆشی کرد لە خەڵکی کوردستانی ئێران و خانەوادەی بەرێزیان، بە تایبەتی برازای بەرێزیان، کاک باباشێخ حوسەینی، سکرتێری گشتیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینیی بە یەکێک لەرێبەرانی بەرجەستە و مەزنی بزوتنەوەی کوردستانی ئێران و لە نموونەکانی ئاشتی هەڵنەگری ئەم بزوتنەوەیە لە بەرانبەر رژێمی ویلایەتی فەقیە و لە داکۆکیکارانی هەمیشەیی مافەکانی خەڵکی کوردستان و سەرجەم خەڵکی ئێران وەسف کرد.

خانمی رەجەوی بە ناردنی درووود بۆ گیانی پاکی شێخ عێزەدینی حوسەینی، بۆ خۆالێخۆشبوو گەورەترین پاداشت و بۆ درێژەپێدەرانی رێگای، تەندرووستی و پایەداری و سەرکەوتنی بە ئاوات خواست.

١٣ - ٢ - ٢٠١١

# بیروڕای کۆمەڵێک نووسەر سەبارەت بە کۆچی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی:

## سپاس و پێزانین بۆ ماموستا شێخ عێزەدین حوسێنی



**شەهلا دەباغی**

ماموستا شێخ عێزەدین حوسێنی کەسایەتێکی نەناسراو نییە تا لێرەدا کەسێکی بچووکی وەک من بۆ ناسینی قەڵەم بگرێتە دەست و پێهەڵاگوتنیش، ڕێزلێنان بۆ کەسایەتێکی وا نییە. ڕێگا و ژیانی ئەوان، تەنانەت ئەگەر بە دڵی ئێمەش نەبووبێ، بەسە بۆ ئەوە کە ئێمە خۆمان لە بەرامبەریان بە قەرزدار و ئەمەگدار بزانین. ئەوە کە منی هاندا ئەو چەند خەتە بنوسم هەڵوێستی ڕاشکاوانە و نەترسانەی ئەو بەڕێزە، چ لە باری سیاسی و چ لە باری ئایینی، لە بی‌بی‌سی، بوو کە دەبێ لەو تاریکەساتە و شەپرێوی سیاسی کوردیدا، شانازی پێوە بکەین.

ماموستا شێخ عێزەدین لە بەرنامەی "بە عبارت دیگر" لە بی‌بی‌سی کە "عنایت فانی" بەڕێوەی‌دەبا، بە پێچەوانەی زۆربەی ڕێبەرانی حیزبەکان(بە فارس و کوردەوە)، زۆر ڕاشکاوانە و نەترسانە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە کێشەی کوردستان و مافی گەلی کورد بە بینەری ئێرانی نیشاندەدا. ئەو جۆرە هەڵوێستگرتنە کە دەبێ ببێتە وێنەیەک بۆ ڕێبەرانی حیزبەکانی ئێمەی کورد کاتێک بە ئەگەرومەگەر، لە ماسمێدیاکانی فارس و جیهانیدا باسی مافی کورد دەکەن. لەو وتووێژەدا ماموستا

شێخ عێزەدین ڕاشکاوانە باسی جیایی دین و سیاسەت، مافی ژنان، گەیشتنی ئینسان و کۆمەڵگای ئینسانی بە دانش و تەکامول دەکا و هەمووی ئەمانە نەتەنیا جێگای ڕێزە، بگرە ئێمەی کورد دەبێ ئەو ڕێزدارە وەک کەسایەتێکی مەعنەوی گەلی خۆمان چاوی لێبکەین و ئەوەندە کە بۆمان دەکرێ لە کاتی ژیانیدا ڕێزی لێبگرین.

لە ناو زۆر گەلانی جیهاندا کەسایەتی وەک گاندی، دالایی لاما و ... ناسراون و جێگای سەرفەرازین بۆ گەلی خۆیان. بۆ ئێمەی کورد نەمانتوانیوە و ناتوانین کەسایەتییێکی وەک ماموستا شێخ عێزەدین وەک ماندلا، گاندی و دالای‌لاما ببینین؟ من لە ڕێگای ئەو بڵاوکراوەیەوە (گەرچی خۆم لە ئایین بە دوور دەبینم) ڕێز و پێزانینی خۆم بۆ بەڕێزیان دەنێرم و وەک تاکێکی کورد شانازی بەوە دەکەم کە ماموستایەکی ئایینی کوردستان گەرچی ڕەنگە گرفتی بۆ بێتە پێش، خوێندنەوەیەکی ئەوها ڕادیکاڵی لە دین هەیە و دەفەرموێ دین بۆ ئەو کات بوو کە ئینسان تەکامولی نەکردبوو، ئێستا ئینسان ئیحتیاجی بە پەیامبەر نییە و باوەڕی بەوەیە کە حکومەتی ئیسلامی ناتوانێ سێکۆلار بێ.

بریا هەمووی ئێمە بە هەر بیروڕایەک کە هەمانە، توانیبامان، پێزانینی خۆمان بۆ ئەو ئینسانە گەورانە تا لەناوماندا ماوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان بە تاک یان بە کۆمەڵ دەرببڕین.

بە ئاواتی سەلامەتی و ئاسودەیی هەرچی زیاتر بۆ بەڕێز ماموستا شێخ عێزەدین حوسێنی.

ستۆکۆڵم،

سەرچاوە: ماڵپەری هەڵوێست ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

---------------------------------------------------

## شێخ عێزەدینی بە عێزەت!



**رەحیم رەشیدی**

ئەمڕۆ، ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٧ی سێپتامبری ٢٠١٠ی زایینی، بەرنامەی "بە عبارت دیگر"، کە هەموو ڕۆژانی سێشەممە لە بەشی فارسی تەلەویزیۆنی "بی‌بی‌سی"دا، بە پێشکەشکاری ڕۆژنامەوان"عنایت فانی" بڵاو دەکرێتەوە، وتووێژێکی لەگەڵ بەرێز مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی؛ کەسایەتی ناسراوی کوردستان پێکهێنا.

ئەم بەرنامەیە جیا لە ڕۆژی سێشەممە، ڕۆژانی چوارشەممە، پێنج شەممەو هەینی پێنج جاری دیکە لە ماوەی ئەو حەوتوویەدا بڵاو دەبێتەوە.

ئەمەوێ لەم نووسراوە کورتەدا، ئەو وتووێژە بە پێزە بکەمە دەرفەتێک بۆ ئەوەی بە کورتی ڕای خۆم سەبارەت بە بیر کردنەوەی شێخی مەزن باس بکەم.

هەر چەندە پێشتر تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانی بەرێز مامۆستا شێخ عێزەدین ئاشنا بووم، بەڵام یەکەمین جار سەرەتاکانی بەهاری ٢٠٠٦ی زایینی بوو کە بۆ پێکهێنانی وتووێژ سەبارەت بە کرانەوەی دەنگو ڕەنگی تیشک تی‌ڤی، لە شاری ئوپسالا لە وڵاتی سوئێد، چومە خزمەتی و لە نزیکەوە بە دیداری شاد بووم.

لەو چاوپێکەوتنەدا بە ڕوونی بۆم دەرکەوت، مامۆستا شێخ عێزەدین کە یەکێک لە دیارترین ڕێبەرانی ئایینی کوردستانە، خوێندنەوەیەکی مرۆڤ تەوەرانەی بۆ دینی ئیسلام هەیە، پێی وایە هەموو یاساو ڕێسایەک دەبێ بۆ خزمەت کردن بە مرۆڤو مرۆڤایەتی بێت، ئەو چەوسانەوەی مرۆڤ بە گوێرەی پاساوی ئایینی بە ناڕەوا دەزانێ و لەم بەستێنەدا پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو ڕوویەکەوە بە باش و بە دەسکەوتی خودا بۆ دانیشتوانی گۆی زەوی لێکدەداتەوە، بە قوڵی باوەڕی

وایە جیایی دین و دەسەڵات لە یەکتر پێویستیەکی حاشا هەڵنگرە و بەم چەشە رێزی دین و دیندار پتر دەپارێزرێ. ئاشکرایە ئاکام و ئەزموونی مێژووی دەسەڵاتداری هەموو دەوڵەتێکی ئیدئولوژیک بە ڕوونی ڕاستی و دروستی ئەم ڕوانگە دەسەلمێنێ.

پێدارگری لەسەر جیای دین لە دەوڵەت، ئەویش لە لایەن کەسایەتێکی دیاری وەکوو مامۆستا شێخ عێزەدین، بە گوێرەی گرێچنی باوەڕە ئایینیەکان و ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی لە کۆمەڵگای کوردستان و ناوچەکەدا، کە جیا لە وێرانی و سازدانی دۆزەخ هیچی بۆ کورد لێ شین نەبوە، بایەخێکی بنەڕەتی هەیە. بەڵام بەداخەوە ڕاگەیاندنی کوردی لە هەموو بوارو ئاستەکان دا وەکوو پێویست ئاوڕی لەم بوارە نەداوەتەوە، لە حالێکدا شەنوکەو کردنی ئەم بابەتە و باس کردنی بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی، پێویستیەکی بێ پاساوە و نابێ ساڵانە بە چەند پەیام و لێدوانی شێخە بە عێزەتەکەمان ڕازی بین و ئەبێ پتر گرینگی بە ڕوانگە و بۆچوونەکانی بدەین...

مامۆستا تەنیا بە قسەو لێدوان و شیکردنەوەی زارەکی و سەرپێی دەقەکان نەوەستاوەو بە کردوە خەباتگێرێکی ورە بەرزی نەمانی ستەمی نەتەواویەتی و زۆرداریە لە کوردستان و لەم بەستێنەدا بێ وچان تێکۆشاوە و جەفای زۆریشی دیوە، کەچی بەو حاڵەش هەر شوکرانە بژێرە و لە تێکۆشان بۆ رزگاری نیشتمان و سەربەستی نەتەوەی کورد پەژیوان نیە.

ئەوەی لەم وتووێژە دا لەگەڵ "بیبیسی"سەرنجی ڕاکێشام پێداگری شێخی بە عێزەتمان لەسەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان بوو.

شێخە ئیماندار و بە ویقارەکەمان، لەو بەرنامە دا نە چاوپۆشی لە مافی کورد کرد، نە هەوڵیدا کورد وەکوو پاشکۆ بە هیچ ڕەوت و ڕێبازێکەوە لە دەرەوەی کوردستان ببەستێتەوە، بەڵکوو بە پشت بەستن بە دەسمایەی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و دادپەروەری، جارێکی دیکە لەو تریبوونە گرینگەوە پێداگری لەسەر ڕەوایی ماف و ویستەکانی خەڵکی کوردستان کردەوەو بە پێچەوانەی زۆر یەک لە سیاسەبازانی بێ ئیستراتیژی کورد کە دیتومانە لەو کاتانەدا بۆ دەسماڵێک قەیسەریەک دەسووتێنن و لە ئاست کۆمەڵێک باسی چارەنووس سازدا زمانیان لە گۆ دەکەوێ و لەرزۆکی و بێ باوەڕی دایاندەگرێ، کەچی خۆشیان بە کەس ناگۆڕنەوەو بە خەیاڵی خۆیان سوار چاک و پێشەنگی ئەم قۆناغە ئاستەمەی خەباتی کوردایەتین...

بەو هیوایەی کە ڕێبەرانی باوەڕ بە خۆ نەبووی بەشێک لە حیزبەکان، کە زۆرتر بە هۆی ساتو سەودای سیاسیی و لە

ڕاستیدا بە گرەوی داشکانەوە لە همبەر مافەکانی نەتەوەی کوردا؛ جاروبار دەرفەت و دەرەتانی بەشداریان لەو بەرنامە گرینگانەدا بۆ پێکدێت، هەرهیچ نەبێ پەڕۆیەک لە مامۆستا شێخ عێزەدین دابدڕن و لێوەی فێر بنو لە ئاست مافە بنەڕەتییەکانی کورددا چیدی چاو نەنوقێنن و بەم کردارانە لەوە پتر زیان بە یەکریزی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ئاست سەرجەم پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا نەگەیەنن...

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

-----------------------------------------------

## ڕووحانی ڕاست ویژ'ی کورد ماڵئاوایی لە ژیان کرد.



**حەسەن حاتەمی**

بە پێی ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی ڕێزگرتن لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی، پێنج شەممۆ شەو ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ بەرانبەر بە ١٠ی فێورییەی ٢٠١١، لە نەخۆشخانەی ئاکادێمسا لە شاری ئۆپسالای سوێد، کاتژمێر ١١ و ٥٠ خولەک، مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی لە تەمەنی ٨٩ ساڵی دا،

دڵە پڕ ئومێدەکەی لە لێدان کەوت وماڵئاوایی لە ژیان کرد.

مامۆستا هەرچەند بەتەمەن پیر بوو، بەڵام بەڕاستی پێرێکی بیرژێر بوو. دڵێکی مەزن و تەژی لە وەرەی هەبوو. ئازادی ژن لە ژیان دا، پلۆرالیزم لە سیاسەت دا، و واقعبینی لە هەڵسوکەوت دا، وێردی زمان و لە بۆچوونە بەرزەکانی بوون.

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران - کە مامۆستا یەکێک لە چالاکەکانی بوو -، ماوەیەک ڕێبەری شووڕای شار لە مەهاباد بوو. ئەندامەکانی ئەوشووڕایە، لە کەسانێک بەبیروڕا و ڕێکخراوی جیاواز پێک هاتبوو. ئەوکردەوە بیری

دەسەڵاتی شوورای وپلۆرالیسمی سیاسی و رێکخراویی کردە سەرمەشقی سەردەمی نوێ.

بیر و هزری مامۆستا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەندام بوونی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ - ک) دا. هەروەها ئەو رۆژانی زێڕینی کۆماری کوردستان و گەشەی خەڵک و هاوپێوەندی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستانی دیبوو. ئەو دوای ساواکوژی کۆمار و بەرەو توانەوە (ئاسیمیلاسیۆن) بردنی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بەهیند دەگرت؛ بۆیە چ لە حوجرەی فەقیان و چ لە مزگەوتەکان دا، لە نێو دەرسی مەزهەبی و بەجێ گەیاندنی ئەرکی ئیسلامی خۆی دا، وانەی نەتەوایەتی و کۆڵنەدانی خەباتی ئازادیخوازی شی وتۆتەوە. بۆ وێنە لەم بارەیەوە، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە - گەورە رێبەری سیاسی و کەسایەتیی بەتوانای زمان و ئەدەبی کوردی - لە پەیامەی هاوخەمی خۆی دا، ئاماژەی پێکردوە کە: "وەک یەکێک لە قوتابی یانی مامۆستا شێخ عیززدینی حوسەینی کە وێڕای دەرسی زانستی دەرسی نیشتمانپەروەرییشی لەلا فێر بووە".

مامۆستا شێخ عێزەدین لایەنگری لە خەباتی رۆلەکانی دێموکڕات کردوە و بەفەولێک تێدا ئەندام بوە. چونکە هەڵسووڕاوانی بەهەرشێوەیەک بۆیان لوابێ لە ماوەی پتر لە ٣٠ساڵ دوای "ئاوا بوونی ئەستێرەی کۆمار"، بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەو کۆمارە هەوڵیان داوە.

رێژیمی تازە دامەزراو کە یەکەمین بەهاری ئازادی لە سنە خوێناوی کرد؛ لە یەکەم راپرسی خۆی بۆ کۆماری ئیسلامی - نێوەرۆک نادیار- ، لەگەڵ یەکەمین نا کوتنی زۆربەی کوردان بەرەورِوو بوو. مامۆستا لە هەڵوێستی بەشداری نەکردن (تەحریم)، لە دەنگ نەدانی زۆربەی خەڵکی کوردستان، بەو دیاردە شوومە، نەخشی زۆر گرینگی گێڕا.

دوای سەرکەوتنی کاتی بەرگری خەڵکی کوردستان، لە شەڕی داسەپاوی بەناوبانگی" سێ مانگە" دا - کە بە جیهاد(خەزا) بەدژی گەلی کورد دەستی پێکرد -، هەئیەتێکی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێک هات. مامۆستا شێخ عێزەدین سەرۆکی ئەو هەیئەتە بوو. ئەوکات هەڵویست و قسەکانی وەک کەسایەتییەکی نەتەوەیی- مەزهەبی کاریگەری گرینگی لە نێو کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان هەبوو. چوون و هاتنەوەی هەیئەت و بەتایبەتی گەڕانەوەی مامۆستا لە قوم و تاران، لە شار و شەقام و رێگای نێوان شار و گوندەکان دا، پێشوازی کەم وێنەی لێکرا.

دەنگی هەست بزوێنی کاک ئەحمەد شێربەگی - وێژەری بەتوانای پێشووی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران - لەو پێشوازییە لە مەهاباد دا، بۆ یەکەم جار بە گوێی خەڵکی بەشدار لە پێشوازیەکە، ئاشنا بوو. ئەو پێشوازییە دەری خست کە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان، چەندە تاسەی گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان لەرێگەی چارەسەری ئاشتیانەوە بوون. - دیارە



سەرچاوە
Serchawe

ئێستاش هەروایە - بەڵام مەخابن، کۆماری خوێنڕێژ ومەرگ و سێدارە، ئەوەی بۆ گرینگ نەبوە و نییە، ژیانی ئازادی هەموو گەلانی بەرایی ئێرانە.

دوایی هێرشی دووبارەی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی سیاسی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠) دا، مامۆستاش وەک زۆربەی تێکۆشەران بەناچار شارەکانیان بەجێ هێشت و خەبات و بەرخۆدانی دوور و درێژ بەشێوەی جۆراجۆر، ٣٠ ساڵ پترە بەردەوامە.

لە ١١ی سێپتامبری ساڵی ٢٠١٠ دا - پێنج مانگ پێش مەرگی مامۆستا-، بەرنامە سازێکی تلویزیۆنی فارسی زمانی بی بی سی بە ناوی عینایەت فانی، سەردانی مامۆستای لە شاری ئۆپسالا کرد و لە وتوویژێک دا، ناوی "روحانی راستگو" ی لەسەر دانا. - بڕوانە یووتووب - چونکە  مامۆستا بەڕاشکاوی بیروڕای خۆی دەربڕیوە. ئەو لە بەشێک لە قسەکانی دا، سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی وتوویە: "... ئێوە بیهێننە بەرزینی خۆتان، جمهووری ئیسلامی ئەسنا عەشەری ویلایەتی فەقیە. کاتێک کوتت جمهووری ئیسلامی، غەیرە موسڵمانەکان هەموویان وەلادەندرێن. کاتێک کوتت شیعەی ئەسنا عەشەری، سونییەکان وەلادەندرێن. کاتێک کوتت ویلایەتی فەقیە یانی کەسانێک لە شیعەکان ناگرێتەوە کە ویلایەتی فەقیەیان قبوڵ نیێ. ویلایەتی فەقیهیش بە نوێنەری ئیمامی زەمان دادەنێن. ئیمامی زەمانیش بە نوێنەری خودا. زۆر کەس لە شیعەکان  وەک ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری و ئایەتوڵڵا خۆیی ویلایەتی فەقیهیان قبوڵ نەبوو".

منیش ئەوەی لێ زیاد دەکەم کە لە ڕەوتی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە دا، موتڵەق بوونی ویلایەتی فەقیهیش هاتە ئاراوە کە بەشێکش ئەو موتڵەقییەتەیان قبووڵ نەبوو. سەردەمێک کە کێشەی موتڵەقییەتی ئایەتوڵڵا خومەینی هاتە گۆڕێ، ئایەتوڵڵا مونتەزیری کە بۆخۆی ئەو بەڵاییەی تووشی ئێران کرد لەگەڵ عەلی خامنەی- کە ئەوکات سەرکۆمار بوو- و زۆربەی شووڕای نیگابانی ئەو کات، موتڵەقییەتی ویلاتەتی فەقیە یان قبووڵ نەبوو. بەڵام دوای نەمانی خومەینی، هەمووман دەزانین کەخامنەیی - بە ئایەتوڵڵا کراو -بوو بە چ وەلی فەقیە یێکی ئەوپەڕی موتڵەق. ئا. مونتەزیریش چۆن ئەو ویلایەتە فەقیەی بە "ویلایەتی شەلاغ و نیزامی" شوبهاند.

هەروەها لە ڕۆژی عاشووڕای ساڵی ڕابردوو و ٢٥ی ڕێبەندانی ئەمساڵ دا، چۆن خەڵک لە تاران و شارە گەورەکان " مەرگ بۆ ئەسڵی ویلایەتی فەقیە و دیکتاتۆڕ"یان دەکوت و وێنەی خامنەیان دڕاند و سوتاند. ئەو کردەوانە چەندە ڕوون، ڕاستی قسەکانی مامۆستای هەمیشە زیندوو سەبارەت بە ویلایەتی فەقیە و نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنن.



سەرچاوە
Serchawe

**یادی بەخێر و سەرکەوتوو بێ بیروبۆچوونەکانی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی نەمر.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریوێری ٢٠١١**

-----------------------------------------------------

## لە پەراوێزی پەیامی سکرتێری حدکا بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەددینی حسینی



**ناسر ئێرانپوور**

هێژا کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر دوابەدوای پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبەکەی پەیامێکی پرسەی بەم بۆنەوە بڵاوکردەوە کە لای من زۆر سەرنج ڕاکێش و تەنانەت سەرسوڕهێنەر بوو. کاک مستەفا لەو پەیامەدا مامۆستا شێخ عێزەددین حوسێنی زۆرتر وەک کەسایەتییەکی "ئایینی" دەناسێنێ کە "لە ڕیزی ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی"دا (!) تێکۆشاوە خەڵک "لە ڕەهەندی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە" (!) لە مەڕ (پێویستی) ڕزگاری کورد "ڕوون کاتەوە"! هەر بۆیەش کاک مستەفا لە کۆتاییدا سەرەخۆشی لە "کۆمەڵگای مامۆستایانی ئایینی" دەکا!!

ئەم پەیامە لە ڕوانگەی منەوە نە تەنیا چەواشەکردنی بیرۆکە و کردەوەی مامۆستای کۆچکردووە، بەڵکوو وشەکان چەشنێک هەڵبژاردراون، ڕستەکان بە شێوەیەک داڕشتراون کە تەنیا نزمکردنەوەی جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی مامۆستای لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردەوە لێدەردەکەوێ. ئەم کارە زۆرتر بێڕێزییە هەتا ڕێزگرتن لە دەور و خەباتی مامۆستا شێخ عێزەددین. سرووشتییە کە بەڕێز کاک مستەفا دەزانێ کە مامۆستا شێخ عێزەددین نە وەک مەلایەک تێکۆشانی هەبووە و نە بۆ ئیسلام هەڵسووڕاوە. مامۆستا تەنانەت لە پێش دا خۆی بە کورد دەزانی و پاشان بە موسوڵمان. مامۆستا هەر ئەوەندە ئایینی بوو کە قازی محەممەدی مەزن ئایینی بوو. دڵنیام کە نە ئاست و ڕادەی موسوڵمانبوونی مامۆستا بە ئەندازەی کاک مستەفای بوو و نە ڕادەی نەتەوەییبوونی کاک مستەفا بەندازەی مامۆستایە. لە کاتێکدا حیزبی بە ناو نەتەوەییمان

هەموو ڕۆژێ قورئانمان لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکەی بۆ بڵاو دەکاتەوە، مامۆستا ئامۆژگاری لاوی کوردی دەکرد کە وەک کورد هەڵسوکەوت بکەن و مشوور و کیانی نەتەوەیی‌یان هەبێ. لە کاتێکدا کە مامۆستا شێخ عێزەددین تەنانەت نەچوو ناو هێزی سیاسی - ئیسلامی براکەی، کاک مستەفا کۆمەڵەی "زانایانی" ئایینی‌مان بۆ ساز دەکا! هەر بەم پێیە کاک مستەفا سەرەخۆشی لە مەلاکان دەکا، نەک لە نەتەوەی کورد و خەباتکاران و هاوڕێیانی مامۆستا! ئەم کارە لە ڕوانگەی منەوە شتێک نییە جگە لە هەوڵدان بۆ هێنانەخواری ئاستی سیاسی و ڕووناکبیری مامۆستا.

لە قسەوباسێکدا لە "ئاسۆسات" وتم کە مامۆستا کەسایەتییەکی تاک بوو لە کۆمەڵگای کوردستان دا. تایبەتمەندییەکانی مامۆستا بریتی بوون لە وە کە:

١- خۆی وەک هەزاران مەلای ئاسایی کورد لە پشت دین و لە مزگەوتدا حەشار نەدا، هەلپەرەست نەبوو، خۆی لە درد و ئازاری خەڵک گێل نەکرد و بۆ لەناوبردنی ئەم ئازارانە هاتە ناو جەرگەی سیاسەت. کە وابوو مامۆستا بە پێچەوانەی ٩٩ لە سەدی "مامۆستایانی ئایینی" پێش هەموو شتێک مرۆڤێکی سیاسی بوو.

٢- پشتی گەلەکەی بەر نەدا و نەچووە پاڵ حکومەتی ئیسلامی ئێران. دەزانین ئەگەر چوو با، بە نان و نەوایەک دەگەیشت، بەڵام رەنجی خەبات و ئازاری ئاوارەیی و دوورەوڵاتی پێ لە پێگە و جێگە لە حکومەتی ئیسلامی دا باشتر بوو. بەڵێ، مامۆستا نیشتمانپەروەر بوو، نەتەوەی خۆی خۆش دەویست و بۆ ڕزگاری نەتەوەیی تێکۆشا. کە وایە، مامۆستا ئاسۆی ڕزگاری نەتەوەیی هەبوو، بە واتایەکی تر "ملی‌گرا" بوو.

٣- کەسایەتییەکی ئازادیخواز و دێموکرات بوو، هەر بۆیەش هاوڕێ و هاوخەباتی ئازدیخوازان و دێمۆکراسی‌خوازانی لائیک بوو. چەند کەسایەتی دینی‌مان هەن کە وەک مامۆستا بێ‌مەودا باسی بەرابەری ژن و پیاویان کرد بێ؟

٤- ڕووناکبیرێکی زێکۆلار بوو و دەیزانی بۆچی "جیایی دین لە دەوڵەت"ی دەوێ. مامۆستا ئەم شتەی کە بەشێک لە کەسایەتییە ئائینییەکان و "فیلسووفەکانی" ئەورۆی ئێران دوای ساڵیانێکی زۆر تازە پێیگەیشتوون، هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی حکومەتی ئیسلامی ئێران باسی دەکرد. مامۆستا سەرەڕا و ڕەنگە هەر بە هۆی وەی کە دەیان ساڵ مەدرەسەی ئایینی و حەوزەیی نەدیت بوو، بەلیمەت بوو و وریایی لە مەلا بەناو "زاناکان" و "عالمەکانی" ئێران زۆرتر بوو. ئەو بڕیارە سیاسییەی کە دای و ئەزموونی حکومەتی "زانایانی" ئائینی ئێران (کە دیتمان چ بەڵا و کارەساتییەکیان بە سەر ئێران هێنا) ئەوەی بۆ ئێمە سەلماند. مامۆستا یەکێک لە ڕێبەرانی مەشروتییەتی کورد بوو کە لە بەرامبەر مشروعییەت،



سەرچاوە
Serchawe

واتا دەسەڵاتی پاوانخوازی شەرعی ئیسلام، ڕاوەستا. ناوبراو دژی دەسەڵاتی ئایین و جێبەجێکردنی دەستوورەکانی ئیسلام لە ئاست سیاسەت و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵگا بوو.

دەزانین کە ئەرکی سەرەکی هەر مامۆستایەکی ئایینی ئەوەیە کە پەرە بە ئایینی ئیسلام بدا و نرخەکانی ئیسلام رەواج بدا و پەیامەکانی بڵاو بکاتەوە، بەڵام مامۆستا تێکۆشا خەڵک لە ئاست پێویستی ڕزگاری نەتەوەیی وشیار بکاتەوە. مامۆستا زۆر بە جوانی دەیوت کە تاکی کورد ئازاد نابێ، هەتا نەتەوەکەی ڕزگار نەبێ. ناوبراو بە پێچەوانەی وتەی بەڕێز کاک مستەفا ئەمەی لە قورئان و ئیسلام ئیستیخراج نەکرد و بەم پێیە درۆی لەگەڵ خەڵک نەکرد. جا بۆیە مامۆستا شێخعێزەددین حوسێنی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران هەر ئەوەندە مامۆستای ئایینی بوو کە کاک مستەفا لەم ماوەیەدا مامۆستای خوێندنگە بوو، دوکتور شەرەفکەندی مامۆستای دانیشسەرا بوو، دوکتور قاسملوو مامۆستای زانکۆ بوو، قازی محەممەد مامۆستای ئایینی بوو، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە مامۆستای ئایینی بوو. نەخیر، هەر یەک لەم کەسایەتییانە تێکۆشەران و ڕێبەرانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد بوون. هەر بەم پێیە نرخاندنی مامۆستا شێخ عێزەددین تەنیا وەک کەسایەتییەکی ئایینی و ئاماژە نەکردن بەم ڕاستییانەی باس کرا، تەنیا دەتوانێ بێڕێزی و مەبەستی چکۆڵەکردنەوەی ئەم کەسایەتییە نەتەوایەتییەی لە پشت بێ.

ڕوونە کە مەبەستی ئەم دێڕانە هەڵسەنگاندنی گشت هەڵوێستەکانی مامۆستا نییە، بەڵکوو تەنیا تیشکخستنەسەر گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ناوبراوە کە لە ڕوانگەی منەوە کەسایەتییەکی کەموێنەی لە وی ساز کرد بوو. سروشتییە کە ئەویش لە گۆڕەپانی سیاسەت و خەباتدا کردەوە و هەڵوێستی هەڵەشی هەبوو بێ، بەڵام ئەمە دەوری گرینگ و تاکی وی ناباتە ژێر پرسیار. ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین دەورەکانی وی لە وەدا بوو بێ کە پتر لە سی ساڵ لەمەوبەر تێکۆشا پێش بەوەی بگرێ کە ئیسلامی سیاسی ببێتە فاکتەرێکی سەرەکەی لە کوردستان، هەر ئەو ڕەوتەی کە بەڕێز کاک مستەفا ماوەیەکە تێدەکۆشێ پێچەوانەی بکاتەوە. هەڵسوکەوتی کاک مستەفا لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەمەی بەڕوونی دەرخستووە. چەشنی داڕشتنی ئەم پەیامەش لەم چوارچێوە فکرییە دایە. بە هەر حاڵ، ئەم پەیامە هەر چی بێ، ڕێزگرتنی گونجاو و شیاو لە تێکۆشانی مامۆستا شێخ عێزەددین حوسێنی نییە.

٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١٢ی فێبریویری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## (مامۆستا) ورەت بەرزە وەکو باڵات




### حەکیم مەلا ساڵح

شەنگە سوارێکی گۆرەپانی کوردایەتیت، توێشوی سەفەرێکی دژوارت هەڵگرتووە ودەڕۆیت. دەرۆیت بەرەولوتکەی چیای ئەڤین... بەرەوقۆپکی (ئازادیخوازی کوردین هەموو..)ئەسپە شێکەت تاو دەدەیت ولە ژێرسمەکانیدا زنەکان چاویان دەپشکوێ ئاوی هێڤی دەبەخشن بە پێدەشتی نائومێدی. دەڕۆیت وکوانووی سارد وسڕی ماڵە زەحمەتکێشەکان بە هەناسەی قووڵت گەرم دەکەیەوە. سەردەدەی لەوپیرەمێردانەی مێژوی ئازادی گەلەکەتیان لە ناودەفتەری سینگیاندا نوسیوەتەوە... دەست دێنی بە شان وملی ئەومنداڵانەداکە سەیرانی باغچەی ئاواتیان لێ قەدەغەکراوە. هەرواش بێ غەم بە لای ماڵە شەهیدەکاندا، تێناپەریت... بەڵکوسەری رێزیان بۆ دادەنەوێنی وبە نەرم ونیانی پێیان دەڵێیت: رۆڵەکانتان چونەتە ئاستانەی پێشوا قازی محەمەد ودیاریان بۆ بردووە، دیاری...

قوربان، دەروێت ولە لایەکەوە یەک یەک بە مەلای گوندەکان دەفەرمووی: رێگەبدەن پێشمەرگە لە مزگەوتەکاندابمێننەوە، چونکە پوزەوانەکانیان بۆنی چنوری لێدێ. لە لایەکی دیکەشەوە دەچرپێنی بە گوێی چۆمەکاندا: ئادەی هەمووتان رێگای دەریاچەیەک بگرنەبەر... چونکە وڵات بە دەریاچەوە دەوڵەمەند ورازاوە دەبێت... دەریاچە مەکۆی دەستەملانێی زێ وچۆم وکانیاوەکانە.

ئەسپەکەت تاودەدەیت وبە سەرکێڵگەکاندا دەفریت تاکوئازار بە ڕۆحی گوڵە گەنمێک نەگەیەنیت... تانەخشەی جوگرافیای گوڵەکان نەشێوێنی... تاجوتیارەکان بزانن مەلایەکی موبارەک بە ڕاسەریانەوە پشتیوانی دنیاوقیامەتیانە.

دەفریت وهەندێکجاربەرزدەبیتەوە بۆ جەرگەی هەرێمی خۆر. بە سوزەوە عەرزی دەکەی: تۆیەزدانی پاک! چاوی مەرحەمەتت لەومیللەتە لازەبوونەی ئێمە بێت کە ئەهریمەن دزەی کردۆتە ناوهەناویانەوە، بە شمشێری گزنگت ئەوچەپەڵە شەلالی

خوێن بکە تادەستی رەشی لە بەرۆکمان بێتەوە... ئێمە ئەوقێزەونەمان ناوێ نا. ئەهریمەن فەلسەفەی ژیانی ئەوەیە گوڵشەن بکاتە گوڵخەن... سندوقچەی سەربەستی بگۆرێت بە تابووت وشکۆی مێحرابی جوانیەکان بە قوماربدۆڕێنێ.

ئەسپە شێیە شیکەکەت تاودەدەیت تاخێرابگەیتە سەرمەزاری شەهیدانی(تایلە)ی سنە ولەوێ لە کۆبوونەوەیەکی فراواندابانگ هەڵدەی بە گوێ جەماوەردا وپڕبە گەرووت هاوار دەکەیت:

ئەی کوردینە، ئەی مەردینە

بادەست لە ناودەستکەین هەموو

بۆبەرزێتی خاکی وەتەن

بۆیەکیەتی بچین هەموو

کوردین هەموو

گەورەم جەنابت دڵنیایت سەفەرەکەت درێژخایەنە وبەم زوانە کۆتایی نایەت، بەڵام چونکە درەختی ورەوخولیات سەرلە ئاسمان دەسووێ... چونکە چراوگی گەشبینیت کردۆتە تروسکە بەخشی رێگادیجورەکە... چونکە دارسەروی ئومێدت گەزگەزبالادەکات... بە رەوتی کەوی هیوایەکی خاڵدارهەنگاوبەرەو مەنزڵ دەنێیت، وەک گەنجێک سەبەتەی ئومێدت تژییە لە میوەی خرۆش، کوورەی دەروونت سەرڕێژە لە پشکۆی(دەمی راپەڕین)... دەڕۆیت وبە دەم بڕینی ڕێگاوە ئەڵڵاوییێسییەک دەچڕی کە پەیفەکانی بریتییەلە:

دێتە گوێم دەنگێ بە سۆزوشیوەن وگریانەوە

ناڵەی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە

لانەوازوبێکەس ومەزڵومن ئێستاقەمی کورد

گابەدەستی تورکەکان وگابە دەست ئێرانەوە

حاڵی کوردئێستە لە بەینی تورک وئێران وعەرەب

بێچوە تەیرێکە کەوتۆتە داوی مندالانەوە

قەتارەکە هێندە خۆش وبە سۆزدەچرێت، ئاوازی(سیاچەمانە) ئیرەییت پێدەبات، بۆیە لە تەشقی ئاسمانەوە گازت دەکات: ئەی مەلاشێخە شۆڕشگێرەکە منیش ئاوازێکی رەسەنی کوردیم، بمچرە!... دەی دەی بمچرە بادڵم دارماڵ بێت لە جیلوەی شادمانی. جەنابیشت... ئەزبەنی جەنابیشت دوای ئەوەی سەری بەرزت بەرزدەکەیتەوە، دەستە سەوزەکانت دەخەیتە بناگوێت وەدەچریکێنی:



سەرچاوە Serchawe

وا مانگی دەستکرد ئەسووڕێتەوە
کاروان لە مەریخ ئەگەرێتەوە
تۆ ئەی میللەتی لێقەوماوی کورد
کەی کۆتی دەستت ئەڕەوێتەوە!؟

وەرگیراولە کتێبی: زایەڵەی شێخێکی دیکەی ڕاپەڕیو

چەندلاپەڕەیەک لە ژیانی سیاسی مامۆستاشیخ عیزەدین حوسێنی

لاپەرەی ١٤ - ١٦ نوسینی: حەکیم مەلا ساڵح

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠١١

--------------------------------------------------- -------

## کۆچی دوایی ڕابەری بەتەدبیر و کۆڵنەدەری گەلی کورد ماموستا شیخ عزەدەین




**عومەری فەتاحی (هۆمەر)**

بە داخیکی زۆر گرانەوە هەر ئیستا هەواڵیکی زۆر دڵتەزینم بیست، ماموستا شیخ عیزەدەین ریبەری زانا و تیکۆشەر و ماندونەناسی جولانەوەی جەماوەری مەدەنیی و ئازادیخوازیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردوستان لەم کاتە ناسکەدا کۆچی دوایی کرد و بە جي هەشتین و داخیکی گەورەو گرانی خستە سەر دڵمان کە بە زمان بەیان ناکریت. بە تایبەت بۆ من دەردیکی زۆر گرانە، چونکە چەندین ساڵ لە دەورانی خوێندنی ناوەندیەوە تا ڕاپەڕین لە گەڵی ئاشنا ودۆست و رابتەی زۆر تەنگاوتەنگم لە گەڵ خوێ و بنەماڵەی بەرێزیان بوە و، لە ڕاپەرینەوە تا ئیستایش پێوەندیم لە گەڵ جەنابیان بەردەوام

بوو.

بۆ من شیخ عیزەدین، مامۆستا و رابەر و رینوۆین بوە. ماموستا کەسیکی مەتین و لەسەرخۆ و خوش مەشرەب و مهرەبان بوو.کەسیکی زانا(عالم)، وریا، و شۆرشگیر بوو. دڵی پر لە خۆشەویستی بۆ خەڵکی بەشمەینەتی گەڵەکەمان بوو و خۆشبەختی و سەرکەوتنی گەلەکەمانی زۆر بۆ گرینگ بوو. ماموستا ئەگەرچی کەسێکی ئایینی بوو، بەڵام زۆر دژی خورافە وکۆنەپەرەستی بوو. مودەرنییەت و تغیرو گۆرانی زور پیخۆش بوو. زۆر ریزی بۆ گەنجان و لاوان بوو، دائیم هانی ئەدان بۆ خویندن و رینوێنی دەکردن.هەمیشە دەیگوت: لاوان دنیا دەگۆرن و کۆڵەکەی راگری گەلەکەمانن. مامۆستا،خۆشەویستییکی زیادە لە حەد بە پیشمەرگە و گریلا و خەباتکارانی گەلەکەمان بوو. ماموستا لە تەواوی ژیانیدا (من بۆ خۆم لەو رۆژەوەی کە دیومە تا ئەم کاتەی کە گیانی بەختکرد) بە درایەتەوە بە بی پشودان و بە بی ڕارا و موحکەم لە سەر نەزەراتی خۆی لە پیناو ئازدی و بەرابەری و عەداڵەتی کۆمەلایەتی و پیکهینانی کۆمەڵگایکی پیشکەوتنخوۆاز و مودەرن خەباتی کرد. ئەگەرچی خۆ تەتیبیقدان لە پێشچوونی زەمانیەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیە جێ شانازیەکانی بوو.

رێبەری کردنی خەباتی جەماوەری و لە ٣٢ ساڵ لەمەو پیش و پێداگرتن لە گەسەر مافی نەتەوەکەمان لە موزاکرە لە گەڵ خومەینی و ئاخرین موساحیبەی لە گەڵ بی بی سی لە بەرنامەی بە عیبارەت دیگەر دەرخەری ئەو واقعییەتانەن کە لەسەر مامۆستا بسم کرد.
وفاتی ماموستا بۆ گەلی کورد و هەمو رەنجدەرانی جیهان خەسارێکی گەورەیە، بە تایبەت کۆچی دوۆایی ماموستا شیخ عیزەدین لەم کاتە ناسکەدا کە رۆژهەلاتی کوردوستان، بی ریکخراوە و رابەری ڕاستەقینەیە زەربەیکی زۆر دڵتەزینە بۆ گەلەکەمان.

کۆچی دوایی ماموستا لە هەمو گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە تایبەت ڕۆژهەلاتی کوردوستان سەرەخۆشی دەکەم. هیوادارم ریگای بەر نەدەین و یادی هەمیشە زیندوو ڕاگرین. بەم بۆنەیەوە لە هاوسەری بەرێزیان و هەموو ئەندامانی بنەماڵە بنە(کچان و کوران) بە تایبەت لە داد ئایشێ و باباشیخ و هەمو بنەماڵەی ماموستا شیخ جەلال و ماموستا جەمیل ئارام، لە کانگای دڵەوە سەرەخۆشیان لی دەکەم و خۆم بە شەریکی غەمیان دەزانم.
یادی مامۆستا شیخ عیزەدین، ڕیبەری مەزن و بەتەدبیری خەباتی جەماوەریی نەتەوەکەمان زیندو و ئالای ریگای بۆ هەمیشە شەکاوە بیت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## سێ کورتە بیرەوەریی پێشمەرگەیەک و مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەینی!



**رزگار ڕانگور**

بەپیری مەرگەوە فرسەخ بەفرسەخ ڕۆیون مەردان

ئەوی باکی لەمردن بێ،،،، دیارە بڵح و نامەردە

(مەحوی)

کاتێک هەواڵی مەرگی "مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسەین"م لە ناو ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بەرچاوکەوت، بەچاکم زانی منیش سێ کورتە بیرەوەری بگێڕمەوە.

ئێوارەیەک لەلای هاوڕیەکم بووم لە گوندە جوانەکەی "گاپیلۆن"، هاوڕێکەم قوتابیەکی ڕاکردووی زانکۆ بوو بەڵام سەری لەهەموو شتێک دەر دەچوو زۆر دەست ڕەنگین بوو. ئێوارەیەکی هاوین بوو هەموو شتێک لەو گوندەدا بۆنی ژیانی لێدەهات. بارەگا یان چاکترە بڵێم ماڵی مامۆستاش لەو گوندە دابوو. ڕێکەوت ئەو ئێوارەیە مۆلیدەی کارەباکەیان کاری نەدەکرد، پێشمەرگەیەک لە بارەگای مامۆستاوە هات بۆ لای هاوریکەم و کێشەکەی بۆ باسکرد. هاوڕێکەشم ووتی دێیت لەگەڵم دەچم سەیرێکی ئەو مەولیدەیە دەکەم لەبارەگای مامۆستا؟ من ناوبانگی شێخ عێزەدینم بیستبوو ساڵی ١٩٨٢ لەگوندی بێژووێ وێنەیەکی مامۆستام لەبارەگای کۆمەڵە دیبوو، بەڵام بە خزمەتی نەگەشتبووم. کەچوین، پیاوێکی نورانی بەویقار هات بەرەو پیرمان. من وێنەیەکی قانعی شاعیرم دیبوو بەساقۆیەکی درێژوو ڕیشێکی نورانێ وە. ئەویش شێوەی لەو دەچوو. لەخۆمەوە چوە بەر دڵم وبە راستی زۆرم خۆشویست. هاوڕێکەم لەچاو تروکانێکدا مەولیدەکەی چاک کرد و دەنگی ماتۆرەکە بێدەنگی ئەو ناوەی شکاندو یەک دوو گڵۆپی زەرد باو ئەو ناوەیان ڕوناک کردەوە. مامۆستاش ڕێگەی نەدا بڕۆینەوە. هەرچەند هاوڕێکەم ووتی بۆ جارێکی تر، من میوانم هەیە. بەڵام ڕێگەی نەداو ووتی نانێکی پێشمەرگانە دەخۆین پێکەوە.

چوینە لای و ئەو ئێوارەیە زۆرمان قسەکرد و، زۆرمان گوێ لەو پیاوە بەئەزمونە گرت. دەنگی هێندە ناسک و نزم بوو. نازانم چ هۆکارێ بوو بەڵام وام زانی کە نەخۆشە بەراستی لەقسەکانیا  دیاروو دەروێشێک بوو. خەمی هەموو نیشتمانی لەکۆڵ نابوو. هەستم بە ئاسودەی کرد، ووتم سەیرە بۆ خەمی نیشتمان و ئازادی ئەم مامۆستایە بەم تەمەنەوە لەم  شاخ و کێوانە دا ژیان دەکات و نایەوێت وەک سەرکردەکانی تر لەسلێمانی بەغداد دانیشێ بەناوی ئۆپۆسیسیۆنەوە.

کاتێک شەڕگەی قەیوان ماوەت جۆشی سەندبوو، منیش لەگەڵ شەهید (دلێری شێخ ڕەزا) دا کە تۆپێکی(١٠٦)مان پێبوو لەدۆڵی جافایەتی و دۆڵەڕووتدا دەسوڕاینەوەو لەکوێدا پێویست بوایە بەتۆپەکە لەدوژمنمان دەدا. ڕۆژێک هەواڵیان داینێ کە دوژمن خەریکی  دروستکردنی پایگایەکە لەدەرەوەی گوندی( باڵخ) دا. ئێمەش چوین لەگوندی یاخسەمەر ١٠ گولە تۆپمان لە بارەگای سکرتارێت وەر گرت لای مام جەلال و کەوتینە ڕێ بەرەو نزیکی گوندی باڵخ، شەهید دلێر وەک هەموو جارێک پیکابەکەی لێ دەخوڕی ئۆتۆمۆبیلێکی تیۆتا بوو هی فەرمان بەری کارەبا کەپێشتر لەلای دوژمنەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، تۆپەکەمان لەسەر دانابوو. کاک بورهان و مامۆستا عوسمانی کۆنفۆشمان لەگەڵ دابوو ئەو پێشتر لە ڕۆژهەڵات لەلای حیزبی دیمکرا دەورەی تۆپی دیبوو. ئەوە یەکەمین جارمان بوو بەکاری بێنین. جوان ئاپورەی سەربازو شۆفڵ و خێمەو خاکەناز و پاچەکانمان دەدی. دلێر یەکەمین گولەی تەقاند هەر نەمان زانی بۆ کوێ چوو. مامۆستا تۆرێ دەسکەکەی باداو ئیتر چەند گولەمان پێوەنان هەر سەرباز بوو هەڵدەهات ئێمەش لەتەپ و تۆزدا دیار نەماین. کاتێکمان زانی دوو تانک سەرکەوتنە سەر بەرزایەکە و شەهید دلێر سواری ئۆتۆمۆبیلەکە بوو ئێمەش سوار بووین ئەوان ڕێک تۆپێکیان نا بەو جێگەیەی کە ئێمەی لێبووین. خوێنەری ئازیز ڕەنگە لاتان سەیر بێت بەڵام هەر بەڕێکەوت ئەو گولانەی دەیان هاویشت پێمان نەدەکەوت لەپێشمان لەپشتمان لە ڕاست و چەپی دەدا دلێر ئاسا بەناو ساچمەو پارچەدا دەرباز بووین. بەرەو گوندی گاپیلۆن بەدواماندا تۆپ وەک قەناس دەهات، تازە بارەگای سۆسیالیست دانرابوو لەوێ لەنزیکی دارە گەورەکانی شەخسەکەوە، هەموو ئەو خەڵکە سەیری دەکردین نازانین چۆن بەر نەکەوتین. بەڵام هێندە پێکەنیناوی بوو لامان ئەوت شارە زەردەواڵەمان و روژاندبوو، خۆمان کرد بەلای بارەگاکەی شێخ عێزەدینی حوسەینیدا. ئەویش لەبەر دەرگابوو هات و ووتی چاکتان لێ دابن باشە، ماندوو بوونی لێ کردین ئەو پیاوە جوامێرە لەبەر وەرەی خەڵکی ئاوای بارەگاکەی چۆڵ نەدەکرد، دوای ئەو گۆڵمەزەمان بەرەو مالومە چوین بۆلای کاکە حەداد ئەوان خۆراکیان دروست کردبوو نیوەڕۆ لایان بووین، کاتێک لەو جێگەی پێی دەڵێن سنور نیشتمانم جێ هێشت ئینجا زانیم لەکوردیا ووشەیەک هەیە ناوی ترسە.

شەڕ تادەهات زیاتر دەبوو دۆڵی جافایەتی بۆنی باورووتی گرتبوو، ئامان لەهیچ جێگەیەک نەمابوو. ڕۆژێک لەگوندە جوانەکەی قزلەرەوە لەگەڵ هاوڕێ منداڵیم شەهید محەمەد بۆ سەردانی برایەکم هاتین بۆ لای هۆردوگای کۆمەڵە تالەوێ چاومان بەهەندێ هاوڕێ و ناسیاو بکەوێت. من و حەمە هەمیشە یاریمان دەکرد. یاری ترسناک کە ئیستا بیری لێ

دەکەمەوە لام سەیرە بەڵام ئێمە لەنیشتمانێکدا بووین شەڕ هەموو ڕۆژەکان لەبەر چاومان بوو. خۆشمان بەشێک بووین لەشەڕ، شەڕ بەچرکە دەوری چۆڵ نەدەکردین، دەمەبۆڵێیەکمان بوو ئەو پێ ی هەڵگرت و منیش پاش ماوەیەک بۆ خۆشی ڕیزێک گولەم بەسەردا تەقاند، لە گوندی چۆخماخ نزیک ببوینەوە، هێندەم زانی مامۆستا شێخ عێزەدین و دوو پێشمەرگەو سەگێکی گەورەشیان لەگەڵدا بوو لە کەندڕێکەوە هاتنە دەرێ، ئیتر من داوای لێ بوردنم کرد لێیان، زۆر پەشیمان بووم لەوکردارە، ئاخر ئەو ناوچانە هەمووی ببوو بەپاسدار ئەگەر ڕێکەوت ئەوان شتێکیان لێ بهاتایا، کراسی قورئانم لەبەر کردایە دەیان ووت بەفیتی کۆماری ئیسلامی ئەو کارەی کردوە. ئیتر لەگەڵ هاوڕێکەمدا شەهید محەمەد بڕیارمان دا یاری بەچەک نەکەین،من ماوەیەک هەر تاسام ئیستاش جارێکی تر داوای لێ بوردن دەکەمەوە لە ڕۆحی ئەو پیاوە جوامێرە کە حەزی نەدەکرد بچێتە سلێمانی دانیشێ و لەناو ئەو باروتخانە ترسناکەدا مابۆوە، کاتێکیش بیستم لاشەی ئەو پیاوە جوامێرە دەبەنەوە کوردستان و سلێمانی تالەوێ بەئارامی پشو بداد زۆر شادمان بووم. چونکە کەگەڕامەوە، سەر لەگڵکۆی ئەو پیاوە نورانی یەی کورد دەدەم کە ژیانی بەخشیە نەتەوەکەی و بۆ دوژمنان و داگیر کەران نەچەمایەو گوێ بەتەمەنی نەدا تالە غەریبی گیانی سپارد،

هەزاران سڵاوت لێ بێت مامۆستا گیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست

--------------------------------------------------

## بەڕێز بێ یادی مامۆستا شێخ عزالدینی حسینی




### گوڵێ خورەمی

رەنگە کەم کەس لە ژیانی خۆیدا ئەو بەختەوەری یەی بە نسیب بێت کە لە کاتی ژیاندا خۆشەویست و جێگای رێزی جەماوەری خەلک بێت و هەواڵی مەرگیشی هەر بەم چەشنە دڵی بە میلیۆن خەلک بهاژێنێ. ئەوەش لە کاتێکدا کە نە لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێ وە نە لە پەیوەندیی نزیک و رۆژانە لەگەڵ خەلکەکەی خۆی و وڵاتەکەی خۆیدا بووبێت.

مامۆستا شیخ عزالدین بێگومان ئەو کەسایەتییە کاریزماتیکەیە کە رێز و ئیحترامی لە نێو گەلی کورددا بە هاسانی سنووری ساڵەکان و جیلەکان دەبەزێنێ. هەم ئەو نەسڵەی کە تەمەنیان یارمەتی دەدات شاهیدی خەبات و تێکۆشانی مامۆستا بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی بووبێتن، هەم ئەو نەسڵە نوێ یەش کە لە رێگای تاریخ و گێرانەوەی رووداواکانی هاوچەرخی کوردستان لە زمانی ئەم و ئەو لەگەڵ سیمای ناسراوی مامۆستا ئاشنا بوون، بە یەک میزان خۆشەویستی و هاوسۆزیان بۆ ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی نەتەوەکەیان لە دڵ دایە.

مامۆستا شێخ عزالدین رووحانی بوو. هەر چەند لە بوواری شەریعەت و ئاییندا لە هەموو پیاوانی ئایینی زەمانی خۆیدا سەر بوو، بەڵام مامۆستا بۆ زانستی زۆری لە ئاییندا ناوی دەر نەکردبوو، بەڵکوو بۆ داهێنەریی بوێرانەی لە ئایین و مەزهەبدا، بۆ راوەستانی ئازایانەی لە بەرامبەر جەهل و خوورافەدا، بۆ بانگەوازی بوێرانەی کە دەیکوت دین و دەوڵەت لە یەک جیان و نابێ ئیجازە بە دین بدرێ کە حوکمرانیی بکات ناسراوەتەوە. بە هەموو ئەمانەشەوە کەسایەتی مامۆستا زۆرتر لە هەڵوێستە سیاسی یەکانیدا دەرەوشایەوە. ئەو خەباتکارێکی شێلگیری مافی نەتەوەی کوورد بوو وە لەم بووارەدا هیچ چەشنە ڕاڕایی یەک لە ماوەی دوور و درێژی خەباتی سیاسی ئەودا بەدی ناکرێ. هیچ ئیمتیازێکی شەخسی بۆ خۆی نەویست و وەک پێشمەرگە ژیا. هەر بۆیە نازناوی خۆشەویستانەی "پیری سەنگەری" لە لایەن جەماوەری خەلکەکەیەوە پێ بەخشرابوو.

لە نێو خەباتی نەتەوەیی گەلی کورددا، مامۆستا لایەنگری یەکسانیی و عەدالەتی کۆمەلایەتی بوو، دەنگی بوێری یەکسانیی ژن و پیاو بوو. خوازیاری ئەوە بوو کە چینی چەوساوە و بەشمەینەتی ولاتەکەی لە ژیانێکی شیاوی ئینسانی ئەمڕۆ بەهرەمەند بن. هەر ئەم بۆچوون و تێ ڕوانینە بوو کە مامۆستای کردە هاوبیرو هاوپەیمانی نزیکی بەشی ڕادیکال و شۆڕشگێری ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا. نزیکیی سیاسی و فیکری مامۆستا لەگەڵ کۆمەلە تەنیا لەم ڕوانگەوە قابیلی تەوزیحە. هەمووی ئەم خەسڵەتە بەرچاوانە بوو کە شێخ عزالدینی حسێنی کردە "مامۆستا" بۆ هەموو گەلی کوورد.

مامۆستا کەڵ ژیا و بەرز ژیا. بەرز بە بالای ئینسانیەتی ئینسان.

لێرەدا لە قوولایی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی مامۆستا شێخ عزالدین حسینی دەکەم و هیوادارم لە غەمی گەورەو گرانی کۆچی دوایی مامۆستادا بە شەریکم بزانن.

یادی بەرزو بەرێز بێت.

ڕێبەندانی ١٣٨٩ = فیوریە ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەڕی برووسکە

-------------------------------------------------------

## سپاسنامەی بەڕێز، کاک بابەشێخ حسێنی



سپاسنامەی بەڕێز، کاک بابەشێخ حسێنی، بۆ حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ئێران و کەسایەتیە ئایینی و سیاسی و کۆمەلایەتیەکان

هاونیشتمانە هاونیشتمانە بەڕێزەکان
حیزب و لایەنەسیاسیەکانی کوردستان و ئێران
کەسایەتیە ئایینی و سیاسی و کۆمەلایەتیەکان

لەماوەی مانگیک نەخۆشی مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی مامی گەورە و بەڕێزم و ڕێبەری دڵسۆزی گەلی کورد، زۆربەی جەماوەری کوردستان گوێ بە هەواڵ بوون تا بەڵکو هەواڵی چاک بوونەوەی مامۆستا شێخ عیزەدینی مەزنیان پێ بگا. بەلام بە داخەوە لە دوای یەک مانگ نەخۆشیی، مامۆستای سەربەرز و نیشتمان و گەل خۆشەویست لە شەوی پێنج شەممە ١٠ - ٢ - ٢٠١١ بە یەکجاری ماڵئاوایی لێکردین. ئەگەرچی مامۆستای گەورە و میهرەبان و مامی بەڕێزم بە جستە مالئاوای لێکردین، بەلام هەردەم روحی بەرزی هاوڕێ و هاودەممان دەمێنی و ڕێنوێنیەکان و رەفتارەکانی دەبێتە هەوێنی ئەرک و کارەکانمان و رێ ڕەوی ژیان و تێکۆشانمان.

لە ماوەی نەخۆشی مامۆستای گەورە و لە دوای وەفاتیدا ژمارەییکی زۆر لە خەڵکی هەر چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەت هاونیشتمانانم لە کوردستانی ئێران لە رێگەی تەلەفوون و ئیمەیل و نامەوە، هاوخەمی و هاودەردیان لەگەڵدا کردم، هەروەها زۆربەی حیزب و لایەنەسیاسیەکانی کوردستان بە بروسکە و بە بەشداری لە کۆڕی ماتەمینی لە ئۆپسالای سوئید و پێشوازی لە تەرمی مامۆستا لە فرۆکەخانەی سلیمانی و بە خاک سپاردنی لە گۆڕستانی گردی سەیوانی سلیمانی و هەروەها بەشداری کردن لە پرسەی مزگەوتی قازی محەممەد لە شاری سلێمانی دڵسۆزی و بەوەفاییان بۆ مامۆستا شێخ عیزدین نیشاندا.

دیارە لە دوو رۆژ پرسەی ماموستا لە شاروچکەی توبزاوا، (رزگاری) لە نزیک شاری هەولێر، ژمارەییێکی بەرچاو لە سکرتێر و رێبەرایەتی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان ئامادەی پرسەکەمان بوون، هەروەها بەشێکی زۆر لە کەسایەتیە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی کوردستان و مامۆستایانی ئایینی، سەرۆک عەشیرەت و پیاو ماقولان و ژمارییێکی بەرچاوی خوشکان بە ئامادەبوونیان لە پرسەی دوو رۆژەی تۆبزاوا، بوونە هۆی کەم بوونەوەی غەم و ماتەممان و جارێکی دیکە دڵسۆزی و خۆشەویستیان بۆ مامۆستا شێخ عیزەدینی هەمیشە نەمر و تێکۆشەر دووپات کردەوە.

بە پێویستی دەزانم بە بۆنەی ئەو گشتە هاودەردی و دڵسۆزییەی هاونیشتمانان و سکرتێر و رێبەرایەتی حیزب و لایەنە سیاسیە تێکۆشەرەکان و مامۆستایانی ئایینی، سپاس بێ پایانیان پێ رابگەیێنم. هیوادارم خودای گەورە پاداشتی چاکە و دڵسۆزی هەموو لایێک بداتەوە و نمونەیان زۆربێ.

بابەشێخ حسینی

١٠ی رەشەممەی ١٣٨٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات میدیا - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١١

---------------------------------------

## مامۆستا شێخ عزالدین و دەفتەرەکەی



عومەر عەسری - رەحمان عەبدوڵاهیزاد (شکاک)

باسکردن لە کەسایەتی دینی و دنیایی و پلە و پایەی زانیاری مامۆستا و، ڕابردووی سیاسییان و دەور و ڕۆڵییان، لەو دەورانە ئاڵۆز و پڕ لە کارەسات و ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی پێش و پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا، کە رژێمی سەڵتەنەتی دوو هەزارو پێنجسەد ساڵەی ئێرانی رووخاند و جمهووری ئیسلامی جێگای گرتەوە، کارێکی هاسان نییە و، پێویستیتی بە لێکۆڵینەوە و، ورد بوونەوەی زۆرتر و کات و نووسینی زیادترەوە هەیە. بەلام دەکرێ زۆر بە کورتی باسی کەسایەتی مامۆستا و هۆی بوونی بە مەرجەع و جێگای متمانە و پرسوڕای کۆمەلانی خەڵکی ئێران بەگشتی و گەڵی کوردستان بەتایبەتی و، پێویستی پێکهاتن و تەشکیلی دەفتەرەکەشی، لە چەند خاڵی سەرەکیدا کۆ کەیتەوە:

١- مامۆستا، هەر لە زەمانی شادا و بەر لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و هاتنە سەر کاری جمهووری ئیسلامیش، وەک کەسێکی ئازادیخواز و دێمۆکرات، نەتەوە و نیشتمان خۆشەویست و تێکۆشەرێکی سیاسی و لایەنگری عەدالەتی کۆمەلایەتی و مافی ئینسان و پشتیوانی چینی چەساوەی ولات، بۆ خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و بۆ دۆستان و ئاشنایان و شاگردەکانی خۆی بەتایبەتی ناسراو بوو. مامۆستا هەر لە زەمانی کۆمەڵەی - ژ.ک - و کۆماری کوردستانەوە، هاتۆتە ناو دنیای سیاسەتەوە و هەر کات جووڵانەوەیەکی سیاسی، یان شۆڕشێکی رزگاریخوازی لە بەشێکی کوردستاندا سەری هەڵدابێ، بە پێی ئیمکان و بە گوێرەی با رودۆخی زەمان، پێوەندی پێوە گرتووە ویارمەتی و هاری کاری کردوو، مامۆستا، نەک هەر زانایەکی دینی و عالمێکی گەورە و کەم وێنەی سەردەمی خۆیەتی بەڵکوو موحەقیق و موجتەهیدێکی رۆشنفیکر و نوێ خوازی دنیای ئیسلامیشە. ئەو تەوجیە و تەفسیر و فتوایانەی کە ئەمڕۆ هێندیک لە زانایانی دنیای ئیسلام (بە شیعە و سوننەوە) وەک رۆشنفکر و نویخوازانی دینی، بە مەبەستی ویکخستنەوە و لە یەکتر نزیککردنە وەی دین و مودێریتە، واتە: ئەو ئیسلاح و ریفۆرمانەی کە دنیای مەسیحییەت لە ئوروپا دا کردی و دینیان وەک ئەمری خوسوسی هەر تاکیک و وەک ئەرک ووە

زیفەیەکی رۆحی و دەروونی کە پێوەندی نێوان خودا و ئینسان پێکدەهێنێ، چاو لێکرد و بردیانەوە نا و کلیساکان و، بە رێوەبردنی کار وباری دنیا ییان داوە دەست پسپۆڕان ولێزانانی دنیایی. واتە: دینیان لە دەوڵەت جیا کردەوە مامۆستا ٤٠ - ٥٠ساڵ بەر لە ئێستا، تەبلیغی بۆ دەکرد. مامۆستا لای وایە: ئەگەر لە سەدری ئەوەڵی ئیسلامیشدا دین و دەسەڵات تێکەڵ کرابوون و کارو باری ناوچەکەش تارادەیەک باش بەرێوە دەچوو لە لایەکەوە بەهۆی کەسایەتی حەزرەتی محەممەدە وە بوو درووودی خودای لە سەر ربێت، و لە لایەکیتریشەوە، ئەو کات هێشتا دینی ئیسلام و دەسەڵاتی دەولەتی ئیسلامی عەرەبی لە سنوورەکانی شیبهە جزیرەی عەرەبی تێنەپەڕیبوو، دەگەڵ فەرهەنگ و کولتور و مەزاهیبی دیکەی وڵاتانی غەیرە ئیسلامی وغەیرە عەرەبی تێکەڵ نەببوو. ئەگینا هەر پاش فەوتی حەزرەتی محەمەد "ص"و، سنوور پەڕاندنیدنی دەسەڵات ئیسلامی عەرەبی،کێشەو خیلاف کەوتە ناو ریزەکانی لایەنگرانی ئیسلام و ململانێ دەسەلات وشەڕی ناو خۆیی سەری هەلدا، کە شەهید بوونی ٣ لە ٤ی خولەفای ڕاشیدین و شەری ئیمامی عەلی وخەواریج و عایشە و تەلحە و زوبەیر عەلی و مەعاوییە یەزید و حسەین ئەمەوییە و ئالی عەلی، ئەمە وییە و عەبباسی و زۆر شەڕ و کێشەی تری دینی و دنیایی لێکەوتەوە کە هەتا ئێستاش پاش پتر لە ١٤٠٠ ساڵ نە بڕاوەتەوە و درێژەی هەیە!!

مامۆستا هەر زوو تەنانەت لە دەورانی فەقییەتیشدا بڕوای بە شەری مەزاهیب و کێشەی ئە ئیمە نەبوو. قوڕئان تەنها مەنبەع و سەر چاوەی ئیستیدلال و ئیستینباتە دینییەکانی بوو. ئەو دژی ئیستیعانە و هاوار کردن لە غەیری خودا و پەنا بۆ ئەم و ئەو بەردن و دار و بەرد ماچ کردن و تەکیە و خانەقا بوو. مامۆستا لایەنگری جودایی دین لە دەولەت، ئازادی بەیان سەر بەستی قەڵەم، جیاوازی بیر و باوەر و کەرامەتی عینسان بوو. مەجلیسی مامۆستا هەمیشە بنکە و مەکۆی قسە و باس و لێکۆڵینەوە و کێشەی سیاسی کۆمەلایەتی و دینی بووە. لە لای مامۆستا هەموو کەس دەیتوانی و بۆی هەبوو بە تێرادیوی و راشکاوانە، بیرو ڕای خۆی دەببرێ.

مامۆستا لایەنگری عەدالەتی کۆمەلایەتی کەم کردنەوەی چەوسانەوەی ئیسان بە دەستی ئیسان مافی مرۆڤ و یەکسانی ژن و پیاو بوو. لە کێشەی نێوان زۆردار و بێزۆر و خاون مڵک و وەرزێردا لایەنگری بەشخواراوان بوو. هەر بۆیە: لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی ١٩٥٠ی زاینیدا بە تاوانی لایەنگری لە ڕاپەرینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان لە سالەکانی ٣١ - ٣٢ی هەتاوی ١٩٥٣ی زاینی لە گوندی "گۆلێ"ی چۆمی مەجید خان دەرکرا و ماڵی هاتە گوندەکەی ئێمە "قاراواگەورە" مامۆستا دژی ژن بە ژنە چووکە بە گەورە کچ بە زۆر بە شوودان چەند ژنە و سێ تەڵاقە و مارە بە جاش و زۆر شتیتر بوو کە بە ناوی دین و لە سەر دەمیکی تایبەتدا هاتبوونە ناو ئیسلامەوە و وکرا بوون بە بەشێک لە دین.

٢- نە بوونی حیزب و رێکخراوەیەکی هەڵسووڕاو و بەهێزو جێی متمانەی خەڵک لەو سەرو بەندەدا، کە بتوانێ: کۆمەلانی

خەڵکی کوردستان و حیزب و رێکخراوە و کەسایەتییە سەربەخۆکانی‌تر لە دەوری خۆی کۆکاتەوە و بۆی بکرێ و بیشیهەوێ: بە قەولی یەکێک لە نووسەرانی کورد "گۆڕانی تەرازووی هێزە کوومەڵایەتی و چینایەتییەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری و ریزبەندی نوێی ناو هێزەکانی دەروونی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد" لە بەر چاو بگرێ و دەرس لەو ئاڵو گۆڕە گەورە فکرییە جیهانی و ناو چەپیانەوە ربگرێ کە لە پاش شەڕی دووەمی عالەمی بە سەر دنیادا هات و بوو بە سەرەتای رەوت و ڕێبازێکی نوێی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و داڕشتنەوەی سەر لە نوێی شێوەی شۆڕشی چەکداری و شەری درێژ خایەن کە هەر لە ئەمریکای لاتینەوە هەتا ئەفریقا و ئاسیاشی گرتەوە و دەیان شۆڕشی چینایەتی و نەتەوایەتی لێکاوتەوە.

٣- ڕاپەرینی گەلانی‌تری ئێران، لە "حسەینییە" و مزگەوتەکانەوە و بەرێنوێنی و ڕێبەری مەلاکان دەستی پێکرد بوو. (ئەگەرچی بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوە یەکی سەرتا پا ئازادیخوزانە و دێمۆکراتیک و درێژەدەری دەیان شۆڕش و راپەرینە یەک لە دوای یەکەکانی گەلی کوردستان بوو لە پێناو سەر بەستی و رزگاری و چارەی خۆنووسیندا و هیچ ڕەنگ و بۆنێکی دینیشی پێوە نەبوو) بەلام دیسانیش لە لایەکەوە بە چاولێکەری لە باقی ئێران و لە لایەکی تریشەوە بە لە بەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە: کە بەشیکی بەرچاو لە مامۆستا ئاینییەکانی کوردستان، بە درێژایی مێژووی خەباتی ڕزگاری‌خوازی کورد، بەشداری شۆڕشەکانیان کردووە و زۆر جارانیش بێشرە و پێشقەدەم بوون و بوونەتە جێگای ڕێز و متمانەی گەلەکە یان لەسەر وبەندی راپەرینی کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا، دەستەو تاقم و کەسگەلی سیاسی لە چەپ و ڕاست و دیندار و بێ‌دین روویان کردە مالی مامۆستا.

بێگومان: لەو کات و سەردەمە ئالۆز و پر رووداوەدا ڕاپەڕاندنی کارو باری رۆژانەی ئەو خەڵکە و جوابدانەوە بە خواست و ویستە سیاسی کۆمەڵایەتی ودنییەکانیان هەڵوێستی دروست و بەجێ لە کاتی پێویستدا جوابدانەوەی رۆژنامەنووسانی بیانی و خۆمالی شیکردنەو لێکدانەوەی ئەوزاعی سیاسی رۆژ پێوەندی گرتن بە گەلانی‌تری ئێران و کەسایەتی وهێزە سیاسییەکانیانەوە و روونکردنەوەیان لە سەر وەزعی کوردستان وناوچەکە ڕێبەری و ڕێ نوێنی کردنی جەماوەری خەلکی کوردستان بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئامانج و ئاواتەدێرینەکانیاندا و راگرتنی یەکێتی و تەبایی نێوان هێزو گرووپە سیاسییەکانی ناو خۆی کوردستان کاری تاکە کەسێک نەبوو بۆیە: مامۆستا پێویستی بە هاریکاری و پر سوڕا و راوێژی دۆستان و رەفیقەکۆنەکارەکانی خۆی هەبوو: کەسگەلێکی سیاسی خۆشنێوی نیشتمانپەروەری پێشکەوتن خوازی دێمۆکراتی دوور لە تەعەسووباتی ویشک و بەر چاوتەنگی و پاوانخوازی حیزبایەتی و گورووە گەرایی، کە دواتر، لە رۆژەکانی ٦ - ٧ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ هەتاویدا، ناویان لێنرا: دەفتەری شێخ عزالدین.

ئێمە زوربەی ئەندامانی دەفەتەر لە دەورانی رەشی دەسەڵاتی شا و ساواکدا، لە گەڵ مامۆستا کاری سیاسیمان کردبوو. زۆر جارانیش لە لایەن ساواک و ژاندرمەوە گیرابوون و ئەشکەنجە درا بووین بە تاوانی کوردایەتی و هەڵسوورانی سیاسی و بەشداریکردن و یارمەتیدانی شۆرشەکانی کوردستانی ژێردەستی ئێران وعێراق. ئێمە لە ناو جەماوەری رەش و رووت و بەشخوراوی کوردستاندا ژیا بووین و بەشێک بووین لە وان. ئێش و ئازارو بێبەشی و بندەستی ئەوانمان دیتبوو بە ئێسک وخوێن چێستبوو. ئێمە قەت گەڵ و نیشتمانەکەمان لە بیر نەبرد بووە. زۆر جاران بە دوورو درێژی لە سەر مێژووی گەلەکەمان و شۆرشەکانی دوابووین. هەڵەو کەمو کوورییەکانیانمان لێکداوەتەوە و هۆی شکست و سەر نەکەوتنەکانمان بەووردی شیکردۆتەوە و لە سەر رێبازی سیاسی و شێوەی خەبات و ئامانجەکانی گەلی کوردستان بەگشتی وزەحمەتکێشانی بەتایبەتی لە داهاتوودا ساغ ببوینەوە:

ئێمە خوازیاری کوردستانێک بووین کە عەدالەتی کۆمەلایەتی ئازادی بەیان کەرامەتی عینسان سەر بەستی قەلەم و یەکسانی ژن و پیاوی تێدا پارێز رابێت و زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی چینی بێبەش و چەوساوە بڕیار دەربێ. ئەو سیاسەت و بیر و بۆچوونانە ئەو شێوە بیرکردنەوە و لێکدانەوەنە کاری رۆژێک و دوورۆژ و یەک کەس دوو کەس نەبوون و بە پێچەوانەی بۆ چوونی هێندێک کەس ولایەنی رەشبین: کوتوپڕ و لە نەکاو وەک "کارگ" لە عەرز هەڵنەتۆقی بوون" بەلکوو بەر هەم و ئاکامی دەیان ساڵ سیاسەتی بێ وچان کوێرەوەری و دەربەدەری و زیندان و ئەشکەنج و هەر وەها دەرس وەرگرتن لە خالی باش و خراپی شۆرشەکانی کوردستان و هۆی شکست و سەر نەکەوتنەکنیان بوو.

ئێمە لامان وابوو: لە پاڵ کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی و لاوەکیشدا. نەبوونی دێمۆکراسی و ئازادی بەیان و بڕوا بە فرە حیزبی و جیاوازی بیرو بۆچوون گوێ ندان بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەشداری پێ نەکردنی جەماوەری خەڵکی کوردستان بەگشتی و چینی چەوساوەی بەتایبەتی لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا و ئاور نەدانەوە لە خواست و ویستەکانیان دەوری تێکدەرانە و زاڵامانەی سیستمی ئاغا و رەعیەتی دەستێوەردانی داگیر کەرانی کوردستان لە کارو باری کورد و شۆرشەکانیدا پشت بە دوژمن بەستن و بڕوا بەخۆ نەبوون، نەبوونی پێوەندی و دیپلۆماسییە کی راست وڕەوان لە گەڵ دەوڵەتانی دەرەوەی، خاوەن هێزی سەردەم، ساغ نەبوونەوەی رێبەرانی کورد، لە سەر سیاسەت و پلاتفۆرمێکی هاوبەش و داوا وداخوازییەکی روون و ئاشکرای نەتەوەیی ودەرس وە نەگرتن لە ئەزموونی گەلانیتر، هۆی سەرنەکەوتنی شۆرشەکان مان بوون سەرەرای سەدان ساڵ خەبات و تێکۆشان و ئەو هەموو ئازار ونەهامەتییانەی کە بە سەر گەل و نیشتمانەکەماندا هاتوون.

ئەو شێوە بیر وبۆچوون و ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوە سیاسی و کۆمەلایەتییانەی ئەوکاتی مامۆستا ودۆستانی لە سەر

ئەوزاعی جیهان و ناوچەکە و پێوەندی سیاسی و دۆستانەی بەشێک لە پێکهێنەرانی کۆمەلە بە مامۆستاوە بەر لە ڕاپەرینی گەلانی ئێران بوونە خاڵی هاوبەشی نێوان کۆمەڵە و مامۆستا و دەفتەرەکەی و بوونە هۆ ودەلیلی هاریکاری و لە یەکتر نزیک بوونەوەیان بۆ خەبات لە دژی ڕێژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران. هەر بۆیە: مامۆستا و کۆمەلە هەر لە ڕۆژی هەوەلەوە بەبێ ڕارای و دوودڵی دەنگیان نەدا بە جمهووری ئیسلامی و رفراندۆمیان تەحریم کرد و خەڵکیان هاندا بۆ خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە لە پیناو رزگاری گەڵی کوردستان بە گشتی و چینی چەوساوەی بەتایبەتی و هەر وەها بۆ چەسپاندنی ئازادی و دێمۆکراسی و دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەلایەتی و یەکسانی ژن و پیاو مافی ئینسان. لە سەرتاسەری ئێراندا.............

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٦ی جانێویری ٢٠١١

---

## کورتەیەک لە ژیان نامەی مامۆستا شێخ عزەدینی حوسەینی

**بە قەڵەمی مامۆستا سەید جەلالەدینی حوسەینی برای!**



مامۆستا شێخ عیزەدین کوڕی سەید ساڵح برای دایک و باوکی من لە ٢٩ هەمی ڕەمەزانی ١٣٤٠ ی کۆچی مانگی، لە شاری بانە لە دایک بوە، یەکەم منداڵی دایکمانە. دوای گەیشتن بە ٥ بۆ ٦ ساڵی دەست دەکا بە خوێندنی قورئانی پیرۆز و کتێبە وردە فارسیە سەرەتاییەکانی ئەو دەم کە باو بوون، هەروا گوڵستان و بوستان و ئەحمەدیی شێخ مەعروف و تەسریفی زەنجانی و یەک دوو کتێبی تر، تا لە ماڵەوە بوو زۆری ئیشتیا لە خوێندنی علومی عەرەبی نەبوو، باوکی ڕەحمەتیشم حەزی دەکرد هەموو کوڕەکانی ئەو ڕێگە بگرن کە ئەو لەسەریەتی،

هەر بۆیە ساڵی ١٣١٧ ی کۆچی خۆری ٧ ڕۆژی مابوو بۆ ڕەمەزان، ناردی بۆ سیسێر لە گەوورکی سەردەشت کە خوالێخۆش بوو

مەلا سەید حسێنی واژەیی لەوێ مودەڕیس بوو، لەلای خوا لێ خۆش بوو مەلا ڕەشیدی تەرەغەیی کە دەرس خوێنی لای مامۆستای گەورە بوو دەست دەکا بە عەوامیلی مەنزوومەی شێخ مەعروفی نۆ دێیی لە عیلمی نەحو دا، دوای عەوامل دەست دەکا بە کتێبی ئیزهار ئەویش زوو دەخوێنێ، ئەمجار دەست دەکا بە کافیە، بەشێکی لای مەلا ڕەشید و باقیەکەی لای مامۆستا مەلا سەید حوسێن دەخوێنی، ئەو کتێبانە هەموو لەبەر دەکا و زوو پێش ڕەفیقەکانی دەکەوێتەوە پاشان تەسریفی مەلا عەلی شنۆیی لەلای مامۆستا مەلا سەید حوسێن دەخوێنێ، بۆ ڕەمەزانی ساڵی ١٣١٨ هاتەوە ماڵ و باوکم لە ڕەمەزان دا دوو کتێبی وچع و استعارەی پێ گووت و ئەوی خوێندبووی لە ساڵی پێشوودا هەمووی بە باشی دەزانی، وابوو کە باوکی بەڕێزم وەک گوڵ پێی گەش دەبووەوە، دوای ڕەمەزان ڕۆیشتەوە سیسێر بۆ درێژەدان بە خوێندن، کتێبەکانی سیوگی و سەید عەبداللە سەرف و موقەدیماتی مەنتیق و ئادابی گەلەنبەوی و حاشیەی عبداللە یەزدی لە خزمەت مامۆستا مەلا سەید حسێن دا دەخوێنێ.

پاییزی ١٣١٩ی کۆچی خۆری، بە دیدەن هاتەوە، باوکم بەسەردا نەخۆش کەوت لە شەشەلانی ١٣٥٩ خەزەڵوەری ١٣١٩ی کۆچی خۆری دا، کۆچی دوایی کرد. مامۆستا دوای ماوەیێک گەڕاوە بۆ سیسێر درێژەی بە خوێندن دا، منیش لە خزمەت دایکم دابووم، لەگەڵ خوشکی شەش سالانە و برای تازە لەدایک بوو دا، نە دایکم دەیویست جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدین دەست لە خوێندن هەڵگرێ و نە مامۆستا شێخ عێزەدینیش ئامادەبوو دەست لە خوێندن هەڵگرێ. ڕاستە باوکی بەڕێز و خاوەن ئیحترامامان نەمابوو، بەلام دایکی بە شەخسیەتمان گەورەیی ماڵەکەی ڕاگرتبوو خەڵکی شار و خزمان و دۆستان تەماشا ئەو ماڵەیان بە ماڵەکەی جاران دەکرد، چوونکە باوکی خوا پەرەست و زانامان ئەوەندە خاوەن تەقواو خوو ڕەوشتی ئیسلامی و بەجێ بوو ئێستاش خەڵک ئەو خانووەی کە ئەو تێیدا ژیابوو بە پیرۆز دەزانن.

خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی خۆری، ١٩٤١ی زایینی، هاو پەیمانان هاتنە ئێرانەوە، دەسەلاتی ستەمگەری ڕەزا شایان لەسەر شانی خەڵک بەتایبەت کوردستان لابرد، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو ساڵە بەلای ئیقلیمی (سن) دەغڵ و دانی کوردستانی گەرمێن و بانە و مەریوانی نەهێشت و قاتیی خستە وەلات، بەلام خەڵک لە خۆشی ڕووخانی ڕەزا شاو ئازاد بوونی بەرگی کوردی و نەمانی ستەمی ژاندارم، وایان دەزانی کە لەسەر تەختی شایەتین. بەگزادە تەبعیدەکان لە تارانەوە گەرانەوە کوردستان، حەسەن خانی نەمەشیر کە دۆستی لەمێژینەی باوکم بوو گەڕاوە بانە، مامۆستا شێخ عێزەدین لەبەر خوێند لەماڵ نەبوو کە لەلایەن ماڵەوە بچێ بۆ بەخێرهاتنەوەی حەسەن خان، دایکی ڕەحمەتیم ڕەسوڵ ئاغای دراوسێمانی بانگ کرد نامەی بەخێر هاتنەوەی بۆ حەسەن خان بەناوی دایکمەوە نووسی، بۆ ئەوە ماڵەکە دوای فەوتی باوکم هیچ کەمایەسیی پێوە نەبیندرێ.

لەو ئاڵ و گۆڕەش دا نە مامۆستا شێخ عێزەدین خوێندنەکەی بەجێ هێشت و نە دایکم ڕازی بوو خوێندنی دواخا، زستانی ١٣١٩ و بەهار و هاوینی ١٣٢٠ مامۆستا شێخ عێزەدین لە خوێندن بوو لە دواییەکانی خەرمانانی ١٣٢٠ دا هاتەوە ماڵ. دوای مانگی ڕەمەزان بەرەو سیسێر گەڕاوە و چۆوە وە بۆ خوێندن و منیش لەگەڵی چووم بۆ فەقێیەتی، دایکم و دوو منداڵەکە و ئافرەتێک کە لە منداڵیەوە لە ماڵمان دابوو، مانەوە. زستانی ١٣٢٠ دایکم نەخۆش کەوت، ناردی بەدوای مامۆستادا گەڕاوە ماڵەوە، ئەودەم مختصری شەرحی تلخیصی دەخوێند، چەند مانگێک خوێندنی دوا کەوت، ئافرەتێکی مارە کراوی بوو دایکم دەیەویس بۆی بگوێزێتەوە تا خۆی ماوە چاوی بەسەریانەوە بێ، بەرگی بووکێنی بۆ هەڵدەگرن، بەلام ئیرادەی پەروەردگار پێچەوانەی بەرنامەی بەندەکان دەبێ، دایکم لە ناوەڕاستی خاکەلێوە ١٣٢١ی کۆچی خۆری دا، کۆچی دوایی دەکا. ماڵ بێ سەرپەرست و دوو منداڵی حەوت سالانە و دوو سالانە بێ داشدار دەبن. چاوەڕوان دەکرا کە مامۆستا شێخ عێزەدین دانیشێ و مارە کراوەکەی بگوێزێتەوە و بە خوێندن تەواو نەکردوویی ببێ بە مەلا، بەلام ئەو مامۆستا شێخ عێزەدینەی کە یەک ڕۆژەی دوو ڕۆژە بوو لە خوێندن دا خۆیشی و خەڵکیش بە کەم وێنەیان دەدی لە بیر و لێهاتوویی دا، پێی حەیف بوو کە زانا نەبێ و بە کۆلکە مەلا دانیشێ. لەبۆ پرسەی دایکم شێخ عەلی مام و خزمان لە شارباژێڕەوە هاتن، کۆبوونەوەیێک لە ڕیش سپی و پیاو ماقوڵی گەرەک لە ماڵی ئێمە دەگیرێ بۆ ئەوە چی بە چاک دەزانن کە مامۆستا شێخ عێزەدین بیکا، وەستا کەریمی خەیات کە لە هەمووان پیرتر دەبێ سەری قسەی دەدرێتێ، وەستا کەریم دەڵێ کە مەلا ساڵحی واعیز مەلای مزگەوتی ووسو ئاغا فەوتی کرد مێزەرەکەی ئەومان لەسەر مەلا حەسەنی کوڕی دانا و کردمانە مەلا، ئەمیش مێزەرەکە شێخی ڕەحمەتی سەر ئەخەین و دەیکەینە مەلا، کە وەستا کەریم نەزەری خۆی دەڵێ ڕوو لە کاکم دەکەن کە تۆ ڕات چیە؟ مامۆستا دەفەرمووێ: ئەمن نامەوێ دەست لە خوێندن هەڵگرم، دەمەوێ درێژە بە خوێندنم بدەم و زانستم زۆر بێ نەک کۆلکە مەلا بم، زۆران نەزەری ئەو پەسەند دەکەن بەر لە هەمووان میرزا نەسرولڵای تەوەکولی بەگەرم تەئیدی نەزەرەکەی دەکا. ئەمجار دەمێنێتەوە سەر مەسەلەی منداڵەکان، مامە عەلیم و خزمان دادەنیشن لەسەر ئەو مەسەلە قسە دەکەن هەموو پێشنیار دەکەن کە ئێمە منداڵەکان بەخێو دەکەین، دوو خاڵمان کە لەوێ دەبن دەنگ ناکەن، پاشان مامۆستا ڕوو دەکاتە خاڵی دووهەم شێخ مارف دەڵێ خاڵە مارف بتەوێن یا نەتەوێن من ئەو خوشک و برایەم بەتۆ دەسپێرم. خاڵە مارفی ڕەحمەتی دەڵێ: چوونکە من خزمی بەرێ بووم و لەمن لە پێشتری لێ بوون بۆیە پێشنیاری بەخێو کردنیانم نەکرد، بەسەر چاو زۆر مەمنوونم کە ئەو ئەرکە بەمن دەسپێرێ. بەڵێ منداڵەکان درانە دەست خاڵم، ماوەی نزیک حەوت ساڵ لە تەنگانە و گرانیی جەنگی دووهەمی جیهانی و شەڕ و شۆڕی حەمە ڕەشید خان و سووتاندنی شاری بانە و ئاوارەبوونی خەڵکی شار و دێ و ئاوارە بوونی خاڵم بۆ شارباژێڕ، ئەو دوو منداڵەی بۆ ئێمە بەخێوکرد، تا ساڵی ١٣٢٧ کە مامۆستا لە کانی ڕەشی بۆکان بوو بە مەلا و ماڵی دانا، پاییزێ چووم بە دوایاندا، هێنامنەوە خودا جەزای بەخێری خاڵم و خێزانی بداتەوە. ئەلێرەدا حەقە هەر خاوەن ئینسافێک لە هەڵوێستی مامۆستا شێخ عێزەدین وورد ببێتەوە کە چەندە عیلم و زانست دۆست بووە، زەماوەندی نزیکی بەجێ هێشت، دەستی لە درێژەدان بە خوێندن هەڵنەگرت و هەر وا وورد بێتەوە کە چۆن لەناو

هەموو خزم و کەسان دا خاڵی هەڵبژارد چوونکە بەزۆری خاڵ بە رەحمترن لە کەس و کاری تر، ئەمجار خێزانی شێخ مارفی خاڵم لەگەڵ دایکم دا لە کۆنەوە دۆست و هاو ماڵ بوون،وەک خوشک وابوون، جوێ لەوە، ئافرەتێکی زۆر خودا پەرەست بوو بۆیە خاڵی چکۆلەی پەسەند کرد.

منداڵ دامەزران و مامۆستا شێخ عێزەدین و من لە خزمەتی دا درێژەمان بە خوێندن دا ئەو زۆر چاک خەریک بوو، من وا تێنەدەکۆشام، مامۆستا شێخ عێزەدین لە ناوەڕاستی هاوینی ١٣٢١ دا ماوەییێک چووە حەمامیانی بۆکان دوایی گەڕاوە سیسێر، زستانی ٢١ و بەهاری ٢٢ لە سیسێر بوو، دوایی هاتە نەمەشیر لە بانە لە خزمەت خوالێخۆش بوو مەلا ئەحمەدی نەمەشیر برازای شێخ مەلا عەلی دا شەرحی عەقاییدی نەسەفیی خوێند لەگەڵ حەواشیی خەیالی و عبدالحکیم، مامۆستا مەلا ئەحمەد ئینسانێکی زۆر زانا و زرینگ بوو زۆری ڕێز بۆ مامۆستا شێخ عێزەدین دادەنا، هەروا کوڕانی حەسەن خانی نەمەشیر و خەڵکی دەوروبە بەقەدەر مەلاییێکی مودەڕیس ئیحترامیان لە مامۆستا شێخ عێزەدین دەگرت بەڕاستی هەرکەس ماوەییێکی کەمیش لەگەڵی بوایە، تێدەگەیشت کە شەخسیەتێکی چەند بەرز و زانایە و خاوەنی ویقار و شەخسیەتە. حاجی هەباس ئاغای پشدەری کە خزمایەتی و دۆستایەتیی لەگەڵ تایەفەی ئەحمەدی هەبوو و پیاوێکی ئەهلی جومعە و جەماعەت و محبی عولەما بوو بە سەفەر هاتە نەمەشیر بۆ دیدەنی خزمان، ئێواریٚ بەر لە نوێژی شێوان هات بۆلای مزگەوت بۆ جەماعەتی شەوان ئێستا بانگ نەگوترابوو لەسەر خواجە نشینەکانی مزگەوت لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین کەوتنە قسە لەو ماوە کەمە یەک کەوتنە دا وەهای مامۆستا شێخ عێزەدین بەر دڵ کەوتبوو دوای گەڕانەوەی بۆ دیوەخان ناردبووی بەشوێن مامۆستا شێخ عێزەدین دا تا لەگەڵی دانیشێ و زیاتری قسە لەگەڵ بکا.

پاییزی ١٣٢٣ کە بانە سووتا و زۆرینەی خەڵکی بانە ئاوارە بوون مامۆستا شێخ عێزەدین چووە حەمامیان خزمەت مامۆستا مەلا عەلی وەڵزی، لەوێ بورهانی گەلەمبەوی لە مەنتیق و جمع الجوامع لە ئوسول الفقە و شەرحی تهـذیب الکلام لە فەلسەفە و عەقاید دا و تەشریح الافلاک و ئەشکال التاسیس لە هەندەسەی دا خوێند،

بەهاری ١٣٢٥ چووە مهاباد بۆ خزمەت مامۆستا مەلا حسێن مەجدی لەوێ شەرحی سەید شەریفی جورجانی لەسەر مەواقیفی قازی عچدی لە حیکمەت و کەلام دا، خوێند. پێنج مانگێک لەوێ ماوە دوایی هاتەوە حەمامیان، زۆرتری وەختی بە موتالای تەفسیری قازی بیچاوی دەگوزەراند، هەروا حازری دەرسی رەفیقەکانی دەبوو هێندێک رفیقی عیلم دۆست داوایان لێدەکرد لەگەڵیان بە کتێبە خوێندراوەکانیان دا بچێتەوە، بەوپەری نەجابەت و بێ دەماریەوە یارمەتی دەدان.

پاییزێ ١٣٢٦ هاتە سەر ئەوە کە بچێتە بالک بۆ خزمەت مامۆستا مەلا باقر لەوێ دەست دەکا بە موختەسەری مونتەها لە

اصول الفقه دا بە شەرحی قازی عچده و لەگەڵ حاشیەی دوو عەللامە سەعدی تەفتازانی و سەید شەریفی جورجانی، رۆژی نزیک بە بیست پەڕ موتالا دەکا بەیانی بۆ مامۆستای دەخوێنێتەوە لە کەم جێگەی پرسیار لە مامۆستا دەکا بە ماوەیێکی کەم ئەو کتێبە گەورە تەواو دەکا دوایی دەست دەکا بە نیهایە لە فیقە دا، مامۆستا مەلا باقر فەرموویبووی ئەمە فەقێ نیە، ئەمە دەڵەی چەند ساڵ تەدریسی کردوە. مامۆستا شێخ عێزەدین لەوەختی خوێندن و لەوەختی تەدریس و موتالادا خاوەنی نەزە و تێفکرینی تایبەتی خۆی بووە مەبەستە عیلمیەکانی بە تەقلید و دوا کەوتن وەرنەگرتووە و خۆی خاوەن نەزەر بووە تیایاندا.

بەهاری ١٣٢٧ عەرزی مامۆستا دەکا کە من زۆر لە خزمەت مامۆستا مەلا عەلی وەڵزی دا خوێندوومە، حەز دەکەم ئیجازەی عیلمی ڕەسمی لە خزمەت ئەودا وەرگرم، مامۆستا مەلا باقریش پێی خۆش دەبێ و بۆخۆشی ئیجازە نامەیێکی بەبێ مەراسیم بۆ دەنووسێ دوایە هاتەوە بەرەو موکریان بۆ حەمامیان، لەوێ ئیجازەی ڕەسمی لە خزمەت مامۆستا مەلا عەلی دا وەرگرت. مامۆستا شێخ عێزەدین لە بەحس و مونازەرەدا زۆر لەسەرخۆ بوو زۆر نەجیب دەدوا، هیچ کات لە باس دا تووڕە نەدەبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە نەمدیوە لە باسی عیلمی دا لەگەڵ هیچ کەس سەرکەوتوو نەبێ، واش بەهیچ جۆرێک شانازی و فەخری نەدەکرد بەسەر لایەنی بەرامبەر دا، هیچ کات نەیدەویست کەسێک بشکێنێ، هیچ وەخت قرە و هەرای لەگەڵ رەفیق نەدەبوو، جارێک سەری داخستبوو موتالای دەکرد لە بەر لامپا لە حەمامیان، یەکێک لە رەفیقەکانی لەسەر شتێکی زۆر کەم بایەخ توند و ناخۆش دوا، مامۆستا هیچ جوابی نەداوە و سەری حەوا نەدا، رەفیقەکەی خەجاڵەتی کێشا و باوەشی بەسەری دا کرد و ماچی کرد، ووتی: شێخ گیان غەڵەتم کرد لێم ببوورە. مامۆستا شێخ عێزەدین کە فەقێ بوو بە ئەندازەی مەلاییێکی مودەریس ئیحترامی بوو لەلای هاوڕێیان و خەڵکی ئەو ئاوایی و شارەی کە لێی دەخوێند، تایەفەی ئیلخانیەکان و موهتەدیەکان، ئەوپەڕی ڕێزیان لێ دەگرت. بەرخورد نەجیب و زمان بەئەدەب و بێ دەمار و دوور بوو لە هەموو کردەوەیێکی نەشیا و و شەرماوی. دوای وەرگرتنی ئیجازە، لە کانیە ڕەشی ڕۆژئاوای بۆکان، بوو بە مەلا و مودەریس و لەوێش لە بنەماڵەیێکی موحتەڕەم لە سەیدەکانی ماوەڵۆیی ژنی خواست و ماڵی دانا. کانیە رەش دێییێکی خۆش و کوێستان و ئاوەدان بوو، هەرچەند زۆرینەی خەڵکەکەی دەوڵەمەند بوون، بەلام مامۆستا نەدار بوو، لەگەڵ نەداری دا زۆر بەگەرمی تەدریس و ڕێ نوێنیی خەڵکی دەکرد، هیچ کات دەردە دڵی لە نەداری خۆی نەدەکرد. بە عیزەتی نەفس و بەوپەڕی هیممەتەوە دەیگوزەراند، چوار ساڵ لەوێ بوو بەهاری ١٣٣١ ماڵی لەوێ رۆیی چووە گۆلێ لە چۆمی مەجید خان لە گۆلێ هەر ئەرکی تەدریسی لە ئەستۆ بوو، ئیمامێکی کە زوو بوی هەر لەسەر کاری خۆی ماوە.

ئیسلاح خوازیی دوکتور موسەدیق لە ئارادا بوو جوتیارەکانی موکریان بە هاندانی حیزبی تووده کەوتنە پێک هێنانی تەشکیلاتی موبارەزە، مامۆستا شێخ عێزەدین پشتیوانی و هاوکاری کردن. کە کودتای سەرلەشکر زاهیدی کرا بۆ هێنانەوەی

شا، ئیسلاح خواز کەوتنە بەر هێرش و دەرەبەگەکانی موکریان یەک دەست خۆ کەوتن دژی جوتیاران، ئاغاکانی تایەفەی باپیر ئاغا جوتیارێک بەناوی حسێنی عەلی زێنیان لە دێی "گۆلێ" کوشت و ئیستاش کەس تەرمەکەی نەدیەوە، بەوە دێی گۆلێ شێوا.

لە بەهاری ١٣٣٢ دا مامۆستا شێخ عێزەدین چووە قارەوا لە نزیک بۆکان کە ئاغای دێکە حەسەن خانی کوڕی اعتمام الملک بوو، ئەویش و خەڵکی ئەو ناوچە ئەوپەڕی ڕێز و ئیحترامیان لێ دەگرت.

ساڵی ١٣٣٧، چووە مهاباد لە مزگەوتی حاجی سەید بایەزید بوو بە ئیمام و مودەریس، جەنابی مامۆستا لە مهاباد بەهۆی ئەوەوە کە عالمێکی ئایینی و روناکبیر بوو و خاوەن عیززەتی نەفس بوو و بە دڵی دەوڵەت و دەزگای سازمانی ئەمنیەت نەبوو، رۆژ لەدوای رۆژ ئیحترامی زیادی دەکرد و ناوبانگی زیاتر دەرۆیی، بەتایبەت کە مەدرەسەی علومی دینی دامەزرا فەقێکانی مەدرەسە هەموو وەک پەروانە بەدەوری مامۆستاوە. بەهۆی ئەوەوە کە خەڵکی ئازادیخواز و چینی خوێندەوار زۆریان ڕێز لە مامۆستا دەگرت، جەماعەتێک لە کەسانی ناپاک گوزارشی زۆریان لەسەر مامۆستا کەڵەکە کردبوو تا وای لێهات کە لەگەڵ گیرانی ژمارەییێکی زۆر لە خەڵک، مامۆستاش گیراو برا بۆ پادگانی جەڵدیان، بەلام خەڵکی مهاباد بێ ئەندازە دڵ مەند بوون و بڕیاری تەزاهوراتیان بوو، خەڵکی مهاباد گوتوبوویان کە مەلا شێخ عێزەدین بگرن، پێغەمبەریش دەگرن. لەوێ تیمسار ئوەیسی کە چاوی پێی دەکەوێ و بەرخوردی لەگەڵ دەکا شەرم دەکا لەوە کە ڕایگرێ و دوای هێندێک پرسیار شەوێ دەیبەنەوە ماڵی خۆی، هەرچەند ئێستاش کەسانی ناپاک مامۆستا تۆمەتباردەکەن لەوەدا کە زوو ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە ماڵی خۆی، بەلام رەفتاری مامۆستا لە درێژایی تەمەنی دا تۆمەتی ناپاکان پوچەڵ دەکاتەوە، حەقیقەت شتێکە کە درۆ نایشارێتەوە. کەسی تریش بووە کە گیراوە لەگەڵ خەڵک و کەسایەتیەکی ناسراویش نەبووە ئەودەم و پێگەی جەماوەریشی نەبووە، دوای هەشت ڕۆژ ئازاد کراوە، رەفیقان داوایان لێکردووە کە روونی بکاتەوە بۆچی ئازاد کراوە زیاد لە هەموو کەس، جوابی نەداونەوە روونی بکاتەوە و رۆیشتووە، ئێمە تۆمەتی پێ ناکەین کە خائین بووە، چوونکە دواییەکانی ژیانی دڵسۆزانە کاری کردووە.

مامۆستا شێخ عێزەدین بەهۆی ئەخلاق و رەفتاری جوان و بەهۆی دووری لە دەوڵەت و نزیکی لە دڵی رووناکبیران و شۆڕشگێڕان پێی نەچوو لەهەموو موکریان دا بوو بە یەکەم شەخسیەت، دیارە مامۆستا مەلا حسێن مەجدی خودا لێی خۆش بێ کە مامۆستای ئەو بوو، بە گەورە مەلای ناوچە دەناسرا، بەلام، لەلای رووناکبیران و چینی گەنج و شۆڕشگێران مامۆستا شێخ عیزەدین بە پێشەواو رێبەر تەماشای دەکرا، تەنانەت مامۆستا مەلا حوسێنی رەحمەتی، مەلا جەوان و شاگردەکانی خۆی بەناوی خۆیان بانگ دەکرد و ناو دەبرد، تەنانەت بێ ئەقڵ و شتی وای پێ دەگووتن، دیارە رێزی هەبوو لەلای



سەرچاوە
Serchawe

هەمووان و کەس لێی لە دڵ نەدەگرت. بەلام مامۆستا شێخ عیزەدینی لە سەرو دەمی فەقێیەتیەوە تا دوایی، هەر بەناوی ئاغا ناو دەبرد. لە کوردستان دا ئەرکی ئیمام جومعەیی و خەتیبی زۆرتری ئیرسی بووە وەک دەزگای مەشیخەت و تەریقەت، جا زۆرتری ئیمام جومعەکان نەزان و نە شیاو بوون بۆ ئەو ئەرکە، خەڵکی سابلاخ کە دیتیان ئیمام جومعەکەیان زانا نیە و سەر بە دەزگایە و لەگەڵ ساواک هاوکارە پیاو ماقوڵ و قسە ڕەواکانیان داوا لە دەوڵەت دەکەن کە مامۆستا شێخ عیزەدین بکا بە ئیمام جومعە، بێ ئەوەی پرس بەخۆی بکەن دەزگای شا بە دڵی ئەو پیاو ماقولانە دەکا و فەرمانی ئیمام جومعەیی بۆ مامۆستا شێخ عێزەدین دەردەچێ و پێی ڕادەگەیێندرێ و ساڵی ١٣٤٧ دەبێتە ئیمام جومعەی مهاباد. وێ دەچێ کە ڕژیم لە خۆشەویستی مامۆستا شێخ عێزەدین لەناو جەماوەری موکریان دا سڵی کردبێ بۆیە ملی دابێ بە داوای پیاو ماقولانی مهاباد و کردبێتی بە ئیمام جومعە تا بە نزیک لەخۆی بناسێنێ بەتایبەت کە ئیمام جومعە بەپێی ڕێ و شوێنی زۆر کۆن لە جیهانی ئیسلام دا دەبێ دوعا بۆ گەورە دەسەلاتی ولات بکا و پێی وابووبێ کە مامۆستا شێخ عێزەدینیش دوعا بۆ شا دەکا ئەو دەمە ناشیرین دەبێ و پێگەی کۆمەلایەتی دەڕووخێ، نەیزانی بوو کە مامۆستا شێخ عێزەدین بە سەداقەت و ئازایی و خاوەن مەبدەئو باوەڕ بار هاتووە و ژێر باری ستەمگەر و بێ حەقیقەتان ناچێ مامۆستا شێخ عێزەدین لە ئەرکی ئیمام جومعەییەکەی دا توانی زیاتر هەستی شۆڕشگێڕی و ئازادی خوازی پەرە پێ بدا و بە خوتبە پڕ نێوەرۆکەکانی زیاتر بێزاریی لە ستەمگەرو دەزگای حاکمیەتی دیکتاتۆر بەرێتە دڵی خەڵکەوە. ماوەی ئیمام جومعەییەکەی دوعای بۆ شا نەکرد تەنیا ((اللهم انصر سلگان اللاسلام)) ی دەگووت ئەو دوعایەش بەهیچ جۆرێک شای نەدەگرتەوە، هەرچی بێ، مامۆستا شێخ عێزەدین بەهیچ شێوەییێک نەکەوتە داوی ڕژیمی شاوە، نەویستان، پەیتا پەیتا گوزارشیان لێ دەدا و سەرهەنگی ساواکی مهاباد لەسەری دەنووسی و ئەسعەدی ماجیدی جێگری تیمسار سەیادیان کە کوڕی قازی کەریمی سەقز بوو و دۆستایەتی بنەماڵەییمان لەگەڵیان بوو بەرپەرچی گوزارشەکانی دەداوە، ئەسعەدی ماجیدی زۆری خەمی مامۆستای بوو بۆشی نەدەکرا بێ بۆ خزمەت مامۆستا، داوای کردبوو کە مامۆستا بچێ بۆ وورمێ و لەگەڵ یەک دانیشن، وارێکەوت من لە بانەوە چووم بۆ مهاباد لە خزمەتی دا بووم کە چوو بۆ وورمێ، چووینە مسافیرخانەی مهاباد لە وورمێ، مەلا عبدالله قەلا گایی کە ساڵی کۆمار لە مزگەوتی بازاڕی مهاباد پێکەوە ڕەفیق بووین، مودیری موسافیرخانەکە بوو تەلەفۆنی بۆ کاک ئەسعەد کرد کە مامۆستا هاتووە، گووتبووی نیوەڕۆژە نەکەن تا دێمە دەرەوە، سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ هات و دوای نیوەڕۆژە کردن چووینە ماڵەکەی خۆی سێ نەفەری دانیشتین عەرزی مامۆستای کرد: ئەمن هەر پێم دەکرێ شکایەت و گوزارشی سەرهەنگی مهاباد کە لەسەر تۆی دەنووسێ، لەلای تیمسار بەرپەرچ بدەمەوە مامۆستا: تۆ بۆ دوعا بۆ شا، یان گوتی "اعلا حەزرەت" ناکەی؟ مامۆستا فەرمووی دوعام کردووە، گوتی مامۆستا بۆ ناوی نابەی ((اللهم انصر سلگان اللاسلام))ی بەبێ ناو بردن بری ناکەوێ، فەرمووی ئەوە دوعایە. ئەسعەدی ماجیدی لەڕاستی دا بە دڵسۆزی مامۆستا قسەی دەکرد نەک بە دڵسۆزی دەوڵەت، حەزی نەدەکرد مامۆستا زیان ببینێ، پاشان گوتی مامۆستا من: هەر دیفاعت لێ دەکەم بەلام دەبێ تۆش یارمەتیم بدەی و مراعات بکەی، دوایی خواحافیزیمان کرد و گەڕاینەوە بەرەو مهاباد. مامۆستا لە ڕێیە فەرمووی وەالله تا ئێستێ ((اللهم



سەرچاوە
Serchawe

انصر سلگان اللاسلام)) م گووتووە، ئەمجا ئەوەش ناڵێم. بەڵێ ئەوەیە کەسایەتیی پاک و فرە بەرزی جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدین نە تەماع شوێنەواری لەسەر دانا و نە ترس لە دەسەلاتدار. هەرچەند مامۆستا شێخ عێزەدین خەڵکی بانە بوو و بە فەقێیەتی کەوتبووە موکریان، پێگەی جەماوەریی باوک و باپیرانی لە بانە بوو نەک لە موکریان بەلام زانایی و عیززەتی نەفس و خاوەن مەبدەئی و بێ ڕیایی و دووری لە تەماع وەها کەسایەتیی بەرزی ئاشکرا کرد کە لە موکریان و گەورە شارەکەی موکریان دا بە ڕێبەر بناسرێ کە لە هەموو ئاڵ و گۆڕی ناوچە دا پێش خەڵک کەوێ و لە هەموو هەلێکی ڕاپەڕین دا سەر دەقی بزووتنەوەیان بۆ بشکێنێ، بۆ وێنە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٧ دا شۆرش و ڕاپەرین لە شارەکانی تاران و تەوریز و شارەکانی تری ئێران دەستی پا کرد، لە مەهاباد بە بۆنەی مەرگی عەزیزی یووسفیەوە کە زیندانیی سیاسیی درێژ خایەنی کوردستان بوو، لە بەڕا کردن و ناشتنی تەرمەکەی دا خەڵکیکی زۆر کۆببوونەوە، جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لە سەر گۆرستان ووتاردەدا و تەڵقینی بە کوردی دەکا و شیعرەکەی پیرەمێرد دەخوێنێتەوە:

پێی ناوی بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین

هەروا تەڵقینی بە کوردیش دەکا. بە قسەکانی مامۆستا خوێنی خەڵک گەرم دادا و شێوە تەزاهوراتێک دەست پا دەکا، بەدوای ئەوەدا تەزاهورات و ڕاپەڕین لە مهاباد و شارەکانی تری کوردستان دەستی پێکرد و نەپساوە تا رووخانی رژیمی شا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ - ٢ - ٢٠١١

---------------------------------------------------------- -------

## ساڵوەگەڕی یەک ساڵەی کۆچی دوائی مامۆستا شێخ عێزەددینی حسەینی



**یەدۆڵڵا بیگلەری**

ئەمڕۆ ١٠ی مانگی فیڤریە بوو ساڵوەگەڕی کۆچی دوائی مامۆستا شێخ عێزەددینی حسەینی بوو، ساڵێک لە مەو بەر دڵی گەورە و مێهرەبانی مامۆستا لە لێدان کەوت و بەو لە دەس چوونە گەلی کورد بە تێکرائی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی مرۆڤێکی گەورە و ڕێبەرێکی زانا و ژیری لە دەس دا. سەبارەت بە مامۆستا زۆر کەس قسەیان کردووە و زۆر نووسراوەش بڵاو بوونەتەوە. من قسەیەکی زیاترم نیە بەڵام ئاماژە بە دوو خاڵی گرینگ ئەکەم کە ئەبێ بۆ مێژوو باسی لێ بکرێ.

١- چەن ڕۆژ دوای خۆپیشاندانە گەورەکەی شاری تەورێز کە بە بۆنەی چلەمین ڕۆژی قوربانیەکانی شاری قۆم لە ئاخر و ئۆخری زستانی ساڵی ١٣٥٦ ی هەتاوی ڕوی دا، لە ڕاستی دا ڕۆژی دوو هەمی نەورۆزبوو کە لە ماڵی بەڕێز کاک سەلاح مۆهتەدی میوان بووم، باسی سیاسەت کرا، باسێ خۆپیشاندان و هەل و مەرجی ئەو کاتی ئێران و کوردستان کرا. تەنانەت ئاشنایەکی کاک سەلاح باسی ئەوەی کرد کە ئەوا عەجەم خەریکی کوردایەتیە و ئێمە خەریک نین. ڕاست بوو هێشتا کوردستان ئارام بوو و جمووجۆڵی تێ نەکەوتبوو.

ئەو کات من هێشتا بە خزمەت مامۆستا شێخ عێزەددین نەگەیشتبووم بەڵام دووراودوور دەمناسی و باسی هەڵوێستەکانی ئەوم بیستبوو. ئەو ڕۆژە لە کاک سەلاح هەواڵی مامۆستام پرسی کە چۆنە و چ دەکا، کاک سەلاح وتی مامۆستا لە ژێر فشارە و ساواک زۆری بۆ هێناوە کە دژی رووحانیەتی شیعە و بە تایبەت خۆمەینی قسە بکا، پرسیارم کرد دەی باشە مامۆستا گرەکیە چە بکا و چۆن جواب ئەداتەوە. کاک سەلاح وتی من پێشنیارم کردوە کە تا حەددی تەبعید ڕابوەستی، بەڵام

مامۆستا وتوویە تا مردنیش را دەوەستم وحازر بەو کارە نابم. بە ڕاسی هەر ئەو کاتە من سەری نەوازشم بۆ ئەو هەڵوێستە دانەواند.

٢- ماوەیەک بەر لە نەخۆشی مامۆستا و بەستەری بوونی لە خەستەخانە، لە لاپەڕەی بی،بی،سی فارسی دیتم کە ئاغای حەسەن یۆسفی ئەشکەوەری کە یەکێ لە نەو ئەند یشانی دینیە لە نووسراوەیەکا داوای لە مەراجعی گەورەی شیعە کردوە کە ئازایەتی نیشان بدەن و لە فەتوایەکدا بەهائیەکان وەک شارۆمەند (شەهروەند) بناسێن لە بەر ئەوە ئەگەر نەسڵی ئەوەڵی بەهائیان مۆرتەد بوون خۆ منالانی ئەوان مسڵمان نەبوون کە لە دین هەڵگەرابنەوە، با ئەوانیچ هەر وەک منالانی جوولەکە و مەسیحی مافی شارۆمەندیان پێ بدرێ.

من وەک چتێکی تازە و جالب ئەوەم بۆ مامۆستا باس کرد، مامۆستا فەرمووی جا خۆ نەسڵی ئەوەڵیشیان مۆرتەد بە حەساب ناین، لە بەر ئەوە کە ئەوەڵەن بەهائیەت بە ئێعتراز بە گەندەڵی رووحانیەتی شیعە پێک هات ، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە حوکمی مۆرتەد مەربووتە بە ئەوەڵەکانی زەمانی پێغەمبەری ئیسلام و ئەو کات کە موسوڵمانان کز بوون و پێوەست بوونی کەس یان کەسانێ بە موسوڵمانان یان بە جێهێشتنی ئەوان وەزعی ئەوانی دەگۆڕا. لەو کاتە دا کەسانێ بوون کە تاو تاو بوون ، ماوەیەک لای موسوڵمانان ئەبوون و ماوەیەک دەگەڕانەوە لای قۆرەیش (رائی رائی بوون.). ئەو حوکمە هی ئەو دەورەیە و ناکرێ بۆ دەورانە کانی تر بە کار ببرێ.

من ئەم دوو هەڵوێستەی مامۆستام پێ شۆڕشگێڕانە و ئینسانی یە و لە بەر ئەوەی کەس تری لێ ئاگادار نەبووە بە ئەرکی خۆمم زانیوە کە بینووسم با بۆ مێژوو بمێنێتەوە.

ستۆکهۆڵم ١٠ فێوریە ٢٠١٢

---

## لە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا، چەند قسەیەک لەگەڵ دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان



**خەلیل غەزەلی**

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان دوەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ڕێبەری تا سەر وەفادار بە ئامانجی گەل و نیشتمان، یادزیندوو "مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی"بوو. بێگومان مامۆستا لە دەگمەن ڕێبەرانی نەتەوەی کورد و بگرە لە ئاستی ناوچەدا، کە نە لەکاتی ڕیبەریی کردنی بزووتنەوەی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر هیچ کام لە داخوازە ڕەواکانی گەل سازشی کرد و نەش سەرەڕای ئەوەی خۆی باوەڕمەند بە ئیسلام و تەنانەت پیاوی ئایینی بوو، ملی بە کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی دا. مامۆستا تەنانەت پاش سەرکوتی بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵک، زۆر ساکار و بێ ئیدیعا ژیا و بەردەوام باوەرە پێشکەوتنخوازانەکانی خۆی بەرۆژ کرد. کە ئاخرین نموونەی وتووێژە مێژوویەکەی بوو لەگەڵ تەلەفزیونی بی‌بی‌سی. بە مەرگی مامۆستا نەتەوەی کورد یەکێک لە ئەمەگدارترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی جەماوەریی خۆی لەدەسدا. بەڵام ناو و یادی و بەتایبەت هەڵوێستە بوێرانە فەلسەفی و سیاسی‌یەکانی مامۆستا هەمیشە زیندون و چرا و روناک کەروەی ڕێگەی تێکۆشەرانی راستەقینەی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دادپەروەریی کۆمەڵایەتین.

مامۆستا پێش مەرگی خۆی وەسیەتی کردبوو کە تەرمەکەی لە کوردستان بنێژرێت. بۆیە پاش چەند ڕۆژ تەرمی مامۆستا گوێزرایەوە بۆ باشووری کوردستان. بڕیار وا بوو لە ڕێورەسمێکی شیاودا مامۆستا لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەشێوەی کاتی و تا ئازادیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنێژردێت، بەڵام زۆر بەداخەوە، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و لە سەوویەوە یەکێتی نیشتمانی، پێش ڕێوورەسمەکە، هەئیەتی بەڕوەبردنی ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی مامۆستا ئاگادار دەکەنەوە کە تەرمی مامۆستا دەبێت دوور لە خۆپیشاندان و بە بێ بێدەنگی و بەقولی ئەوان بێ"قەرە بالغی" بەرێوە بچێت . هەر لەو ڕۆژەشدا بەداخەوە بەشێوەیەکی گوماناوای ڕووداوی ١٧ی شوبات و خۆپیشاندان و تەقەی مەقەری لقی چواری پارتی لە خۆپیشاندەران روویدا.

لە هەر حاڵ تەرمی مامۆستا بەو شێوەی شیاوی ئەو ڕێبەرە گەورەیە بوو، لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان(پارتی و یەکیتی) نە پێشوازی لێکرا و نە بایەخێک بە ڕێورەسمی ناشتنی درا. ئەوەش لە کاتێکدا بو کە کاربەدەستانی باڵای دەسەڵاتی هەرێم بۆ کەسانێک بایەخ و کاتیان داناوە، کە یەک لە هەزاری مامۆستا خزمەتی گەل و نیشتمانیان نەکردبوو و، جیاوازیی کەسایەتیان زەوی و ئاسمان بوە.

لە لایەن بنەماڵەی مامۆستاوە بەڕێزان ئەحمەد ئەسکەندەری و ڕەزا مستەفا سوڵتانی دیاریکرابوون ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی مامۆستا لە سلێمانی مودیریەت و جێبەجێ بکەن. پاش گەرانەوەی ئەو بەرێزانە من پێوەندیم لەگەڵ گرتن و وێرای پرسیای چۆنیەتی بەرێوە چوونی ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی مامۆستا، پەرۆشی خۆم لە هەڵوێستی دەسەلاتی هەرێم و بەتایبەت یەکێتی بە ئاگاداریی ئەو بەرێزانە گەیاند و داوام لێکردن ئەسڵ و چۆنیەتی جەریانی ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی مامۆستا و تەگەرەکانی پێش بەرێوە بردنی ڕێورەسمێک کە شیاوی تەرمی مامۆستا بوایە، بە ئاگاداریی بیرو رای گشتی بگەیەنن. بەڵام بەهەر دەلیلێک بوو، هیچکام لەو بەرێزانە (بە تێبینی خۆیانەوە) ئەو کارەیان نەکرد. ئەڵبەت بەرێز ئەسکەندەری پاشتر بابەتێکی لەوبارەوە بڵاو کردەوە، بەڵام ئەویش بەداخەوە دوور لە شەفافیەتی پێویست بوو.

من دڵنیام دەستی چەپەڵی حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە پێشگرتن لە شکۆمەند بەرێوەبردنی ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی مامۆستا هەبوە و کاربەدەستانی هەرێم ڕاشکاوانە لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە ئاگادار کرابوونەوە کە نەک هەر ڕێز لە تەرمی مامۆستا نەگرن، بەڵکە لە شکۆمەند بەرێوە چوونیشی بەرگری بکەن. وەک دیتمان دەسەلاتی کوردی بە پێچەوانەی خواستی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جووڵایەوە و پیلانی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی جێبەجێ کرد.

ئەو ناهەقیە بە خزمەتەکانی مامۆستا و ئەو خۆش خزمەتیە بە دەسەڵاتدارانی ئێران لە کاتیکدا بوو کە دەسەڵاتدارانی باشوور وەک پێشتریش ئیشارەم پێکرد بۆ مەرگی کەسانێک مایە و کات یان داناوە کە بەهیچ لەونێک لەگەڵ کەسایەتیی و خۆشەویستیی مامۆستا بەراوەرد ناکرێن، بۆ نموونە کاتێک غەنی بلووریان دەمرێ و تەرمی دەبەنەوە باشوور، مەسعوود بارزانی بەشداری لە ڕێورەسمی پێشوازیکردن لە تەرمەکەی و هەروەها ناشتنی دەکات. یا گەر مەرگی یاد زیندوو مەرزیەی فەریقی بێنییەوە یاد دەبینین کە یەکێتی و بەتایبەت جەلال تاڵەبانی چ ڕێورەسمێکی فەرمی و بایەخداریان بۆ ئەنجام دا. دیار مەبەستی من ئەوە نیە کە بۆچی بۆ ئەوانەی بە نموونە هێناومە وایان کردوە. بەڵکە مەبەستی من ئەوەیە کە بێ هەڵوێستی و کەمتەرخەمیی ئاگاهانە لە ئاست مامۆستا نیشان بدەم.

بێگومان هەم مەسعوود بارزانی و هەم جەلال تاڵەبانی و حیزبەکانیان باش دەزانن کە مامۆستا یەکێک لە خۆشەویسترین

ڕیبەرانی مێژووی کورد بوە. ئەوە کاتێک گرنگە کە بزانین مامۆستا خاوەن چ هەڵوێستیک لە ئاست مافی کورد بوە و چەندە بۆ ئەو مافانە شیلگیر بوە. جیا لەوەانەش، مامۆستا ڕێبەری بزووتنەوەی جەماوەریی بەشێک لە کوردستان بوو و تا ئەو کاتەی خەڵک لە مەیدان دا بوون، ڕێبەرێکی خۆشەویست و بێبەدیل بوە. ئایا هەر ئەو جێگە و پلەیە حوکمی نەدەکرد دەسەڵاتدارانی باشوور وەک سەرکردە و ڕێبەرێک قەدری بگرن؟ مەگەر مامۆستا ببوە پیاوی داگیرکەر و لەشکەری داگیرکەری هێنابوە سەر کوردستان ؟ یا ئەوەی شانبەشانی چەکداری داگیرکەر، کوردستانی بە داگیرکردندابوو؟ دڵنیام ڕێبەرانی باشوور هەر لەبەر هەڵوێستە بوێرانەکانی مامۆستا و روانگە پیرۆز و پێشکەوتنخوازەکانی بوو کە خۆیان لەو بە جیا دەزانی و بە ئاسانی بە پێشوازی خواستی ئێرانەوە چوون. من دڵنیام گەر دەسەڵاتێکی خەڵکی و دڵسوتاوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە باشوور لە ئارادا بوایە، بۆ مەرگی مامۆستا لانی کەم یەک رۆژ ماتەمینی گشتیی رادەگەیاند و بۆ ڕێزگرتن لەو ڕێبەرە گەورەیە، ئاڵای کوردستان لانی کەم رۆژێک نیوە هەڵکراو رادەگەیاند و ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی بەشێوەی فەرمی بەڕیوە دەچوو و وێرای ئەوەی بەشێوەی زیندوو لە کاناڵە فەرمییەکانی دەسەلات بۆ جیهان بڵاودەکرایەوە، نوێنەرانی حکوومەت و پارلەمان و سەرۆکەکان و بەگشتی دەسەڵات لە گەڵ تەرمەکەی تا گردی سەیوان و ناشتنی هاورا دەبوون.

بەڵام وەک دیتمان دەسەڵاتی باشوور خۆی لە حکوومەتی ئێران بەنزیکتر زانی تا دڵسۆزێکی وەک مامۆستا. بێگومان ئەو کردەوە ناپەسندەی حکوومەتی هەرێم و بەتایبەت یەکێتی بۆ مێژوو دەمێنێتەوە و فەرامۆش ناکرێت. ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو هەڵوێستە نەشیاوە، نەک هەر لە بایەخ و گەورەیی مامۆستا کەم ناکاتەوە، بەڵکە سەلمێنەری ئەو هەقیقەتەیە کە حکوومەتی ئێران تەنانەت لە مەرک و ڕێورەسمی ناشتنی مامۆستا و ڕێباز و سیاسەتەکانی وەحشەتی هەیە. وەحشەتێک کە بێگومان تا رووخانی دەسەڵاتدارانی ئێران و گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافی دیاریکردنی چارەنووس،وەک مۆتەکە بەسەری ئەو دەسەڵاتە نەگبەتەوە دەمێنێ. چوونکە یاد و ناو و بەتایبەت ڕێبازی مامۆستا بۆ هەمیشە لە دڵی مێژوو دا جێگرتوە و لە سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی جەماوەریی کوردستان ڕێبوارانی بێشومارن.

یادی ئازیزی مامۆستا بەرز و بەرێز بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠١٣

--------------------------------

# لە سالرۆژی کۆچی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی

## بۆ مامۆستای مامۆستایان



**ئامانج عەزیزکەندی**

نگارە: لە سالرۆژی کۆچی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی گوندەکەمان چارۆکەی بەفانباری بە کۆڵەوە، پاییز وەکوو وێنەکێشێکی رەنگاوی، قژی گوندی گەڵا دەکرد. ریزە گوێزی برژانگی گوڵ، پاشەرۆکی هاروهاجیان دەبەخشیەوە. ئێمە پۆلێک خەلفی خاکەلێوەی دەم خەزان بووین، زمانی باران و بۆران، زمانی ئاخێز و خەزاڵمان نەدەزانی. ئێمە پۆلێک چوێچکەی هوندوری هیوا بووین، بە دەم شەختەی درەختە زستان دیتووەکان. پاییز هێشتا بەژنی گوندی نە نەخشاندبوو، لە سەر هاتنت راوەستا، تا وەک گوڵێکی بەهاریی بتدا لە یەخەی شۆرشی رەنگاڵەیی. ئێمە لە خەونی خانووچکە و چاوشارکێ دا تۆمان بینی.

من لە بیرمە، مەلا و پیر و پێچ و لەچکە بەسەری دێ، وەکوو چیغی چری چیای چاوەروانی، بەرەو "بەررۆژان" دەهاتن، بەرەو پیری پیرێک، کە پردی پەرینەوەی ئەوبەر بناری بەهار بوو. دەهاتن تا گەڕانەوە لە دەست بدەن. دەهاتن تا ببنە کێلگەی ئەو هەتاوەی لە رۆژئاواوە هەڵاتبوو.هاتبوون رووگە بگۆڕن. هاتبووی روانگە بگۆڕی، ببی بە رێگە، لە ناو رێبەندانی جەهل و جەنجاڵی جەهانبینی دا. هاتبووی بە نووری بادەی تازەوە، راستیەکانی ناو چەپ و چەپیەکانی ناو راست کەشفتر کەی. هاتنی تۆ کاڵ بوونەوەی زولمەتی هەزار ساڵە بوو. بە سەلەیەک سرودی سەرهەڵدانی نوێ، بە عەممامەی عیلمانیەت، بە خەرقەی فەخری مودێرنە. بە ئایەتی دیموکراسی، بە سورەی روو سووریی ژنان. بە قورئانی شۆرشەوە، بە خوتبەی دەرس وەرگرتن، لە شکست و هەستانەوەی شێخ مەحمودەکانی شۆرش.



سەرچاوە Serchawe

**مامۆستای من!**

**کام "کەلی خان"ی خەباتێک شێخی بەفری ئەوەندە سپیی و بێ گەردە؟ کام "تەرەغە"ی خۆڕاگری هێندەی تۆ راوەستاو و سەر بەرز؟ تۆ هیوا و متمانەی خوا و خەبات و خاکت، خەڵکاند. چۆمێک لە "نەهری" "هەکاری"، نوورێک لە خۆری "مەولانا"، تۆ "باواجی" باوەڕی "حاجی"ت گێراوە بۆ "کەکۆنی" "کۆی" نیشتیمان. تۆ "مهاباد"ی شۆرشت پڕ کۆمار و "قازی" تر و "سەیف"ت سەفا پێدایەوە. تۆ خاوی جوانووی زمانی "خانی" ت شکاند. موغی زمانی با و چرۆ و چەمی ئێرەت، فێری بلینگۆی هۆرمزگەکان کردەوە. تۆ هەناوی هەنووکەیی و هێزی هەنگاوی هەرمانی شۆرشی نوێت کاکڵ دار و مانا دار کرد. ئەی مامۆستای هومێدە سەرکەشەکانی سەرکەوتن! تۆ، "رابەری راستەقینە" ی بێ ڕا رایی و بێ لادان بووی. "فوئاد"ی مەریوانی رابوون و شێخی شێخەڵی ئاربەبای هەوڵدان بووی. پاییز ڕەنگی لێ بڕابوو لە پڕ ڕەنگی و بەهاریی تۆ.**

**٢٢ی ڕیبەندان ١٣٩٢ = ١١ی فێبریوێری ٢٠١٤**

-----------------------------------

## به یادی سێهەمینساڵیادی کۆچی مامۆستای پایەبەرز وریبەری دڵ روناک وزانای گەورەرەی ئایینی وخەباتکاری مافی کورد



**مەنسوور بلووری**

**مامۆستاشێخ عێزەدین حوسەینی (١٩٢١ - ٢٠١١) زانایەکی ئایینی و کەسایەتییەکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لە**



سەرچاوە
Serchawe

ساڵی ١٩٤٣(١٣٢٢) دا بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و لە کاتی پێکهاتنی کۆماری کوردستان ڕۆژی ١٤ خاکەلێوە ١٣٢٥ هەتاوی چۆتە شاری مەهاباد. هەتا پاییزی ئەو ساڵە لەوێ ماوەتەوە. ماوەی ١١ساڵ ئیمامی نوێژی هەینیی شاری مەهاباد بووە و لە چالاکییە ڕزگاریخوازانەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی دوای تێکچوونی حکومەتی شا وەک سەرکردەیەکی ناسراو بەشداری بووە. مامۆستاشێخ عێزەدین حوسەینی ١٠ی شوباتی ٢٠١١ (٢١ ڕێبەدانی ١٣٨٩)لە شاری ئۆپسالای سوید، لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دواییکردوە. ڕۆژی ١٧ی فێوریەی ٢٠١١ (٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٩) تەرمەکەی لە شاری سلێمانی لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا.

## پێرست ژیانی سەرەتایی:

شێخ عێزەدین حوسەینی لە دایکبوی ٢٩ - ٩ - ١٣٤٠ کۆچی مانگی کە دەبێتە ٤ - ٣ - ١٣٠١ کۆچی هەتاوی یانی ٢٦ - ٥ - ١٩٢٢ زایینی لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی ئاینیدا لە دایکبووە. باوکی، شێخ ساڵح لە ساداتی بەرزنجی بووە، شێخ ساڵح کە لە سەردەمی خۆیدا زانایەکی ئایینی ناودار بوو، دژایەتی حکومەتی ڕەزا شای دەکرد، بە نهێنی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید پەیوەندی هەبووە. ماوەیەک لە شاری بانە قازی بوو. دوایە دەسی کیشاوە لە مەحکەمە،دیگوت ناتوانێ ڕاستگۆیانە بە قەزاوەت رابگات.شێخ ساڵح لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣١٩ (١٩٤٠) لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لە شاری بانە هەتا ساڵی ١٩٣٦ خوێندنگای حوکومی نەبووە و شێخ عێزەدین سەرف و نەحوی عەرەبی، قورئان گولستان و بووستان سەعدی لەلای باوکی خوێندووە. هاوینی ساڵی ١٩٣٨(١٣١٧) لە گوندی سیسێر لەلای مەلا سەید حوسەین چووە فەقێیەتی. لەو ساڵانە دا خەباتێکی چەکداری دژی حوکومەتی ڕەزاخان لە ناوچەی سەردەشت بەرپابوو. کە لە ناوچەکە دا زۆر لایەنگری لێ کراوە. سەرکردایەتی بزوتنەوەکە لە ئاوایی قەلەرەشە بۆوە. سێ ساڵ لە سیسێر ماوەتەوە، پاشان دەچێتەوە بانە و دواتر لە نەمشیر، دیسانەوە سیسێر و ماوەیەکیش دوای تێکچونی کۆمارلە مەهاباد زستانی ١٩٤٧ بۆ ماوەی ٧ مانگ لای مامۆستا مەلا باقر لە ئاوایی بالک لە ناوچەی مەریوان خوێندویەتی. ساڵی ١٩٤٢ بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە ناوچەی موکریان کە لەوێ هەڵسووڕانی سیاسی و هەستی نەتەوایەتی بەرز بووە. ساڵی ١٩٤٣ لە ناوچەی بۆکان، بە نازناوی نهێنی «هەوێن» ئەندامەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (کومەڵەی ژ - ک) پێبەخشرا و بووە چالاکی سیاسی. ماموستا شێخ عیزەدین لە بۆکان پێوەندی دۆستانەی لە گەڵ هەژارموکریانی ومامۆستاحەقیقی زۆرخۆش بوو. دۆستی نیزیکی قازی کاکە حەمەو حاجی رەحمان ئاغابۆوە. هەر لەوساڵانە دا مامۆستا شێخ جەلالی برای لە گەڵ بۆوە و ئەویش بۆتە ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی ژ - ک وپێکەوە لە کۆبونەوەکانی کۆماری کوردستان لە بۆکان و مەهاباد بەشدار بوون.



سەرچاوە Serchawe

## چالاکیی سیاسی:

### ساڵانی پێش شۆڕشی ١٩٧٩

ساڵی ١٩٤٥ (١٣٢٤)چالاکانە لە ڕێورەسمی هێنان و هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە شاری بۆکان بەشداریکرد. بەهاری ساڵی ١٩٤٦ ١٣٢٥) دەچێتە مەهاباد کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا بوو و هەتا پاییز لای مامۆستا مەلا حوسەین مەجدی وەزیری عەدلیەی کۆماری کوردستان درێژە بە خوێندن دەدات. دوای تێکچونی کۆمار لە زستانی ١٣٢٦ لەگەڵ مامۆستاشێخ جەلال دەچێتە ناوچەی مەریوان لە ئاوایی باڵەک لە قوتابخانەی مەلا عەلی باقرکە مامۆستایەکی ناوداری ئایینی بوو. هاوینی ساڵی ١٩٤٨ (١٣٢٧) دەگەڕێتەوە لای مەلا عەلی وەڵزی لە گوندی حەمامیانی بۆکان و ئیجازەی ئیفتا و تەدریس وەردەگرێت و بە ڕەسمی دەبێتە مەلا و مودەڕیس لە گوندی کانییە ڕەش لە ناوچەی موکریان. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥١ تا ١٩٥٨ (١٣٢٧ - ١٣٣٧)لە گوندەکانی کانییە ڕەش، گۆڵێ و قارەوای موکریان مەلا بووە ووانەی بە شاگردەکانی کوتۆتەوە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ هەتا ١٩٥٣ (١٣٢٩ - ١٣٣٢)بزووتنەوەی جوتیاران لەو ناوچەیە زۆر بەهێزبووە و مامۆستا کەوتووەتە بەر هێرشی ئاغا و مالیکی ناوچەکە و بەو بۆنەشەوە ناچارکراوە گوندەکە گۆڵێ بەجێبهێڵێت. مامۆستا بە هۆی هەڵوێستە بوێرانەکانی بەناوبانگ بوو، لە گەڵ دیاردەی شێخگەری ودەرەبەگ کێشەی بۆوە. ئەو لە ژیانی دا دژ بە خۆرافاتی ئایینی بوو، لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا دژایەتی دەکرد لەگەڵ دیاردەی کچ بە پچوکی بەشوودان، گەورە بە پچوک، ژن بە ژن و سێتەڵاقە. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمێک لە ئێران کە کێشەی خۆماڵی کردنی نەوت لەلایەن دەوڵەتی دوکتور موحەممەد موسەدیقەوە لە ئارادا بوو. ساڵی ١٩٥٨ (١٣٣٧)لە مەهاباد دەبێتە مودەریس لە مەدرەسەی علوومی دینی، پێش ئەو سەردەمەدا مامۆستا لایەنگری بیروبۆچوونی ئیمام شێخ موحەمەد عەبدو (محمد عبده) بوو، کتێبی «رسالة التوحید»ی ئەوی دەگوتەوە. ماموستاشیخ عیزەدین هەڵکەوتەیەکی پێشکەوتنخوازی ئایینی و نەتەوەیی کوردبوو. ئەوکەسایەتێکی بیرمەندو بلیمەت بوو.

ئەو کەسانەی چ لە مەهاباد و چ ساڵەکانی پێشووتر، لای مامۆستا شێخ عێزەدین دەیانخوێند، لە پەنای خوێندنی ئاسایی فەقێیەتی و ئایینی، لەگەڵ مێژووی تێکۆشان و خەباتی گەلی کورد ئاشنا دەبوون. تێکۆشەری بەناوبانگ مەلا ئەحمەد شەڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە یەکێک بو لەو کەسانەی کە لە حوجرەی مامۆستاله ئاوایی گۆڵێ خوێندبووی. مەلا عەبدوڵای(حەیاکی) حەسەن زادە چەند ساڵ لە خزمەت ئەو دەرسی خوێندۆە و لە مەهابادلە لای ئەو ئیجازەی وەرگرتۆوە.



سەرچاوە Serchawe

زۆرخەباتکار و تێکۆشەری چالاکی ڕێگەی کوردایەتی لە حوجرەکەی دا وانەیان خوێندۆوە.

ساڵی ١٩٦٨ (١٣٤٧)بو بە پێشنوێژ و وتارخوێنی جومعە لە مەهاباد. هەر ئەو ساڵە شەپۆلێکی بەکۆمەڵی گرتنی تێکۆشەرانی کورد کەوتەڕێ و بەتایبەت پادەگانی جەڵدیان بو بە زیندانێکی گەورە. مامۆستا بۆ ماوەیەکی کورت گیرا، لەو ماوە کورتەیشدا کەسایەتی ئایینی شاری مەهاباد و خەڵکی شار کەوتنە گەر و ئەگەری خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی هەبوو. لەو ساڵانەدا کە لە مەهاباد بوو بەردەوام لە پەیوەندیدا بو لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ، روناکبیران ونوسەرانی ناودار وئەندامان و خەباتکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٩٦٨ و ١٩٦٧ (١٣٤٦ - ١٣٤٧)دا پەیوەندی گەرم و گوڕی هەبو لەگەڵ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کوردستان. ٥ی حوزەیرانی ١٩٧٨ (١٥ی خەرمانانی ١٣٥٧) لە ڕێوڕەسمی ناشتنی عەزیز یووسفی کە ساڵێک پێش بە نەخۆشی لە زیندان ئازادکرابوو وتارێکی گرینگی پێشکەش کرد. شێعری پێ ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن وگرین - نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین (خوێندەوە)، دیارە مەبەستی ئەوە بوو کە عەزیز یۆسفی شەهیدە و ماوەیەکی زۆرلە بەندیخانە لە ژێر ئازار و ئەشگەنجەدا بوو، بە هۆی نەخۆشی لە بەند رزگاری بوو وپاش ماوەیەک کۆچی دوایی کرد. ئەم وتارە لەسەر گۆڕی ئەو تێکۆشەرە لە شاری مەهاباد کە بە بەشداری هەزاران کەس لە هەمو شارەکانی کوردستانەوە بەڕێوەچوو، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. مامۆستا لەو ڕۆژە دا سێ ڕۆژی پرسە ڕاگەیاندوبە باشی بەڕێوە چوو. ئەمە بە دەستپێکی بزوتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دژی حوکمڕانی شا دەژمێردرێت. لە سێ ڕۆژانەی (١٧ی خەرمانانی١٣٥٧)ئەو پرسەیە دا کۆمەڵێکی زۆر خەڵک لە گۆرستانی شار کۆبونەوە. چەند کەش لەوێ وتاریار دا و خۆپێشاندان دەسی پێکرد. هێزی ئاسایشی شار خۆپێشاندانەکەی تێک دا ودواتر ٤٢ کەس لە مەهاباد قۆڵ بەست کران بۆ بەندیخانە.

ماموستا شیخ عیزەدین حوسەینی دوای ئەو بەسەرهاتە زۆر چالاکتر بوو. بە هەموتوانای خۆی داکۆکی لە و خەباتە کرد. دەسی کرد بە وتارو نوسین وراگەیاندن. هەمو بەیان وراگەیاندنەکانی بە نێو وواژۆی خۆی بڵاو دەکردەوە. ئەو نوسراوانە زۆربەیان ماون. لە کاتی ڕاپەرین دژی دەسەڵاتی شای ئێران بە هەر شێوەیەک بەرگری دەکرد لە قوربانی دانی زۆرتر لەوخەباتەدا.

لە مانگی خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا بووە سەرۆکی شورای شاری مەهاباد، بەردەوام لەو شارە و لەشارەکانی دیکەی کوردستان لە بۆنەی جیاوازدا قسەی بۆ خەڵک دەکرد و هانیدەدان بۆ خەبات ویەکگرتویی و پێکەوەسازان. بە ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، ڕۆڵی مامۆستا شێخ عێزەدین زۆر گرنگتر بووەوە. هەموو نوێنەرانی حکومەت و کاربەدەستانی ناوچەکە کاتێک دەهاتنە کوردستان دەچونە لای مامۆستا.



سەرچاوە Serchawe

## ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨١

ڕۆژی ١٨ی شوباتی ١٩٧٩ (٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٧) یەکەم دەستەی نوێنەرایەتی حکومەت کە داریووش فروهەر یەکێک لە ئەندامانی بوو، هاتە مەهاباد و چوونە ماڵی مامۆستا. دواتر لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا بڕیارنامەیەک لەلایەن نوێنەرانی شارەکانی کوردستانەوە (لەوانە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە) پێشکەشی نوێنەرانی دەوڵەت کرا کە یەکێک لە خاڵەکانی ئەوەبوو کە شێخ عێزەدین دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سەرۆکایەتی هەر لیژنەیەک بکات کە لەلایەن گەلی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا دەکەوێتە وتووێژ. نەورۆزی ١٩٧٩ (١٣٥٨)دوای کارەساتی خوێنین لە شاری سنە، مامۆستا لایەنێکی سەرەکی بوو لە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت کە بریتی بون لە تاڵقانی بەهەشتی، حاجی سەیید جەوادی، ڕەفسەنجانی، بەنیسەدر و کەسانی دیکەش. لەو کۆبوونەوەدا بوو کە مامۆستا لە کاتی فڕینی فڕۆکە شەڕکەرەکان بەسەر شاری سنەدا و لە گەرمەی وتووێژەکاندا گوتی: «فەرقی تاج و عەمامە چییە؟ حکومەت نەگۆڕدراوە، تاجی پاشایەتی لاچووە و عەمامە هاتوەتە جێگای.» ڕۆژی ٢٧ی ئازاری ١٩٧٩ (٨ی خاکەلێوە ١٣٥٨) مامۆستا ڕایگەیاند لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی نادیارە لە ڕیفراندۆمدا بۆ دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەشداری ناکات.

دوای هەرەسهێنانی شۆرشی باکوری کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥هێزەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان چەکیان داناو وکۆمەڵێکی زۆریش رویان کردە وڵاتی ئێران. مەلامستەفا وبنەماڵەکەی لە گەرەکی ئەعزەمیەی شاری کەرەج نیشتەجێ بوون. چەند ساڵ دواترهێزێکیان پێک هێنا بە نێوی قیادە موقت (ڕێبەرایەتی کات). ئەوهێزە لە ساڵی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ توشی کێشەیەکی گەورەی بوو بە نێوی شەری نێوخۆیی لە گەڵ یەکیەتی نیشتیمانی. قیادە لە گەڵ کوردی رۆژهەلاتیش بە کێشە هات. مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ کۆتایی هێنان بەوکێشانە لە مانگی خاکەلێوەی ١٩٧٩ (دوای نەورۆزی ١٣٥٨) لە گەڵ مەرحوم ئیدریس بارزانی و کۆچکردو سامی عەبدولرەحمان و کاک مەسعود لە شاری نەغەدە لە ماڵی مەرحوم مەلا ساڵحی رەحیمی کۆبۆوە و هەوڵی دا بۆ کۆتایی هێنانی کێشەی نێوان کورد. مامۆستا لەو دانیشتنەدا کە مەرحومان دوکتور قاسملو و شێخ موحەمەد ئەمینی بەرزەنجی(خالەمین) لە گەڵ بوو پێشنیاری کرد، کە ناکۆکیەکانی کورد لە هەمو بەشەکانی کوردستان کۆتایی بێنین. سەرانی قیادە موقت و قاسملوش ئەو پرۆژەیان بە لاوە گرینگ بوو. ٢ مانگ دوای ئەو کۆبونەوەیە، قیادە موقت گۆنگرەی گرت و بە ناوی پارتی دێمۆکراتی کوردستان چالاکیان هەڵگیرساندەوە.

لە مانگی گولانی ١٣٥٨ لەسەر بانگهێشتی وەزیری ناوخۆ مامۆستاشێخ عیزەدین سەفەرێکی کرد بۆ تاران و قوم. لەم سەفەرەدا لەگەڵ خومەینی، مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیر، وەزیری ناوخۆ و چەندین کەس لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی

دیداری کرد. لە دیدار لەگەڵ خومەینیدا کاتی خوداحافیزی خومەینی دەڵێت هێمنایەتی کوردستانم لە تۆ دەوێت، مامۆستایش دەڵێت منیش خودموختاری کوردستانم لە ئێوە دەوێت. لەو سەفەرەدا لە زانکۆی شەریف لە تاران لەناو خوێندکارانی زانکۆ لە وتارێکدا وتی: «ئەو ئایینەی خەڵک بە گژ یەکدا دەکات، ئایینی ئیلاهی نییە... سانسۆر نمونەیەکە لە گەڕانەوەی دیکتاتۆری و کۆنە پەرستی. کۆنە پەرستی لە هەر جلوبەرگێکدا و بەهەر ڕەنگێک بێت مەحکومە... ئێمە لایەنگری هەڵسوڕانی هەمو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانین.. شۆڕش هێشتا بە ئاکام نەگەیشتوە چونکو ئامانج لە شۆڕش گۆڕانی بنەڕەتییە.»

دوای ئەوسەفەرەی بۆ تاران کە لە ڕێگەی فرۆکەوە بوو، مامۆستا شێخ عێزەدین لەناو بەخێرهێنانی ئاپۆرەی خەڵکدا لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان گەڕایەوە بۆ کوردستان و سەردانی سنە، دیواندەرە، سەقز و بۆکانی کرد و گەڕایەوە بۆ مەهاباد. چەند ڕۆژ دوای گەرانەوەی بۆ مەهاباد سەفەری شارەکانی بانەو سەردەشتی کرد و مام جەلال سە رۆکی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە توژەڵە را هات بۆ سەردەشت ودیدەنی ماموستای کرد. لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٩ هۆشداریدا: «ئەگەر وریا نەبین تووشی شەڕی چەکداریمان دەکەن... پارێزگاری لە شارەکان دەبێت لەژێر چاوەدێری شۆرای شارەکاندا بێت... بڵاوکردنەوەی چەک لە کوردستان (لە لایەن حکومەتەوە) وایکردوە کە ئەگەر کارێکی بۆ نەکرێت، کوردستان لە سەرەتای شەڕی ناوخۆدا دەبێت.»

١٩ی ئابی ١٩٧٩ (٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨) فەرمانی هێرشی حکومەتی ناوەندی بۆ سەر کوردستان لەلایەن خومەینییەوە دەرچوو؛ مامۆستا لەگەڵ تێکۆشەرانی کورد چووە شاخ و لە ڕێگای ڕاگەیاندن و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانییەوە دەنگی گەلی کوردی بە جیهان دەگەیاند. چەند هەفتە دواتر «دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی» بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی مامۆستا پێکهات کە ئەندامەکانی ژمارەیەک لە کەسانی نزیک لە مامۆستا و تێکۆشەرانی خەڵکی چەند شارێکی کوردستان بون.

١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ (١٣٥٨)لەسەر داوای مامۆستا بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لە شار و شارۆچکە و لادێکاندا خۆپیشاندانی ڕێکخست بە پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردستان.

لە پاییزی ١٩٧٩(١٣٥٨)دا چەندین کۆبوونەوە کرا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت کە لە تارانەوە هاتبوون بۆ دێهاتی ناوچەی سەرسنوری سەردەشت کە مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەو کۆبونەوانەدا. لەم ماوەیەدا «دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد» بە سەرۆکایەتی مامۆستا بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵە ت پێکهات کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە و ڕێکخراوی

چریک فیدایی ئەندامەکانی بوون.

١٢ی کانوونی ١٩٧٩ (١٣٥٨) سێ هەمین کۆبوونەوەی ڕەسمی نوێنەرانی حکومەت لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە ئیدارەی شارەداری مەهاباد پێکهات. هەتا کۆتایی ساڵ بەردەوام کۆبوونەوە دەکرا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت و نوێنەری تایبەتی خومەینی بۆ قسەوباس لەسەر چۆنییەتی درێژەدان بە وتوێژ بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو.

مانگی چواری ١٩٨٠ (گوڵانی ١٣٥٩)مامۆستا سەفەرێکی دەستپێکرد لە مەهابادەوە بۆ بۆکان و سەقز و دیواندەرە و سنە و مەریوان و بانە و لەهەمو لایەک لە کۆڕ و خۆپیشاندا ڕایدەگەیاند گەلی کورد خوازیاری مافی ئاسایی خۆی و ئاشتی و پێکەوە هەڵکردنە و دژ بە دەستپێکردنەوەی شەڕە. دەسەلاتی کۆماری ئێران ناتوانێ بە نێوی چەکداماڵینی پێشمەرگەی کوردستان خەباتی ڕەوای کورد بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی پێشێل بکات. وێنە و فیلمی ئەم سەفەرە سیمای سەرکردەیەکی خۆشەویست نیشاندەدات. هەر لەو مانگەدا خولی دووەمی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر شارەکانی کوردستان دەستی پێکردەوە.

## ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٨٩

سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ (١٣٦١) مامۆستا نوێنەری خۆی ناردە دەرەوە بۆ ئەورووپا بۆ ئاگارکردنەوەی بیروڕای جیهانی لەسەر بارودۆخی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی و چەندین نامەی نارد بۆ پاپ لە ڤاتیکان، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین سەرۆکی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و یاسر عەرەفات. هەروەها پەیامێکی تایبەت بۆ ڕای گشتی جیهان و ئێرانییەکان و کوردەکان لەدەرەوەی وڵات کە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و فەرانسە بڵاو کرایەوە.

لە پاییزی ساڵی ١٩٨٢ (١٣٦١) مامۆستا بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنج بۆ بارودۆخی گەلی کورد سەفەرێکی نۆ هەفتەیی کرد بۆ پاریس و دواتر بۆ عەرەبستان. لە سەفەری پاریسدا لەگەڵ میدیاکانی فەڕانسە و هەروەها لەگەڵ رادیۆ بی‌بی‌سی بەشی فارسی گفتوگۆیەکی گرینگی کرد. لە عەرەبستان مامۆستا حەجی عەمرەی بەجێهێنا.

لە ساڵەکانی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨دا مامۆستا لە هەلو مەرجێکی دژواردا لە ناوچەکانی سەرسنووری عێراق و ئێراندا دەژیا و بەردەوام بو لە چالاکی سیاسی و دەرکردنی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕاو بۆچونەکانی. هەر لەم ساڵانەدا بو کە مەقەڕی نیشتەجێبونی خۆی و بنەماڵەکەی لە ناوچەی سەرسنوری پارێزگای سلێمانی(ئاوایی چۆخماخ) کەوتە بەر پەلاماری فرۆکە

جەنگییەکانی حکومەتی بەعسی عێراق. کە لە ئاکامدا دوو کەس کوژران و مامۆستا و هاوسەری و نۆ پێشمەرگەیش برینداربوون. کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ (١٣٦٨) سەفەرێکی کرد بۆ وڵاتی توونس بۆ دیدار لەگەڵ یاسر عەرەفات. لەوسەفەرەدا کاک ئەمیری قازی وکاک جەلیل گادانی هاورێ بوون. و دواتر سەردانی سوید و فەڕانسەی کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ کوردستان.

## ساڵانی پاش ١٩٩٠

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٩٠ دا لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ لە شاری ستۆکهۆلم کۆنفرانسێک گیرا سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان کە شێخ عێزەدین و ژمارەیەک لە نووسەران و چالاکانی سیاسیی کورد و بیانی تێیدا بەشداربوون. لە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە بروکسێلدا چەند ساڵێک چالاکانە بەشداربوو؛ لە لایەن گۆگرەی نەتەوەیی کورد بۆ ماوەی چەندساڵای سەرۆکی بەشی ئاشتی بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد. هەروەها لە چەندین کونفرانس و کۆنگرەی دیکە لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا بەشداری کردووە.

جۆزەردانی ٢٠٠٤ رێز لێنانێکی تایبەت لە مامۆستا لەلایەن «انجمن پژوهشگران ایران» لە کونفرانسێکدا لە ستۆکهۆلم بەڕێوەچو کە بریتی بو لە قسەوباس لەسەر کەسایەتی مامۆستا و رێزلێنان بۆ ئەو هەموو ساڵە خەبات و تێکۆشانەی.

دوایین دەرکەوتنی مامۆستا لە میدیاکاندا لە ٧ی سیپتامبر ٢٠١٠ لە تەلەفزیۆنی فارسی بی‌بی‌سی لە بەرنامەی «بەعبارت دیگر»دا بوو؛ لەوێدا وتوێژێک بە زمانی فارسی لەگەڵ مامۆستا بڵاوکرایەوە. مامۆستا کە لە گەڵ ناردراوی هەواڵنێری بی بی سی بۆ ئوپسالا قسەی دەکرد. کوتی: هیچ تاوان و کوناح نیە کە میللەتی کورد دەوڵەت و حوکومەتی سەربەخۆی نە بێت. کۆمەڵگەی ئینسانی ئێستا بەرەوپێش چۆوە و مرۆڤایەتی ئێستا کە پیشتۆتە سەردەمی زانکۆ وهەر بەرەو پێش دەچێ. هەر بۆیە دوای ١٤٠٠ ساڵ هیچ پێغەمبەرێکی تر نەهاتۆوە. مرۆڤەکان هەمو یەکسانن، مامۆستا شێخ عیزەدین لە مێژ ساڵ بو لە سەر مافی یەکسانی ژن و پیاو داکۆکی دەکرد. دەیکوت ژن دەبێ بە تێکۆشان و حەولدانی خۆی لە سەرۆکایەتی وڵات و قەزاوەت دا بەشداری بکات. یادی ئەو باوکە و مامۆستای دڵ روناک و بیرمەند پیرۆز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# مامۆستا شێخ عیزەدین بەتەنیا مامۆستایەکی ئایینی نەبوو




## عەزیز ڕەزایی

ماوەیەک پێشتر بابەتێکی سەرەخۆشی و ماڵئاوایی لە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزالدین لە لایەن بەڕێز کاک بابە شێخ حوسەینیەوە هاتە بڵاو بوونەوە لە تۆڕی میدیای "face book" دا کە لە چەن نوکتەیەک دا، لە تەک ڕەوتی ڕاستی مێژووی پێناسەی سیاسی مامۆستا شێخ عێزدین، نەدەگونجاو و نەدەهاتەوە.

بۆیە ئەمن بە گوێرەی هەبوونی زانیاری و شوناسیم لە سەر پرۆسەی بۆچوونی سیاسی و ڕێکاری خەباتکاری مامۆستا لە نیزیکەوە، بەپێویستم زانی کە لە چەن نۆکتەیەک دا سەرەنجی بینەران بۆ باری واقێعی ئەو بابەتە ڕاکێشم.

- مامۆستا شێخ عێزالدین بە تەنیا مامۆستای ئایینی نەبوو بەڵکوو مامۆستای خەباتکاری عەدالەتی کۆمەلایەتی وپشتیوانی جەماوەری زەحمەتکێشانی کوردستان، پێشەنگی ڕزگاری نەتەوەی بن دەستی کورد لە کۆمەڵەی ژ - ک وە، ڕێبەری ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی کورد لە ڕاپەڕینی ١٣٥٧ ە گەلانی ئێران لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەتا ڕۆژانی ماڵئاوایی لەهەندەران بوو.

لە ڕووانگای مامۆستا شێخ عیزالدین وە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی سازمانی خەبات، بە "ڕژیمی ئاخوندی" پێناسە نەدەکرا.
هەر بۆیە درۆشمی برووخی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی جێگیر بوو بە لای مامۆستاوە. چونکا جیایی دین لە دەوڵەت لە بوواری حاکمیەتی وڵات دا، بنەمای فیکری و باوەڕمەندی مامۆستا بوو لەو پێناوە دا. جا بۆیە دەفتەری مامۆستا شێخ عیزالدین و سازمانی خەبات بە هەبوونی دوو بۆچوون و دوو شێوازی سیاسی جیاواز، قابیلی بە راوەرد نەبوون لە ڕێڕەوەویی خەباتی سیاسی دا.

مامۆستا شێخ عیزالدین ویناى مامۆستایەکی ئایینی سەرەڕای زانست و زاڵ بوونی بەسەر فیقە و شەریعەتی ئیسلامی دا، لە زەمینەی فەرهەنگ و جیهانی حیکمەت و فەلسەفەی باوەڕمەندی ئەدیان و مەزهەبەکان، فیلەسووفێکی بە توانا بوو کە بە هاسانی نەدەکرا بە ساکاری، لە قالبی تەسک و بەرتەنگی مامۆستای ئایینی دا، بێتە پێناسە کردن.

لە تەک ڕێزمدا بۆ کاک بابە شێخ - عەزیز ڕەزایی

تێبینیی هەڵوێست: سەردێڕی ئەم دەقە لە لایەن هەڵوێستەوە دیاریکراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٦

-------------------------------

## لە پێنجەمین ساڵی کۆچی دوایی ڕێبەری مەزنی کوردستان

## مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی



ئەحمەد قەسیمی

پێنج ساڵ لەمەوبەر، کوردستان ڕێبەرێکی مەزن و جیهان فیلۆسووف و زانایەکی کەم وێنەی لە دەسدا. پێنج ساڵ لەمەوبەر، کەسایەتییەک ماڵاوایی لە ژیان کرد کە بە درێژایی تەمەنی، لە خزمەتی مرۆڤایەتی و یەکسانی و لە خزمەتی یەکخستنی ماڵی کوردیدا بوو. پێنج ساڵ لەمەوبەر، پێشڕەوی دڵسۆز و تێکۆشەری ماندوو نەناسی یەکریزی نەتەوایەتی کوردستانیان، مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا شێخ عێزەدین ساڵی ١٩٢٢ لە بانە لە دایک بوو. سەرەتا، خوێندنی لای باوکی خۆی دەسپێکرد، پاشان بۆ درێژەپێدان بە خوێندنی مەلایەتی، خۆی گەیاندە مەلا هەرە زانا و ناودارەکانی کوردستان و ئەم گوند بۆ ئەو گوند و ئەم شار بۆ ئەو شارێکی زۆری کورد. مامۆستا لە بانە و بۆکان و مهاباد و مەریوان درێوژەی بە خوێنودن دا تا سەرئەنجام ساڵی ١٩٤٨ لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا بڕوانامەی مەلایەتی و مامۆستایەتی لەو بوارەدا، لە گوندی "حەمامیان" لە نزیکی بۆکان وەرگورت و، بۆ یەکەم جار بوو بە مەلای گوندی "کانییەڕەش" لە موکریان و هەر لەوێ بوو بە مامۆستای فەقێیانی ئەو گوندە. دواتر لە چەند گوندێکیتری موکریان مەلایەتی و مامۆستایەتی کرد هەتا ساڵی ١٩٥٨ کە چووە مهاباد و لەوێ بوو بە مامۆستای خوێندنگەی مەلایەتی و سەرئەنجام ساڵی ١٩٦٨ بوو ئیمام جومعەی شاری مهاباد.

هزر و بیری ئازادیخوازانە و لایەنگریکردنی مامۆستا شێخ عێزەدین لە چەوساوەکان و بەش مەینەتوانی کوردستان، هەر لە سەردەمی خوێندکارییەوە گەشەی کرد. مامۆستا ساڵی ١٩٤٣ بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک و ساڵی ١٩٤٥ لە هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە بۆکان، بەشداری چالاکانەی کرد. مامۆستا دژی دیاردە خورافییە ئایینییەکان و دژی دیاردە ناشیرینە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژن بە ژن، گەورە بە بچووک و سێ تەڵاقە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بوو. لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٣ کە بزووتنەوەی جووتیاری لە گوندەکانی کوردستان)بەتایبەت ناوچەی "چوۆمی مەجیودخان" لە موکوریان(سەری هەڵدابوو، مامۆستا پشتیوانی لە جووتیارەکان کرد و ئەوەش بەس بوو بۆ تووڕە بوونی ئاغا و دەرەبەگەکان و بۆ دەرکردنی مامۆستا لە گوندەکانیان.

ساڵی ١٩٦٨ ڕژێمی پاشایەتی ئێران هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر تێکۆشەرانی کوورد و کۆمەڵێکی زۆر لە جەڵودیان زیندانی کران. مامۆستا شێخ عێزەدینیش کە تازە ببوە ئیمام جومعەی مهاباد، زیندانی کرا. گرتنی مامۆستا دەنگی دایەوە و وەک سووکایەتی کردنی ڕژێم بە هەموو دانیشتوانی شاری مهاباد چاوی لێکرا. سەرئەنجام، مامۆستا دوای ماوەیەک بە هەوڵی کەسایەتییە ناودارەکانی مهاباد لە زیندان ئازاد کرا. لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی پاشایەتی ساڵی ١٩٧٨، مامۆستا شێخ عێزەدین چالاکانە بەشداری هەبوو. وتارەکانی مامۆستا لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا، لە هەموو کوردستان و تەنانەت لە ئێرانیش دەنگی دایەوە و ئیتر هەڵوێستی مامۆستا بوو بە هەڵوێستی زۆربەی هەرە زۆری گەلی کورد لە ئێران.

هەڵوێستی مێژوویی مامۆستا شێخ عێزەدین وەک یەکێک لە زاناترین مەلاکانی کوردستان و وەک ئیمام جومعەی شاری مهاباد، سەبارەت بە بەشداری نەکردن لە ڕێفراندۆمی خومەینی بۆ "کۆماری ئیسلامی ئوران"، یەکێکە لەو هەڵێسوتە مێژووییانەی کە نەک هەر ناوی ئەو مامۆستایەی وەک ڕێبەرێکی زانا و بە توانا و مەزن، بەڵکوو ناوی کوردیشی لە لاپەڕە

زێڕینەکانی مێژوودا تۆمارکرد.

مانگێک دوای بایکۆت کردنی ئەو ڕێفراندۆمە لە لایەن کوردانەوە، خومەینی کە هەستی بە کاریگەریی هەڵوێستی مامۆستا لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانا کردبوو، مامۆستای بانگهێشت کورد بۆ قووم و لەوێ داوای لە مامۆستا کرد کە کوردستانی بە ئارامی بۆ ڕاگرێت و مامۆستاش لە وەڵامدا وتبووی کە منیش خودموختاری کوردستانم لە تۆ ئەوێت.

هەڵوێستی مامۆستا سەبارەت بە شێوازی ئەو سیستێمی حکوومەتییەی کە پێویست بوو جێی سیستێمی پاشایەتی بگورێتەوە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو. مامۆستا لایەنگری دەسەڵاتی فرە حیزبی و سێکولار بوو و ئەم هەڵوێستەی خۆی لە کاتی گەڕانەوەی لە سەفەری قووم، بە ڕاشکاوی لە وتاریکدا بۆ دەیان هەزار خوێندکاری زانکۆ لە تاران پێشکەش کرد.

لە کاتی گەڕانەوەی مامۆستا لە سەفەری قوم، کوردستانیان لە سنەوە هەتا مهاباد پێشووازییەکی بێ وێنەیان لە مامۆستا و ڕێبەریخۆشەویستی خۆیان کرد. ئەو پێشوازییە ئەوە نەبوو کە پێشتر پلانی بۆ دارێژرابێت بەڵکوو پێشووازییەکی خۆڕسک بوو. دەیان هەزار کەس لە شارەکان هەر بەزانینی گەیشتنی کاروانی ئوتۆمبێلی مامۆستا و هاوڕێکانی، ئەڕژانە خیابانەکان و هاواریان ئەکرد "مامۆستا خۆشەویستی، بۆ گەلی کورد پێویستی". پێشوازی خەڵک لە گوندەکانیش هەر بەو شێوە بە گوور وتوین بووو. ئەو دیمەنە شکۆدارانەی پێشووازی خەڵک لە مامۆستا شێخ عێوزەدین کە من بە چاوی خۆم بینویم و قەتم لە بیر ناچێتەوە، دیمەنی ئەو خەڵکە ئاساییەی گوندەکان بوو کە لە چیاکان گوڵیان چنی بوو و لە سەر ڕێگای سەقز بۆ بۆکان بە چەپکە گوڵەوە چاوەڕێی هاتنی مامۆستا بوون.

خۆشەویستی مامۆستا شێخ عێزەدین تا ڕادەیەکی وەها لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانا جێی کردبۆوە کە دۆستەکانی خۆشحاڵ و نەیارانیشی سەرسام کردبوو، هەر ئەوش وایکرد تا لە دانووستنەکانی نوێنەرانی کورد کە پێکهاتبوون لە مامۆستا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و لقی کوردستانی ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکانی گەلانی ئێران لە لایەکەوە و نوێنەرانی ڕژێمی خۆمەینی لە لایەکیترەوە، سەرۆکایەتی نووێنەرایەتی کورد بە مامۆستا بسپێردرێت. ئەگەرچی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان مامۆستایان کردبوە سەرۆکی ئەو نوێنەرایەتییە و مامۆستا بە کردەوە ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام حیزبەکان گەلێک جار لە ڕاگەیاندنەکانیاندا هەوڵی ئەوەیان بوو کە ڕۆڵی مامۆستا هەر لە چوارچێوەی ڕێبەرێکی ئایینیدا بناسێنن. کە ئەوەش نارەوا و ناڕاست بوو.

هەڵوێستی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازانەی مامۆستا شێخ عێزەدین لە چیا و لە دەربەدەری و لە ژیانی پەنابەری لە وڵاتی سویدیش هەر وەک خۆی مایەوە. مامۆستا بە هەموو توانایەوە، پشتیوانی لە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوایەتی کوردستان(کنک) کرد. مامۆستا هەر دەم لایەنگری یەکگرتن و هاوخەباتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بووو.

مامۆستا دژی دوو بەرەکییە نێوخۆییەکانی حیزبەکان و دژی ئاڵۆزی نێوان حیزبەکان بوو. مامۆستا دژی پاوانە خوازی بوو و پشتگیری لە هەموو هەنگاوێکی ڕاستەقینەی هەر لایەنێک ئەکرد کە بۆ ڕێکخستنی ماڵی کوردی بنرایەت.

لاپەڕەکانی مێژووی مامۆستا شێخ عێزەدین و هەڵوێستە بە نرخانەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی بزووتنەوەی ئازادی و بەرانبەریخوازانەی کوردستان، وانەی ئێجگار بە نرخن بۆ ڕێبەرانی ئەمڕۆی شۆڕشی کوردستان، ئەو ڕێبەرانەی کە دەبوێ بەرژەوەندی "گەل و نیشتمان" بۆیان لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکی بنەماڵەیی و عەشیرەتی و حیزبییەوە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## مامۆستا شیخ عیزەدین حوسەینی، ئەو مروڤەی ئێمە درەنگ ناسیمان



نەرمە بزەیەکی بێگزەی لە سەر لیوەکان بو، هەر کە لەگەڵی دادەنیشتی هەستت ئەکرد مروڤێکە پڕ لە سادەیی، سادەیەکی قووڵ، گومی مەندی پر گەواهێری زانست، زانستی سەردەمیانە و تێکلاوێک لە ئەرک و ماف لە ژیان و باوەڕی و نەتەوەیی بوندا.

ماموستا شیخ عیزەدین حوسەینی کوردێکی بێ غەلوغەش بوو، بە وردی گوێی دەگرت و بێ دوو دڵی و دوو تویی و ڕاست و رەوان وەڵامی پرسیارەکانی ئەدایەوە.

لە بیرمە لە سەردەمی دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەییدا چەند جارێک سەردانمان کرد و لە ئامۆژگاریەکانی کەڵکمان وەردەگرت و ئەویش بێ لایەنگری و دوور لە پێداهەڵگوتن و بە ڕەوانی و راستبێژی و ژیربێژیەوە قسەی دەکرد.

جاریکیان وتم: ماموستا ئێوە بەشێک لە بەرپرسیارەتی خۆتان پێک نەهیناوە، نەدەبوو ببنە لایەنگری هیچ لایەنێک و رەوڵی ئێوە خەباتی نەتەوەیی بوو. بزە نەرمە گەرمەکی دابە روما و سەرنجێکی پڕ لە واتای دام و وتی: راست ئەکەی، من کەسێکی سیاسی نەبوم بویە توشی کۆمەڵێک هەڵە بوم.

ئەمە یەکەمجار بو لە کەسایەتیەکی کوردی ببیسم ئاوا بە جەسارەتەوە رەخنە لە خۆی بگرێ. بویە بڕوایەکی زورم بە قسەکانی هەبوو. دیارە ماموستا شیخ عێزەدین راوێژکاری باشیشی نەبوو، کۆمەڵە کەسێک دەوریان دابو کە بەرچاو تەنگ و بیرتەسک و تەنانەت بەرژەوەندی خوازیش بون.

ماموستا لە هەموو روداوەکانا لەگەڵ گەلی خویدا بو، خاوەن هەڵویست بوو، بەڵام بەداخەوە لە زور کات و لە زور روداوا کەسانێک یان چەند کەسێک هەبون نەیاندەهێشت وەک خۆی قسە بکات و بیرو و بۆچونەکانی خوی دەربڕێ.

روداوێک لە کوردستانا رویدا بوو، چەند کەس یان چەندین کەس تەلەفونیان بۆ کردم و وتیان باش دەبو ئەگەر ماموستا لەمبارەوە قسەیەکی هەبایە. منیش تەلەفونم کرد و دوای چاک و چۆنی، داواکاریەکەم پێڕاگەیاند. بە دلفراوانیەوە پێشنیارەکەی قەبوڵ کرد و بڕیار بو بانگەوازیک بڵاو بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێک زانیم پەشیمانیان کردبویەوە و لە چاوپێکەوتنێکی دیکە دا بە بیرم هێنایەوە، فەرموی: حەق بە تویە.

شێخ عیزەدین حوسەینی رێبەرێک بو کە نەتەوەکەی لێی تێنەگیشتن، حیزبە کوردیەکان لێی حاڵی نەبوون و دەوروبەرەکەی نەیانناسی. دوایین چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی لەگەڵ کاناڵی تەلەفزیونی "بی بی سی" فارسیدا نیشاندەری ئەو راستیەیە. ئەو هەموو ساڵە، مێدیای کوردی، نوسەرانی کورد، ئاکادیمیسیانەکانی کورد نەیانتوانی لە شیخ نێزیک بنەوە و بیر و بۆچونە مروڤدوستانەکانی، سەرەنجە پێشکەوتونخۆازانەکانی بکەنە هەوێنی رەوایەتی تێکۆشانی دیموکراتی و ئازادی و هاوخەباتی نەتەوەیی.

ماموستا بڕوای بە پێکەوە ژیانی گەلان، ئاینەکان، کولتورەکان و کەڵک وەرگرتن لە زانست و جیایی دین لە سیاسەت هەبوو. کەچی لەوکاتە دا پێویست بو ئێمە ماموستا بکەینە میکانیزمی گوڕگرتنی خەباتی دینموکراتی و ئازادی نەتەوەکەمان، کردیانە مڵکی لایەنێک و دواتر پەراویزیان خست و ئیتر هیچکات ئێمە نەمانتوانی لە مروڤی سەد ساڵ کەڵ وەرگرین و ئێستا ئیتر درەنگ بووە.

ئێمە هێچکات وک پێویست ماموستا شێخ عیزەدین حوسەینی مان نەنانسی و وەک پێویست گوێمان لێ نەگرت و وەک پێویست لە کەسایەتی و بیرو بۆچون و هەڵویستەکانی لە پراکتیکدا وردکردنەوەمان نەبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٦

------------------------------------------------

## هاوخەمی مەلا بەختیار

## ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان



بەڕێز

خانەوادەی کەسایەتی پایەبەرز مامۆستا شێخ عزالدینی حوسەینی

بە سڵاوێکی گەرمی دڵسۆزانەوە، هاوخەمی خۆمتان بۆ دەردەبڕم، بەبۆنەی ساڵڕۆژی رابەری دیاری کوردستان و لێبوردەیی مامۆستا شێخ عزالدین.

مامۆستامان!

هەر لە سەرەتای راپەرینی گەلانی ئێرانەوە، لەناو مەهابادو خۆپیشاندەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەنگێکی دلێری ئازادیخوازان بوو، ئێمە لەناو شۆڕش و لەشاخدا، لەرێی ئێزگەکانەوە، گوێمان لە چاوپێکەوتن و گۆتارەکانی دەگرت، ئیدی زانیمان، لە ناو مەهابادەوە، لەدوای شەهید قازی محەمەدی پیشەواوە، کەسایەتیەکی گەورەی دیکە، هەڵکەوتووە. نامەو بیروڕاگۆڕینەوە، لەنێوان جەنابی مام جەلال و مامۆستا شێخ عیزالدین، هەر ئەوکاتە دەستپێیکرد. بۆ ئەو دەمەی راپەڕینی گەلانی ئێران و کێشمەکێشەکانی و خەباتی گەلی کوردستان، مامۆستا بیروڕاکانی چارەسەرکردنی کێشەکان بوو بەئارامی. دوور بوو لەوەی توندوتیژی بەتوندوتیژی وڵام بدرێتەوە. سەرکردایەتی یەکەمین وفدی کرد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مەقاماتی باڵای تاران. دەستەواژەی خۆدموختاری لەئەدەبیاتی سیاسی ئێراندا، لەو سەردانەی مامۆستاو، وەفدە هاورێکەیدا بۆ تاران، زۆرتر بڵاوبووەوە. دوای ئەوەش کە بەناوبژی یەکێتی دانوستاندن لەنێوان هێزە سیاسیەکان و کۆماری ئیسلامی ئێران دەستپێیکردوە، مامۆستا لەگەڵ نوێنەری لایەنەکاندا، لەگوندی ئەڵوەتان ساڵی (١٩٨١) رۆڵی بەرچاوی هەبوو. داکۆکی لە مافی خۆدموختاری دەکرد. بەڵام بەدیالۆگی ئارام. خۆشم لەو دانیشتنەدا بوم.

بەرێزان !

راستە مامۆستا لەشکری نەبوو. لەراستیدا، بریاری روودانی شەریش لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، نە بەدەستی مامۆستاو نە بەهۆی مامۆستاشەوە، دەتوانرێ رێی لێبگیرێ.. بەڵام مێژوو، بۆچونە ئارامەکانی مامۆستای دوای قوڵبونی کێشەکان و تەقینەوەیان و بەرەنجامەکانی، دەرخست.

کاتێک، خەباتی چەکداریش لەرۆژهەڵاتدا، دوچاری پاشەکشە کراو یەکێتی وەکو هێزی پشتیوانی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتدا، جوامێری بێوێنەی لەمێژودا نواند، مامۆستاو یاوەرانی، بون بەمیوانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەگوندی (شێنێ).

روداوەکان.. لە زۆر رووەوە، لەگەڵ پرنسیپەکانی مامۆستادا، وێک نەهاتنەوە، بۆیە، رێگەی سەفەری تاراوگەی گرتەبەرو دور لە کوردستانیش جەستەو سەری بەرزی نایەوە.

بەرێزان!

کەلەپوری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بۆچونی وردی لەشەریعەتدا، مامۆستا عزالدین، ئەمانەتێکی مێژوویيە لای نەتەوەی کورد. بۆیە، ئومێدەوارم بەهەموو لایەک، ئەو ئەمانەتە لەفەوتان بپارێزین و کۆ و چاپ بکەین، هەتا نەوەکانی ئایندەش

بزانن، لەقۆناغێکی چارەنوسسازی سیاسیدا، لەم کوردستانە داگیرو دابەشکراوەدا، رابەرێکی هەڵکەوتوی بیری مەدەنیخوازی و دژایەتی تایفەگەری، هەڵکەوتووە.

جارێکی دیکە، خۆمان بە هاوبەشی پەژارەتان دەزانین. ئومێدەوارین، رێگای ئەندێشەی مامۆستا هەر رۆشن و کەسوکارو هاورێکانیشی هەمیشە سەربەرزبن.

لەگەڵ رێزی

دڵسۆزتان

مەلا بەختیار

١١ - ٢ - ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- ک ن ک




**سەبارەت بە بەرزڕاگرتنی ٥ هەمین ساڵیادی کۆچی دوایی نەمر شێخ عیزەددینی حوسەینی**

پێنجەهمین ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسەینی لە سات و کاتێکدایە کە جێگای ئەو نەمرە بە ڕوونیی دیارە.

دروستکردنی داعش لەلایەن بازنە داگیرکار و کۆنەپەرست و ڕەگەزپەرستەکانی ڕۆژهەلاتی ناوینەوە و کردنی بە گژ خەباتی

ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستاندا، هاربوونی ڕەگەزپەرستیی تورک بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی داگیرکەرانە دژ بە کورد و کوردستان، پیلانەکانی ئێران لە خۆشکردنی شەڕی سێکتاریزمی مەزهەبیی و تێوەردانی ئێراق و سووریا، و تێوەگلاندنی کۆنەپەرستی کورد بە ناوی جیاواز، لانی کەم چەند خاڵێکی گرینگ لە بیروبۆچوون و هەڵوێستی پایەبڵند مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسەینی دووبارە دەخاتەوە بەردەست.

ئەو خاڵانە بریتینن لە گرینگیی جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، دژایەتیکردنی سێکتاریزمی مەزهەبیی، باوەڕنەبوون بە داگیرکەر، ناشیاوبوونی کۆماری ئسیلامیی ئێران بۆ ڕیفۆرمی سیاسیی و بۆ ڕێزگرتن لە مەزهەبە جیاوازەکان و هاوکات حەز و ئارەزووی بۆ کوشتن و بڕینی کورد، و پیلانی داگیرکەران بۆ لەناوبردنی خەڵکی کوردستان. تەنانەت کاتێک کە هەندێک لە خەوی غەفڵەت و ناهۆشیاریی سیاسییدا بوون و پێیان وابوو "سەوزەکان" دەتوانن جیاواز بن، ئەم هۆشیاریی دەدا کە و مێژووی ڕوون دەکردەوە.

لە هەمانکاتدا بیری ئەو بۆ هەبوونی خەباتێکی ئازادیخوازانەی سیکولاریست، کۆکردنەوەی تەواوی کورد باوەجودی مەزهەب و ئایین و بیری سیاسییان، ڕێگادان بە ژنان بۆ ناو مەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، باوەڕبەخۆبوون، پشتبەخۆبەستن و متمانەنەبوون بە داگیرکەران، بەشێکی ئەو خەون و هیوا و ئومێدەن کە لە جیهانبینیی پایەبڵند مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسەینیدا کۆبووبووەوە.

شاردراوە نییە کە مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسەینی لە مەزهەبی سوننە و لە پێڕەوانی پەرەسەندن/ کامڵبوون بوو، بەڵام ڕەووشتی کۆمەڵایەتیی، هەڵسوکەوتی لە کردەوەدا، بیروبۆچوونی سیاسیی و ئایینـدەبینیی، بریتیی بوو لە مرۆڤێکی کوردستانیی، پێشکەوتووخواز و دڵسۆز و دڵگەرم و باوەڕبەخۆ و گەشبین و ئازادیخواز. کوردستان بۆ ئەو هەمەڕەنگ و هەمەلایەن و گشتگیرە و بۆ هەمووانە.

بە دڵنیاییەوە بە هۆی هەڵوێستی سیاسیی دیارەوە مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسەینی ئەو بایەخەی پێ نەدرا کە شایستەی بوو، هاوکات کە فەتحوڵا گولێن، کە هیچ پلەوپایەیەکی ئایینی نییە و بەشێکی پرۆژەکەی تواندنەوەی هەرچی زووتر و زیاتری کورد بوو لە مەزهەبێکی دروستکراوی حەنەفیی تورکییدا، لە باشوور هەموو ئازادییەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی، بە قازانجی گەورەوگرانی ئابوورییەوە، بۆ فەراهەم کردرابوو.

دیارە مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسەینی لە ڕیزی گیانبەختکردووان دایە و خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستانیش بە

دڵنیاییەوە سەردەکەوێت. ئەوانەمان کە لەو خەباتەدا بەشدارین ئەو سەرکەوتنە وەکوو دیارییەک لە وێنەی باقەیەک گوڵدا لە سەر گۆڕی ئەو و سەرجەم گیانبەختکردووانی کوردستاندا دادەنێین.

مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسەینی نەمر و پایەبڵند دەمێنێتەوە

بژی خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - ک ن ک

١٢ - ٢ - ٢٠١٦

---

## یادێک لە مامۆستاشێخ عێزەدین حوسەینی



**ئەحمەد بەهرامی**

خۆش دەبوو، کە ئێمەش وەک هەر نەتەوەیەک، بمانتوانیایەت بەپێی پێویست، ئەو جۆرەیی شایانە ڕێزمان لەکارو زەحمەتی ئەوانە دەگرت، کەژیان و ڕۆحیان تەرخان دەکەن بۆ کاری بەسوودو پڕبایەخ لەخزمەت گەشەی کۆمەڵگادا.

یادکردنەوە،یان ڕێزگرتن لەکەسەکان و کەسایەتی تایبەت، خۆی واتایەکی تایبەت دەداتە جێگاو مقامی ئەو کەسە. هەروەهاش پێگەی بەرزی کەلتووری و هوشیاریی ئەو نەتەوەش دەخاتەڕوو، کە تاچەند بەدەربەستە لە پێداچوونەوەی

گوزەشتەی خۆی. ئەمەش ئەو مانایەدەگەیەنێت، کە دەرکی کۆمەڵگا تا چ ڕادەیەک کراوەیەو تاچەندەش بەدەربەستە لەئاست دەستکەوتەکانی خۆیدا. خۆزگە یادەکان. ڕێزگرتن و ئاوڕدانەوە لەکەسانی خۆمخۆرو ماندوو لەپێناو ئازادی و دیموکراسیدا، وەک ڕەسمێکی جێکەوتوو دەبووە فەرزێکی کەلتووری هەمەلایەنە و هەموو بەرەوپیری دەچووین.

لەم ڕوانگەوە من باوەڕم وایە، شەرتی یادکردنەوە و هەڵسەنگاندن و ڕێزگرتن لە هەرکەس ئەوەبێ، کە ئەم هەنگاوە ڕەنگدانەوەی کارو کردەوەی کەسەکەی تیدا ڕەنگ بداتەوە.

کاتیک قسە لەسەرکەسێک دەکرێ، مانایی ئەوەیە تۆ تایبەتمەندیی شەخێسک، یان کارێک هەڵدەسەنگێنی و بەدواڕۆژی کۆمەڵگای دەناسێنی، کەسوودمەندبووە بۆ کۆمەڵگاو خزمەتی دەوڵەمەندکردنی هزری کۆمەلایەتی داوە. ئەمەش وەک کارێکی هەدەفمەندو بارهێنان، ببێتە پێوەرێک تاوەکوو زانستیانە و وەک هەربابەتێکی پێوەندیدار بەکۆمەڵگاوە، کەس و ئەشخاس هەڵسەنگێندرێ.

ئەمەش وەک سیستمێکی پەروەردەیی مودێرن، دەبێ لەقاڵبی شەخس پەرستی و بت دروست کردن بێتەدەر. لەوقاڵبەبێتەدەر، کە پێیداهەڵنەڵێن. عەبدایەتی و مەزنایەتی نەکەینە پێشەی ئەبەدی.

بۆ ناساندن و دەرخستنی خاڵی موسبەتی ئەم کارە، وەک یادو هەڵسەنگاندن، کراوە و سەردەمیانە ڕێزو یادەکان بکەینە بناخەی ڕێوڕەسمیک، تاوەکوو هەم واقعیانە پێناسەی کەسەکان و کارو بیروهزری سیاسی و کۆمەڵایەتیان بکەین. وەهەمیش تاریف و ڕەخنەکان لەتای تەرازووی خۆیانابن و ئەمەش بکەینە ڕەسمی هەموو کارێکمان.

بێگومان لەم کورتە باسەدا، نە دەمهەوێ بە مامۆستادا هەڵبڵێم. نە دەشمەوێت لەوەی بووە و ئەنجامیداوە، زۆرتر بدوێم و باسی بکەم. مامۆستاشێخ عێزەدینش وەک هەرتاکێکی کورد و کەسێکی سیاسی، هەم لایەنی موسبەتی بووە، هەم لایەنی لاواز. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئێمە لەدەست بردن بۆ هەڵسەنگاندن و یادکردنەوە لەوەی بووە زۆرتربدوێن و شتی ناواقعی بگوترێ. یان مامۆستا بکرێتە یەکم کەسی سیاسی کورد، نەخێر.

بەڵکوو لەم یادکردنەوەیەدا ئەوەی گرنگە و جێگای خۆیەتی، دەبێ کەسایەتی مامۆستا و بوێریەکانی مامۆستا بگرێتە خۆی،چ وەک ڕەهبەرێکی سیاسی میللی. چ وەک ڕەهبەرێکی مەزهەبی لەسەر بابەتە هەستیار و گرنگەکان.

ئەوەی بۆمن جێگەی سەرنج و تێڕامان و بیرکردنەوەیە، ئەوەیە، کە بەبڕوای من مامۆستا چەندلایەن و سیفەتی تایبەت بەخۆی بوو، کە ئەمانەش وەک نموونەی تایبەت و هەستیارن لەژیانی ئەودا. ئەم سیفەتانە بۆ ڕابەرێکی ئاینی و جۆری هەڵوێستی لەسەر بنەمادینەیەکان و تێڕوانینی نوێخوازی ئەو لەسەر بابەتە هەنوکەییەکان، مامۆستا دەباتە خانەی بیرمەندێکی سەردەمیانە، کە جێگای خۆیەتی لەفرسەتی‌ترا ئەمە بگوترێ. ئەمانەش وەک پوانی سەرنج ڕاکیش، ئەوی لەزۆر لە ڕەهبەرەسیاسیەکانی سەردەمی خۆی جیادەکاتەوە.

لەوانە:

هەوڵێستی لەسەر یەکێتی جووتیاران دژی ئاغاکان لەموکوریان.

لەسەر مەزهەب و فتوا دینیەکان.

جیایی مەزهەب لەدەوڵەت.

تەسیلم نەبوون لەبەرابەرپوڵ و مقام.

نەبوونە پیاوی هیچ دەوڵەتێک و نەچوونە ژێرباری هیچ داوایەکی دەوڵەتانی سەردمی خۆی.

نەبوونە پیاوی هیچ حیزب و دەسەڵاتێک.

ئەم چەندخاڵە موشەخەسە، یانی وجودی کاریزمایی ئەو پیاوە لەسەردەمی ژیانی سیاسی ئەودا، خۆی بابەت گەلێکن دەگمەن و کەم. ئەویش لەوڵاتی ئێمەو لەناو کەلتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەی کورددا.

با ئێمە بەجورئەت و خۆییانە خۆمان پێناسەبکەین! خۆمان لەقەوارەی حیزب و لایەنی‌سیاسی بێنیەدەرو کراوەتەتر خۆمان ببینین.
هەر وەک کورد و شۆڕشەکانی پڕن لەخیانەت و خۆبەدەستەوەدان. ئاواش بەرخۆدان و بەرنگاری بوونەو هەیە.

لەم بلبشێوی و ناسەقامگیریەدا، زۆری هەرەزۆری کەسایەتیەکانی ئێمە گومن و بەگومناوی دەمێننەوە. ئەمە دەردێکە کورد پێوەی دەناڵێنێ!؟ لەبەرئەوە تائێستا کیانێکی سەربەخۆی ڕوناکبیری نییە، ئەمە سەروسامان‌بداو لەقاڵبی حیزبایەتی بێنێتەدەر.

یەک لەوانە شێخ عێزەدین حوسێنی، کە لەگەڵ هیچ حیزب و لایەنێک نەبوو. مامۆستا شێخ‌عێزدین وەک خوێندەوارەکانی سەردەمی خۆی، بەپێی شەرایتی سەردەم بۆ بارهێنان و خوێندن، ڕوویکردە حوجرەو مەرکەزە ئاینیەکان و لەم بوارەدا بوە

کەسایەتی بوارەکەی خۆی.

هەر وەک چۆن مارتین‌لۆتەر کەسایەتی و ڕەهبەری دەیەکانی پەنجاوشەستی زاینی ڕەشەپێستەکان لەئەمریکا، کەباوک و باوەگەورەی کەشیشی کلیسابوون. خودی مارتین لۆتەریش بووە کەشیش و بووە جێگەرەوەی باوک و باوەگەوەری لەبواری مەزهەبیدا. ئەو لەکەشوهەوای نابەرابەری ئەو سەردەمیکۆمەڵگای ئەمریکا خوێندنی تەواوکرد و بووە پیاوی ئاینی مەزهەبەکەی خۆی.

لەوسەردەمەشدا کە ئەو لەزانکۆکانی ئەمریکا سەرقاڵی خوێندن بوو، گەورەترین کێشەی نابەرابەری و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتە وجودی بوو. سپی پێستەکان وەک ئاژەڵ چاویان لەڕەشو تیرەکانی تری ئەم وڵاتەدەکرد. مارتین لۆتەر بێگوێدانە مەترسیەکانی دەسەڵات و سەرکێشی سپی پێستەکان، چووە شۆڕشێکەوە تەواو دژی دابوونەرێت و دەسەڵاتی سپی پێستەکان بوو. دەوری ڕەهبەری و زانایی ئەو لەم بزووتنەوەیەدا، بووە هۆی ئەوە ئەم بزووتنەوە هەمەگیرە، بچێتە سەرڕەوڕەوی بەرەو پێشوونێکی گەورەی مێژووی لەم وڵاتە. ئەوەش توانی هەرەس بەئەو دەسەڵاتە زاڵامانەیە بێنێ، سەدان ساڵ بوو پەیڕەودەکرا.

بەڵام کۆمەڵگای شێخ عێزەدین و کەلتووری وڵاتی ئەو، زۆر کۆمەڵگایەکی جیاوازتربوو لەکۆمەڵگای مارتین لۆتەر. شێخ عێزەدین و کۆمەڵگای ئەو لەژێر سێبەری کەلتوور و دابوونەرێتێکی زۆر جیاوازو دوور لەیەک بوون و هیچ شەباهەتێکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەک نەبوو.

کوردستانی بێکەوشەن و بێ دەوڵەت و داگیرکراو، سەراپا نوقم بوو لەدواکەوتوویی و نەخوێندەواری. وڵاتێکی گوندنشینی. وڵاتێک سەراپا لەکۆنەپەرستی و دوور لە خوێندەواری و پێشکەوتوویی. وڵاتێک تا ئەمڕۆکەش نوقم بووە لەفەزای عەشیرەیی و بنەماڵەییدا. وڵاتێک ژیانی جووتیاری و شوانکارەیی و پاتیریاکی تێدا حاکمە. وڵاتێک گاڵەتە بەمەعریفەتی پێشکەوتووی و ژیانی شارستانی دەکا. وڵاتێک نەیتوانیوە بەزمانی خۆی بنووسێ. بەزمانی خۆی قسەبکا. وڵاتێک مێژوو و دمێکوگرافیەکەی شێواوە. تەنانەت سیستمی سیاسی. یاسا و ناوی دێموکراسی تێدا وەک نامۆو بێگانەیە. وڵاتێک تا سەردەمیکی زۆر دوورنا، ئەقڵی لەماڵی ئاغاو شێخ و پازگاو کوێخاوە ئیدارەدەبوو.

لەم فەزایەدا مامۆستاشێخ عێزەدین وەک کەسایەتی ئاینی و میللی، چووە ناو شۆڕشی نەتەوەکەی بەدژی نابەرابەری و هەڵاواردنی فیکری و ژێردەستی. لەم شۆڕشەدا شێخ عێزەدین وەک کەسایەتی مەزهەبی جوزوی ئەوەڵ ڕەهبەرانی ئاینی کورد



سەرچاوە Serchawe

بوو، وێرای بانگەوازی جیایی مەزهەب لەدەوڵەت بکا.

ئەوەڵ ڕەهبەری ئاینی بوو بانگەوازی بەرابەری ژن و پیاوی کرد. ئەوەڵ ڕەهبەری ئاینی بوو لەو سەردمی کوردستان، بێگوێدانە هیچ فتوایەکی ئاینی دژی خۆی و پێگە ئاینەیەکەی، دیموکراسی کردە ڕێبازی کاری. بێگوێدانە ئەوەی هاوتەرازوە دینیەکانی چی لەبارەیەوە دەڵێن و چۆنی هەڵێدەسەنگێنن و قیامەت و ئاخیرەتی چۆن بۆدادەنێن، هەوڵیدا شۆڕش لەچوارچێوی یاسا مەزهەبیەکان بێتەدەر و کۆمەڵگایەکی مەدەنی سەقامگیربێت.

ئەو وەک کاریزمایەکی تاک و بێ حیزب، بوێرانە لەقاڵبی دینی و تەعەسوبی نەتەوەیی هاتەدەرو ڕاشکاوانە قسەی لەدێموکراسی و مافی ڕادەربڕین و بیری ئازادکرد. کەسێک بوو بۆ پۆست و مقام نەچووە قاڵبی حیزبی. خۆی دانەنا ببێتە ڕەهبەری پۆلێک چەکدارو بەڕوخساری لولەی ئەسڵەحەوە، خۆبنوێنێ و لەبیری جێگا و ناوبانگی تاکەکەسیدابێت.

لێرەدایە، کەدبێ جێگای مامۆستا وەک کەسایەتی سەردەمی خۆی. وەک کاریزمای سیاسی و وەک ڕەهبەری سەردەمێکی مێژووی سەیرکرێت. دەبێ پەنجە بۆ کار و بۆ بوێری و ڕاوبۆچوونەکانی درێژکرێ و ئەمە لەبیری مێژوودابمێنێتەوە.

ڕاشکاوانە ئەوە دەڵێم، کە شێخ عیزەدین جووزوی ئەو ڕەهبەرە دەگمەنانەبوو، نەچووە خانەی فەسادی سیاسی و مقام و خۆدەرخستنی تاکەوە. نەکوتە داوی پۆڵ و مقامەوە!

ئاخر مامۆستا وەک هەموو ڕەهبەرێکی سەردەمی خۆی، زۆر فرسەت و بواری بوو پوڵ کۆکاتەوە. بواری بوو هێزی چەکدار دروست بکا. بواری بوو دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە کەڵکی لێوەرگرن و دژی شۆڕشی کورد کاری پێبکەن. وەک ڕەهبەرێکی مەزهەبی بواری بوو، دەوڵەتانی ناوچەکە دژی ئازادی کەڵکی لێوەرگرن. شەڕی دینی پێبکەن.

بەڵام ئەمە لەمەورد شێخ عێزەدینەوە ڕووی نەدا. لەبەر ئەوە کەسایەتی ئەو وەک ئازادیخواز و وەک پێشەنگی شۆڕشێکی مەدەنی و پێشکەوتوو، ئەم معامەلەو خۆفرۆشی و خۆپەرسیتیە لەزێهنی سیاسی ئەودا جێگای پەیدانەکرد. بۆیە دەبێ وردبینانەو بەرپرسانە، سەیری جێگاو مێژووی ئەو شۆڕشەبکرێ، کە مامۆستا دەخالەتی تێدابوو بەپێی توانای خۆی. هەوڵی ئەوەی لەگەڵ ئەم شۆڕشەدا، تاوەکوو خەڵکی خۆیان بدۆزنەوە و لەخورافەی مەزهەبی بێنەدەر و چیتر گیرۆدەی خورافەدرۆینەکان نەبن. هەرلەم ڕوانگەشەوە بانگەوازی جیایی مەزهەب لە دەوڵەتی کردە ئامانج و زۆرڕوونتر لەگەلێک حیزبی سیاسی و بەدەسەڵات لە شۆڕشی کوردا، کاری بۆ دێموکراسی و بزووتنەوەی مەدەنی سکۆلار کرد.

هۆی ئەم بوێری و هەڵوێستانەبوون، مامۆستاشێخ عێزەدین لەڕوانگەی دەسەڵاتە سیاسی و ئاینیەکانەوە. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی ئێران و تەنانەت زۆر حیزبی کوردیشەوە، بەمولحەدو بێدین سەیردەکرا؟ ئەم هەڵوسێت و دژایەتیەش دژی مامۆستا جێگای سەرسوڕمان نەبوو! هۆی ئەم هەڵوێستانەش لەسەر شەخسی مامۆستا ئەوەبوو، چوونکە ئەو وەک خاوەنی بیرێکی ئازاد. وەک کەسایەتیەکی ئاینی ئاگا بەبنەماکانی مەزهەب، لەدژی مەزهەب و دابونەرێتی کۆن، ڕێگایەکی نوێی خستە پێش ئەو فیکرو مەڕامانەی، قسەیان لەعەدالەت و مافی بەرابەردەکرد.

هەربۆیەش وەک داخی دڵ خاڵیکردن لەدژی مۆستا. نەک کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو برێک حیزبی کوردیش لەکاتی مردنی ئەودا، بەجێگای ڕێزوئیحتیرام ئاژاوەیان قوڵقاند. خۆنواندنی ئەم دوژمنی و بێحورمەتیەش لەڕۆژی بەخاکسپاردنی و دروست کردنی ئاژاوەو نائەمنی بوو، تا خەڵکی نەتوانن بەڕێزو حورمەتەوە، ئەو جۆرەی شیاوی خۆیەتی ماڵ ئاوایی لێبکەن و ئەسپەردەی خاک کرێت.

لەبەر ئەوەیە، کە یادی ئاوا کەسانێک یادی مێژووین و دایم جێگای ڕێزو قەدرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٢ی فێبریوێری ٢٠١٦

---------------------------------------------

## جێگەی هەڵوێستە بوێرانە و پێشکەوتنخوازانەکانی مامۆستا خاڵیە




ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچوێ کە نەتەوەی کوورد بەگشتی و رۆژهەلاتەکەمان بەتایبەتی، یەکێک لە گەورەترین، ئەمەگناسترین و بوێرترین رێبەرانی خۆی لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی خۆیدا لەدەسداوە.

مامۆستا شێخ عیوزەدین ئەو رێبەرە بیرمەندەی کورد چیتر نی یە، تا بوێرانە لەبەرابەر کۆنەپەرستیدا بێ ڕارایی و دوودڵی

راوەستێ و قورسایی ئەوەندە بێت کە تەیفوی لاوازی رۆشنبیر و چەپ لە سێبەریدا هەست بە هێزبکەن. و لە هەڵوێست و باوەڕە داهێنەرانەکانی ورە و وزە بگرن.

زۆر دەخایەنێ کە کورد بزانێ بە مەرگی مامۆستا، رێبەر و بیرمەند و ئینسانێکی لەدەسداوە. بوۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی یە دەبینین لە نەبوونی مامۆستا، مەیدانی سیاسەتی کورد لە رۆژهەڵات بەهۆی حیزبەکانەوە تووشی ڕاڕایی، دوو دڵی و تەنانەت چەشنێک دارمان هاتوە، تا ئەو ڕادەیە کە پاش زیاتر لە سێ دەیە، حیزبی وا سەرهەڵدەدا کە بە خوی جوورعەت دەدات، باسی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنە کارتۆنی یەکانی کۆماری ئیسلامی بکات. یا ڕێبەری لەتێکی کۆمەڵە بێ پەروا لەم پەل بوۆ ئەو پوۆ بازدەدات و ناوی دەنێ "دیپلوماسی"!! ئەوە لەکاتێک دایە کە سەردەمی رێبەرایەتیی مامۆستا، بڕیارەکانی لێبراوانە، شەفاف و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و دژی کۆنەپەرستی بوو.

گەلی کورد و مێژوە هیچکات ئەو هەڵوێستە بوێرانەیەی مامۆستا لە "تەحوریم کردنی رێفراندومی کۆماری ئیسلامی" لە بیر ناکات.

هەنگاوێکی وا قایم کە تەنانەت گەورەترین حیزبی ئەو سەردەمەی رۆژهەڵات، کە تا دوایین ساتەکان بە تەمای رێککەوتون لە گەڵ دەسەڵات و بەشداریی لە رێفراندۆم بوو، لەبەرابەر پێشوازیی بەرفراوانی جەماوەری خەڵک لە داخوازەکەی مامۆستا، خۆی تەریک دیتەوە و لە دوا ساتەکاندا ملی بە هەقێقەتی لێکدانەوە و بڕیارەکەی مامۆستا دانا. کەچوی ئێستە لە لایەک دەنگ نەدان بەکۆماری ئیسلامی وەک "شانازیی خۆی دەناسێنێ" و لە لایەکی دیکە وێلە بە شوێن یەک دوو "موادەی قانوونی ئەساسی" و لەو پێناوەدا جاڕی سازان لەگەڵ جەناتەکارترین دەسەڵاتی مێژووی مرۆڤایەتی دەدات ...

بوۆ من مامۆستا سەرچاوەی فیربوون، سەداقەت، راستبێژیی، بوێریی بوو، هەیە و دەمێنێتەوە. مامۆستای ئازیز بە هەڵوێسووتە بوێرانەکانیەوە، بە سەداقەت و راست بێژی و بە بوێری و خۆنەویستی یەوە بوۆ من سەرچاوە و خوشەویست و رێبەرە.

دڵنیام بە رووخانی جمهووریی جەهل و جەنایەت، جەماوەری خەڵک لە رۆژهەڵات تەرموی مامۆستا دەگێڕنەوە بۆ زیدی خۆی و بە ملوێن وەک ئەمەگداری لە بەرابەر تەرمەکەیدا سەری ڕیزو حورمەت دادەنوێنن و بە دەسەڵاتدارانی باشووری دەسەلمێنن کە بەدەستووری دەسەڵاتدارانی ئیران، غەدرێکیان لە تەرمی مامۆستا کرد. گەرچی لەم کاتەدا کۆماری ئیسلامی بە

میلیتاریزەکردن و ئەمنیەتی کردنی کوردستان، بەسەر ئەم بەشە لە وڵاتەکەماندا حووکمڕانی دەکات، گەرچی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەهۆی بێ سیاسەتی و بێ بەرنامەیی لە ئۆردوگاکاندا قەتیس ماون و تووشی سەرلێشێواوی هاتوون، بەڵام دڵنیام کوردستان لەو وەزعە دەرباز دەبێت و هەر وەک ئەو سەردەمە چۆن بەڕێبەریی مامۆستا شێخ عیزەدین ڕێبوازێکی قاتع، پێشکەوتنخوازانەی ڕەچاو دەکرد، دێتەوە مەیدان و تەوژمی بزووتنەوە جەماوەرییەکەی سازشکار و پۆپۆلیستەکان وەک پووش و پەڵاس دەخاتەلاوە و بیر و ڕوانگەکانی مامۆستا بەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتدا زاڵ دەبێتەوە.

یادی مامۆستا شێخ عیزەدین بەرز و ڕێگای کۆڵنەدەرانەی بەردەوام

سەرکەوێ خەباتی لێبڕاوانەی گەل بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٦

---------------------------------------

## ئیسلامی ڕاستەقینە!



**ڕێبوار کەریمی**

ساڵی ١٩٨٥ بوو. ٢٥ی گەلاوێژ، جەژنی چلەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە گەورەدێی ناوچەی شاربازێڕ. لەوێ، لەو جەژنەدا بۆ یەکەمینجار مام جەلال و بۆ یەکەمین و دوایەمین جار شەهیدی گیانشاد دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملووم بینی. ئەوەی لەو جەژنەدا زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەو دوو کەسایەتییە مێژووییە نەبوون. دوو کەسی تر بوون. یەکەمیان، ژنێکی قژڕووت بە پانتۆڵێکی کاوبۆیی ڕۆژئاواییەوە (ئەگەر باشم لەبیرمابێ)، کە تاوناتاو

بە کامێرا گەورەکەی سەرشانی وێنەی لە بۆنەکە و بەشدارانی دەگرت. بە مەزندەی دواتری خۆم، ئەو ژنە، هاوسەرەکەی مام جەلال بوو: هێرۆ خان و کەسی دووەمیش "ئاخوندێک" بوو!

لەڕاستیدا ئەوی زۆر زیاتر سەرنجی منی راکێشا ئەو "ئاخوندە" بوو. ئاخوندێکی بەلەباریکی ریشدرێژ. ئاخوندێک کە لەکاتی هاتن و رۆیشتندا، شانبەشانی رێبەرە شۆڕشگێڕەکانی کورد - بە عەبای شۆڕ و ریشی درێژ و دوودەستی لە پشتەوەڕا لەیەکترقوفڵکراو- متمانەبەخۆیی و دڵنیاییەکی تایبەتی لێ بەدی دەکرا. من بەسەرسوڕمانەوە پرسیارم کرد، ئەو مەلایە کێیە؟! وەڵامی پرسیارەکە هیچی لە سەرسوڕمانەکەم کەم نەکردەوە: مەلایەکی عەباشۆڕ و ریشدرێژ و بە ویقار، لە جەرگەی شاخ و شۆڕشێکدا کە شابەیتی دروشمەکانی ئەو سەردەمەی "خەبات دژی کۆنەپەرستیی ئاخوندی" بوو، کوجا مەرحەبا؟! سەرم سوڕمابوو، ئاخر بۆ ئێمەی منداڵانی ساڵانی هەشتاکانی کوردستانی ئێران - کە ئیسلام و حکومەتی ئیسلامیمان بە بەر سێبەری ریشە درێژەکەی ئیمام خومەینی و هاوڕیشەکانییەوە ئەزموون کردبوو -، هەموو سمێڵ سوورێک هەمزاغا بوو. ئاخوند هەر ئاخوند بوو!

ساڵان تێپەڕین و من بەسەرهاتی زیاترم لەسەر ئەو مەلا سەیرە بیست. دایکم دەیگێڕایەوە، ئەو کاتەی "مامۆستا" هاتبوو بۆ شاری بانە، خەڵکی گەڕەک تێکڕا، بە ژن و منداڵەوە، چووبوون بە بەرەوپیرییەوە. بۆ سەلماندنی بایەخی رووداوەکە، دایکم دەیگوت تەنانەت نەنکیشت ئۆقرەی نەگرت و چوو! قسەی ساڵەکانی جەرگەی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێرانە و باس باسی مامۆستا شێخ عیزەدینی حسەینی.

من زۆر دواتر بەوەم زانی کەوا مامۆستا شێخ عیزەدین هەر تەنیا خۆشەویستی ناو کوردەکان نەبووە. وەک دەگێڕنەوە، لە تارانیش پێی سەرسام بوون. ئاخر لەو رۆژگارانەی جەرگەی شۆڕشی ئێراندا کە باو باوی ئیسلامی ئیمام خومەینی و مەلاسالاری بوو، ئەو راست دژ بە ئایدیای دامەزرانی "کۆماری ئیسلامی" راوەستابوو. کاتێک لە هەڵوێستێکی مێژووییدا، جیاواز لە هەموو ئێران، کوردستان رێفراندۆمی دەنگدان بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کرد، شێخ عیزەدین، کۆماری ئیسلامیی بە "قوتوویەکی سەرداخراو" چواندبوو. روو لە لایەنگرانی خومەینی گوتبووی: "ئێوە دەتانەوێ دەنگ بە قوتوویەکی سەرداخراو بدەین بەبێ ئەوەی بزانین قوتووەکە چی تێدایە!". تەنانەت شاعیر و رۆشنبیری لائیکی ئێرانی، ئەحمەدی شاملووش کە بۆخۆی دژی بیرۆکەی کۆماری ئیسلامی بوو، هەڵوێستی "پێشەوای رۆحانیی خەڵکی کوردستان"ی کردبووە بەڵگەی هەڵوێستی رەخنەگرانەی خۆی.

شێخ عیزەدین هەر ئەو دەمە، روو لە خوێندکارەکانی "زانکۆی شەریف"ی تاران گوتبووی: "کۆنەپەرستی لە هەر جلوبەرگێکدا

و بە هەر رەنگێک بێت، مەحکوومە!". ئەو گوتبووی: "«ئەو ئایینەی خەڵک بە گژ یەکدا دەکات، ئایینی ئیلاهی نییە". کاتێک دوای رووخانی دەوڵەتی پاشایەتی، "حکومەتی ئایەتوڵڵاکان"ی ئێران پەلاماری کوردستانی دا، شێخ عیزەدین روو بە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی گوتبووی "فەرقی تاج و عەمامە چیە؟!" پێی گوتبوون: "حکومەت نەگۆڕدراوە، تەنیا تاجی پاشایەتی لاچووە و عەمامە هاتووەتە جێگای!".

شێخ عیزەدین ئەگەر پێشەوای ئایینی بوو، رێبەرێکی نەتەوەییش بوو. جارێک لە قوم، کاتێک دوای دیداری بێ ئاکامی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد، ئایەتوڵڵا خومەینی لە کاتی رۆیشتندا یەخەی عەباکەی دەگرێ و پێی دەڵێ "من ئارامیی کوردستانم لەتۆ دەوێ!". ئەو لەجێدا وەڵامی دەداتەوە: "منیش خودموختاریی کوردستانم لەتۆ دەوێ!".

شێخ عیزەدین بەڵام، لە هەر مافێکی سیاسی زیاتر، بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشا، دادپەروەری بە مانا فراوانەکەی. هەر ئەم باوەڕەش وای کردبوو ببێتە باوکێکی مەعنەوی بۆ هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان. هێندێک لە دەربڕینەکانی شێخ عیزەدین هێشتاش وێردی سەر زمانانن. جارێک گوتبووی: "دەشێ لە دەستێکمدا قورئان ڕابگرم و لە دەستەکەی ترمدا سەرمایەی مارکس"! ئەوانەی سەر بە "حکومەتی ئایەتوڵڵاکان" بوون، ناو و ناتۆرەی وەک "شێخی سوور" و "ئایەتوڵڵای سوور" یان شوێن خستبوو. لە کوردستان بەڵام خەڵک دەیانگوت "ئیسلامی راستەقینە، ڕێگای شێخ عیزەدینە!".

من لە قوتابیی حوجرەی خۆیم بیستووە کە "ئەو لە ئیسلامی تێپەڕاندووە". شێخ عیزەدین بەڵام لە قووڵایی ئیمانەوە داوای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتی دەکرد. شێخ نموونەی هەرە گەشاوەی مرۆڤێکی سێکولار بوو. روانگەکانی ئەو دژایەتیی ئایین نەبوون. ئەو بە پێچەوانەوە دەیەویست ئایین بۆ مرۆڤی مۆدێرن و تەنانەت دژە-ئایینیش، شتێک بێت سازگار و شیاوی وێکهەڵکردن. بەبڕوای ئەو، ئەرکی ئایین بەپێی رۆژگار گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ ئەم سەردەمە، ئایین دەشێ پرسی مەعنەویی تاکەکەس بێت و بنەمای ئەخلاق رێکبخات. بەبڕوای ئەو، پرسە گشتییەکانی سەردەمی ئەمڕۆ دەبێ هەر بە دەستی مرۆڤی پێگەیشتووی ئەم ڕۆژگارە چارەسەر ببن.

دالای لاما، پێشەوای رۆحیی تێبێتییەکان گوتەنی: "خودا وا دەخوازێ کە ئەو کێشانەی مرۆڤ بۆ خۆی سازی کردوون، هەر بۆ خۆی چارەسەریشیان بکات". شێخ عیزەدین تەنانەت واوەتر دەچێ و دەڵێ: ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ گەیشتووەتە رادەیەک کە چیتر خوا بۆ هیچ بوارێکی ژیان بەپێویستی نازانێ راسپێردراو (پێغەمبەر)یان بۆ بنێرێ. بەبڕوای ئەو "کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەڕادەیەک گەشەی کردووە کە خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێت." ئەمەیە ڕاڤەی شێخ عیزەدین بۆ ئەوەی کە بۆچی پێغەمبەری ئیسلام بە دوایەمین پێغەمبەر ناوزەد کراوە! ئەم روانینە "شۆڕشگێڕانە"یەی مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ



سەرچاوە
Serchawe

ئایین، حورمەتی ئاوەزی ئینسان لەبەرچاو دەگرێ، بەبێ ئەوەی لە بایەخی ڕۆحیی ئایین کەم بکاتەوە. هەڵبەت ڕوونە ئایینێک کە کەلێنە ڕۆحییەکانی ئادەمیزاد پڕبکاتەوە، لەوپەڕی ئاسمانیبوونی خۆشیدا هەر ئینسانییە و شیاوی ستایشی ئینسان.

هەڵوێستەکانی شێخ، هەموو جارێ سەرسامییەکەی یەکەمین بینینی لە مندا ژیاندووەتەوە. من قەت لە نزیکەوە بەختی بینینی دووبارەی مامۆستا شێخ عیزەدینم بۆ نەڕەخسایەوە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٢ دەنگە نووساو و گیراوەکەیم لە "رادیۆ زایەڵە"ی سویدەوە، بیست. ئەو ڕۆژانە باسی گەرمی میدیا، باسی فادیمە شاهیندال بوو، کچە کوردێکی باکووری کە بەناهەق (گۆیا لەسەر شەرەف)، لە سوید بەدەستی باوکی خۆی کوژرا. رادیۆ رای شێخ عیزەدینی وەردەگرت. رای شێخ لەم پێوەندییەشدا، بۆخۆی شۆڕشێک بوو. لەناو وەڵامەکەیدا شێخ عیزەدین ڕستەیەکی ئاوای گوت: "لەسەر هەر موسوڵمانێک واجبە، لە هەر وڵاتێک ژیا، کتومت بەگوێرەی یاسای ئەو وڵاتە رەفتار بکات". دەبێ مرۆڤ تۆزێک لە یاساکانی وڵاتانی سکاندیناڤیا شارەزا بێت تا بزانێ جەوهەری ئەو وتەیە بۆ حاڵی مرۆڤێکی گۆشبوو بە دابونەریتی دواکەوتووانە، چی دەگەیەنێت! شێخ بەڵام بۆ خۆی هەوبوو: "موسوڵمانێکی سویدی" بە تەواوی مانای وشە، کوردێکی تا سەر ئێسقان مۆدێرن و دیمۆکرات، بەهەمان عەبای شۆڕ و ریشی درێژ و ئەخلاقیاتی شۆڕشگێڕە جەربەزەکەی ساڵەکانی شۆڕش و شاخەوە!

شێخ عیزەدین یادگار و میراتگری هزری ئایینی و جیهانبینییەکی ورشەدار بوو، کە پێموابێ لە کوردەواریی خۆماندا، تۆرمەی دەچێتەوە سەر مەلای گەورەی کۆیە. بە دوو ئەستوندەکی پتەو لە مەعاریفی ئیسلامی و، بە دوو کۆڵەکەی ڕۆحیی مەزنی وەک مەلای گەورەی کۆیە و مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی یەوە، من زۆرجار بە حەسرەتەوە لەخۆم دەپرسم، دەبێ خەتای کەمتەرخەمیی کێ بێ کە ئەم هەموو باوەپیارە نامۆ و نەیارانە لە ئایینی سەدەی بیستویەکی خەڵکی ئێمەدا هەڵتۆقیون؟! دەپرسم: بۆ دەبێ هێز و ڕێکخستنێکی بەرپرسی ئەوتۆمان نەبێ کە لە گۆڕەپانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، لەو میراتە مەزنە بەخاوەن دەربکەوێ و تەرجەمەی ژیانی ڕۆژانەی بکات؟

شێخ عیزەدین ئەوێستا شەش زستانە بەجێی هێشتووین. دەنگە نووساوەکەی ئەو بەڵام هێشتا و بۆ هەمیشە، لەناو شاخەکانی شۆڕش و شەقامەکانی شارستانیەتدا، زایەڵەی "موراعاتی ئینسان" بەگوێی ویژدانماندا دەدات. ئینسان خۆی ئەگەر - ئەحمەدی شاملوو گوتەنی: "شاکاری خودا بووبێت - یان نەبووبێت"!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٧

## بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عزەدین حوسێنی



ڕۆژی ٢١ی ڕێبەندان ساڵهاتی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عزدین حوسێنی کەسایەتی ناوداری کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانە. بەم بۆنەوە سایتی پەیام بەشێک لە کتێبی خەبات بەرەو سەرکەوتن کە کۆمەڵێک وتووێژە لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە بڵاو دەکاتەوە:

**پرسیار**: بەم دواییانە مامۆستا شێخ عزدین حسێنی کەسایەتی ئاینی کوردستانی ئێران، گیانی لە دەستدا. وەکوو بیستومە پەیوەندی زۆر تایبەتی لەگەڵ تۆ بووە؟ گەر بکرێ باس لەم پەیوەندیانە بکەی، باس لە مێژووی درووست بوونی پەیوەندی مامۆستاو ئێوە و کۆمەڵە بکەی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: سەردان و چاوپێکەوتنی من لەگەڵ مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێک پێش ڕووخانی ڕژیمی شا. ئەو کات زۆربەی ڕووناکبیرانی سیاسی سەردانی مامۆستایان دەکرد، منیش کەسێک بووم لەوانە. بەڵام پێوەندی سیاسی من لەگەڵ مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە کوردستان بەرەیەکی موقاوەمەت بەرامبەر بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی شکڵی گرت. کاتێک کە هێزی پێشمەرگە شاری مەهابادیان بەجێهێشت، مامۆستا و ڕاوێژکارانی لە دەفتەرەکەی لە سنووری کوردستانی ئێران و عێراق لە ئاوایی شێنێ نیشتەجێ بوون، هاتوچۆمان چڕو پڕتر بوو. مامۆستا بە هۆی هەڵوێستی دیموکراتیکی بەرامبەر بە کێشەکان، لەلایەن کۆمۆنیستەکانی ئێرانەوە بە گشتی ڕێزی لێدەگیرا. ئەو لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دین و دەوڵەت دەبێت لەیەک جیا بن و لای وابوو مەزهەب ئەمری تایبەتی ئینسانە و نابێت تێکەڵاوی کێشە سیاسیەکان بکرێت. بەرامبەر بەگەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی وەکوو ستەم لە سەر ژن هەڵویستی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو.

**پرسیار**: شتێک کە جێگای سەرنجە ئەوەیە، چۆن و بۆچی پیاوێکی ئاینی و مەزهەبی وەکوو مامۆستا شێخ عیزەدین. دەبێتە



سەرچاوە Serchawe

**کۆمەڵە؟ یان لەسەر کۆمەڵە حساب دەکرێت و دۆستی کۆمەڵەیەکی چەپ و مارکسی بووە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە ڕاستیدا مامۆستا سەرەڕای ئەوە کە بیروباوەری ئاینی هەبوو، ئینسانێکی کراوە و ڕووناکبیر بوو. ئەو هیچ وەیکچوونێکی لە هیچ بابەتێکەوە لەگەڵ مەلاکانی دیکەی کوردستان نەبوو. بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هەڵوێستێکی لێبڕاوانەی هەتا سەری هەبوو و لە سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان حازر نەبوو، هیچ سازشێک بکات.

**سەبارەت بە جێگا و شوێن و کەسایەتی مامۆستا شێخ عیزەدین لە شوێنێکی تردا وتوومە:**

مامۆستا شێخ عێزەدین کە بێگومان پیاوێکی موسڵمان بوو، بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ دۆستی نزیک و هاوخەباتی کۆمەڵەیەکی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی شۆڕشێگڕانەی کوردستاندا بێت. پەیوەندییەک کە لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و متمانەیەکی قووڵ بە یەکتر دامەزرابێ.

دەگوترێت کە هۆکاری ئەو پەیوەندییە ئەوەیە کە مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسایەتییەکی موسڵمان بوو، بەڵام باوەڕی پتەوی بە جیایی دین لە دەوڵەت بووە و ئەوە بە هۆکاری ئەم پێوەندییە ناو لێدەبرێت. یان دەگوترێت کە مامۆستا لایەنگری یەکسانی ژن و پیاو بوو، یان وەکوو کۆمەڵە مافی دیاری کردنی چارەنووسی بە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەی کورد دەزانی. بێگومان هەمووی ئەوانە لە زومرەی ئەو ڕاستیانەن کە لە هەڵوێست و کردەوەی مامۆستادا ڕەنگیان دەدایەوە. خۆی لە خۆیدا هۆکاری ڕادەیەک نزیکین، بەڵام تەنیا بەشێک لە ڕاستین و ناتوانن بە تەنیایی هۆکاری ئەم پێوەندییە نزیکە تەوزیح بدەن. کەم نین ئەم لایەنانەی کە کەم و زۆر خاوەنی هەمووی ئەو هەڵوێستانەن، بەڵام ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کۆمەڵە و مامۆستادا بوو، لە نێوانیاندا شکڵی نەگرتووە.

ئەوەیکە مامۆستای "شێخ عێزەدین" و کۆمەڵەی لە یەک نزیکتر دەکردەوە، لە پاڵ ئەم خاڵە هاوبەشانە هاوهەڵوێستی یان بڵێین هەڵوێستی نزیکی سیاسی ئەم دوو لایەنە لە یەکتر لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی کوردستان و ئێران و ناوچەکەدا بوو. چاوخشاندنێک بە سەر گرینگترینیان و وەبیرهێنانەوەی هەڵوێستی ماموستا لە سەریان ڕەمزی ئەو خۆشەویستیە دوولایەنەمان بۆ دەر دەخات.

هەڵوێستی سیاسی مامۆستا لە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دا بەرامبەر بە ڕەوتی وتووێژەکان لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی لە ساڵانی دوای سەرکەوتی شۆڕشی گەلانی ئێران. لەم دەورەیەدا مامۆستا و کۆمەڵە بە سەهمی خۆیان هەوڵیان دا کە داخوازییەکانی ڕەوای گەلی کورد لە مەڕ ستەمی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی هێمنانە جێبەجێ بێت. کاتێک بۆ هەموان



سەرچاوە Serchawe

دەرکەوت کە بە رەسمی ناسینی هیچ مافێکی ئینسانی خەڵکی کوردستان لە جەوهەر و ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامیدا نییە، مامۆستا تووشی هیچ رارایەک نەبوو لەوەیکە پشتیوانی لە مقاومەتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بکات و جل و بەرگی پێشمەرگانەی کردە بەر و وخۆی و بنەماڵەکەی شان بە شانی پێشمەرگە، شیو و هەردیان بڕی. با لێرەوە بە شوێن باقی رووداوە گرینگەکانی ٣٢ ساڵی رابردووی کوردستاندا بچین:

هەڵوێستی دڵسۆزانە و مەسئولانەی مامۆستا لە شەڕی ناوخۆ، سەرەتا و پرەنسیپەکانی پێوەندی بزووتنەوەی شۆڕشێگڕانەی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتان، شەڕی ئێران و عێراق، دۆستان و هاوپەیمانانی مامۆستا لە ناو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لە ئێران، هەڵسەنگاندنی بەرژوەندییەکانی باڵای خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئامریکا لە ناوچەکە، پرۆژەی ئیسلاحی کۆماری ئیسلامی و هاتنە کایەی ریفۆرمخوازانی حکومەتی لە ئێران، چ لە دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ و چ لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨. ئەمانە نمونەگەلێکن لەو خاڵە گرینگ و وەرچەرخانە سیاسیانەی کە تێیاندا هەڵوێستی مامۆستا و کۆمەڵە وەکوو یەک و یان گەلێک نزیک لە یەک بوە. بە لێکۆلینەوە لەم هەڵوێستانەیە کە دەوری ماموستا لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کورد دا و لە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کۆمەلانی خەڵکی ئیران دا دەر دەکەوێ.

تەنانەت کاتێک قسە لە سەر باوەری مامۆستا بە سەرەتای جیایی دین لە دەوڵەت دەکەین لە بیرمان بێ کە ئەو هەڵوێستە لای ئەو لە کاتێکدا گەلاڵە نەبووە کە هەمووان ئاسەواری حکومەتی ئیسلامیان بە گۆشت و پێست و ئێسقانەوە چێشتووە. بەڵکوو لە ساڵی ١٩٧٩ واتە ئەو کاتەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە لوتکەی نفووزی خۆی دابوو و هێشتا تەزووی دەسەلاتی بە لەشی خەلکدا نەهاتبوو، مامۆستا ئەم هەڵوێستەی روو لە کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵک دەردەبڕی.

مامۆستا هەرگیز مزگەوتی نەکرد بە سەنگەرێک بۆ بردنە پێشی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی، ئەو ئەم ئەرکەی بۆ خۆی دانەنابوو کە مەلایانی ئایینی کوردستان لە دەوری یەک کۆ کاتەوە، بەڵکوو هەوڵی ئەوە بوو کە دەوری سەلبی ئەوان لە کۆمەڵگای کوردستاندا پووچەڵ بکاتەوە.

بە داخەوە تەمەن و هەلومەرجی سیاسی زەمانەش مەجالی ئەوەی نەدا کە ئەو ئەرکەی وا مامۆستا بۆ خۆی دانابوو، بە ئەنجامی بگەیەنێت، بەڵام سوونەتێک کە ئەو لە خۆی بەجێهێشت، لە سەر خەباتی سیاسی ئەو کۆمەڵگایەدا هەر دیار دەبێت.

**پرسیار:** چۆن لە کاتی پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرانی کورد. بۆ دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. مامۆستاتان دیاریکرد بە سەرۆکی وەفدی کوردی؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** یەکەم ئەوەیکە مامۆستا لە کۆمەڵگای کوردستاندا گەلێک خۆشەویست بوو، رووی لە هەر شارێک دەکرد بە هەزاران کەس بە پێشوازیەوە دەهاتن، نەک وەکوو پیاوێکی ئاینی، بەڵکوو وەکوو هەڵسوڕاوێکی سیاسی لە ناو کۆڕی خەباتدا بوو. بێ گۆمان مافی خۆی بوو کە لە "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد" دا جێگا و شۆێنێکی دیاری هەبێت. بوونی مامۆستا بە سەرۆکی هەیئەتەکە، کێشەی نیوان کۆمەڵە و دیموکراتی لە سەر سەرۆکایەتی هەیئەتەکە چارەسەر کرد. دوای ئەوەی هەموو لایەک لە سەر دیاری کردنی مامۆستا وەکوو سەرۆکی هەیئەت ساغ بووینەوە، ئەو جار توانیمان جێگا و شوێنی حیزبی دیموکرات وەکوو وتەبیژی هەیئەتەکە بسەلمێنین. حیزبی دیموکرات داوای سەرۆکایەتی هەیئەتی دەکرد.

**پرسیار:** وەکوو دەوترێ قاسملۆ دواتر لە مامۆستا نیگەران بووە کە سەرۆکی هەیئەت بێت و هەر ئەوەش وایکردووە مامۆستا بە لای کۆمەڵەدا بێت؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لەراستیدا حیزبی دیموکرات مامۆستایان خۆش نەدەویست و بوونی ئەویان بەربگر لە سەر پاوانخوازیەکانی حیزب دەزانی. هەڵوێستی مامۆستا لە سەر کێشە سیاسیەکانی ئەو سەردەم لە هەڵویستی حیزبی دیموکرات دوور بوو و لەم بابەتەوە بە کۆمەڵەوە نزیکتر بوو. حیزبی دیموکرات بە هۆی نفوزێک کە مامۆستا هەیبوو، ناچار بوون بە نابەدڵی سازشی لەگەڵ بکەن.

**پرسیار:** بۆ ماموستا شێخ عێزەدین بەو هەموو نفوزەی هەبیوو، خۆی حیزبێکی ئیسلامی دروست نەکرد و هەمیشە لە پاڵ کۆمەڵە مایەوە؟

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بە بڕوای من دوو هۆکاری هەبوو، یەکەم ئەوەیکە مامۆستا هەستی دەکرد لەرووی سیاسیەوە لە کوردستانی ئێران بۆشایەکی ئەوتوو نییە کە پێویست بێت ئەو بە پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی پڕی بکاتەوە. دووهەم مامۆستا هەستی دەکرد بەوەیکە بە دانانی حیزب ئەو شوروشوقەی کە هەیەتی بۆ هەڵسوڕانێکی رەها لەدەستی دەدات و دەکەوێتە ناو گێژاوەی بەڕێوەبردنی حیزب کە لەگەڵ رووحیەی شەخسی ئەو نەدەهاتەوە.

**پرسیار:** ئایا دەکرێت بڵێین مامۆستا چەندە مەزهەبی بوو، ئەوەندەش ئازادیخواز و یەکسانیخواز بوو؟ بۆ نموونە لە بابەتی

داوای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتدا؟

**ئیبراهیم عەلیزادە**: ئەوە راستە کە باوەر بە جیایی دین لە دەوڵەت یەکێک لە پرنسیپەکانی مامۆستا بوو، بەڵام نزیکی کۆمەڵە و مامۆستا گەلێک هۆکاری سیاسی کۆنکرێتیشی هەبوو کە باسم کرد

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٨

---------------------------------------

## شێخ عێزەدینی حوسەینی، ڕیفۆرمخوازێکی ئایینیو شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە




**کۆژین سدیق**

**شێخ عێزەدین حوسەینی** سەبارەت بە مافی یەکسانی ژن و پیاو وتویەتی: "لە یاساکانی ئیسلامدا، ژن و پیاو یەکسان و بەرامبەرن، ئەمرۆ دنیا بەرەو گەورەبوونو چووەو ئەرکەکان قورستر بوون، ژن ئێستا دەبێت وەک پیاو حسێب بکەی، پیاویش وەک ژن حسێبی بۆ بکەی، هەردووکیان بتوانن هەم خانەوادەکەیان بەڕێوەبەرن، هەم وڵاتەکەیان، وەمن هیچ فەرقێک لەنێوانی ژن و پیاودا ناکەم".

پاش تێکەڵبوونی بە سیاسەت خاوەنی پێگەیەکی بەهێز بووە لای خەڵکی کوردستان، ئەم زانایە تا ئەوڕادەیەش بەرامبەر ئەو مەلاو شێخانەی کەلەبەرژەوەندی خۆیان خەڵکیان بەرەو کۆنەپەرستی و تاریکی بردووە وەستاوەتەوە، تاوەکو پێیان وتووە (مەلای سور) واتا مەلایەکی کۆمەنیست، شێخ عیزەدین خۆی دەڵێت": **من کۆمۆنیست نیم، بەڵام لەبەرەی چەپم**".

لە ١٩٥٠ بۆ ١٩٥٣ بەهۆی پشتگیریکردنی لە بزوتنەوەی جوتیارانی موکریان لەلایەن ئاغاکانی ناوچەکەوە دەردەکرێت. لەساڵی ١٩٥٧ کە شێخ عیزەدین دەبێتە مامۆستا لەقوتابخانەی زانستە ئاینییەکان لە مهاباد، لەگەڵ وتنەوەی زانستە ئاینییەکاندا، بەردەوام قوتابییەکانی بەمێژووی کوردوخەباتەکەی لەپێناو ئازادیدا ئاشنا کردووە.



شێخ عیزەدینی حوسێنی چەکێکی کلاشینکۆفی بەرزکردووەتەوە

یەکەم دەرکەوتنی دژ بەدەسەڵاتی شای ئێران لە مەراسیمی بەخاک سپاردنی عەزیز یوسفی بوو لەمەهاباد، کە وتارێکی پێشکەش کردو بووە دەستپێکی بزوتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەدژی شای ئێران.
لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایی لە ١٩٧٩ دا، یەکەم دەستەی نوێنەرانی حکومەتی نوێ چوونەلای شێخ عیزەدین حوسەینی.

لەمیانەی بەڕێوەچوونی کۆبونەوەیەک کە نوێنەرانی کوردستان و سەرکردەکانی کۆمەڵە و دیموکرات تێیدا بەشداربوون، شێخ عیزەدینیان کرد بە سەرۆکی دەستەی دانوستانکار لەگەڵ حکومەتدا.

لەکاتی بەڕێوەچوونی یەکێک لەکۆبونەوەکان، چەند فڕۆکەیەکی جەنگی بەسەر شارەکە دەفڕین، شێخ عیزەدینیش بە نوێنەرانی حکومەتی وت: (فەرقی تاج و عەمامە چیە؟ حکومەت نەگۆڕاوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە تاجی پاشایەتی لاچووەو عەمامە هاتۆتە شوێنی).

ساڵی ١٩٧٩ شێخ عیزەدین لەبەر ناڕوونی ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران بەشداری ڕیفراندۆمێک ناکات کە لەوساڵەدا



سەرچاوە
Serchawe

ڕێکخرابوو، دوای مانگێک لەسەر داوای خومەینی و بە بانگهێشتی وەزیری ناوخۆ لە ناو ئاپۆرای جەماوەر بەرەو تارانی پایتەخت بەڕێکەوت، لەتاران لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەو وەزیری ناوخۆو خودی خومەینیدا کۆبۆوەو پاش تەواوبوونی کۆبونەوەکەی لەگەڵ خومەینیدا لەکاتی ماڵ ئاوایدا خومەینی یەخەی عەباکەی شێخ عیزەدین دەگرێتو پێی دەڵێت( من ئارامی کوردستانم لە تۆ دەوێت) لەبەرامبەر ئەم داوایەی خومەینیدا شێخ عیزەدینش دەڵێت (منیش خود موختاری کوردستانم لە تۆ دەوێت).



شێخ عیزەدینی خوسێنی و چەند پێشمەرگەیەی خۆرهەڵاتی کوردستان

لەو سەفەرەدا لەزانکۆی صنعەتی شریفی لەتاران لەناو هەستی زۆر گەرمی دەیان هەزار خوێند کار لەوتارێک دا وتی": ئەوئاینەی خەڵک بەگژیەکدا بکات ئەوە ئاینی ئیلاهی نییە، سانسۆر نمونەیەکە لە دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی، کۆنەپەرستی لە هەرجلو بەرگێکدا، لەهەر ڕەنگێبێتو بەهەر ڕەنگێک بێت، مەحکومە، ئێمە لایەنگری هەڵسوڕاوانی هەموو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیەکانین، شۆڕش هێشتا بەئاکام نەگەیشتوە چونکە ئامانج لەشۆڕش گۆڕانی بنەڕەتییە".

لەگەڕانەوەیدا ئاپۆرایەکی گەورەتر لەوەی پێشوتر پێشوازیان لێکردەوەو لەچاو پێکەوتنێکدا بەوردی باسی لە دانوستانەکان کردو ڕایگەیاند کە خومەینی هیچ مافێک نادات بە کورد.

دوابەدوای ئەمە شێخ عیزەدین حوسینی گرنگیدا بەکاری دیپلۆماسی‌و هەوڵیدا دەنگی کورد بە دەرەوە بگەیەنێ‌و چەندجار سەردانی دەرەوەی وڵاتی کردو چەندین نامەی بۆ پاپای ڤاتیکان و سەرۆکوەزیرانی وڵاتان نارد.

ساڵەکانی ١٩٨٥ - ١٩٨٨ لەناوچەکانی سنوری نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان ژیاوە، هەر لەو ماوەیەدا فرۆکە

جەنگییەکانی ئەوکاتی حکومەتی عێراق ماڵەکەی بۆردومان دەکەنو خۆی و هاوسەرەکەی بریندار دەبن.



شێخ عیزەدینی حوسێنی لەکاتی وتاردانداا

لەساڵی ١٩٨٨ سەفەرێک دەکات بۆتونس بۆ دیدارێک لەگەڵ یاسر عەرەفات، دواتر سەردانی سویدو فەڕەنسای کردو پاشان گەڕایەوە بۆکوردستان .


لەهاوینی ساڵی ١٩٩١ شێخ عیزەدین چووە سویدو لەویٚ نیشتەجێبوو، لەوێش لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە دەیوویست دەنگی کورد بەجیهان بگەیەنێت.

ڕۆژی ١٠ - ٢ - ٢٠١١ لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سوید کۆچی دوایکرد، لە شەش ڕۆژ دوای مردنی، هێنرایەوە بۆسلێمانی و لەڕێوڕەسمێکدا لەگردی سەیوان بەخاک سپێردرا .

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---------------------------------------- ----------

## ئەو مەلایەی لە مزگەوتدا خودا و لە دەرەوە کوردی دەپەرست




**پەیسەر پریێس**

لەسەروەختی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی شا، ڕۆژێک لە شاری مهاباد لەنێوان گەنجانی چەپ و نەتەوەیی دا دەبێتە شەڕ، خەڵکی پەنا بۆ ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی مهاباد دەبەن تا ئاو بکات بەو ئاگرەدا. مەلای مزگەوتی گەورە دەگاتە ناو شەڕەکە و ئاڵا سوورەکە لە چەپەکان وەر دەگرێت و ماچی دەکات و دەیخاتە سەر سەری. ئاگری ناکۆکییە بەناوبژیوانی مامۆستای مێژەر بەسەر دادەمرکێتەوە.

ئەو مەلایەی کە ئاڵای سووری کۆمۆنیستی ماچ دەکات، شێخ عیزەدینی حوسێنییە کە لە سەدەی بیست تا سەرەتای سەدەی بیست و یەک، لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە.

نموونەی مەلای وەکو شێخ عیزەدینی حوسێنی لەناو کورد دا ئەگەر تاقانە نەبێ، ئەوا زۆر دەگمەنە. ژیان و بیرکردنەوە و ڕەفتاری ئەو پیاوە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، نوێخوازی بووە. هاوار و هەڵمەت بووە بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی و ئایینیی.

شێخ عیزەدین ساڵی ١٩٢١ لە شاری بانە لەدایکبووە. وەکو هەر منداڵێکی تری ئەو کاتەی کورد، تەنیا ڕێگەیەک بۆ خوێندن و خوێندەواریی، ژوورە نزم وتەنگەبەرەکانی مزگەوت و حوجرە بووە. بۆیە لەم پێناوەدا عیزەدینی منداڵ چەندین گوند و مەلا دەگۆڕێت تا قۆناغەکانی خوێندنی ئایینیی تەواو بکات.

لە هەرەتی لاوێتیدا، شێخ عیزەدین هێشتا فەقێیە کاتێ تێکەڵی جوڵانەوەی سیاسی و بیری نەتەوەیی دەبێ لەڕێی

کۆمەڵەی (ژێ - کاف)ـەوە.

بۆ خۆشبەختی شێخ عیزەدین و لاوە گۆشکراوەکانی بیری ناسیۆنالیستیی ئەو کاتەی کورد، کۆماری کوردستان دەبێتە نۆبەرەی خەبات و چاویان بە ئاڵای کوردستان و نووسینی کوردی دەگەشێتەوە.

## مەلایەکی چەپ

لە سەروەختی بەشداریکردنی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی شا، شێخ عیزەدین دەبێتە کەسایەتییەکی بەرچاوی سیاسی لە شاری مهاباد و کوردستان. شێخ زیاتر لە چەپەکان بە تایبەت (کۆمەڵە)وە نزیکە، ئەمەش هەمیشە جێی پرسیار بووە بۆ خەڵک کە چۆن دەبێ مەلایەکی مێژەر بەسەر و ئیمام جومعەی مهاباد لەگەڵ چەپ و کۆمۆنیستەکاندابێ؟

بەڵام بیری چەپ و پشتگیریی لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی شێخ عیزەدین، زۆر لەوە پێش زیاترەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کۆماری کوردستان کۆتایی پێهاتووە و دەسەڵاتی شای ئێران حاکمی موتەڵقە بەسەر کوردستانەوە. لەڕێی بەشداریکردنی لە بزووتنەوەیەکی جوتیارانی ناوچەی موکریان لە سەرەتای پەنجاکان، ناوبانگی شێخ لە ناوچەکەدا دەدرەوشێتەوە.

لەو بزووتنەوەیەدا شێخ زۆر لێبڕاوانە لەگەڵ جوتیار و رەعیەتدا تێدەکۆشێ بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگ و ئاغاکانی ئەو ناوچەیە.

شێخ عیزەدین لەگەڵ ئەوەی ئەوپەڕی رێز و ستایشی هەبوو بۆ کۆماری کوردستان، بەڵام هەمیشە رەخنەی ئەوەی لەو کۆمارە دەگرت کە رۆڵ و پێگەی داوەتەوە بۆ ئاغا و دەرەبەگ و دەسترۆشتووان. بۆیە دەیوت: کورد کاتێ پێش دەکەوێ و نزیک دەبێتەوە لە ئازادبوون، کە سیستمی ئاغا و دەرەبەگ بگۆڕێت.

## سەرێک نیوەی بۆ جامانە و نیوەی بۆ مێزەر

لە کاتی روخانی دەسەڵاتی شای ئێران و دەسەڵاتداربوونی هەردوو حزبی کۆمەڵە و دیموکرات لە رۆژهەڵاتی کوردستان، شێخ عیزەدینی حوسێنی لەلایەن هەمووانەوە رێزی لێدەگیرێ و هەڵدەبژێردرێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی شورای مهاباد کە بەرزترین دەسەڵاتی ئیداریی بووە لەو کاتەدا.

لە کاتی گفتوگۆی نێوان حکومەتی کاتیی ئێران و کورد، شێخ عیزەدین رادەسپێردرێ کە سەرۆکایەتی شاندی کورد بکات لەگەڵ هەیئەتی حکومەتی ناوەندی دا. جارێکیش سەردانی خومەینی دەکات لە قوم. دوای تەواوبوونی دیدارەکەی و لە کاتی جێهێشتنی ژوورەکە، خومەینی دەست دەگرێ بە جبەکەی شێخ عیزەدینەوە و پێی دەڵێ: ئارامی کوردستانم لە تۆ دەوێ. شێخ عیزەدینیش دەڵێ: منیش خودموختاری کوردستانم لە تۆ دەوێ.

ئەمە لە کاتێکدابوو کە لەو سەروەختەدا شێخ عیزەدین لە کۆمەڵەوە نزیک بوو، هەمیشە ماڵ و شوێنی کارەکەی کە دواتر بە "دەفتەری مامۆستا" ناسرا، گەنجانی چەپ هەڵیان دەسوڕاند. بەڵام بۆ خۆی هەرگیز نەبووە ئەندامی کۆمەڵە.

نووسەر و سیاسەتمەداری کورد ئەحمەدی ئەسکەندەری کە زۆر نزیک بووە لە شێخەوە دەیگێڕێتەوە "رۆژێک لە نێوان مەنسوری حیکمەت و عەبدوڵڵا موهتەدی و مامۆستا شێخ عیزەدیندا بوو بە مشتومڕ لەسەر دامەزراندنی حزبێکی کۆمۆنیستیی، مامۆستا وتی واز لە حزبی کۆمۆنیستیی بێنن ئەوەتا ئەورووپای شەرقی چۆن وازی لێدێنن".

ئەسکەندەری هەروەها دەڵێ: مامۆستا بۆ خۆی دەیوت باوەڕم بە بنەماکانی چەپ هەیە، بەس باوەڕم بە ماتەریالیزم نییە. لە دوایین مانگەکانی تەمەنیدا لە دیدارێکیدا بێژەرەکە لێی دەپرسێ: تۆ پیاوێکی رۆحانی و ئاینیی بوویت، کەچی لەگەڵ حزبێکی کۆمۆنیستی وەکو کۆمەڵەدا بووی؟

لە وەڵامدا شێخ عیزەدین دەڵێ: خەباتی من تەنیا لە پێناوی ئازادی و رزگاریی میللەتی مەزڵومی کورددا بووە نەک ئەوەی کۆمەڵە بووبم. ئەو کاتە هەمووومان خەباتمان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە نەک شتی تر.

## دیندارێکی لیبراڵ

لە منداڵییەوە تا رۆژی مردنی، شێخ عیزەدین دەستبەرداری ئاینی ئیسلام نەبوو نەک هەر ئەوە بەڵکو مێژەری مەلایەتیشی لا نەبرد.مرۆڤ سەنتەری ژیان بووە لای شێخ عیزەدین، بە روونی دەیوت "هەموو دروستکراوەکانی خودا لە پێناو ئارامیی و رەفاهیەتی مرۆڤدا خولقاون، بۆیە نابێ بە هیچ پاساو و بیانوویەک ئازادی مرۆڤ زەوت بکرێ. ئەگەر مرۆڤ نەبێ خوداوەند زەوی و ئاسمانی بۆ چیە؟"
سەبارەت بە تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت زۆر بە راشکاوانە دەیوت "لە هەر شوێنێکدا هەوڵدرا ئاین تێکەڵی سیاسەت بکرێ، دەبێ لێی بدرێ. هەرگیز نابێ ئاین دژی زانستبێ چونکە هەردووکیان نیعمەتی خودان یەکەمیان هی کۆنە و دووەمیان تازەیە. ناکرێ و نابێ وەکو هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەر دینداری بکرێ و بسەپێنرێ".



سەرچاوە Serchawe

سەبارەت بە مافی ژنان شێخ عیزەدین دەڵێ: لە ژیانی مەلایەتیمدا هەرگیز ژنی دووەمم بۆ پیاوێک مارە نەکردووە ئەگەر ژنی یەکەمی لە ژیاندا مابێ و لەگەڵ مێردی خۆی بێ. هەرگیز کچی بچووکم مارە نەکردووە و زۆر دژی ئەوەبووم چونکە رەنگە ئەو کچە کە گەورەبوو بە مێردی خۆی رازی نەبێ."

لە دوایین دیداری تەلەڤزیۆنیدا کە چوار مانگ پێش کۆچی دوایی لەگەڵی ئەنجامدراوە، بێژەرەکە لێی دەپرسێ: ئێستا تەمەنت نەوەد ساڵە و لە سوید لە دووری وڵاتی خۆت دەژی. ئایا کە بیر لە رابردوو دەکەیتەوە پەشیمان نیت و ناڵێی خۆزگە هەر خەریکی مزگەوت و مەلایەتی خۆم بوایەم و چیم دابوو لەو هەموو سەرئێشەیە؟

شێخ بە زەردەخەنەوە دەڵێ: نەک پەشیمان نیم بەڵکو زۆر زۆر شانازیی و فەخر دەکەم کە هەموو توانا و ژیانم لە پێناوی ئازادی گەلی کورددا تێپەڕاندووە. خەباتی من بۆ ئەوە بووە میللەتەکەم بە ئازادی و کەرامەتەوە بژی، ئیتر بۆچی لەوە پەشیمان بم.

هەر کەسێک یان حزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی لە چوار پارچەی کوردستان بیانەوێ شانازی بە رابردووی کوردەوە بکەن، ئەوا هەموویان ناچارن جێگایەکی تایبەت بدەن بە شێخ عیزەدینی حوسێنی. چەپەکان بەو بەشەی ژیانی کە بۆ چینی هەژار و چەوساوە تەرخانی کردبوو. نەتەوەییەکان ناتوانن ئەو هەموو خەبات و کۆششانەی شێخ پشتگوێ بخەن.

لیبراڵ و عەلمانییەکان ناتوانن دیدە راشکاوانەکانی شێخ عیزەدین سەبارەت بە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت فەرامۆش بکەن. رێکخراوەکانی ژنان هەر دەبێ باسێکی ئەو دژایەتییەی شێخ عیزەدین بکەن دژی فرەژنی و بەزۆر بەشوودانی کچان. ئیسلامییەکانیش مافی ئەوەیان نابێ مامۆستایەکی ئاینیی مێژەر بەسەر بخەنە لاوە کاتێ باسی مێژووی پیاوانی ئاینیی کورد بکرێ.

شێخ عیزەدینی حوسێنی رۆژی ١٠ی شوباتی ٢٠١١ لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا، لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسێتی خۆی تەرمەکەی لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر پرێس - رێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## ١٠ ساڵ بەسەر فەوتی مامۆستا شێخ عزالدین رێبەری جولانەوەی رزگاریخوازی کورد تێپەری.



**جەماڵ حوسێنی**

مامۆستا گیان لە و دەساله دا کورد توشی گەلێک روداو هاتوە، دوژمنانی کورد و نەتەوایەتی دەولەتێکی ئیسلامی بە نێوی داعشیان لە عراق و سوریە دامەزراند، بە نێوی ئیسلام زۆریان کوشتار و جنایەت کرد. لە رۆژاوای کوردستان کیژان و کورانی رۆژاوا کوردیان وەک گەلێکی قارەمان و مرۆڤ دۆست بە دونیا ناساند. بە داخەوە لە امریکا رئیس جمهورێکی ملهورو لاپرەسەن هاتە سەر کار و زۆری خراپە و زەرەر بۆ کورد هەبو و دەستی ئەردۆغانی لە کوشتاری گەلی رۆژاوا ئاوەڵا کرد.

شیعەکانی عێراق بە پیلان و هاوکاری رژیمی ئیسلامی ئێران نیوەی خاکی باشوری کوردستانیان داگیر کردەوە.ئێستا لە باشور هەموشتێک بۆتە موچە و کورردستان زۆر لە بەرامبەر دەولەتی عێراق کز و لاواز بوە.

لە رۆژهەڵات گەل زۆر لە پێش رێکخراوە سیاسیەکانە و هۆشیاری و خەباتی مەدەنی لە گەشە دایە، لە نەبونی کەسانی وەک جەنابت، لە مەیدانی سیاسەتی کوردی دا، ئێستاش دودلی وراریی لەبەرێوەبەرایەتی رێکخراوەکان دا بەدی دەکرێ.

هەڵوێستی بوێرانە و تێبینی جەنابت هەر لە سەردەمی هاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی: رەئی ندان بە رێژیمی دینی، جیایی دین و دەولەت، ئێستاش هەر سەرمەشق و هەوێنی داخۆازیەکانی کوردە و جێگە و پێگەی کوردی بەرزترکردوە.

داخوازێکانی مامۆستاو خەبات گێرانی راستە ڤینە کە ئازادی، دێمۆکراسی، مافی دیاری کردنی چارەنوس بۆ گەلانی ئێران، بەرابەری مافی ژن و پیاو و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بەرابەر... بۆتە داخوازی ئەکسەریەتی خەڵکانی ئێران.

مامۆستا گیان بە داخەوە لە بەرپەتایەکی عالەم گیر کە ناوی کۆرۆنایە و هەمو دونیای گرتۆتەوە، هاتو و چۆ راگیراوە و بە تایبەت نەمان توانی زیارەتی گلکۆی پیرۆزتان بکەین و یادی دەساڵەی وەفاتتان لە سەر گلکۆی پیرۆز بەرێوە بەرین.

یاد و بیرەوەری مامۆستا هە بەرز و بەرێز بێ و رێبازەکەی بۆ گەل و نیشتیمان سەرکەوێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی - رێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠٢١

---------------------------------------------------

## شێخ عێزەدین حوسێنی، مەلایەک کە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی جووتیاران کرد



**هاوری یوسفی**

"شێخ عێزەدین حوسێنی" یەکێک لە دیارترین سیما ئایینییەکان و هەروەها بە یەکێک لە ناسراوترین مەلاکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان هەژمار دەکرێت. هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی شۆڕشگێڕی ئەوکات بۆ وەدیهێنانی خواستی خودموختاری کورد لە کوردستانی ئێران هاوتەریب لەگەڵ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێمۆکراتیک و سێکۆلار لە پاڵ بەرگریکردن لە یەکسانیی ژنان و پیاوان، ئەوی کردە ڕێبەری مەعنویی بەشی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

"ئێرانوایەری کوردی" لە دوو ڕاپۆرتدا، دەپەرژێتەسەر ڕەهەندەکانی ژیان و چالاکییە ئایینی و سیاسییەکانی شێخ عێزەدین. لە بەشی یەکەمدا، واتە ئەم بەشەی کە لە بەردەستتانە، پەرژاوینەتەسەر چالاکییەکانی ئەم کەسایەتییە ئایینی و

سیاسییە لە سەردەمی پێش ڕاپەڕینی ١٣٥٧دا. لەم راپۆرتەدا، وتوویژی تایبەتیمان کردووە لەگەڵ کەسانی نزیک و هەروەها ئەندامی بنەماڵەی شێخ عیزەدین حوسێنی و پەرژاوینەتەسەر پیشتیوانیکردنی شێخ عیزەدین لە ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریان، خەبات دژی خورافاتی ئایینی و بەرگریکردن لە مافی ژنان. بەشی دووهەمی ڕاپۆرتەکە، تایبەت دەبێت بە ژیانی شێخ عیزەدین حوسێنی پاش شۆڕشی ١٣٥٧.

-----

"شێخ عێزەدەین حوسێنی" (١٣٠١ - ١٣٩٠) لە سەیدانی بەرزەنجەیە. باوکی جگە لەوەی ئایینداربوو، ماوەیەک لە شاری "بانە" دادوەری بوو. شێخ عێزەدین لە سەردەمی گەنجێتیدا لەژێر کاریگەریی ڕوانگە پێشکەوتووەکانی "مەلاحسێن مەجدی"دا بوو. مەلاحسێن یەکێک بوو لە مەلایەنەی کە کچەکەی ناردەبەر خوێندن. شێخ عێزەدەین ئەوی بە کەسایەتییەکی عالم، زانا و پاک دەزانی و دەیناساند.

شێخ عێزەدین ڕوانگە ڕەخنەییەکەی خۆی لە تافی لاویدا بەم جۆرە وێنا دەکات: "بە درێژایی ژیانم لە ژێر کاریگەریی بیر و بڕوای خورافیدا نەبووم. هەندێک لە خورافە ئایینی و جموودی فیکریی ناوچەکەم وەلادا و تەنانەت ئەو کاتەی فەقێ بووم باس و بابەتگەلێم دەورووژاند وەک فیتنەیی دەچوون. خەڵکانێک دیان وت ئەم مەلایە کۆمەڵێک قسە دەکات کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەوانیتردا جیاوازە و تەنانەت هەندێکجار هێرشیان دەکردە سەرم."

مامۆستا لە درێژەدا دەڵێت: "هەر لە تافی لاوییەوە بەدواداچوونم بۆ شتەکاندا دەکرد و بەبێ هۆ هیچم قبووڵ نەدەکرد. گەر بابەتێکی تازە هەبا، بە دوایدا دەچووم تا لەگەڵی ئاشنا دەبووم. کاتێک کە وانەم دەوتەوە دەستم کرد بە خوێندنەوە. کتێبە مێژوویی و فەلسەفی کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروون ناسیەکانم دەخوێندەوە."

مامۆستا لە سەردەمی لاوێتیدا بانەی بەجێهێشت و چووە دێهاتەکانی ناوچەی موکریان. لە ساڵی ١٣٢٩ لە گوندەکانی "کانیڕەش"، "گۆلێ" و "قاراوا" مەلای مزگەوت بووە. لە ساڵی ١٣٣٧ چۆتە "مەهاباد" و لە مەدرەسەی زانستە ئایینییەکانی مەهابادا وانەی وتۆتەوە. لە ساڵی ١٣٤٧دا بۆتە ئیمام جومعەی شاری مەهاباد.

مامۆستا لە ساڵی ١٣٢٢ بۆتە ئەندامی "کۆمەڵەی ژێکاف". ئەم ڕێخراوە نهێنییە لە مانگی خەرمانانی ١٣٢١دا لە مەهاباد دامەزرا و ئامانجەکەیشی ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو. کۆمڵەی ژێکاف لە ٢٥گەلاوێژی١٣٢٤دا گۆڕا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

"پرۆفسۆر ئەمیر حەسەن‌پوور"، لە پێنجەمین ساڵیادی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی‌دا لە وڵاتی "سوید"، جگە لە باسکردنی بوێری مامۆستا لە ڕەخنەکردنی تابۆ باوەکانی کوردستان، ئاماژەی کرد بە بەرگریکردنی مامۆستا لە ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان لە کۆتاییەکانی پاییزی ١٣٣١ و سەرەتاکانی ١٣٣٢ پاش کەوتنی کۆماری مەهاباد لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥دا.

حەسەن‌پوور لەو باوەڕەدایە کە پێکهاتەی چینایەتیی کۆماری مهاباد کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر مامۆستا هەبوو. چونکە بەشی گەورەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی کۆماری مهاباد لە دەستی دەرەبەگەکان و شێخانی کوردستاندا کۆببووە:

"مامۆستا پێکهاتەی چینایەتیی کۆماری مهابادی بە دڵ نەبوو؛ تەنانەت مەولانا خاڵەمین، کە ئەویش ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوو، هەروای بیر دەکردەوە."

بە گوتەی ئەمیر حەسەن‌پوور، مامۆستا لە سەردەمی ڕاپەڕینی جووتیارانی موکریاندا تەمەنی نزیک ٢٥ ساڵ بوو. مەلایەکی خۆشەویست بوو و چونکە دەیانزانی لایەنگری جووتیاران و هەژارانە، ڕێز و نفووزێکی زۆری لەناو جەماوەری خەڵکدا هەبوو.

حەسەن‌پوور دەڵێت؛ مامۆستا لە جەرگەی ئەو ڕاپەڕینەدا بووە و ماوەیەک پێش ڕاپەڕینەکە، مەلای گوندی گۆڵێ بووە کە دەوری ٣٠٠ کەس حەشیمەتی هەبووە. "ئیبراهیم ئاغای قارەمانی" کە مرۆڤێکی دژە جووتیار و ئاغای گۆڵێ بوو: "ماوەیەک پێش ڕاپەڕینەکە شایی بۆ کوڕەکەی گێڕا. لە ڕۆژی دووهەمی شاییەکەدا سەرهەنگ موزەفەری، فەرماندەی ئەرتەشی شاهەنشاهی لە مەهاباد بانگهێشتی شاییەکەیان دەکات کە مرۆڤێکی هەرە گەندەڵ و داوێن‌پیس بووە. ئیبراهیم‌ئاغا داوای لە خەڵکی گوندەکە کردبوو ژنەکانیان بنێرن کە لەبەرچاوی سەرهەنگ موزەفەریدا هەڵپەڕن."

خەڵکەکە بە شڵەژاوییەوە دەچنە لای مامۆستا و داوای یارمەتیی لێدەکەن. مامۆستا بڕیارەکەی ئیبراهیم ئاغا بە دەستدرێژی بۆسەر کەرامەت و نامووسی خەڵکەکە دەزانێت و پێیان دەڵێت هەرکاتێک ژنان و کچانی ئاغاکان هەڵپەڕان ژنەکانی ئێوەیش هەڵپەڕن.

ئیبراهیم ئاغا بە قسەکەی مامۆستا تووڕە دەبێت، بەڵام لەبەر ڕێز و خۆشەویستییەکەی مامۆستا لەناو خەڵکەکەدا بە ناچاری بێدەنگ دەبێت. بە گوتەی ئەمیر حەسەن‌پوور پێشنارەکەی مامۆستا بە خەڵکی گوندەکە دەندانەوەیەکی زۆری لە

ناوچەکەدا هەبوو و جووتیارانی بە دژی دەرەبەگەکان جەری‌تر کرد.

کۆتاییەکانی مانگی پاییزی ١٣٣١ ڕاپەڕینی جووتیاران دەستی پێ‌کرد و زۆربەی گوندەکان ئازاد کران و دەرەبەگ و ئاغایەکی زۆر ڕایان کرد. ئاغاکان دەسبەجێ پەنا دەبەنەبەر سەرهەنگ موزەفەری. کۆتاییەکانی مانگی زستانی هەمان ساڵ هێزێکی گەورەی تەیار بە کۆمەکی سەرهەنگ موزەفەری پێکهات کە بەشە بەرچاوەکەی ئاغاکانی "دێبۆکری" پێکیان دەهێنا. هێرشەکە دەستی پێ‌کرد. هەموو گوندەکان گەمارۆ دران و جووتیاران زۆر بێ‌بەزەییانە سەرکوت کران و ژمارەیەک جووتیاریش کوژران. ئەمیر حەسەن‌پوور دەڵێت: "ئاغاکان تەنانەت پەینیان دەرخواردی هەندێک لە جووتیارەکان دا."

پاش سەرکوتی ڕاپەڕینەکە، مامۆستایش ناچار بوو گوندی گۆڵێ بەرەو قاراوا بەجێ‌بهێڵێت.

## یەکێتیی بیرکردنەوە و پراکتیک؛ بەرگری‌کردن لە پرەنسیپی یەکسانیی ژن و پیاو

"ئەحمەد ئیسکەندەری"، لە نزیکانی شێخ عیزەدین، لە وتوویژ لەگەڵ ئێران وایەردا ڕەوایەتێکی گێڕایەوە سەبارەت بە چارەسەرکردنی بابەتی مارەکردنی هاوکاتی ژنێک لە دوو پیاو لە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی. پرسی هەستیاری مارەکردنی ژنێک لە دوو پیاو و دۆشدامانی مەلاکانی گوندەکە لەسەر تەفسیرە جۆراوجۆرەکانی ئەحکامی ئایینی، گەیشتە شوێنێک کە زانا شارەزا و بەنفووزە ئایینییەکان ناوبژیوانی بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

"مەلا هادی سەرا"، کە یەکێک لە زانا بەرجەستەکانی شاری سەقز بوو، لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەچنە ئەو گوندە.

کێشەکە ئەوەیە کە کچی یەکێک لە پیاوەکانی گوندەکە دەیویست لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆشی دەویست هاوسەرگیری بکات. بەڵام باوکی کچەکە بە توندی دژی ئەم هاوسەرگیرییە بوو و دەیویست کچەکەی لە پیاوێکی‌تر مارە بکات.

لە کۆتاییدا کچەکە لەگەڵ کورە دڵخوازەکەی ڕەدوو دەکەوێت. مەلای ئەو گوندەی کچ و کوڕەکەی پەنایان بۆ بردبوو دەسبەجێ کچەکە لە کوڕەکە مارە دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

باوکی کچەکەیش پاش ئاگاداربوونەوە لە هاوسەرکیریکردنی کچەکەی وەک وەلیی ئەمر، بەبێ ئامادەبوونی کچەکەی، ئەو لە پیاوێکیتر مارە دەکات. بنەڕەتی شەرعیی بڕیاری باوکەکە ئەمەیە کە چونکە ئەو وەلیی ئەمری کچەکەیەتی کەواتە دەتوانێت کچەکەی لە پیاوێکیتر مارە بکات، تەنانەت ئەگەر کچەکە ڕازی نەبێت.

"ئەحمەد ئیسکەندەری" دەڵێت، چونکە مامۆستا پێیوابوو کە دەبێت زۆربەی ئەحکامی ئایینی و تەفسیرە ئایینییەکان بەپێی کاتوشوێن تەفسیر بکرێن، یەکسانیی مافەکی یان حقووقی ژن و پیاو و وشیارییان لە کردار و کردەکانیان بۆ مامۆستا بنەما بوون.

**مامۆستا لە درێژەی ئەم تەفسیرەدا "بەرگریکار ڕەدووکەوتن بوو."**

بە گوتەی ئیسکەندەری بنەڕەتی بەڵگاندنەکەی مامۆستا و مەلاهادی، جگە لە قبووڵکردنی وەلی ئەمری باوکەکە، بنەرەتەکەیان بە وشیاری، ئیختیار، ئامادەیی و ڕەزامەندیی کچەکە دەزانی. مادامێک کە کچەکە نە حازرە و نە ڕازییە و بەپێی عەقل و وشیاری پیاوەکەی هەڵبژاردووە، مارەکردنە غیابییەکەی بەتاڵ و مارەکردنە یەکەمەکەی حەڵاڵ و مەشرووعە؛ لە کۆتاییدا لەلایەن هەر دوو مامۆستاکەوە ڕاگەینرا کە مارەبڕینە غیابییەکە بەتاڵە.

**کچەکەی مامۆستا؛ جیاوازییەک نەبوو لە نێوان ئێمە و براکەماندا**

"شیرین حوسێنی"، چالاکی سیاسی و منداڵی چوارەمی شێخ عیزەدین، کە لەگەڵ خوشکەکانی پاش ڕاپەڕین و لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا بووە پێشمەرگە و ئەندامی کۆمەڵە، لە وتووێژ لەگەڵ ئێران وایەردا کەشوهەوای ماڵەکەیان بەم جۆرە وێنا دەکات:

"کەشوهەوای بەنەماڵە، بەپێچەوانەی ڕوانگەی گشتی کراوە و ئارام بوو. مامۆستایش مرۆڤێکی لەسەرەخۆ، ئەهلی ئەدەب و خوێنەرێکی زۆر باشی کتێب بوو و کتێبخانەیەکی گەورەیشمان هەبوو؛ کتێب زینەتی ماڵی ئێمە بوو. ئێمە شەش خوشک و یەک براین بەڵام قەت جیاوازیی لە نێوان ئێمەدا نەبوو."

"باوکم هەمیشە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە بخوێنین و قۆناغە بەرزەکانی خوێندی زانستی ببڕین. تەنانەت پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە جگە لە کتێبەکانی خوێندن کتێبە مێژوویی، سیاسی، ئەدەبی و ئابوورییەکان بخوێنینەوە. بۆ نموونە، لەو کتێبانەی کە هەمیشە پێشنیاری دەکرد هەمووومان بیخوێنینەوە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی جیهان ی، جواهێر لالنێهرۆ و

ڕۆمانی تاعوون ی ئەلبێر کامۆ بوو."

شیرین حوسێنی دەڵێت مامۆستا هیچکات بە زۆر کار یان شتێکی پێنەدەکردین. "تەنانەت هەندێکجار دایکم بەرامبەر بە مامۆستا ناڕەزایەتی دەردەبڕی. مرۆڤێکی بەتاقەت بوو و زۆر بەکەمی تووڕە دەبوو. بۆ وێنە، ئەگەر ترست لە تاریکی بوایە، چەندینجار گڵۆپەکەی دەکوژاندەوە و دایدەگیرساندەوە و بە سیمایەکی کراوەوە دەیوت: هیچ نەگۆڕاوە، کەواتە نابێ لە تاریکی بترسن."

بە گوتەی ئەم چالاکە سیاسییە، مامۆستا چونکە کەسایەتییەکی ناسراو بوو، کچەکانی هیچکات زەختیان لەسەر نەبوو و ڕێگرییان لێنەکراوە: "مامۆستا مرۆڤێکی کراوە بوو؛ ئازاد بووین، ڕێگریکردن قەت کێشە و کەڵکەڵەی ئێمە نەبووە. هەر ئەو ئازادییە داهاتووی ئێمەیشی دیاری کرد."

مامۆستا لە تەمەنی ٨٩ سالی لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد.

بەشی دووهەمی ئەم ڕاپۆرتە، دەپەرژێتەسەر چالاکییەکانی شێخ عێزەدین حوسێنی دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام نێت - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# گفتوگۆکانی کورد و شەرخوازیی کۆماری ئیسلامی ئێران




ئەحمەد ئەسکەندەری


* هەشت خاڵی مەهاباد ........ ٢
* نەورۆزی خوێناویی شاری سنە ........ ٣
* سەفەری تاران و قوم ........ ٥
* سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستاندا ........ ٧
* سەرەتای گفتوگۆکان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاخ ........ ٨
* درێژەی گفتوگۆکان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت و بارودۆخی ئاڵۆزی ناوخۆی ئێران ........ ١٢
* خۆپیشاندانی گەورەی ڕۆژی جەژنی قوربان و ڕۆڵی مامۆستا شێخ عێزەدین ........ ١٢
* دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد - هیأت نمایندگی خلق کرد ........ ١٨
* کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد و نوێنەرانی دەوڵەت ........ ٢٣
* دەسەڵاتداران ئاگربەس دەشکێنن! ........ ٣٠
* گەلاڵەی شەش خاڵیی حیزبی دیموکرات ........ ٣١
* تاوانی گەورەی ئەوان و هەڵەکانی ئێمە ........ ٣٤

## هەشت خاڵی مەهاباد

شەش ڕۆژ پاش ڕووخانی ڕژیمی شا لە ئێران، واتە ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی = ١٧ - ٢ - ١٩٧٩ی زایینی لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران، "مهدی بازرگان"ـەوە پەیوەندیی دەگرن لەگەڵ ماڵی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لە مەهاباد. خەبەردەدەن کە دەستەیەک لە نوێنەرانی حکوومەت بە سەرۆکایەتی داریوش فرووهەر بەرەو مەهاباد بۆ دیدار لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان کەوتووەتە ڕێ. داریوش فرووهەر،(١) وەزیری کار کە سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرانی دەوڵەتی لە ئەستۆ بوو، یەکراست چوو بۆ سەردانی مامۆستا شێخ عێزەدین. ئێوارەی ڕۆژی دواتر نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لە ماڵی کەسایەتی ناوداری شاری مەهاباد، ڕەحیم خەڕازی کۆبوونەوە.

درەنگانێکی شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٩ - ٢ - ١٩٧٩ی زایینی، گەڵاڵەی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد، لەلایەن نوێنەرانی شارەکانی کوردستانەوە درا بە دەستەی نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئێران، کە بە "قطعنامە هشت مادەای مهاباد"، واتە "گەڵاڵەی هەشت خاڵیی مەهاباد" ناوبانگی دەکرد. خاڵی حەوتەمی داواکارییەکان دەڵێ:

> هەموو نوێنەرانی ئامادە لەم کۆبوونەوەدا کە نوێنەری شارە کوردنشینەکانن ڕایدەگەیەنن کە جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی، شایستەی ئەوەیە سەرۆکی هەر هەیئەتێک بێت کە لەلایەن گەلی کوردەوە دەکەوێتە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی.

بەشدارانی ئەو کۆبوونەوە، جگە لە مامۆستا شێخ عێزەدین بریتیی بوون لە دوکتور قاسملوو، غەنی بلووریان، سەلاحەدین موهتەدی، فوئاد مستەفا سوڵتانی، شێخ جەلال حوسەینی، سەننار مامەدی. ساڵی ٢٠١٥ من سەبارەت بە وردە کارییەکانی ئەم گەڵاڵەیە وتارێکم بڵاوکردەوە.(٢)

گەلی کورد کە چالاکانە لە ڕووخاندنی ڕژیمی پاشایەتییدا بەشداریی کردبوو، چاوەڕوانی ئەوە بوو مافە ڕەواکانی لەلایەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمیی بناسرێن. مخابن وا دەرنەچوو.

### نەورۆزی خوێناویی شاری سنە

دوو ڕۆژ پێش نەورۆزی ١٩٧٩، واتە ئێوارەی ٢٧ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی = ١٨ - ٣ - ١٩٧٩ی زایینی، هێزە



سەرچاوە Serchawe

کۆنەپەرستەکان بە پشتیوانی فەرماندەی پادەگانی سنە، شەڕێکیان بەسەر خەڵکی ئەو شارەدا سەپاند کە بە نەورۆزی خوێناویی سنە ناسراوە. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ شاری سنە لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوو. بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی شار، ٩٩ کەس لەو ڕۆژانەدا گیانیان لەدەست دا.

هەوڵ و تێکۆشانی "شۆرای شۆڕش" لە سنە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و ڕێکخستنی هێمنانەی کاروباری ناوشار، ئاکامێکی نەبوو. هێزەکانی وەفادار بە ڕژیمی تازەدامەزراوی کۆماری ئیسلامی، مەبەستیان ئەوە بوو هەموو جەمسەرەکانی دەسەڵات لەم شارە بگرنە دەست. گوتەبێژی شۆڕای شار، کەسایەتی ناودار صدیق کەمانگەر بوو.

مامۆستا شێخ عێزەدین برووسکەیەکی نارد بۆ تاران بۆ آیتاله طالقانی و بۆی نووسی: لە کاتێکدا هەموو خەڵکی ئێران بە شادی و خۆشییەوە بەرەوپیری نەورۆز ڕۆیشتوون، ژن و مندال و خەڵکی بێدەرەتانی کورد خەڵتانی خوێن کراون!

ئەم شەڕ و ئاژاوەنانەوە، کەمێک زیاتر لە مانگێک پاش ڕووخانی ڕژیمی شا، نیشانەی ئەوە بوو کەسانێک لە تاران و لە قوم، هەروەها لایەنگرانی ئەوان لە خودی کوردستانیش، بۆ بیانوویەک دەگەڕان کە بەربەستێک دابنێن لەبەردەم داخوازییەکانی گەلی کورددا.

بۆ گفتوگۆ سەبارەت بەو دۆخەی شاری سنە، ڕۆژی دووهەمی نەورۆز، دەستەیەک لە کەسایەتییە باڵا و ناودارەکانی ئێران گەیشتنە شاری سنە. ئەوانە بریتی بوون لە آیتاله طالقانی، آیتاله بهشتی، صدر حاج سیدجوادی (وەزیری ناوخۆ)، هاشمی رفسنجانی و ابوالحسن بنی صدر. لایەنی کورد، بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی و بەشداریی نوێنەرانی حیزبەکان و کەسایەتیی سیاسیی شارەکانی کوردستان چوونە کۆبوونەوەکان. بەداخەوە مەلا ئەحمەد موفتیزادە ئامادە نەبوو لەگەڵ دەستەی نوێنەرانی کورددا بەشداریی دانوستاندنەکان بکات و بە جیاواز لەگەڵ ئەوان پەیوەندیی دەگرت.

لە کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی حکوومەتی ئێران و نوێنەرانی کورددا، ڕێک ئەو کاتەی وەزیری ناوخۆ (کشور) خەریکی قسەکردن بوو، فڕۆکە جەنگییەکان بە ئاسمانی شاری سنەدا خەریکی بەزاندنی دیواری دەنگ بوون و ناچار بوو دوو جار قسەکانی ببڕێت! لەو کاتەدا وەزیر برووسکەیەکی نارد بۆ فەرماندەی ئەرتەشی ئێران:

"فڕینی فڕۆکەی جەنگی بەسەر شاری سنەدا بووەتە هۆی تووڕەیی خەڵک و ڕاگرتنی



سەرچاوە
Serchawe

گفتوگۆگانی ئێمە. کێ ئەو فەرمانەی دەرکردووە؟ لە لایەن پادەگانەوە تەقە لە خەڵک دەکەن و کوشتاریان وەرێخستووە. فەرمان بدەن خێرا تەقەکردن ڕابگیرێت!"(٣)

نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران پاش چوار ڕۆژ گەڕانەوە بۆ تاران. لە ئاکامی ئەو کۆبوونەوانەدا بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە پێویست بوو هەڵبگیرێت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە. بەیاننامەکە لە لایەن وەزیری ناوخۆ، برایم یونسی بانە (پارێزگاری نوێی کوردستان)، ئەحمەد موفتیزادە، یوسف ئەردەڵان و چەند کەسێکی ترەوە واژۆ کرابوو.

پاش کۆتایی کۆبوونەوەکان لەگەڵ دەستەی نوێنەرانی حکوومەت، مامۆستا شێخ عێزەدین سەرۆکی کۆڕی نوێنەرایەتی کورد، ڕاگەیاندنێکی لە هەشت خاڵدا بڵاوکردەوە تێیدا جارێکیتر داخوازییە سەرەکییەکانی گەلی کوردی بەرجەستە کردەوە.

ڕۆژی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٧ی هەتاوی = ٢٩ - ٣ - ١٩٨٧ی زایینی کوردەکانی دانیشتووی تاران لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی صارم‌الدین صادق وزیری، داواکارییەکانیان لە پێنج خاڵدا ئاراستەی دەوڵەت کرد؛ لە خاڵی سێهەمدا هاتووە:

٣- ئێمە دیسانەوە پێداگریی دەکەینەوە کە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی سەرۆکایەتی هەر هەیئەتێک بکات کە لەگەڵ کاربەدەستانی ڕەسمیی گفتوگۆ دەکەن.(٤)

## سەفەری تاران و قوم

نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی دوکتور قاسملوو، ڕۆژی ٩ی خاکەلێوە سەردانی تاران و قومیان کرد و لەگەڵ خومەینی دیداریان هەبوو. پاشان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای دەوڵەت لە تاران کۆبوونەوە. ڕۆژی دواتر لە ئێران ڕێفراندۆم "بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەرێ یان نا" بەڕێوە چوو. گەلی کورد بەشداریی نەکرد لەو ڕێفراندۆمەدا! ڕۆژی ١٩ی گوڵانی ١٣٥٨ی هەتاوی واتە ٩ - ٥ - ١٩٧٩ی زایینی، دوکتور قاسملوو جارێکی تریش سەردانی قومی کرد و لەگەڵ خومەینی و بەرپرسانی دەوڵەت لە تاران گفتوگۆی کرد.

لە سەر داوای وەزیری ناوخۆ، مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی ڕۆژی ٢٤ی گوڵانی ١٣٥٨ی هەتاوی واتە ١٤ - ٥ - ١٩٧٩ی زایینی، بە سەفەرێکی چەند ڕۆژە چوو بۆ تاران بۆ دیداری بەرپرسانی باڵای دەوڵەت و دواتر لە قوم سەردانی خومەینی



سەرچاوە Serchawe

کرد. داواکارییەکانی مامۆستا و حیزبی دیموکرات ئەوە بوو کە وەڵامی خواستی ڕەوای گەلی کورد، واتە خودموختاری بۆ کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا بدرێتەوە. مامۆستا ئایینییەکانی هاوسەفەری مامۆستا شێخ عێزەدین داوایان کرد لە قانون اساسی ئێراندا "دینی ئیسلام" بە ڕەسمیی بناسرێت نەک تەنها ئایینزای شیعە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران سەبارەت بەم سەفەرەی مامۆستا شێخ عێزەدین بێدەنگەیان کرد. چەند سەدهەزار کەس لە شارەکانی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە ڕادیو و تەلەڤیزیۆن خۆپیشاندانیان کرد. مامۆستا بە ڕۆژنامەی "آیندگان"ی گوت:

> ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن هەواڵ و فیلمی دیداری دەستەیەک لە کەلیمیەکانی ئێران بۆ لای خومەینی بڵاودەکەنەوە، کەچی بێدەنگەیان کردوە لە دیداری من و ئەم کەسایەتییە ئایینییە بەڕێزانەی کە لە کوردستانەوە هاتووین.(٥)

مامۆستا شێخ عێزەدین لە گەڕانەوەدا بە فڕۆکە گەیشتە سنە و لەوێوە بە ماشین بەرەو مەهاباد ڕۆیشتەوە. بە دەیان هەزار خەڵکی شارەکانی سنە، دیواندەرە، سەقز، بانە، بۆکان و مەهاباد پێشوازیی گەرمیان لێکرد و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا.

بە درێژایی بەهار و هاوینی ئەو ساڵە دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران بەردەوام بوو. ڕێبەرانی کوردستان پێداگرییان دەکرد کە بە ڕێگای هێمنانە و ئاشتییخوازانە دەکرێ کێشەکان چارەسەر بکرێن.

ڕۆژی یەکی پووشپەڕی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢٢ - ٦ - ١٩٧٩ی زایینی، مامۆستا شێخ عێزەدین برووسکەیەکی نارد بۆ خومەینی تێیدا دەڵێ:

> توندوتیژیی و دنەدانی دوژمنایەتیی لە ناوچەکەدا بە قازانجی دوژمنانی گەلە...// سیاسەتی بڵاوکردنەوەی چەک و پارە بە کەسانێکی دەستەمۆکراو، وە هاندانیان بۆ شەڕ، کردەوەی حکوومەتە سەرەڕۆکانە.
>
> ئەگەر خودا بەو ڕۆژە نەکا، هێندێک کەسانی دژ بە گەل و دژ بە کورد بەبێ ئاگاداری و ڕازی



سەرچاوە
Serchawe

بوونی ڕێبەر (خومەینی) بیانهەوێت ئەو کارە بکەن،.. ئەمە پیلانێکی نگریسە کە لە زیانی شۆڕشی ئێرانە و ئاسایشی وڵات و خەڵکەکەی دەخاتە مەترسییەوە.(٦)

"جەمعییەتی کوردەکانی تاران"، لە ڕاگەیەندراوێکدا هۆشداریی دەدەن و سەرنج ڕادەکێشن بۆ ئەو پرۆپاگەندەی ڕادیۆی تاراندا دژ بە گەلی کورد بڵاوی کردەوە.

..." هەست دەکرێت پیلانێک دژ بە کوردستان گەڵاڵە دەکرێت.. وەک ئەوە وایە گوێمان لە ڕادیۆی سەردەمی شا بووبێت سەبارەت بە گەلی کورد.(٧)

بەبێ هیچ پاساوێک، لەو ڕۆژانەدا سپای پاسداران هەوڵیان دا بچنە ناو شاری مەریوان و مەقەڕ دابمەزرێنن. شۆرای شار و بەتایبەت فوئاد مستەفا سوڵتانی زۆریان هەوڵ دا نوێنەرانی دەوڵەت ڕازی بکەن دۆخی ئارامی شارەکە تێکنەدەن. کاتێک دەوڵەت پێداگریی کرد، ناچار خەڵکی شار کۆچیان کرد و لە ئوردووگایەکی نزیکی شار دامەزران بۆ ئەوەی خۆیان لە هەرچەشنە پێدادانێک لەگەڵ هێزەکانی پاسداران و داردەستەکانی ڕژیم دوور ڕابگرن.

دوو هەفتە دواتر صارم الدین صادق وزیری، سەرۆکی جەمعییەتی کوردەکان گوتی هەست دەکەین خەریکی داڕشتنی پیلانێکن بۆ خوێنڕشتن لە کوردستان. داوا لە هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران دەکەین، دەنگ هەڵبڕن و ڕێگا نەدەن شەڕخوازان سەربکەون. (٨)

ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٧ - ٨ - ١٩٧٩ی زایینی، حیزبی دیموکرات نامەیەکی سەرئاوەڵای نارد بۆ خومەینی کە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە. لەو نامەیەدا نووسراوە کە پرۆپاگەندە لە دژی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەردەوامە و ئەرتەش خەریکی ناردنی هێزە بۆ پادەگانەکانی شارەکانی کوردستان.

## سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستاندا

سەرەنجام شەڕ لە دژی کوردستان لە هەورامانەوە دەستی پێکرد. ڕۆژنامەکان نووسییان حیزبی دیموکرات و هێزەکانی تاڵەبانی هێرشیان کردووەتە سەر شاری پاوە! مام جەلال برووسکەی نارد بۆ تاران و قوم و ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان پڕ بوو لە سەردێڕی گەورەی هەواڵی درۆ سەبارەت بە کوردستان.

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ = ١٩ - ٨ - ١٩٧٩ی زایینی خومەینی، لەسەر بناغەی هەواڵێکی درۆ فەرمانی دا هەموو هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕوو لە کوردستان بکەن و ئەوە بوو بە دەستپێکی شەڕێکی خوێناوی کە سێ مانگی خایاند. ساڵانێک دواتر، بەشیک لە بەرپرسانی ئەو کاتی ڕژیمی ئێران سەلماندیان کە بە ئەنقەست زانیاریی هەڵە دراوە بە خومەینی! ساڵی ٢٠١٩ لەسەر ئەو بابەتە وتارێکم نووسی و بە وردی چەند لایەنێکی ئەو باسەم ڕوونکردەوە.(٩)

لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی تاران وێنەی ئێعدام کردنی ڕۆڵەکانی کوردستانیان بڵاو دەکردەوە! خومەینی لە کۆبوونەوەیەکدا هێرشی توندی کردە سەر مامۆستا شێخ عیزەدین و دوکتور قاسملوو و گوتی حیزبی دیموکرات، حیزبی شەیتانە!

لە سەرەتای شەڕەکاندا یەک لە دوای یەک شارەکان گیرانەوە و ڕێبەرانی کوردستان گەیشتنە گوندەکانی سەر سنوور، لای مەقەڕەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە خڕی ناوزەنگ. نە حیزبی دیموکرات و نە کۆمەڵە خۆیان بۆ ئەم شەڕە ئامادە نەکردبوو. شەڕ بە سەر گەلی کورددا سەپێندرا.

پێشمەرگە قارەمانەکان بەرگرییەکی پۆڵایینیان کرد و خەڵکی کورد لە شار و لە گوند ئەو پەڕی فیداکاریی و لە خۆبوردووییان نواند. دڕندەیی ڕژیم، خەباتی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لە ڕۆژنامە و ڕادیۆکانی جیهان و ناوچەکەدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

## سەرەتای گفتوگۆکان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاخ

هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی یەک لە دوای یەکی پێشمەرگە و شکستی هێزەکانی ڕژیم، هەروەها خەباتی خەڵکی شارەکان بیرۆکەی گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەکەوێتە ڕۆژەڤی ڕژیمەوە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی تاران، تەنها ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ٨ - ١٠ - ١٩٧٨ی زایینی، لە نێوان سەردەشت و بانە لانیکەم ٣٢ کەس لە پاسداران و سەربازان کوژران و نزیکەی ٧٠ کەس بریندار و بێ سەروشوێن بوون. سەردێڕێکی گەورەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی اطلاعات ڕۆژی ١٧ی ڕەزبەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ٩ - ١٠ - ١٩٧٨ی زایینی، ئەمە بوو: "فاجعه خونین در کردستان!"

هەر لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەدا ئەم سەردێڕە هەیە: "ابر مردان کردستان کجا هستند؟" (پیاوە مەزنەکانی کوردستان لەکوێن؟) وتارەکە علی بابایی نووسیویەتی و تێیدا چەندین شتی سەرنجڕاکێش دەڵێ:



سەرچاوە
Serchawe

"مەلای شیعە مەنێرن بۆ کوردستان، دەوڵەت و ڕێبەرانی شۆڕش بیر لە هەموو شت دەکەنەوە لە کوردستان نەبێت. ئەمن لەگەڵ داریوش فرووهەر کە چووبووم بۆ مەهاباد لە مزگەوت زۆرمان هەوڵدا بەناوی ڕێبەری شۆڕشەوە (خومەینی) جۆش و خرۆشێک وەڕێبخەین بۆمان نەکرا، .. شێخ عێزەدین و چەند مەلای کوردستان لەسەر بانگهێشتی وەزیری ناوخۆ سەفەری تاران و قومیان کرد، لەکاتێکدا دەنگوباسی بچووکی کووچە و کۆڵان بە گەرموگوڕی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بڵاودەکرایەوە، لە کوردستان و مەهابادەوە هاواریان دەکرد بۆ سەبارەت بەو سەفەرە هیچ ناڵێن! منداڵی مەدرەسە بە هێلیکۆپتەر و بە سڵاوات لێدان دەنێرن بۆ قوم، کەچی بۆ شێخ عێزەدین و مەلاکانی کوردستان گوتیان هەوا خراپە و بە ئوتوبوس و ماشینی خۆیی چوون بۆ دیداری ڕێبەری ئینقیلاب!" (١٠)

ئەم نووسینە بیروبۆچوونێکی تایبەت دەردەخات لەناو ڕووناکبیران و لەوانەیە کەسانێکی نزیک لە دەسەڵاتیش. جموجۆڵی سیاسی بۆ پەیوەندیی گرتن لەگەڵ ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کوردستان لە چەند شوێنەوە دەستی پێکرد. سەرەتا وەزیری کار داریوش فرووهەر و چەند کەس بە شارەکانی کوردستاندا دەگەڕان و دەیانگوت لەگەڵ "خەڵکی کوردستان" گفتوگۆ دەکەین! بۆ هەر شارێک چوون یەک وەڵامیان وەرگرتەوە، "ڕێبەرانی ئێمە وان لە شاخ، بڕۆن گفتوگۆ لەگەڵ ئەوان بکەن!"

لەم نێوانەدا مام جەلال نامەی نووسیبوو بۆ بەرپرسانی ئێرانی و داوای لێکردبوون لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان گفتوگۆ بکەن.

ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٣٥٨ = ٧ - ١٠ - ١٩٧٩ی زایینی، داریوش فرووهەر هاتە سەردەشت و لە گوندی نیشکۆڵان چاوی بە مام جەلال کەوت کە کەسانێکی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عێراقیشی لەگەڵ بوو. مام جەلال پێش ئەم دیدارە لەگەڵ قاسملوو، شێخ عێزەدین و کۆمەڵە ڕاوێژی کردبوو. لەگەڵ فرووهەر چەند ئەفسەرێکی باڵا و نوێنەرێکی خومەینی ئامادە بوون.(١١)

شەش ڕۆژ دواتر، واتە ٢١ی ڕەزبەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٣ - ١٠ - ١٩٧٩ی زایینی، نوێنەرێکی سەرۆکوەزیرانی ئێران، "صادق زیباکلام" هاتە مەهاباد و ڕۆژنامەکان ڕایانگەیاند کە حیزبی دیموکرات "ڕفاندوویەتی". دەرکەوت پێش "ڕفاندنەکەی" لە چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "اطلاعات"، زیباکلام ڕەخنەی گرتووە لە هەڵوێستی دەوڵەت و پێیوایە دەبێ چارەسەرێکی سیاسیی بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە.

كاتێک یەكەم پەیوەندییەكان لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین گیرا بۆ گفتوگۆ، مەلا عومەری عەسری لەگەڵ مەلا محمد عباسی، وەكو نوێنەری مامۆستا بۆ هەماهەنگ كردنی هەوڵەكان بە مەبەستی گفتوگۆی هاوبەش، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموكرات و كۆمەڵەیان كرد. كۆمەڵە و دواتریش ڕێكخراوی چریكی فیدایی قبووڵیان كرد، بەڵام دوكتور قاسملوو گوتی ئێمە لە ڕێگای صادق زیباكلام ـەوە داخوازییەكانی خۆمان ناردووە بۆ دەوڵەت، بۆیە بەشداریی ناكەین چونكە چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانین.

لە ئاكامی ئەم ناوبژیوانییەی مام جەلالدا بوو كە ڕۆژانی ٢٦ و ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٥٨ ی هەتاوی = ١٨ و ١٩ - ١٠ - ١٩٧٩ی زایینی، لە گوندی بنووخەڵەف لە ناوچەی سەردەشت، دیدارێک لە نێوان مامۆستا شێخ عێزەدین و وەزیری كار "داریوش فرووهەر" ئەنجام درا. "فرووهەر" ڕایگەیاند بە مەرجێک كوردەكان تەقە ڕاگرن، گفتوگۆكان نهێنی بن و سووكایەتی بە خومەینی نەكرێت، ئەوان بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی كورد دادەنیشن. مامۆستا شێخ عێزەدینیش داواكارییەكەی ئەوە بوو كە گفتوگۆكان بە ئاشكرا و بە بەشداریی هەموو هێزە سیاسییەكانی چالاك لە شۆڕشی كوردستاندا بەڕێوە بچێت و زیندانییەكان ئازاد بكرێن.

سەبارەت بە ئاگربەس مامۆستا بۆی ڕوونكردنەوە، كە ڕێكخراوە سیاسییەكانی خاوەن هێزی پێشمەرگە لەو بارەیەوە بڕیاردەرن, بە نەمانی ئەرتەش و پاسداران لە ناو شارەكانی كوردستان و كۆتایی هێنان بە شاڵاو بۆ سەر شار و گوندەكان، شەڕ كۆتایی پێدێت. دەستەی نوێنەرایەتی كورد بە سەرۆكایەتی مامۆستا شێخ عێزەدین، گەڵاڵەی هەشت خاڵی مەهاباد و سنەی وەبیر نوێنەرانی دەوڵەت هێنایەوە كە تێیدا داخوازییەكانی گەلی كورد دیاری كراون.(١٢)

دواتر زانیمان، فرووهەر هەر ئەو ڕۆژە و لە پەراوێزی دانیشتنەكاندا، بە زمانێكی نەرم داوای كردووە لە مامۆستا سەفەرێكی قوم بكات! تەنانەت دەشڵێ دەتوانێ سەردانی پزیشكی پسپۆڕ بكات و پشكنینی پێویستی بۆ بكرێت. هەم مام جەلال و هەم هاوڕێیان لەوێ جوابیان دایەوە كە بە خۆشییەوە تەندروستیی مامۆستا شێخ عێزەدین زۆر باشە و وەها سەفەرێک بە پێویست نازانرێت! (١٣)

دەنگوباسی ئەم دیدارەی مامۆستا هەم لە ڕۆژنامەكانی ئێران و هەم لە ڕادیۆكانی دەرەوەدا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. دوابەدوای ئەم كۆبوونەوەیە، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموكرات ڕاگەیاندنێكی بڵاوكردەوە:

"ڕادیۆكانی دەرەوەی وڵات ڕایانگەیاندووە كە نوێنەرانی گەلی كورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی

خەریکی گفتوگۆن و هەربۆیە ئاگربەس ڕاگەیەندراوە. ئێمە ڕایدەگەیەنین کە هیچ کۆبوونەوە و وتووێژێک لە نێوان نوێنەرانی حیزبی دیموکرات و دەوڵەتدا نییە و هەر بۆیەش ئاگربەس ڕانەگەیندراوە... پێشمەرگە گیانبازەکانی ئێمە نابێ بۆ ساتێکیش لە خەباتی چەکدارانە خافڵ بن!"(١٤)

پاش گفتوگۆکەی مامۆستا و فرووهەر لە بنووخەڵەف، کۆمەڵە نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە بە زمانی فارسی لە ژێر سەردێڕی "ما و مذاکرات" (ئێمە و وتووێژ) کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. لەو ڕاگەیاندنەدا وێڕای تاوتوێکردنی لێکدانەوەی کۆمەڵە سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ ڕژێم، داواکاریی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتیی خۆی گرێدەدرا بە دابینکردنی مافی هەموو گەلانی ئێران و ئازادییە دیموکراتیکەکان و هتد. لەو بەیاننامەیەدا کۆمەڵە ڕایگەیاند کە:

"ئێمە پشتیوانیی دەکەین لەو داخوازییانە کە ڕۆژی ٢٧ - ٧ - ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٩ - ١٠ - ١٩٧٩ی زایینی، مامۆستا شێخ عیزەدین، لە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتدا ڕادەستی بەڕێز داریوش فرووهەری کرد".

سەبارەت بە ئاگربەس، ڕاگەیاندنەکەی کۆمەڵە دەڵێ:

"قبووڵکردنی وتووێژ بە هیچ لەونێک بە واتای قبووڵ کردنی ئاگربەس نییە و ئێمە لەم بارەیەوە نموونەی ڤییەتنام ڕەچاو دەکەین."(١٥)

مەبەستی کۆمەڵە ئەو وتووێژانە بوو کە لە پاریس لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەتی ڤییەتنام و ئەمریکا بەڕێوە دەچوو لەکاتێکدا کە شەڕ لە ڤییەتنام بەردەوام بوو!

***

دوابەدوای کۆبوونەوەی بنووخەڵەف لەگەڵ داریوش فرووهەر، جموجۆڵێکی زۆر گەرموگوڕ دەستی پێکرد بۆ پێکهێنانی دەستەی نوێنەرانی کورد، لە نێوان مامۆستا شێخ عیزەدین، حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە و چریکی فیدایی لقی کوردستان. حیزبی دیموکرات دەیگوت ئێمە حیزبی سەرەکیی و ڕێبەری بزووتنەوەی کوردستانین, دەبێ سەرۆکایەتیی دانوستاندنەکە بە ئێمە بێت. وامان پێباشە مامۆستایش لەگەڵ بێت. ڕێکخراوەکانی دیکە پێویست ناکات بەشداربن.

مامۆستا بڕیاری دا سەردانێکی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بکات و بەتایبەت لەگەڵ دوکتور قاسملوو سەبارەت بە

گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەت قسەوباسی کرد. من و چەند ئەندامێکی دەفتەری مامۆستایش لەو سەردانەدا لەگەڵ بووین وکاتێک گەیشتینە لای حیزبی دیموکرات، نووسەر و ڕۆژنامەوانی فەرانسەیی کریس کووچێرا لەوێ بوو. پێشتریش دوکتور قاسملوو و ئەندامانی دەفتەری سیاسی بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان سەردانی مامۆستایان کردبوو.

لە سەردانێکی دیکەدا من و فاتیح شێخ‌الاسلامی لە لایەن دەفتەری مامۆستاوە، چووین بۆ لای دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە ئاشی پشکاوێ. گفتوگۆ لەگەڵ دوکتور قاسملوو و ئەندامانی دەفتەری سیاسی سەبارەت بە چۆنییەتی بەڕیوەبردنی گفتوگۆکان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت و شێوەی بەشداریی کردنی لایەنە سیاسییەکان بوو. شەو لەوێ ماینەوە و میوانی بەشی چاپەمەنی حیزب بووین کە مامۆستا هێمن و عەلی حەسەنیانی شاعیر و دۆستی کۆنی کاک فاتیح لەوێ بوون.

## درێژەی گفتوگۆکان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت، و بارودۆخی ئاڵۆزی ناوخۆی ئێران

لە ئاستی ئێراندا کێشەکانی ناوخۆ و ململانێی نێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی وردە وردە تۆختر دەبووەوە. سەرۆکوەزیران "مهدی بازرگان" کە لە ژێر گوشاردا بوو، سەرەنجام ڕۆژی ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ٦ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی، دەستی لەکار کێشایەوە.

ڕووداوێکی زۆر گرینگ و چاوەڕواننەکراو لە ئێران، بە بارمتەگرتنی هەموو کارمەندانی سەفارەتی ئەمریکا بوو لە تاران.

ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ٤ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی، "خوێندکارانی لایەنگری هێڵی ئیمام" هەڵیانکوتایە سەر سەفارەتی ئەمریکا، و هێزەکانی ئاسایش نەک پێشیان پێنەگرتن بەڵکوو ڕێگایشیان بۆ خۆشکردن. ئەم کارە لە سەردەمی جیمی کارتێر سەرەککۆماری دیموکراتی ئەمریکادا کرا و بیانووەکەی ئەوە بوو کە دەبێ شای ئێران، کە لە ئەمریکا بوو، ڕادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێتەوە!

گرتنی سەفارەتی ئەمریکا کارتێکردنێکی زۆری هەبوو لەسەر باڵە جیاوازەکانی ناو حکوومەتی ئێران و چەند لایەنێک توانییان بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان ئەو بارمتەگرتنە بەکاربێنن. چەند لایەنێک و بەتایبەت ئەوانەی سەر بە شوورەوی (یەکێتی سۆڤییەت) بوون، ئەمەیان بە هەنگاوێکی دژ بە ئەمپریالیسمی ئەمریکا دەدایە قەڵەم.

## خۆپیشاندانی گەورەی ڕۆژی جەژنی قوربان و ڕۆڵی مامۆستا شێخ عیزەدین

ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەر واتە یەک هەفتە پێش جەژن، مامۆستا شێخ عێزەدین پەیامێکی تایبەتی بڵاوکردەوە ڕوو لە هەموو خەڵکی کوردستان. لەو پەیامەدا مامۆستا داوای لە گەلی کورد دەکرد کە ڕۆژی جەژنی قوربان واتە ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ١ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی، ڕێز لە گیانبەختکردوانی شۆڕشی کوردستان بگرن و خۆپیشاندانی گەورە وەڕێبخەن.

ڕاگەیەندراوەکەی مامۆستا شێخ عێزەدین لەلایەن چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە، چریکی فیدایی و پەیکارەوە لە هەموو کوردستان بڵاوکرایەوە. جگە لەوە، ڕادیۆ مۆنتکارلۆ بە عەرەبی و بەشی فارسی ڕادیۆ بی‌بی‌سی و ڕادیۆ ئیسرائیل هەواڵەکەیان ڕاگەیاند. ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی دەربڕینی هاوخەباتیی و یەکگرتوویی گەلی کورد. لە هەموو شار، شارۆچکە و گوندە گەورەکانی کوردستان خەڵک بە دەنگ بانگەوازەکەی مامۆستاوە هاتن، خۆپیشاندانی گەورەیان وەڕێخست و ڕێزیان گرت لە شەهیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان. ئەمە جارێکی دیکە سەلماندی کە گەلی کورد، مامۆستا شێخ عێزەدین بە پێشەنگی خەباتی خۆیان دەزانن و هەردەم ئامادەن بە دەنگ بانگەوازەکەیەوە بچن.

هەر لەو ڕۆژەدا ستوونێکی ئەرتەش بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ تاران لە سەردەشتەوە کەوتەڕێ. لە نزیکی بانە تەقەیان لە ماشینێک کرد و لە ئاکامدا دوو کەس گیانیان بەختکرد و حەوت کەس بریندار بوون. ئەمانە خەڵکی دێهاتی دەوروبەر بوون کە بۆ بەشدارییکردن لە خۆپیشاندان بەرەو بانە دەچوون. پاش ئەوە پێشمەرگەکانی شێخ جەلال حوسەینی لەگەڵ ستوونەکە کەوتنە شەڕێکی قورسەوە کە لە ئاکامدا بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی "کیهان" لە ٧٢ کەس تەنها حەوت کەس توانیبوویان دەربازبن. ٥٢ کەس کوژراو و باقییەکەیان ئەسیر بوون.(١٦) لانیکەم ٢٥ ماشینی ئەرتەشی تێکشکاو لە سەر جادەی بانە - سەردەشت و هەروەها بانە - سەقز بەجێمابوون. دواتر پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتیش بەشداری شەڕەکەبوون و زەربەی قورسیان بە هێزەکانی دەوڵەت گەیاند.(١٧)

ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەر هەواڵی پێکهاتنی "هیأت ویژه دولت برای حل مسائل کردستان" (دەستەی تایبەتی دەوڵەت بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان) بڵاوکرایەوە. سێ وەزیر واتە داریوش فرووهەر، هاشم صباغیان و عزتاله سحابی، ئەندامانی ئەم دەستەیە بوون.

بە گوتەی کەریم حیسامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ٣ - ١١

- ١٩٧٩ی زایینی، نوێنەرانی دەوڵەت (فرووهەر، صباغیان و سحابی) هاتنە مەهاباد و داوایان کرد لە بەنداوی مەهاباد سەردانیان بکەین. حیسامی دەڵێ من لەگەڵ غەنی بلووریان، کە چەند ڕۆژێک بوو گەڕابووەوە ناوشار، چووین بۆ لایان و لەگەڵیان دانیشتین.(١٨) حیسامی تەنها باسی خۆی و غەنی بلووریان دەکات، بەڵام سەبارەت بەم دانیشتنە عەزیز ماملێ دەگێڕێتەوە کە ئەو و مامۆستا هێمنیش لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون و تەنانەت لەگەڵ صباغیان قسەیان لێک گیراوە.(١٩)

مامۆستا شێخ عێزەدین جارێکی دیکەیش سەردانی دوکتور قاسملوو و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کرد کە تەنها مەلا عومەر عەسری لەگەڵ خۆی برد. مەلا عومەر دەیگێڕێتەوە کە مامۆستا هەوڵی دا حیزبی دیموکرات ڕازی بکات وێکڕای ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، ئامادەبن لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت گفتوگۆ بکەین.

دەستپێکەری مام جەلال بەردەوام بوو. لەگەڵ داریوش فرووهەر ڕێکەوتبوون کە دیسانەوە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ نوێنەرانی کورد بکرێت. بەداخەوە حیزبی دیموکرات ئامادە نەبوون لەگەڵ بکەون. سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٨ خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی واتە ٩ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی؛ چەندین کەس بووین کە لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین بەرەو گوندی بێوران لە ناوچەی سەردەشت وەڕێکەتین. نوێنەرانی کۆمەڵە و چریکی فیدایی‌ش لەگەڵ بوون.

ئەو ڕۆژە ئێمە، واتە مەلا عومەری عەسری، مەلا محمد عباسی، صلاح‌الدین مهتدی، فاتێح شێخ‌الاسلامی، مەلا ڕەحمان شکاک، عەزیز ڕەزایی و من هاوڕێ لەگەڵ مامۆستا بووین. نوێنەرانی کۆمەڵە بریتیی بوون لە سەیدبرایم عەلیزادە، یوسف ئەردەڵان. لە لایەن ڕێکخراوی کوردستانی چریکی فیداییەوە محمدامین شێرخانی، رفیق مەمەد (بێهزاد کەریمی) کە خەڵکی ئازەربایجانە. ژمارەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستایشمان لەگەڵ بوو. لە ڕێگا پێچاوپێچ و شاخاوییەکەی تووژەڵە بەرەو گوندی بێوران، ئەو هێسترەی یوسف ئەردەڵان سواری بووبوو (لەبەر ئازاری لاقی نەیدەتوانی زۆر بە ڕێگادا بڕوات)، هەڵخلیسکا، بەرەو هەڵدێر خوار بووەوە و تۆپی! خۆشبەختانە کاک یوسف زۆر بە وریاییەوە زوو خۆی فڕێدابووە خوار و هەر کەمێک ئازاری پێگەیشت و بە سووکیی بریندار بوو.

ئێمە گەیشتینە بێوران و لەبەر ئەوەی زۆر بووین، بەشی زۆرمان چووینە مزگەوتەکە بۆ حەسانەوە و خواردنی نانی بەیانیی. مامۆستا لەگەڵ چەند کەسێک لە ماڵێک دامەزرابوو، بانگی کردم بۆ قسەکردن. گوتی دوێنێ شەو داخوازییننامەیەک نووسراوە (٢٠) کە بیدەین بە نوێنەرانی دەوڵەت. دوایین دەقی نووسینەکە زۆر کەوتە درەنگ، بۆیە پێش کۆبوونەوەکە پێم چاکە جارێکی دیکە بیخوێنینەوە. من کە نەمدیبوو، دەستم کرد بە خوێندنەوە. یەکێک لە خاڵەکان ئەمە بوو: "انحلال مجلس خبرگان" (هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی خیبرەکان)! گوتم مامۆستا ئەوە داوایەکی نەگونجاوە! نەک ئاشتیخوازانە نییە بگرە



سەرچاوە Serchawe

شەڕخوازانەیە. هەموو ڕۆژێک لە ڕادیۆی تارانەوە دەنگوباسی "مجلس خبرگان" بڵاو دەکرێتەوە کە چی و چییان پەسەند کردووە. ئێمەی نوێنەرانی کورد چۆن دەتوانین داوای هەڵوەشانەوەی بکەین؟

مامۆستایش شێوەی داڕشتنی ئەو خاڵەی بەدڵ نەبوو، گوتی بۆچوونەکەت ڕاستە، دەبێ بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەوانی دیکەی بیگۆڕین، هەرچەند داخوازییەکان تایپ و ئامادە کراوە! گوتم ئەم بەیانییە پێش سەفەرەکەمان، من بیرم کردەوە کە لەوانەیە پێویستمان بە نووسینی بابەتێک هەبێت، بۆیە ماشینی تایپکردنەکەم هێناوە! مامۆستا زۆری پێخۆش بوو. بە ڕاوێژ لەگەڵ مامۆستا من پێشنیارێکم نووسی سەبارەت بەو خاڵە کە ئەو پێی باش بوو.

نووسراوەکەم برد بۆ لای برادەران لە مزگەوت، زۆرینە ڕازی بوون و پێشنیاری چەند ئاڵوگۆڕێکیان کرد کە جێبەجێ کرا. ئەو کەسەی کە دیاربوو پێشنیاری داڕشتنی یەکەمی ئەو خاڵە هی ئەو بوو پێی ناخۆش بوو! دواتر مامۆستایش دەقەکەی پەسەند کرد. پاشان سەرلەنوێ بە ماشین تایپەکە هەموو نووسراوەکەم داڕشتەوە، مامۆستا ئیمزای کرد و ئەوە کرا بە داخوازیی ڕەسمیی دەستەی دانوستاندکار لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، نوێنەرانی دەوڵەت و هەروەها مام جەلال هاتن و کۆبوونەوە دەستی پێکرد. هێزێکی بەرچاو لە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دەوروبەر دامەزرابوون.

لایەنی دەوڵەت بریتیی بوون لە سێ وەزیرەکە، واتە فرووهەر، صباغیان، سحابی، کەسێک کە دیاربوو نوێنەری خومەینییە و ئەحمەد قازی (ئەو لە تارانەوە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت هاتبوو). مام جەلالیش بەشداربوو. قسەوباس زۆر کرا و لایەنی جۆراوجۆری داواکارییەکان و چاوەڕوانییەکان لە هەردوولاوە تاوتوێ دەکران.

کێشەیەکی سەرەکییمان ئەوە بوو کە فرووهەر دەیگوت چوومەتە خزمەت ئیمام خومەینی، منی دڵنیاکردووەتەوە و دەزانم پێیخوشە کێشەی کورد چارەسەر بکات. ئێوە ئەگەر ئاگربەس ڕابگەیەنن، ئەوە نیشانەیەکی زۆر باشە و دەتوانین خێرا بچینە پێش. سەلاح موهتەدی کە بەشێک لە قسەکان ئەو دەیکرد، هەوڵیدا بە هێمنیی ڕوونی بکاتەوە کە ئێمە لە ماڵی خۆمان دانیشتبووین و ئەرتەش و سپای پاسداران هاتن و تەقەیان کردووە. مامۆستایش دەیگوت خەڵکی کورد تەنها پارێزگاری لە خۆی کردووە، پێشمەرگە نەبوو کە دەستی بە شەڕ کرد، بەڵکوو شەڕی بەسەردا سەپێندرا. هەموو لایەک دەیانەویست بە نوێنەرانی دەوڵەت بڵێن ئەگەر ئەرتەش ئاگربەس ڕابگەیەنێت، کارەکە تەواوە و شەڕ ڕادەوەستێت.

فرووهەر هەر دەیگوت ئێوە دەبێ ئاگربەسی دەستبەجێ ڕابگەیەنن! کاک سەلاح لێرەدا ڕووی کردە فرووهەر و گوتی ئاخەر نافەرمووی ئیمام پێی خۆشە کێشەکە لە ڕێگای سیاسییەوە جێبەجێ بکرێت، دە هەر خودی خۆیشی دەتوانێ فەرمان بدات هەموو هێزەکانی دەوڵەت تەقە ڕابگرن و شەڕەکە تەواو دەبێت. فرووهەر ئەم قسەیەی پێ ناخۆش بوو. هەربۆیە دەنگی بەرزکردەوە و دیسان بەرپەرچی قسەکەی سەلاح موهتەدی دایەوە. کاک سەلاح لێرەدا بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت هەر ئەوەندەی کرد کە هەستا و کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت.

ماوەیەک بێدەنگی باڵی بەسەر کۆبوونەوەکەدا کێشا. لێرەدا من گوتم ئاغای فرووهەر ئەزموونی من لەم چەشنە گفتوگۆیانە کەمە، بەڵام ئەو شێوە ئاخافتنەی جەنابت بەرامبەر بە ئاغای موهتەدی و ئەویش لە کاتێکدا کەسایەتییەکی وەکو مامۆستا شێخ عێزەدین دانیشتووە نابەجێیە! پێویستە ڕێز لە کۆبوونەوەکە و لە مامۆستا بگیرێت. ئیتر کەمێک قسەوباسی دیکە کرا و سەرەنجام مامۆستا ئەو نووسراوەی کە ئامادەمان کردبوو بە ڕەسمی دایە دەست داریوش فرووهەر.

ئەمەی خوارەوە دەقی داخوازییەکانەی ئەو ڕۆژەیە:

١- گەلی کورد داوای خودموختاریی سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەکات لە چوارچێوەی ئێراندا. وردەکارییەکانی ئەم داخوازییانە لە گەڵاڵەی هەشت خاڵی مەهاباد و سنەدا باسکراون.
٢- گەلی کورد داواکاری دەستەبەربوونی هەموو ئەو ئازادییانەیە کە لە "گەڵاڵەنامەی یەکێتی گەلان" و هەروەها لە "جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ" دا هاتووە. لەوانە، ئازادی ئایین، باوەڕ، کار، نیشتەجێبوون، ڕادەربڕین، نووسین، حیزبایەتیی و یەکسانیی تەواو لە نێوان ژنان و پیاواندا دەگرێتەوە.
٣- پێکهێنانی "مجلس خبرگان" لەباتی "مجلس مؤسسان" بووەتە هۆی ناڕەزایی دەربڕینی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران و ناوەندە پێشکەوتنخوازەکان. لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئامادەنەبوونی نوێنەرانی گەلی کورد و باقی گەلانی ئێران لەو مەجلیسەدا، داوادەکەین هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێت بۆ پێکهێنانی "مجلس مؤسسان" و دیاریکردنی قانون اساسی لەسەر بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی و هەروەها گیانی شەریعەتی ئیسلامی.

بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی لەبار بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئەو داخوازە سەرەکییانە، پێویستیە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بە خێرایی هەڵبگیرێن:



سەرچاوە Serchawe

١- ئـازادیی بـۆ هەمـوو حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییەکان و ڕۆژنـامەی پێشـکەوتنخواز و ئابڕووسەندنەوە بۆ هەموویان.

٢- دەرکردنیی سپای پاسداران، چۆڵکردنی پاسگاکان و چەککردنی بەکرێگیراوانی ناوچەیی.

٣- ئـازادکردنیی خێـرای هەمـوو زینـدانییە سیاسـییەکان و هەڵوەشـاندنەوەی حـوکمی دوورخستنەوە و ڕاگواستنی (بنەماڵە کوردەکان بۆ دەرەوەی کوردستان).

٤- وەسـتانی هەمـوو چەشـنە ئـاڵوگۆڕی سـەربازیی لە کوردسـتان هەتـا دەسـتەبەربوونی داواکارییە سەرەکییەکانی گەلی کورد.

٥- نابێ دەوڵەت و دەسەڵاتداران چەک بدەن بە کۆنەپەرستانی ناوخۆ.

٦- دامەزرانـدنی دادگـای ئـازاد و ئاشکرا بـۆ ڕاگەیشـتن بە سـەر تـاوانەکـانی شـەڕ، ئەوانەی خەڵکیان کوشتووە و دادگای نایاساییان دژ بە گەلی کورد بەڕێوە بردووە.

٧- ڕێزگـرتن لە شـەهیدانی کوردسـتان و قەرەبـووکردنەوەی ئەو زەرەر و زیـانە مـاڵیی و ڕۆحییەی لە سەردەمی شەڕی سەپێندراودا لە خەڵکی کورد کەوتوون.

٨- لە هەموو وتوویژێکدا سەبارەت بە مافی نەتەوەیی گەلی کورد و چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان، پێویستە ناوەڕۆکی گەلاڵەی هەشت خاڵی مەهاباد و سنە بەوردیی ڕەچاوبکرێت.

سید عزالدین حسینی

١٨ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتـاوی = ٩ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی (٢١)

لە ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کە ئاسایشی کۆبوونەوەکەیـان لە ئەستۆ بـوو، بەپەلە خۆی گەیانـدە مـام جەلال و گـوتی هەوڵـدانێک هەیە بـۆ شێواندنی دۆخەکە و ئەرتەشی ئێران لەوانەیە هێرش بکەن. مـام جەلال لێبڕاوانە گوتی هەر کە جووڵەیان کرد، دەستیان لێ مەپارێزن و جوابیان بدەنەوە!

کۆبوونەوەکە، پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی شـەممە ١٩ی خەزەڵـوەر کۆتـایی پێهـات. نـوێنەرانی دەوڵەت گەڕانەوە و ئێمەیش هەموومـان چووینە مزگەوتەکەی بێوران، لەگەڵ پێشمەرگەکان و بـاقی دۆسـتانێک کە نەهـاتبوونە نـاو کۆبـوونەوەکە دەستمان کـرد بە هەڵسەنگاندنی قسەوباسەکان. مام جەلال لە ئاکامی دانیشتنەکە ڕازی بوو. سەبـارەت بە چوونە دەرەوەی کاک سەلاح قسـەی کرد، ڕووی کردە لای من و وتی چاکت دا بە دەمم فرووهەردا! پاشان چەند کەسێکی تریش بیروڕای خۆیان دەربڕی و بەگشتی



سەرچاوە Serchawe

قسەوباسەکان و دانیشتنەکەیان پێ باش بوو.

کە هاتینە دەر ڕۆژنامەوانان و خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆببووبوونەوە؛ یەکێک لە ڕۆژنامەوانە بێگانەکان کە هاتبووە شوێنی کۆبوونەوە و گفتوگۆکان، فێردیناند هێننێر بیشلێر، نووسەر و ڕۆژنامەوانی ئوتریشی (نەمساوی) بوو. ئەویش کە ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو وتووێژە بوو، دواتر لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین و مام جەلال قسەی کرد. ئەو وێنە بەناوبانگەی مام جەلال کە لەسەر پەیژەیەک دانیشتووە و خەریکی نووسینە، ئەو ڕۆژە فێردیناند لە بێوران گرتوویەتی.(٢٢)

ئەو کۆبوونەوەیە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا، بە چەشنێک کە هەر دوو ڕۆژنامەی گەورەی تاران واتە کیهان و اطلاعات لە سەردێڕی گەورەدا نووسییان: "مذاکرات مهم هیأت اعزامی با سران کردستان در سردشت"، "آتش بس در کردستان نزدیک است". "دوێنێ دوایین قۆناخی گفتوگۆی نێوان فرووهەر و عزالدین حسینی ئەنجام درا".

## دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد - هیأت نمایندگی خلق کرد

کێشەی سەرەکیی لەسەر ڕێگای پێکهێنانی دەستەیەکی نوێنەرانی کورد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەت ئەوە بوو کە حیزبی دیموکرات دەیگوت ئێمە هێزی سەرەکین و دەبێ بەرپرسایەتیی بە ئێمە بێت و مامۆستا شێخ عێزەدینیش بەشداریی بکات. دەفتەری مامۆستا، کۆمەڵە و چریکی فیدایی‌ش ئاماژەیان بە بڕیارنامەی هەشت خاڵیی مەهاباد دەکرد کە تێیدا نوێنەرانی شارەکانی کوردستان بە ڕەسمیی داوایان کردووە مامۆستا شێخ عێزەدین دەبێ سەرۆکی هەر دەستەیەک بێت کە لەگەڵ دەوڵەت گفتوگۆ دەکات. خەڵکی کوردستان بە خۆپیشاندانی گەورە پشتیوانیی خۆیان لەو بڕیارنامەیە دەربڕیوە و لە هەموو ڕۆژنامەکاندا تۆمارکراوە. هەروەها پێویستە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هەموو هێزە سیاسییەکان و پێشمەرگەکانیان بگیرێت.

هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ نەهێشتنی بەربەستەکان، چڕوپڕ بوونەوە. بەتایبەت پاش خۆپیشاندانە گەورەکانی کوردستان بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە کە جوابدانەوەیەکی زۆر گەرموگوڕ بوو بە بانگەوازەکەی مامۆستا شێخ عێزەدین، هەستمان دەکرد مەیلێکی زیاتر هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک.

لە شاری مەهابادەوە مەلا ئەبووبەکر حەسەنزادە (بەرپرسی ئەوقاف، شاگرد و دۆستێکی نزیکی مامۆستا)، مهندس ئاریا، مەلا قەسیم سەوجە وەکوو نوێنەرانی خەڵک هاتنە سەردانی مامۆستا لە بێژوێ.(٢٣) پەیامەکەیان ئەوە بوو کە خەڵک



سەرچاوە
Serchawe

چاوەڕوانن هێزە سیاسییەکان یەکدەنگ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت دابنیشن و گفتوگۆ بکەن. مامۆستا بە وردیی هەڵوێستی خۆی و ئامادەبوونی خۆی بۆ ئەو نوێنەرانە باسکرد و گوتی کە ئەو لە مێژە ئامادەیە و چەند جارێکیش لەگەڵ حیزبی دیموکرات قسەی لێکردووە.

نوێنەرانەی خەڵکی مەهاباد سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتیشیان کرد. پێشنیارەکە لە مێژبوو دیاربوو کە چییە. مامۆستا دەبێ سەرۆکایەتی گفتوگۆکان بکات. پاشان دەمایەوە چۆنییەتی بەشداربوونی سێ لایەنەکەی دیکە و چۆنییەتی دابەشکردنی رۆڵی ئەوان لە گفتوگۆکاندا. حیزبی دیموکرات هەر لە سەرەتاوە خوازیاریی ئەوە بوو کە ئەوان سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرانی کورد بکەن. کۆمەڵەیش داوای دەکرد رۆڵی ئەوان لە گفتوگۆکاندا هاوتای حیزبی دیموکرات بێت. ئەوەندەی لەبیرم بێت، رێکخراوی چریکی فیدایی تەنها بە بەشداربوونیان رازی بوون. رەنگە لەبەر ئەوەی کە ئەوان پێگەی سەرەکییان لە تاران بوو، هەروەها رۆڵێکی ئەوتۆیان لە شەڕ و بەرگرییەکانی کوردستاندا نەگێڕابوو.

### پەیامی "ئاشتیی" خومەینی

خومەینی، ئەو کەسەی کە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٩ - ٨ - ١٩٧٩ی زایینی، فەرمانی هێرشی هەموو هێزە چەکدارەکانی ئێرانی بۆ کوردستان دەرکرد و ڕێبەرانی بە خائین دایە قەڵەم، سێ مانگ پاش ئەوە، ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٧ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی، پەیامێکی ئاشتیی بڵاوکردەوە! گوتی:

> سڵاو لە خوشکان و برایانی کورد..."من تێدەگەم کە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی کاتییشدا (بە سەرۆکایەتی مهدی بازرگان) ئەو جۆرەی کە شیاویی خواستی ئێوە و میللەت بێت، پێتان ڕانەگەیشتوون..." لە دەستەی (نوێنەرانی) تایبەت داوا دەکەم کە بەوپەڕی نیازپاکییەوە درێژە بە گفتوگۆکان بدەن؛ وە لەگەل کەسایەتییە ئایینی، سیاسی و میللییەکان، هەروەها باقی توێژەکان پەیوەندیی بگرن، هەتا بەدیهێنانیی داخوازییەکانی ئەوان - کە داخوازیی ئێمەیشە - یا بە شێوەیەکی دڵخوازانە جێبەجێ ببێت"!!

هاوکات کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی چوار لایەنی خۆمان بەمەبەستی پێکهێنانی دەستەی نوێنەرانی گەلی کورد بۆ وتووێژ لەگەل دەوڵەت، خەریکبوو دەگەیشتە قۆناغی کۆتایی.

هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویینەناسانەی مامۆستا، پشتگیریی خەڵکی شارەکان و هاوکاریی هێزە سیاسییەکان، بەرهەمیی



سەرچاوە Serchawe

باشی لێکەوتەوە. سەرەنجام ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٩ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی؛ "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" (هیأت نمایندگی خلق کرد) لە بەیاننامەیەکدا پێکهاتنی خۆی ڕاگەیاند:

"لەم هەلومەرجە دژوارەدا کە خەڵکی کوردستان بە تێکڕایی پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی ڕەوای ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە ئایینیی و سیاسییەکان دەربڕیووە،... "لە ئاکامی خەبات و خۆڕاگریی قارەمانانەی گەلی کورد و پێشمەرگەکانی کوردستان، دەوڵەت مەیلی بە ڕێگا چارەی سیاسیی هەیە..." بۆ چارەسەری کێشە سەرەکییەکانی کوردستان و وەدەستهێنانی خودموختاریی، دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بەم شێوەیە پێکهات:

* شێخ عێزەدین حوسەینی - سەرۆک.
* حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - گوتەبێژ.
* کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - ئەندام.
* لقی کوردستانی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵک - ئەندام".

ئەم هەنگاوەی هێزەسیاسییەکان بوو بە هۆی دڵگەرمیی و خۆشحاڵیی خەڵکی کوردستان. بۆ پشتیوانیی کردن لە "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" و بۆ دەربڕینی یەکڕێزی خەڵک، لە هەموو شارەکانی کوردستان خۆپیشاندان بەڕێوەچوو.

لەم نێوانەدا، تاقمێک کە خۆیان بە "کوردە موسوڵمانەکان" پێناسە دەکرد، چووبوونە "مجلس خبرگان" لە تاران و بەنیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەرامبەر بە گفتوگۆی دەوڵەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە گوتەی ئەوان ناموسوڵمان بوون، مانیان گرتبوو.(٢٤) بەشدارانی ئەو مانگرتنە وێڕای پێداگریی کردن لە ڕێبەرایەتیی ئیمام خومەینی، دەیانگوت ئەگەر وەڵامی "داخوازییە شەرعییەکانیان" نەدرێتەوە، بە ماڵەوە دەگوێزنەوە وڵاتێکی ئیسلامیی دیکە! ئەو مانگرتووانە بەشێک لە لایەنگرانی مەلا ئەحمەد موفتیزادە بوون.

ڕۆژی ٤ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢٥ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی، کاتێک کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بەیاننامەی ئاگربەسی لە لایەن خۆیانەوە بڵاوکردەوە،

کۆمەڵە هەر لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی پێداگریی دەکرد و دەیگوت بەبێ ئاگربەس دەتوانین گفتوگۆکان ببەینە پێش! بەڵام

مامۆستا ئامادە بوو پشتیوانیی خۆی لە ئاگربەس ڕابگەیەنێت و لەلایەن دەفتەری مامۆستاوە هەوڵدرا کۆمەڵە ڕازی بکرێت ئەگەر دەیانهەوێت لە گفتوگۆکاندا ڕۆڵێکیان هەبێت، پێویستە ئەوانیش ئاگربەس ڕابگەیەنن. کاتێک مامۆستا بۆی دەرکەوت کۆمەڵە لەسەر هەڵوێستی پێشووی خۆی پێداگریی دەکات، داوای لە مەلا عومەر عەسری کرد سەردانێکی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە بکات. مامۆستا پەیامێکی ڕوون و ڕاشکاوانەی بۆ ناردن کە لەوە زیاتر چاوەڕوان نابێت و ئەگەر ئەوانیش لەگەڵ نەکەون، بەرپرسیارەتیی و ئاکامەکانی قبووڵنەکردنی ئاگربەس دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵە. ڕۆژی دواتر کۆمەڵە لە ڕاگەیاندنێکدا ئاگربەسی ڕاگەیاند.

دوابەدوای ئەوە بوو کە ڕۆژی ٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢٧ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی، مامۆستا شێخ عیزەدین، پەیامێکی بڵاوکردەوە تێیدا ڕایگەیاند کە لەو ئاگربەسەی لەلایەن حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەوە ڕاگەیەندراوە، پشتیوانیی دەکات. لە ڕاگەیاندنەکەدا مامۆستا دەڵێ:

"ئێمە بۆ هەڵگرتنی ستەمی میللی لەسەر کورد، بەردەوام لایەنگری ڕێگاچارەی سیاسیی بووین، شەڕمان بەسەردا سەپێندرا."(٢٥)

بەم چەشنە شەڕ لە کوردستان ڕاگیرا و خەڵک پشوویەکیان وەبەر هاتەوە. بەڵام دیاربوو ئەم ئاگربەسە کە لەلایەن ئێمەی کوردەوە بە نیازپاکیی و بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتن و کۆتایی هێنان بە شەڕ ڕاگەیەندرابوو، لە لایەن دەوڵەتەوە ئامانجێکی دیکەی دەپێکا. ڕەوتی ڕووداوەکان دەریانخست کە ئەوان هەر لە سەرەتاوە هەتا ئاخر شەڕخواز بوون و جگە لە تەسلیمی بێ ئەملاو و ئەولا، بە هیچێکی تر ڕازی نەدەبوون!

دوابەدوای ئاگربەس، "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" گەڵاڵەیەکی هەشت خاڵیی بڵاوکردەوە کە داخوازییە سەرەکییەکانی گەلی کوردی دەگرتەخۆ. بە مەبەستی پشتیوانیی کردن لەم داخوازییانە و هەروەها پشتگیریی لە پێکهاتنی "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد"، ڕۆژی شەشی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢٧ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی، لە سەرانسەری کوردستان خۆپیشاندانی گەورە ساز کرا و گەلی کورد پشتیوانیی و پێخۆشبوونیی خۆی لەو تەبایی و پێکەوەبوونە ڕاگەیاند.

ئەمە دەقی بەیاننامەکەیە:

گەلانی تێکوشەری ئێران!

گەلی خەباتکاری کورد!

لەم هەلومەرجە هەستیار و مێژووییەدا کە خەڵکی کوردستان، یەکگرتووانە پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی ڕەوای حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییە پێشکەوتنخوازەکان ڕاگەیاندووە. لە کاتێکدا کە ئیمام خومەینی لە پەیامی ٢٦ی خەزەڵەوردا لەسەر نەهێشتنی ستەمی ئابووریی، فەرهەنگیی، میللیی و سیاسیی لەسەر گەلی کورد پێداگری دەکات و پشتگیریی لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد دەکات. ئێمە بەشداربووانی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد، جارێکی دیکە داخوازییە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان دەخەینە ڕوو وە ئامادەبوونی خۆمان بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم داواکارییانەی خوارەوە لەگەڵ دەستەی تایبەتی دەوڵەت ڕادەگەیەنین.

داوا لە هەموو خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەکەین ڕۆژی سێشەممە ٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢٧ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی، کاتژمێر سێ‌ی دوای نیوەڕۆ لە سەرانسەری کوردستان بەشداریی بکەن لە خۆپیشاندانێکی گشتییدا. لەم خۆپیشاندانانەدا پشتگیریی خۆتان لە داخوازییەکانی خوارەوە و هەروەها لە دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد کە لە نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ عێزەدین پێکهاتووە، ڕابگەیەنن. هەروەها داوا لە هەموو حیزبەکان، ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە میللی و ئایینییەکانی ئێران دەکەین، هەر چۆنێک بۆیان دەگونجێت پشتیوانیی خۆیان لە خواستە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەرببڕن.

١- خودموختاری کوردستان بە ڕەسمیی بناسرێت و لە قانون اساسی‌دا بگونجێندرێت.

٢- ناوچە کوردنشینەکان، کە لە نێوان چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوادا دابەشکراوە، وەکوو یەکەیەکی خودموختار بناسرێت.

٣- ئەنجومەنی میللی کوردستان (مجلس ملی کوردستان) لە ڕیگای هەڵبژاردنێکی ئازاد، ڕاستەوخۆ، نهێنی و گشتییەوە پێکدەهێندرێت. ئەم ئەنجومەنە "حکوومەتی خودموختاری کوردستان" بۆ بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی و ئاسایشی ناوچەی خودموختار هەڵدەبژێرێت.



سەرچاوە
Serchawe

٤- زمانی کوردی دەبێتە زمانی ڕەسمیی فێرکردن و نامەگۆڕینەوەی ئیدارەکان و دامەزراوەکانی کوردستان. پاش پۆلی چوارەمی سەرەتایی، زمانی فارسی لەگەڵ زمانی کوردییدا لە مەدرەسەکان دەخوێندرێت. فارسی، زمانی ڕەسمیی ئیدارەکان لە سەرانسەری ئێران و هەروەها لە کوردستانیشە.

٥- دابینکردنیی بەشێک لە بوودجەی گشتی وڵات بۆ کوردستان بە چەشنێک کە ئەو دواکەوتووییە ئابوورییەی، کە ئاکامی ستەمی میللییە، قەرەبوو بکرێتەوە.

٦- نوێنەرانی گەلی کورد لە بەڕێوەبردنی حکوومەتی ناوەندا بەشدار دەبن.

٧- هەموو کاروباری لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە، پارێزگاری میلیی (ئەرتەش)، سیاسەتی پووڵیی و دراو، بازرگانی دەرەوە و گەڵاڵەی درێژخایەنیی ئابووری لە دەسەڵاتیی حکوومەتی ناوەندییدا دەبێت. باقی کاروبارەکانی ناوخۆ لە لایەن ئۆرگانەکانی خودموختاری کوردستانەوە بەڕیوە دەچن.

٨- ئازادییە دیموکراتیکەکان وەکوو ئازادی ڕادەربڕین، نووسین، ڕۆژنامەگەریی، کۆبوونەوە، حیزب، ڕێکخراوە و هەروەها ئازادی ئایین و بیروباوەڕ لە سەرانسەری ئێران دەستەبەر دەکرێت.

شێخ عێزەدین حوسەینی،

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،

ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران - لقی کوردستان.

چواری سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢٥ - ١١ - ١٩٧٩ی زایینی

## کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد و نوێنەرانی دەوڵەت

لە مەهاباد، پاش بێنە و بەرەی زۆر، مشتومڕ و کۆبوونەوەی بێکۆتایی ناوخۆ، هەروەها دانیشتنی لاوەکی لەگەڵ داریوش فرووهەر و چەند نوێنەرێکی خومەینی، بڕیار درا دەستەی دانووستاندکاری دەوڵەت پێکەوە بێنە کوردستان. سەرەنجام ڕۆژی ٢٠ - ٩ - ١٣٥٨ی هەتاوی واتە ١١ - ١٢ - ١٩٧٩ی زایینی، یەکەم کۆبوونەوەی "هیأت نمایندگی خلق کرد"، لەگەڵ "هیأت حسن نیت کردستان" (دەستەی نیازپاکیی بۆ کوردستان) لە فەرمانداریی شاری مەهاباد کۆبوونەوە.

دەستەی نوێنەرانی کورد بریتی بوون لە:

* مامۆستا شێخ عزالدین حسینی: فاتح شیخ الاسلامی و کەریم دانشیار (لەلایەن دەفتەری مامۆستاوە)،
* دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، عەزیز ماملێ، غەنی بلووریان، کەریم حیسامی و ئەحمەد قازی (حیزبی دیموکرات).
* عەبدوڵڵا موهتەدی، ئیبراهیم عەلیزادە، یۆسف ئەردەڵان و دوکتور جەعفەر شەفیعی (کۆمەڵە).
* بێهرووز سولەیمانی، محەمەدئەمین شێرخانی و ئەنوەر سوڵتانی (ڕێکخراوی چریکهای فدائی خلق).(٢٦)

**هەیئەتی دەوڵەت بریتی بوون لە:**

داریوش فروهر، عزتاله سحابی، هاشم صباغیان، جمشید حقگو ئوستانداری ئازەربایجانی ڕۆژاوا، محمد رشید شکیبا ئوستانداری کوردستان، نوێنەرانی "ستاد مشترک ارتش" ژەنراڵ آذری ڕاوێژکاری سەربازیی هەیئەت، ژەنراڵ مالک (ژاندارمری) و ژەنراڵ ساعتساز (شهربانی).

کۆبوونەوەکە نزیکەی ٤٥ دەقیقەی خایاند. مامۆستا شێخ عێزەدین وتاری کرانەوەی کۆبوونەوەکەی پێشکەش کرد و کورتەیەک لە مێژووی گەلی کورد، خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی گێڕایەوە. دواتر گوتی کورد بەردەوام لایەنگری چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکان بووە و بە درێژایی مێژوو شەڕێ بەسەردا سەپێندراوە. هەروەها خۆشحاڵبوونی خۆی لە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە ڕاگەیاند. پاشان داریوش فرووهەر ئەندامانی دەستەی نوێنەرانی دەوڵەتی ناساند.

مامۆستا شێخ عێزەدینیش یەکە یەکە ناوی ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد و ناوی ڕێکخراوەکەیانی ناساند.

لێرەدا هاشم صباغیان بەرپەرچی قسەکەی مامۆستای دایەوە و گوتی ئێمە نەهاتووین لەگەڵ کۆمەڵە و فدائیان دانووستاندن بکەین! ئەوە بوو پشوویەکیان ڕاگەیاند و ئیتر پاش ئەوە لە ڕاستییدا هیچ کاتێک پێکەوە دانەنیشتنەوە!(٢٧)

> بە گوتەی بێهرووز سولەێمانی (نوێنەری ڕێکخراوی چریکهای فدایی):
>
> بەدوای ئەم دەربڕینەی ئاغای صباغیان، دوکتور قاسملوو گوتی: پێکهاتەی "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" پەیوەندیی بە خۆمانەوە هەیە؛ خەڵکی کوردستان دوو هەفتە پێش ئێستا لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی گەورە و بەربڵاودا بە شێوەیەکی ڕەسمیی پشتیوانیی بەرینی خۆیان لەم پێکهاتەی "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" دەربڕیوە."(٢٨)

سەیر لەوەدایە کە نوێنەرانی دەوڵەت بە ڕۆژنامەکان و میدیای ئێرانیان دەگوت ئەوان ئامادە نین لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان گفتوگۆ بکەن و تەنها لەگەڵ "نوێنەرانی خەڵک" دادەنیشن! کەچی لە کاتی "پشوو"ی پاش ئەم کۆبوونەوەیە، عزتاله سحابی و هاشم صباغیان و داریوش فرووهەر کە زۆر جاران لەگەڵ حیزبی دیموکرات دانیشتبوون، ئەمجارە لەگەڵ بەرپرسانی کۆمەڵە کۆبوونەوە و ماوەیەک پێکەوە قسەوباسیان کرد! ڕۆژی دواتریش دیسانەوە لەگەڵ کۆمەڵە و هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی چریکهای فیدایی دانیشتن.

دوکتور قاسملوو ئێوارەی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٣ - ١٢ - ١٩٧٩ی زایینی، (دوو ڕۆژ پاش کۆبوونەوەی نوێنەرانی کوردستان و دەوڵەت)، لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد گفتوگۆیەکی کردووە کە جێگای سەرنجە. ئەو دەڵێ:

> "ڕاستییەکەی ئەو دانیشتنەی پێرێ موزاکەرە نەبوو بەڵکوو تەنها یەکترناسین بوو.. لە تەرەف دەوڵەتەوە ڕەخنە لەوە گیرا کە نابێ لە "هیأت نمایندگی خەڵکی کورد" دا هێندێک گرووە بە ناو هەبن.. ئەگەر ئەوان (دەوڵەت) ئەو حەقە بە خۆیان بدەن، دەبێ ئێمەیش ئەو حەقەمان هەبێ کە بڵێین ئێمە فلانکەسمان دەوێت و فلانەمان ناوێ!.. بەڵام بۆ ئەوەی حەساسییەت نەمێنێ، بۆ ئەوەی بەڕاستی حوسنی نییەتی خۆمان نیشاندابێت، گرووهەکانی دیکەیش قبووڵیان کردووە، کە ئێمە (لە کۆبوونەوەی داهاتوودا) وەکو هیات نمایندگی خلق کرد بەشداربین لەو وتووێژەدا... هیوادارین ئیدی بیانووی دیکەمان پێ نەگرن!"(٢٩)

لێرەدا شیاوی وەبیرهێنانەوەیە کە لە کاتی پێکهێنانی "هیأت نمایندگی خلق کرد" و لە هەموو دانوستاندنەکانی نێوان مامۆستا و سێ لایەنەکەی دیکەدا، چ لە شاخ و چ لە شار، هیچ ڕێککەوتنێک نەبوو سەبارەت بەوەی کە نێوی ڕێکخراوەکان لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت نەیەتەگۆڕ. تەنانەت لەبیرمە جارێکیان هێشتا لە شاخ بووین، عبداله موهتەدی نوێنەری کۆمەڵە گوتی جا ئەگەر ئێمە نە نێومان هەبێت و نە قسەش بکەین، ئەدی کەڵکی هاتنەکە و بەشداربوونەکەمان چییە؟ بەڵام ئەوە ڕاستە کە ڕۆژی پێش کۆبوونەوە گشتییەکەی ٢٠ی سەرماوەز، لە کۆبوونەوەی ناوخۆیی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورددا لە ماڵی مامۆستا شێخ عێزەدین، نوێنەرانی حیزبی دیموکرات (بەتایبەت غەنی بلووریان) داوایان کرد کە نێوی هیچکام لە حیزبەکان نەبرێت! مامۆستا گوتی جا ئەگەر لە ئێستاوە ئەوەیان لێ قبووڵ بکەین، وردە وردە داوای شتی زیاترمان لێدەکەن. نوێنەرانی کۆمەڵە و ڕیکخراوی چریکی فیدایی ئەو داوایەیان قبووڵ نەکرد.

لێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران پێویستە. لە زۆربەی، یان لەوانەیە بڵێم لە هەموو حاڵەتەکاندا

هەواڵی پێکدادانی پێشمەرگە لەگەڵ ئەرتەش و سپای پاسدارانیان بە تێکهەڵچوون لەگەڵ "دموکراتها" بڵاودەکردەوە! ئەو ڕۆژەی فوئاد مستەفا سوڵتانی ڕێبەری کۆمەڵە گیانی بەختکرد، سەردێڕی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی کیهان ئەمە بوو: "فوئاد سوڵتانی یەکێک لە ڕێبەرانی بەناوبانگی دیموکراتەکان کوژرا"! (٣٠) لەو شوێنانە کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات نەبووایە، دەیاننووسی "مهاجمان"!

لەلایەکی ترەوە، دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراو بوو لە ئێران و دۆست و ئاشنای زۆری هەبوو لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا. پاش گیانبەختکردنی فوئاد مستەفا سوڵتانی، هیچکام لە ڕێبەرانی کۆمەڵە بەناوی سکرتێری گشتی یان ڕێبەر دەرنەدەکەوتن، هەموویان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی دەناسران.

مستەفا چەمران جێگری سەرۆکوەزیران کە بۆخۆی لە مەریوان لەگەڵ کاک فوئاد گفتوگۆی کردووە و زۆر باش ناسیویەتی، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانێکدا کە چەپ لە مەریوان و کوردستان کێن، دەڵێ: "چریک فدایی، حیزبی دیموکرات، شفق سرخ و جلال طالبانیها"!(٣١) باسی کۆمەڵە ناکات!

هاوکات کەسانێکی سەر بە حیزبی توودە کە لە تاران و لە ئاستی ئێراندا زۆر چالاک بوون، هەوڵی زۆریان دەدا وێنەیەک لە کوردستان نیشان بدەن کە تەنها حیزبی دیموکرات هەیە و وەکو حیزبێکی زۆر نزیک لە خۆیان وێنایاندەکرد. کۆمەڵە چونکە دژ بە شورەوی (یەکێتی سۆڤییەت) بوو، لە ڕوانگەی حیزبی توودەوە کەسانێکی توندڕەو بوون کە دەبوو پشتگوێ بخرێن.

ئەو ڕژیمەی کە وردەکارییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان و چەند و چۆنییەتی هێزە سیاسییەکانی دەزانی، مەبەستی ئەوە بوو کە بەم چەشنە دەربڕینانە کەلێنێک بخاتە ناو یەکڕیزیی گەلی کوردەوە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان گوتەنی، لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن!

بیست و چوار ساڵ پاش ئەو کۆبوونەوەی مەهاباد، آیتالە کرمانی، کە ئەو کات نوێنەری خومەینی بوو، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری "چشم انداز ایران، ویژە کردستان" ئاوا دەڵێ:

> "گوتیان دەستەی نیازپاکیی دەچنە کوردستان، ئەتۆیش لەگەڵ بکەوە بەڵام نەک وەکو ئەندام، چاودێرییان لێ بکە... بە ئاغای صباغیانم گوت کارێکی تایبەتیم پێتانە، هەر خۆمان ماینەوە. من،

مهندس صباغیان، مهندس سحابی ... دەستمکرد بە قسەکردن. گوتم ئێوە کە دەتانهەوێت لەگەڵ ئەمانە گفتوگۆ بکەن، ئایا ئەم (حیزبانە) بە ڕەسمیی دەناسن؟ کۆمەڵە و دیموکرات بە ڕەسمیی دەناسن؟ دەتانهەوێت چی بکەن؟ گوتیان ئێستا بارودۆخەکەمان خراپە و دەسەڵاتمان سنووردارە. سەریان قاڵ دەکەین بە چەشنێک کە نەتوانن توندوتیژی بنوێنن هەتا خۆمان بتوانین سنوورەکانمان بگرینەوە، ئەرتەشەکەمان گردوکۆ بکەینەوە و ئەمانە بێدەنگ بکەین!"(٣٢)

ئێمە هەر ئەو کاتیش دەمانزانی مەبەستی ڕاستەقینەی نوێنەرانی دەوڵەت ئەوە نییە مافی ڕەوای گەلی کورد بسەلمێنن، بەڵکوو ئەوە خەباتی پێشمەرگە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بوو کە ئەوانی بەرەو گفتوگۆ ڕاکێشابوو. هەرچەند ئەوکات نیشانەی زۆرمان دەبینی دەیسەلماند ئەو بۆچوونە ڕاستە، وەلێ بەڵگەی ئەوتۆمان بەدەستەوە نەبوو.

"چشم انداز ایران" گۆڤارێکە دوومانگ جارێک لە تاران بڵاو دەبێتەوە. بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ یەکەم ژمارەی لە ژێر سەردێڕی "چشم انداز ایران - ویژە کردستان" واتە تایبەت بە کوردستان دەرچوو. پاییزی ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دووهەمیشی بڵاوکرایەوە. لەم گۆڤارەدا بەرپرسانی ئەوکاتی دەوڵەت، لەوانە هاشم صباغیان و عزتاله سحابی و هەروەها چەند کەسی تریش بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد دەربڕی کە لێکدانەوەی ئەو سەردەمەی ئێمەی بەتەواویی دەسەلماند. ساڵی ٢٠٠٦ من لە دوو وتاردا بە وردی ئەو قسەوباسانەم لێکدایەوە و لەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٩ بەراوردم کرد.(٣٣)

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی = ١٧ - ١٢ - ١٩٧٩ی زایینی، گەڵاڵەیەک لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بڵاوکرایەوە، ناویان نابوو "خودگردانی استانها" (خودگەردانیی - واتە خۆبەڕێوەبەریی)! لە نێو خەڵکدا بە گاڵتەوە دەیانگوت ئەوە "سەرگەردانیی"ە! مامۆستا شێخ عیزەدین بە ڕۆژنامەی اطلاعاتی گوت؛ "جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان خودموختاریی و خودگەردانییدا و تەنانەت ئەگەر ئێمەیش قبووڵی بکەین، گەلی کورد بەوە ڕازی نابێت." دوکتور قاسملوو لە چەند دیدار و گفتوگۆدا لەگەڵ خەڵک و ڕۆژنامەکان گوتی: "کەس نازانێ مانا و ناوەرۆکی خودگەردانی چییە"!

"دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" ڕۆژی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی واتە ٢١ - ١٢ - ١٩٧٩ی زایینی، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا گەڵاڵەی "خودگردانی" لەگەڵ ئەو داخوازییانەی کە نوێنەرانی کورد پێشکەشی دەوڵەتیان کردبوو هەڵسەنگێندرا. سەرەڕای جیاوازیی زۆری نێوان ئەو داخوازییانە و ئەوەی کە دەوڵەت پێشنیاری کردبوو، دەستەی نوێنەرایەتی ڕایگەیاند کە ئامادەن درێژە بە گفتوگۆکان بدەن.



سەرچاوە
Serchawe

لە وەڵامەکەی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بە گەڵاڵەی "خودگردانی استانها" و جیاوازیی زۆری نێوان داخوازییەکانی کورد و پێشنیارەکەی ئەواندا، ئەم خاڵانە دەبیندرێن:

* ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کورد دیاری نەکراوە و باسی پارێزگاکانی ئێستای ئێران دەکات، لە کاتێکدا کە کورد لە چوار پارێزگای ئێڕان نیشتەجێن!
* لە باتی ئیسلام وەکوو دینی دەوڵەت، ئایینی شیعە اثنیعشری سەپێندراوە.
* ئێمە داوای "مجلس ملی کوردستان"مان کردووە ئەوان دەڵێن "شورای خودگردان استانها"، واتە شۆرای خۆبەڕیوەبەریی پارێزگاکان!
* ئێمە داوامان کردووە زمانی خوێندن هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی کوردی بێت، ئەوان دەڵێن زمانی کوردی "ئازادە". (واتە ئەگەر بە کوردی بنووسن یان خۆتان دەرس بڵێنەوە ناتانگرن!)
* سەبارەت بە ئازادیی و دیموکراسی نێوخۆ هەموو شت گرێدراوە بە "قانون اساسی" کۆماری ئیسلامییەوە کە گەلی کورد دەنگی پێنەداوە! ئێمە هەر لەبەر ئەو نیگەرانییانە بوو کە لە ڕێفراندۆمی ئەو "قانون اساسی" یەدا بەشدارییمان نەکرد!

نوێنەرانی دەوڵەت و لەوانە داریوش فرووهەر، دیسانەوە ڕایانگەیاند کە سەردانی کوردستان دەکەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کورد! بەڵام ئیتر پاش یەکەم دانیشتنە ڕەسمییەکە، هیچ کاتێک لەگەڵ "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" کۆبوونەوەیان ڕێکنەخست!

نووسینگەی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد ڕاگەیاندنی ژمارە شەشی خۆی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو:

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد تەنیا ئەو کاتە دەستەبەر دەبێت کە دەوڵەت بە شێوەیەکی جیددی سەرنج بداتە داخوازی بنەڕەتیی گەلی کورد واتە خودموختاری. هەروەها بەبیانووی جۆراوجۆر تەنگوچەڵەمە نەخاتە بەردەم دانوستاندنەکان... سەرەڕای شێلگیربوون لەلایەن ئێمەوە، بەداخەوە لایەنی دەوڵەت بە بەرپرسیارەتییەوە هەڵسوکەوت ناکات... ئێمە هۆشداریی دەدەین کە دەستەی تایبەتی دوڵەت خۆی لە دووبەرەکیی نانەوە، گفتوگۆ و دانیشتن لەگەڵ کەسانی نابەرپرس لەژێر ناوی "گفتوگۆ لەگەڵ خەڵک" دا بپارێزێت.(٣٤)

ڕۆژی چواری بەفرانباری ١٣٥٨ی زایینی = ٢٥ - ١٢ - ١٩٧٩ی زایینی، دەستەی نوێنەرایەتی گەلی كورد، لەسەر گەلاڵەیەكی هاوبەش ڕێككەوتن و سەرەنجام داخوازییەكانی گەلی كوردیان لە ژێر سەردێڕی "گەلاڵەی ٢٦ خاڵیی بۆ خودموختاری كوردستان" بڵاوكردەوە. ئەم گەلاڵەیە لە ڕۆژنامەكانی ئێراندا ڕۆژی شەممە هەشتی بەفرانبار بڵاوكرایەوە.

صارمالدین صادق وزیری بوو كە شارەزاییەكی زۆری هەبوو لە بواریی یاساییدا، لە داڕشتنی ئەم گەلاڵەیەدا ڕۆڵی سەرەكیی و گرینگی گێڕا. ئەو لە لایەن مامۆستا، حدك، كۆمەڵە و چریكی فیدایی موە ڕێزی زۆری لێدەگیرا. دوو یاساناس، یەدوڵڵا بیگلەری (كۆمەڵە) و عەزیز ماملێ (حیزبی دیموكرات) یاریدەدری صارم الدین صادق وزیری بوون.

داریوش فرووهەر لە لێدوانێكدا بۆ ڕۆژنامەكان ڕایگەیاند كە ئەو گەلاڵەی ٢٦ خاڵییەی دەستەی نوێنەرایەتی كوردستان لەلایەن ئێمەوە قبووڵ ناكرێت! هەروەها گوتی، ئێمە كە چووینەتە كوردستان دیداری ڕەسمییمان لەگەڵ دەستەی نوێنەران یان ڕێكخراوەكان نەكردووە، بەڵكوو بەشێوەیەكی تایبەت لەگەڵ كەسێك یان لایەنێك گفتوگۆمان كردووە بزانین چۆن لەم بنبەستە بێینە دەر!(٣٥)

سەرەڕای ئەوەی كە دەستەی نوێنەرایەتی خەڵكی كورد هەبوو، بەردەوام لە كۆدەبوونەوەدا بوون و ڕاگەیاندنیان بڵاودەكردەوە، بەرپرسانی ئێران و ڕۆژنامەكان تەنها باسی مامۆستا شێخ عیزەدین و حیزبی دیموكراتیان دەكرد. وەك ئەوەی هیچ ڕێكخراوێكی سیاسیی دیكە لە كوردستان نەبێت! كاتێك لاپەڕەی ڕۆژنامەكانی ئەو ڕۆژانە هەڵدەدەیتەوە، ئەم دیاردەیە بە ئاشكرا دەردەكەوێت كە بە ئەنقەست ناوی كەسەكان و حیزبەكان دەگۆڕن. هاشم صباغیان ئەندامی دەستەی تایبەتی دەوڵەت زۆر ڕاشكاوانە گوتی: "ئێمە لە بنەڕەتدا لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی گەلی كورد گفتوگۆ ناكەین، بەڵكوو بەجیاواز سەردانی كەسایەتییە ئایینی و سیاسییەكان دەكەین!"(٣٦)

ئێمە ئەو كات ئاگادار نەبووین كە حیزبی دیموكرات لە ڕێگایەكی دیكەوە خەریكی دانووستاندنە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران. دواتر بۆمان دەركەوت كە عبداله حسنزادە، مهندس ئارییایی و ئەحمەد قازی پێكەوە سەردانی قومیان كردووە و ویستوویانە خومەینی ببینن.(٣٧) حسنزادە ڕۆژەكەی لەبیر نییە بەڵام دەڵێ ڕۆژی دواتر خومەینی گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەك لە تاران. ئەوەش دەكاتە ئێوارەی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی واتە ٢٣ - ١ - ١٩٨٠ی زایینی، هەر بە پێی گێڕانەوەی عبداله حسنزادە، چەند ڕۆژ پاش گەڕانەوەی ئەوان بۆ مەهاباد، لە قومەوە جوابیان ناردووەتەوە و لە سەر داخوازی دوكتور قاسملوو، ئەمجارە حسنزادە تەنها خۆی گەلاڵەیەك دەبات و دەیداتە دەست "آیتاله مكارم شیرازی" لە قوم.

جێگای سەرنج و وەبیرهێنانەوەیە کە ئەو ڕۆژانەی عبداله حسن‌زاده و هاوڕێیانی لە ڕێگای تاران و قومدا بوون، مامۆستا شێخ عێزەدین لە کۆبوونەوەی گەورەی جەماوەری شاری مەهابادا بەبۆنەی دووی ڕێبەندان، پەسنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد و بە تایبەت باسی "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد"ی کرد و خەڵکەکە بە خۆشحاڵییەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدا. مامۆستا داوای یەکگرتوویی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی کرد بەتایبەت بۆ وتوویژ و دیدار لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت.(٣٨)

لە هەمان کۆبوونەوەی دووی ڕێبەنداندا غەنی بلووریان و نوێنەرێکی حیزبی توودە پەیامیان خوێندەوە. نوێنەرانی ڕێکخراوی چریکهای فدایی و کۆمەڵە (دوکتور جەعفەر شەفیعی)یش بەشدارییان کرد و هەر دوو گوتاربێژ لە وتارەکانی خۆیاندا پێداگرییان کرد لەسەر بەهێزکردنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان بەتایبەت لە کاتی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتدا!

یەکەم سەفیری فەلەستین لە ئێران هانی الحسن لەم ڕۆژەدا لە مەهاباد بوو. یەکێک لەو پەیامانەی لەو ڕێوڕەسمەدا خوێندرایەوە، پەیامی "بەرەی دیموکراتیکی گەلی فەلەستین" بوو بۆ حیزبی دیموکرات کە تێیدا باسی هاوخەباتیی گەلی کورد و گەلی فەلەستین دەکات.(٣٩)

ئێستا، کە بەڵگەنامەکان باشتر لەبەردەست دان، دەتوانین بە ڕوونی بڵێین کە حیزبی دیموکرات هەر ئەو ڕۆژانە جگە لە ناردنی نوێنەر بۆ قوم و تاران، نامەیەکیشی نووسیووە بۆ بنی‌صدر کە تازە بووبوو بە سەرۆککۆمار. هەموو ئەمانە بەبێ ئاگادارکردنەوەی دەستەی نوینەرایەتی گەلی کورد! دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا کە مانگ و نیوێک پاش ئەو هەنگاوانە بڵاوکراویەوە، ئاوای نووسیوە:

> ... "هەر کام لە ڕێکخراوەکانی ئەندام لە دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورددا سەربەخۆیی تەواوی سیاسیی و ئیدئۆلۆژیکی هەیە... دەتوانێ جیاواز لەوانی دیکە لە هەر بوارێکدا بڕیاری خۆی بدات و یان ئەوەی لەگەڵ دەسەلاتدارانی وڵاتدا پەیوەندیی بگرێت و بۆچوونەکانی خۆی لەسەر پرسێک ڕابگەیەنێت."(٤٠)



سەرچاوە
Serchawe

## دەسەڵاتداران ئاگربەس دەشکێنن!

سەرنجڕاکێشە کە سەرەڕای ئەو ناکۆکییانە، لە مەیدانی خەباتدا و لەبەرامبەر شاڵاوی ئەرتەش و پاسداران بۆ کوردستان، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، پێکەوە و لە یەک سەنگەردا بەرەنگاری هێزەکانی ڕژێم دەبوونەوە. واتە لەو شوێنەی کە دەوڵەت بە کردەوە خەریکی پیلانگێڕان بوون، کۆمەڵە و دیموکرات هاوخەبات بوون و تەنانەت پارێزگارییان لە هێزەکانی یەکتر دەکرد.

بەپێی هەواڵی "خبرنامە کۆمەڵە" ڕۆژی ١٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٣٠ - ١ - ١٩٨٠ی زایینی، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لە کامیاران، پاوە، ڕەوانسەر و دیواندەرە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕژێم دەرگیر بوون. لە ئاکامدا لانیکەم چوار پێشمەرگەی کۆمەڵە و سێ پێشمەرگەی دیموکرات و هەروەها ١٢ کەس خەڵکی کامیاران گیانیان بەختکردووە و ژمارەیەکیش بریندار بوون. "خبرنامە" باس لە کوژرانی نزیکەی ٦٥ کەس لە جاش و پاسدار دەکات.(٤١)

ڕۆژی ١٤ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٣ - ٢ - ١٩٨٠ی زایینی، تێکڕا ڕۆژنامەکانی تاران بە سەردێڕی گەورە نووسییان کە شەڕی خوێناوی لە کوردستان و ئوستانی کرماشان دەستی پێکردووە. هاوکات ڕاگەیاندنی ژمارە ١٢ی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کوردیان بڵاوکردەوە کە دەڵێ لە شەڕ و پێکدادانەکانی ئەم ڕۆژانەی کامیاران، پاوە و دیواندەرەدا نۆ پێشمەرگە و ١٢ کەسی خەڵکی کامیاران گیانیان بەختکردووە و ٣٢ جاش کوژراون.

بە واتایەکی دیکە، ئاگربەس کەمێک زیاتر لە دوو مانگ توانی بەرگەر بگرێت و لە لایەن هێزەکانی ڕژێمەوە پێشێل کرا. ئەوانەی کە لە بێورانی سەردەشت هاواریان دەکرد لە کورد کە ئاگربەس ڕابگەیەنێت، ئێستا زۆر بە ئاسانی خۆیان دەستیان کردبووەوە بە تەقەکردن لە خەڵکی بێدیفاع.

## گەڵاڵەی شەش خاڵیی حیزبی دیموکرات

لە کاتێکدا کە ساردییەک کەوتبووە نێوان نوێنەرانی کورد و دەوڵەت و بە ئاشکرا دیار بوو کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوو خواستەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات، هەوڵدانێکی زۆر هەبوو بۆ پێکهێنانی دووبەرەکیی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان. لە تارانیش هێزە توندڕەوەکان کەوتبوونە گیان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران و ڕێگایان نەدەدا وەکو پێشووتر کۆبوونەوەی گەورە و چالاکیی بەڕێوە ببەن.

لە کوردستان سەرەڕای هەوڵدانێکی زۆر بۆ لێک نزیککردنەوەی هێزە سیاسییەکان، دیار بوو کە بەتایبەت حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەتا دەهات زیاتر لێک دوور دەکەوتنەوە. دانیشتنەکانی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە مەهاباد و تەنانەت بەشداریی کردنی گەرموگوڕی کۆمەڵە لە ڕێوڕەسمی دووی ڕێبەندان لە شاری مەهاباد، نەبوونە هۆی نزیکبوونەوەی هێزەکان.

لە وەها دۆخێکدا بوو کە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندان کونگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات لە مەهاباد دەستی بە کارکرد. بۆ ڕۆژی کرانەوەی کونگرەکە، میوانێکی زۆر لە کوردستان و لە دەرەوە بانگهێشت کرابوون و یەک لەوانە مامۆستا شێخ عێزەدین بوو.

کونگرەی چوارەم شەش ڕۆژی خایاند و پەیامێکی بۆ خومەینی نارد، تێیدا باسی درێژەدان بە شۆڕش لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەودا دەکات و داواکارە کە ئیمام دەستوور بدات چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەی کوردستان بدۆزرێتەوە. نزیکەی چوار مانگ پاش ئەم کونگرەیە، جیابوونەوەیەک ڕوویدا و چەند کەسێکی کۆمیتەی ناوەندیی، لەوانە غەنی بلووریان، لەژێر ناوی "شوێنگرانی کۆنگرەی چوار" لە حیزبی توودە نزیک بوونەوە و کەوتنە لایەنگریی کردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران.

پاش کونگرەی چوار، حیزبی دیموکرات پەیوەندییان گرت لەگەڵ بنیصدر سەرەککۆمار و هەروەها لەگەڵ "هیأت ویژە" کەوتنە گفتوگۆ کردن. دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە دەرەوەی ئەم پەیوەندییانە مانەوە. مامۆستا شێخ عێزەدین لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی اطلاعات ڕایگەیاند کاتێک گفتوگۆی کورد و دەوڵەت بەجیددی وەردەگیرێت کە لە نێوان ئەوان و "دەستەی نوێنەرایتی گەلی کورد" دا بێت.

بە پێی گێڕانەوەی عبداله حسنزادە، پاش کونگرەی چواری حیزبی دیموکرات ئەو لەگەڵ غەنی بلووریان، ئەحمەد قازی، فەوزیە قازی و نەوید موعینی سەفەری تارانیان کردووە و لەگەڵ بنیصدر سەرەککۆمار و هەروەها دەستەی نوێنەرانی دەوڵەت کۆبوونەتەوە. پاش گفتوگۆ لەگەل بنیصدر و باسکردنیی ناوەرۆکی بیروبۆچوونەکان، داوایان لێدەکەن بە نووسراوە داخوازییەکان بدەن بە دەوڵەت. حسنزادە دەگێڕێتەوە کە هەر پێنج کەسەکە لە سەر داوای سەرۆککۆمار، لە ژوورێک لە بینای سەرۆکوەزیرانی ئێران دادەنیشن و هەر لەوێ "گەلاڵەی شەش خاڵی حیزبی دیموکرات" ئامادە دەکەن.(٤٢) ئەم گەلاڵەیە ئێوارەی هەمان ڕۆژ واتە ٩ - ١٢ - ١٣٥٨ی هاتاوی = ٢٨ - ٢ - ١٩٨٠ی زایینی، دراوە بە نوێنەرانی دەوڵەت کە تەسلیمی ئاغای بنیصدر بکرێت.

شێوەی پێشکەش کردنی گەلاڵەی شەش خاڵیی حیزبی دیموکرات بە بەراورد لەگەڵ هەموو گەلاڵەکانی پێشووتر کە بەکۆمەڵ ئامادە کراون، سەرنجڕاکێشە.

* بڕیارنامەی هەشت خاڵی مەهاباد لە لایەن ژمارەیک لە نوێنەرانی حیزبەکان و شارەکانی کوردستانەوە ئامادە کرا؛
* بڕیارنامەی هەشت خاڵی سنە لە لایەن نوێنەرانی هەموو شارەکان و هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە ئامادە کرا؛
* ڕۆژی چواری سەرماوەز هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد (مامۆستا، حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە و چریکی فدایی)، گەلاڵەیەکی ٨ خاڵی بە هاوکاریی ئەو چوار لایەنە ڕاگەیندرا، کە دوو ڕۆژ دواتر هەموو خەڵکی کوردستان بە خۆپیشاندانی گەورە پشتیوانییان لێکرد؛
* گەلاڵەی ٢٦ خاڵیی داواکارییەکانی گەلی کورد، صارم‌الدین صادق وزیری ئامادەی کردبوو. چەند ڕۆژی پێچوو هەتا وردەکارییەکان و دەقی کۆتاییەکەی بە ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان چوار لایەنەکەدا، پەسەند کرا و لەلایەن "دەستەی نوێنەرایەتی"یەوە پێشکەش بە دەوڵەت کرا.

ڕۆژێک دوای پێشکەشکردنی گەلاڵەی شەش خاڵیی لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە، داریوش فرووهەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە: "ئایا ئەم نوێنەرانەی حیزبی دیموکرات جیاواز لە شێخ عیزەدین، کۆمەڵە و چریکی فیدایی درێژە بە گفتوگۆکان دەدەن؟" وەڵامی دایەوە:

"ئەمانە نوێنەرانی حیزبی دیموکراتن و هەر لەلایەن ئەم حیزبەوە سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کوردستان بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕیووە."(٤٣)

سەبارەت بە گەلاڵەی شەش خاڵیی، عبداله حەسەنزادە دەنووسێت:

لە نێو ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبدا بۆچوونێک هەبوو دەیگوت پوختەی گەلاڵەی ٢٦ خاڵییە و بۆچوونێکی دیکە پێیوابوو پوختەی گەلاڵەی خودگەردانییە!! (٤٤)

من پێم وایە لە ڕاستییدا ئەمەی دووهەم ڕاستترە! گەلاڵەی شەش خاڵیی زۆر جیاواز بوو لەو داواکارییانەی پێشتر بە دەوڵەت درابوو. ئەم گەلاڵەیە باسی چوار پارێزگاکە ناکات کە کوردی تێدایە، بەڵکوو دەڵێ:

"چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تاریخیی و جوغرافیایی و

ئابووریی و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەک دیاری بکرێ"(٤٥)

گەڵاڵەی شەش خاڵیی لەباتی ئەنجومەنی میللی کوردستان، دەڵێ "شورای سەرانسەریی کوردستان". سەبارەت بە زمانی کوردی، لەم گەڵاڵەیەدا پاشەکشەیەکی بەرچاو دەبینرێت. لە گەڵاڵەی ٢٦ خاڵییدا داواکراوە کە

"زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمیی ئیداریی. هەموو پلەکانی خوێندن بە کوردی دەبێت و لە پۆلی چوارەم بەدواوە زمانی فارسی زۆرەملی دەبێت."

بەڵام گەڵاڵەی شەش خاڵیی دەڵێ:

"زمانی کوردی لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستاندا بۆ نامە نووسینی نێوان ئیدارەکان و خوێندن لە تەنیشت زمانی فارسی بە ڕەسمیی بناسرێت !"(٤٦)

سەرەڕای هەموو ئەو کەموکووڕیانە، دەسەڵاتی سیاسیی لە ئێران کە مەبەستی کوشتنی کات بوو بۆ خۆئامادەکردن و سەپاندنی شەڕێکی دیکە، تەنانەت ئامادە نەبوو ئەو داوایەی حیزبی دیموکراتیش قبووڵ بکات. داریوش فرووهەر بە ڕۆژنامەی "اطلاعات"ی گوت:

"سەبارەت بە گەڵاڵەکەی حیزبی دیموکرات، ئێمە لە "هیأت ویژە دولت" ئاڵوگۆڕمان تێدا کرد و دامان بە سەرەککۆمار..."(٤٧)

دوازدە ڕۆژ پاش دیداری نوێنەرانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ سەرەککۆمار، دەفتەری سیاسی حیزب ڕۆژی ٢١ - ١٢ - ١٣٥٨ی هەتاوی = ١١ - ٣ - ١٩٨٠ی زایینی، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە.(٤٨) دەفتەری سیاسی دەڵێ ڕۆژی دووی ڕێبەندان نامەیەکیان ناردووە بۆ سەرەککۆمار بنی‌صدر و داوای ئەو دیدارەیان کردووە. بەیاننامەکە بە توندیی ڕەخنە لەو ڕێکخراوە و تاقمانە دەگرێت کە ئەو کارەی حیزبی دیموکرات بە تاکڕەویی، دەوردانەوەی "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" و سازشکاریی دەزانن.

بەڵام شەڕخوازانی ناودەسەڵات گوێیان نەدایە هیچکام لە داخوازییەکانی گەلی کورد و لە کۆتایی یەکەم مانگی بەهاردا



سەرچاوە
Serchawe

(١٩٨٠) هەموو وادەکانی خۆیان پێشێل کرد و شەڕێکی سەرانسەرییان بەسەر گەلی کورددا سەپاند.

## تاوانی گەورەی ئەوان و هەڵەکانی ئێمە

گەلی کورد و نوێنەرانی سیاسیی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گەشبین بوون بەوەی ئەم ڕژیمە هەڵەکانی حکوومەتی پادشایی دووپات ناکاتەوە. ڕێبەرانی کورد هەر لە سەرەتاوە بە باوەشی ئاوەڵاوە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت دانیشتن و زۆر زوو دڵنیایان کردنەوە کە مەبەست گەیشتنە بە مافی ڕەوای کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی ئازاد و دیموکراتیکدا لە ئێران.

سەرنجێک بۆ سەر هەڵوێستی مامۆستا شێخ عێزەدین و هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەوەمان پێ دەڵێ کە لایەنی کورد هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتییەوە کێشەکان چارەسەر بکرێن. یان باشترە بڵێم کێشەیەک لە ئارادا نەبوو جگە لەوەی کە میللەتی کورد داوای مافی ڕەوای خۆی دەکرد و دەیهەویست لە ئازادییدا بژیێ و ڕێز لە داخوازییەکان بگیرێت.

بەدرێژایی هەموو ئەو ماوەیەی خەریکی گفتوگۆ و کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت بووین، هیچ کاتێک ئەو هەستەمان لا پەیدا نەبوو کە کەسێک یان کەسانێک لە لایەنی بەرامبەر بە دڵسۆزیی، دووربینی و باوەڕ بە ئازادیی و پێکەوەهەڵکردنەوە هاتوونەتە کوردستان. مەبەستم هەر دڵسۆزی بۆ کوردستان نییە، بەڵکوو لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەبوونی کوردستانێکی هێمن و ئارام تێیدا گەلی کورد بە دوور لە ستەمی میللی بژیێ، لە ڕاستییدا نیشانەیەکی بەرجەستەیە لەوەی کە لە ئێران دیموکراسی و ئازادیی لە ئاسۆدایە!

بەهاری ساڵی ١٩٨٢ کە وەکوو نوێنەری مامۆستا شێخ عێزەدین بە سەفەر چووبوومە دەرەوەی وڵات، لە پاریس سێ جار لەگەڵ مەسعوود ڕەجەوی سەرۆکی موجاهدین دانیشتم. زۆری هەوڵ دا مامۆستا ڕابکێشێتە ناو 'شورای ملی مقاومت' کە بۆی نەچووە سەر! جارێکیان باسی مافی گەلی کوردمان دەکرد گوتم ئەگەر کورد بە مافی خۆی نەگات، هیچ دەسەڵاتێک لە تاران ناتوانێ لە ئارامییدا حکوومەت بکات. پاڵی داوە بە کورسییەکەیەوە و گوتی "هەڕەشە دەکەیت؟" گوتم هەڕەشە نییە، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام با ڕستەکەم درێژ بکەمەوە. ئەگەر ڕێز لە ئازادی و دیموکراسی نەگیرێت، مافی کرێکاران و خەڵکی هەژار، مافی ژنان ڕەچاو نەکرێت، هەر هەمان شت ڕوو دەدات!



سەرچاوە
Serchawe

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم کە بەداخەوە لە ناوخۆیشماندا نەمانتوانی یەکدەنگ بەرامبەر بە دەوڵەت بوەستینەوە. فرەحیزبیی و فرەدەنگیی هەڵبەت لەگەڵ هەموو پێوەرێکی دیموکراسییدا دێتەوە، بەڵام ئەو کاتەی سەرجەم هێزەکان تووشی شەڕ بوون و دواتر کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەت، پێویستمان بە هاوکاریی، تەبایی و پلانی هاوبەش بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو هەبوو. سەرەڕای لێکدانەوەی جیاواز لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێران، جیهانبینیی جیا لەیەک و هەروەها بیروبۆچوونی جۆراوجۆر سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستان، دەکرا پێداگریی لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بکەین، کە بە جیددی نەمانکرد.

ئێمە بەداخەوە، نە بۆ گفتوگۆ و ئاشتی، نە بۆ شەڕ، تاکتیک و ستراتیژی هاوبەشمان نەبوو! ئەگەر توانیبامان ئازایەتیی پێشمەرگەکان، فیداکاریی خەڵکی کوردستان، ئەزموون و لێهاتوویی کادر و ڕێبەران لە شوێنێکدا کۆبکەینەوە و کەسایەتییەکان وازیان لە بەرژەوەندیی بەرتەسک هێنابایە، لەوانەبوو ئاسۆیەکی بەتەواویی جیاواز چاوەڕوانمان بووایە.

ئەحمەد ئەسکەندەری - سوید: ٢ - ٢ - ٢٠٢١

---

سەرچاوەکان:


١- داریوش فروهر ئەندامی چالاکی "جبهه ملی"، سەردەمی شا چەند ساڵێک لە زیندان بوو. لە کۆماری ئیسلامییدا بوو بە وەزیری کار، نوێنەری هەڵسووڕاوی "هیأت حسن نیت" دەوڵەت بۆ کوردستان. دەسەڵاتداران ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ هاوسەرەکەی لە ماڵەکەی خۆیدا بە چەقۆ کوشتنیان.

٢- ahmadeskandari.com

٣- ڕۆژنامەی کیهان ٦ - ١ - ١٣٥٨

٤- ڕۆژنامەی اطلاعات ١١ - ١ - ١٣٥٨

٥- ڕۆژنامە "آیندگان" ٣١ - ٢ - ١٣٥٨

٦- ڕۆژنامەی اطلاعات ٤ - ٤ - ١٣٥٨

٧- ڕۆژنامەی آیندگان ٢١ - ٤ - ١٣٥٨

٨- ڕۆژنامی آیندگان ٦ - ٥ - ١٣٥٨. سەرنج! ئەمە دوو هەفتە پێش ئەوەیە کە خومەینی فەرمانی جیهادی بۆ سەر کوردستانی ڕاگەیاند!

٩- https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=152186

١٠- ڕۆژنامەی اطلاعات ١٧ - ٧ - ١٣٥٨ لاپەڕەی ١ و ٢.




سەرچاوە
Serchawe

١١- کتێبی "پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ - ١٩٨٣"، نەوشیروان مستەفا ١٩٩٧

١٢- خبرنامە ویژە کۆمەڵە ٢٨ - ٧ - ١٣٥٨.

١٣ ساڵەها دواتر وەزیرانی ئەندام لە "هیأت حسن نیت"ی دەوڵەت لە گفتوگۆ لەگەڵ گۆڤاری "چشم‌انداز ایران - ویژە کوردستان" ئەوەیان پشتڕاست کردەوە کە دەیانهەویست بە فێڵێک بیبەنە قوم و لەوێ دەسبەسەری بکەن.

١٤- "اعلامیە دفترسیاسی حزب دمکرات کردستان ایران دربارە اخبار رادیوهای خارجی ومسئلە مذاکرات" ٢٧ - ٧ - ١٣٥٨ (٢٩ - ١٠ - ١٩٧٩)

١٥- ما و مذاکرات، شۆڕش ژمارە یەک، ئۆرگانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، خەزەڵوەری ١٣٥٨.

١٦- ڕۆژنامەی کیهان ١٧ - ٨ - ١٣٥٨.

١٧- خبرنامە کۆمەڵە ژمارە شەش، ١٤ - ٨ - ١٣٥٨.

١٨- خاطرات کریم حسامی، بە زبان فارسی، کتاب ارزان ٢٠١١.

١٩- گفتوگۆی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا لەگەڵ عەزیز ماملێ و ئەحمەد ئەسکەندەری سەبارەت بە مێژووی وتوویژ و پرسی کورد لە ئێران.

https://www.dengiamerika.com/a/5691942.html?fbclid=IwAR2Uh-Fc6laITSHaVsQs8eiPyIQKhNwdo_xTTNunMPjjMcR4K6sf0PzI6gQ

٢٠- پاش کۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستا و لێکدانەوەی خاڵە سەرەکییەکان، وێکڕا لە لایەن کۆمەڵە و چریکی فیدایی، سەلاح موهتەدی و فاتێح شێخ‌الاسلامی‌ـەوە ئامادەکرابوو.

٢١- دەقەکە بە فارسی لە "خبرنامە سازمان چریکهای فدایی خلق، آذرماە ١٣٥٨"

٢٢- ئەم زانیارییەم لەگەڵ خودی فێردیناند هێننێربیشلێر Ferdinand Hennerbichler پشتڕاست کردووەتەوە.

٢٣- بڕوانە کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی" لە ئامادەکردنی عەلی کەریمی، سوید ١٩٩٩.

٢٤- ڕۆژنامەی اطلاعات ٢٨ - ٨ - ١٣٥٨.

٢٥- ڕۆژنامەی اطلاعات ١٠ - ٩ - ١٣٥٨.

٢٦- صباغیان دەڵێ: شێخ عزالدین و دوو کەس، حیزبی دیموکرات ٦، کۆمەڵە ٤ و چریک فدایی ٣ کەس بوون. اطلاعات ٢٦ - ٩ - ١٣٥٨.

٢٧- تۆماری دەنگ گێڕانەوەی دوکتور جەعفەر شەفیعی لە تەلەڤیزیۆنی مەهاباد، ڕۆژی پاش ئەو کۆبوونەوەیە واتە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٥٨.

٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٩- تۆماری دەنگی گفتوگۆ لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد، ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨.

٣٠- ڕۆژنامەی کیهان ١٢ - ٦ - ١٣٥٨.

٣١- ڕۆژنامە اطلاعات ١٢ - ٦ - ١٣٥٨ لاپەڕە ٩.

٣٢- گۆڤاری "چشم انداز ایران، ویژە کردستان" (بەرژەوەندی ئێران، تایبەت بە کوردستان) پاییزی ١٣٨٤ (٢٠٠٥) ژمارە ٢ لاپەڕە ٩.

٣٣- ahmadeskandari.com

٣٤- ڕاگەیاندنی ژمارە ٦ی دفتر هیأت نمایندگی خلق کرد، ٢٣ - ٩ - ١٣٥٨.

٣٥- ڕۆژنامەی اطلاعات ١٢ - ١٠ - ١٣٥٨ (٢ - ١ - ١٩٨٠).

٣٦- ڕۆژنامەی اطلاعات ٢٦ - ١٠ - ١٣٥٨.

٣٧- نیوسەدە تێکۆشان - ئاوڕێک لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی ح د ک ا، عبداله حسن‌زاده گەلاوێژی ١٣٧٤ / مانگی هەشتی ١٩٩٥

٣٨- تۆماری دەنگی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی مەهاباد ٢ - ١١ - ١٣٥٨.

٣٩- تۆماری دەنگ، ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد ٢١ - ١ - ١٩٨٠ پەیامی بەرەی دیموکراتیکی فەلەستین لەلایەن عومەر قازی‌یەوە خوێندرایەوە.

٤٠- بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات دوای گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی حیزب لە تاران ٢١ - ١٢ - ١٣٥٨ - کتێبی ئەزموونی خەبات عەبدوڵا حەسەنزادە، وتووێژی هەیاس کاردۆ، لاپەڕە ٢٧٩ چاپی ٢٠١٢.

٤١- خبرنامە کۆمەڵە ژمارە ١٨ ڕۆژی ١٣ - ١١ - ١٣٥٨ لە سایتی ڕیبازی کۆمەڵە http://www.komele.nu/archives/232

٤٢- نیوسەدە تێکۆشان - ئاوڕێک لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی ح د ک ا، عبداله حسن‌زاده گەلاوێژی ١٣٧٤ - مانگی هەشتی ١٩٩٥

٤٣- ڕۆژنامە اطلاعات ١١ - ١٢ - ١٣٥٨.

٤٤- نیوسەدە تێکۆشان - ئاوڕێک لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی ح د ک ا، عبداله حسن‌زاده گەلاوێژی ١٣٧٤ - مانگی هەشتی ١٩٩٥.

٤٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٧- ڕۆژنامە اطلاعات ١٠ - ٣ - ١٣٥٩ صفحە ١٢.

٤٨- بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات دوای گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی حیزب لە تاران ٢١ - ١٢ - ١٣٥٨ - کتێبی ئەزموونی خەبات عەبدوڵا حەسەنزادە، وتووێژی هەیاس کاردۆ، لاپەڕە ٢٧٩ چاپی ٢٠١٢.


ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

٨ی فێبریوێری ٢٠٢١ی زایینی

---------------------------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٠ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢١ی زایینی



سەرچاوە Serchawe




سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە
Serchawe